# شرۆڤە

**وەرزە گۆڤارێکی سیاسیی هزرییە**

**بەشی دیراسات و پێگەیاندنی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات**

**ژمارە (39) ئــابی 2026**

خاوەن ئیمتیاز :

**بەشی دیراسات و پێگەیاندن**

سەرنووسەر :

**ئەحمەد کانی**

راوێژکاری زانستی:

**پ . د. ئازاد نەقشبەندی**

بەڕێوەبەری نووسین :

**مەحمود ئەرگوشی**

دەستەی نووسەران :

**شەوکەت سەعید**

**مەریوان فەتحی**

**هیوا بەڵخەیی**

**سەنا یەعقوب**

لۆگۆ و یونیفۆرم :

**ئاسۆ مامزادە**

دیزاین :

**هیوا کۆمپیوتەر**

**چاپ : چاپخانەی دانیشفەر**

.....................................................................................

ناونیشان :

بەشی دیراسات و پێگەیاندن

کوردستان - هەولێر - گەڕەکی خانزاد - نزیک بەنزینخانەی شۆڕش

سەرنووسەر : 0750 445 0572

بەڕێوەبەری نووسین : 0750 445 6824

w w w . c e d a p d k . k r d

govari _ shirova @ yahoo. com

# پێوەرەکانی بڵاوکردنەوەی بابەت
# لە گۆڤاری شرۆڤەدا

**شرۆڤە وەرزەگۆڤارێکی سیاسیی هزرییە ، ئەو بابە تانە بڵاودەکاتەوە کە ئەم تایبەتمەندیانەی تێدابێت :**

- **باس و وتارە زانستییە بڵاونەکراوەکانی تایبەت بە هزر و سیاسەت و ئابووری و جوگرافیا و ژینگە و کۆمەڵگای کوردستان.**
- **ئەو باس وتارانەی تایبەتن بە سەرنجی پسپۆران و دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان لەسەر هەرێمی کوردستان.**
- **باسە هەڵێنجراوەکانی نامەی ماستەر و تێزی دکتوراکە بڵاونەکراونەتەوە.**
- **باس و وتارە زانستییە وەرگێڕاوەکان کە پەیوەندیدارن بە هەرێمی کوردستان بە مەرجێك دەقە ئەسڵیەکەی لەگەڵدا بێت.**
- **ئاماژە بە سەرچاوەکان بەم شێوەیە دەبێت : (نازناوی نووسەر، ساڵ ، لاپەڕە) و لە نێوان دوو کەوانەدا لە نێو دەقی باسەکەدا دەنووسرێت.**
- **ژمارەی لاپەڕەی باسەکان لە (٣٠) لاپەڕە زیاتر نەبێت، بەفونتی یونیکورد و بەقەبارە (١٤) نووسرابێت.**
- **دەستەی نووسەران بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوەی باس و وتارەکان دەدات بە پشت بەستن بە هەڵسەنگاندنی پسپۆری زانستی متمانە پێکراو.**
- **باس و وتارەکان گوزارشت لە بۆچوونی نووسەرەکەی دەکات.**

پێرست


1- كوردستان له نێـو ململانێی هـەرێمـایـەتی و نێودەوڵەتیدا

پ. د. ئیسماعیل حەساف 6

2- رۆڵی حوكمڕانی باش و بەدامەزراوەییكردن...

هۆگر ئیبراهیم حەكیم 24

3- دەســـتوری هەرێمی كوردســـتان... له نێوان پێویستبوونی نەتەوەیی و سیستمی فیدراڵیدا

د. چواس حەسەن 66

4- گۆڕانكـارییه كـارگێڕییەكـان له پـارێزگـای كەركوك و رەنگدانەوەی لەسەر شارەكه

پ. د . ئازاد نەقشبەندی 102

5- غازی ســروشـــتی لەعێراق، چەند ســـەرنج و لایەنێكی شاردراوه

د.گۆڤەند حسێن شێروانی 129

| | |
|---|---|
| 6- ستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان...<br>پ. ی. د. بێستون عومەر نوری | 139 |
| 7- هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت وەك ئامرازێکی سیاسەتی ستراتیژی...<br>د. نورەدین ساڵح خۆشناو | 161 |
| 8- گرنگی ستراتیجی پاراستنی فرەیی کلتوری لە هەرێمی کوردستان..<br>د. عەبدولرەحمان کەریم دەروێش | 178 |
| 9- پۆلێنکردنەوەی ئەرکگەرایی شارە عێراقییەکان...<br>پ. د. ئەمین محەمەد سەعید ئەلئدریسی | 183 |
| 10- وەهمی جیهانگەرایی...<br>ن: نادیا شادلۆ و : هێمن غەنی | 205 |

# کوردستان لە نێو ململانێی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا



پ. د. ئیسماعیل حەساف
مامۆستای مێژووی نوێ و هاوچەرخ (تایبەتمەند لە پرسی کورد)

**پێگەی ستراتیژی کوردستان:**

کوردستان پێگەیەکی ستراتیژی بنەڕەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیادا هەیە. و قەڵایەکی سروشتی بووە بە هۆی ناوچە شاخاوییەکانییەوە، سەرباری ئەوەش، گەلێکی جەنگاوەر و ئازادیخوازی هەیە، کوردستان هەمیشە مەیدانێکی ململانێی زۆر گرنگ بووە، و بەرژەوەندییە دژ و ناکۆک بە یەکەکانی تێدا کۆبۆتەوە و گۆڕەپانی پێکدادانی نێوان هێزە ڕکابەرکان بووە. و هەڵکەوتە جوگرافییەکەشی لەسەر هێڵی یەکتربڕینی سێ کیشوەر بووە و ئەمەش دەرئەنجامی جیۆپۆلەتیکی لێکەوتۆتەوە، واتە یەکێکە لەو ناوچانەی جیهان کە بۆ چەندین سەدەیە بەدەست ململانێکانەوە دەناڵێنێت، و لەسەر ئاستی جیاوازی لۆکاڵی و جیهانیش ناوچەی شەڕ و ململانێی سیاسی و دیپلۆماسی و

سـەربازی نەبڕاوە بووە، نەك هەر لەسـەر ئاسـتی لۆکاڵی. ئەوەتا کەمال پا شا ئاماژە دەکات بەوەی هەر کاتێك هاوســەنگی هێز لە نێو هەلومەرجی جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا لە ئارادا بووبێت، ئەوا لایەنی براوە و سەرکەوتوو ئەو لایەنە بووە کە بەسەر کوردستاندا باڵادەست بووە. "

تەنانەت لە سـەرەتای سـەدەی حەڤدەدا، لایەنە ســەرە کییەکـا نی ململا نێی پە یوەســـت بە دەســتەبەرداگرتنی خاکی کوردســـتان، بریتی بوون لە ئیمپراتۆرییەتی عوســـمانی و ئێرانی، دواتر هێزە ئیستیعمارییە ئەوروپییەکانی دیکەش هاتنە نێو هاوکێشـەکەوە: ڕوسـیا (دوای لکاندنی قەوقاز)، ئینگلتەرا، دواتر فەڕەنسا و ئەڵمانیا، و لە کۆتـایی جەنگی یەکەمی جیهـانی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش دەستیدایە بایەخدان بە کورد ستان. لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بەریتانیا و فەڕەنســا وەك دوو دەوڵەتی ئیستیعماری دە سترۆیشتویی خۆیان لەدە ستدا، و داوایان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد ســەرکردایەتی کامپی ڕۆژئاوا بکات. هۆکارێکی دیکە کە بووەهۆی هەڵکشـــانی ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتــی نــاوەڕاســـتــدا بــریــتــی بــوو لە هەڵوەشـــانەوەی یەکێتی ســـۆڤییەت و کۆتایی هاتنی جەنگی سـارد. و لەم ڕوانگەیەوە ئەو هێزە سەرەکییەی لە ئێستادا هەوڵدەدات پرسی کورد بۆ بەرژەوەنـدی خۆی بەکـار بهێنێـت بریتیە لە ئەمریکا، و بەریتانیاش بە شـێوەیەکی بنەڕەتی پاڵپشتی دەکات.

خەســـڵەتەکـانی دوای جەنگی دووەمی جیهـانیش بریتی بوون لە دەرکەوتنی دەوڵەتی نوێ لەســـەر نەخشـە سیاسـییەکە، لە نێویاندا تورکیای کەمالی و عێراق و سوریا و ئێرانی شاهەنشاهی. و سیمای ئەم ڕۆژگـارەش بەشـــداریـکـردنـی چـالاکـانە بـوو لە ململانێکـانی پەیوەســـت بە کۆنترۆڵکردنی دۆخی کوردســـتان لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا- تـورکـیـا و عـێـراق و ســـوریـا، ئەم دەوڵەتە تـازە دامەزراوانەش هەوڵـیـانـدا کـوردســـتـان بـکەنە کۆلۆنیاڵێکی ڕا ستەقینە لە ڕێی دزینی سەرچاوەکانی و ســـڕیـنەوەی خەســـڵەتە نەتەوەیـیەکـانـی و چەوساندنەوەی گەلی کورد و سەرکوتکردنی بزوتنەوە سەربەخۆخوازەکانی.

لە ڕاســتیدا ناکرێت باس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بکرێت بێ لەبەرچاوگرتنی کوردســـتان و گەلی کورد کە لە پاڵ عەرەب و فارس و تورك دا، یەکێکە لە چوار گەلە ســـەرە کییەکەی ڕۆژهەلا تی نـاوەڕاســـت و ڕۆژهەڵا تی نزیـك. توێژ ینەوە ئەنسرـــۆ پۆ لۆجی و ئیتنۆلۆجییەکان ئەوە پ شتڕا ست دەکەنەوە کە گەلی کـورد مـێـژوییـەکـی دێـریـنـی هەیە لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاســـتدا، و هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە بەشـــدار بووە لە تێکڕای ڕووداوە مێژویی و ســـیاســـییەکانی ناوچەکە، و لەبەر چەند فاکتەرێك لە ئێســـتادا ئەم ڕۆڵە لە هەر کـاتێکی دیکە زیـاتر بـایەخـدارتر بووە، ســـەنگ و قورســـایی کوردیش دەگەڕێتەوە بۆ توا نا گەورە مرۆیی و ئابووری و جوگرافییەکانی کوردستان:

- لە ئێستادا گەلی کورد کۆبونەوەیەکی مرۆیی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکدەهێنێت، کە ژمارەیان دەگاتە پتر لە ٥٠ ملیۆن کەس، و

ئەگەر مەزەندەکانی سۆڤییەت لەبەرچاو بگرین، ئەوا بە گوێرەی لازاریف[١] ئەلبرت منتشاشفیلي[٢] بۆ ساڵی ١٩٨٣ بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **تورکیا** | ٤٧٢٧٩٠٠٠ ملیۆن | **ژمارەی کورد** | ١٤١٨٣٠٧٠ ملیۆن | **% ٣٠** |
| **ئێران** | ٤١٦٤٠٠٠٠ ملیۆن | **ژمارەی کورد** | ٧٤٩٥٠٢٠ ملیۆن | **١٨%** |
| **عێراق** | ١٤٦٥٤٠٠٠ ملیۆن | **ژمارەی کورد** | ٤١٣١٢٠٠ ملیۆن | **٢٨%** |
| **سوریا** | ٩٨١٤٠٠٠ ملیۆن | **ژمارەی کورد** | ١٢٧٥٨٢٠ ملیۆن | **١٣%** |

بەڵام مەزەندەکانی ئێستا ئاماژە بەوە دەکەن ژمارەی کوردانی تورکیا زیاترە لە ٣٩ ملیۆن، و لە ئێرا ندا نزیکەی ١٢ ملیۆن، و لە عێراق نزیکەی ٨ ملیۆن، و لە سوریا زیاتر لە ٤ ملیۆن، کە پێکەوە ٤٥ ملیۆن کەس دەبن لە کوردستاندا، ئەمە جگە لە بوونی کورد لە دەوڵەتانی دیکەدا.

- **ڕووبەری کوردستان:**

ڕووبەری کوردستان زیاتر لە ٥٣٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، واتە لە ڕووبەری شەش دەوڵەتی ئەمریکای لاتین پێکەوە زیاترە کە بر یتین لە: گوا تیمالا، هندۆراس، کوبا، نیکاراگوا، ئەلسەلڤادۆر، و جامایکا[٣] بە گوێرەی میخائیل سیمێنۆڤیچ لازاریڤ، دوو لەسەر سێی وڵاتانی جیهان ڕووبەریان لە کوردستان بچووکترە.

- **سامانی نەوت:**

لە کوردستاندا نزیکەی ٢٦٠٠ ملیۆن تەن لە نەوتی خاو هەیە، واتە نزیکەی لە ٨% تێکڕای یەدەگی نەوت لە جیهانی سەرمایەداریدا، و ئەمانەش مەزەندەی کۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ نزیکەی نیو سەدە پێش ئێستا، و نەوت لە کوردستاندا لە زیادبوونێکی بەردەوام دایە: بەرهەمی نەوتی عێراق لە ٣,٢ ملیۆن تەنەوە لە ساڵی ١٩٤٨دا زیادی کرد بۆ ٣٤,٨ ملیۆن تەن لە ساڵی ١٩٥٨، واتە بۆ ١١ هێندە[4]، لە کاتێکدا یەدەگی پەترۆڵی ئێران بە ٤٢٩٥ ملیۆن تەن و لە عێراق بە ٣٣٠٠ ملیۆن تەن [٥] خەمڵێنرا لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٧.

لە ئێستادا کورد ستانی عێراق لە %٥٠ی گەنم، و لە ٤٠%ی جۆ، و لە ٩٨%ی توتن، و لە ٣٠%ی لۆکە،و لە ٥٠% میوەی عێراق بەرهەم دەهێنێت. و ڕۆڵی

خۆی وەك سەبەتەی خۆراكی عێراق درێژە پێدەدات. واتە، ئەو هـێـزانەی هەوڵـی دەســـتەبەرداگـرتـنـی كوردســـتان دەدەن تەنـها پاڵنەری جیۆپۆلەتیكی و جیۆسـتراتیژییان نییە، بەڵكو بەرژەوەندی جوگرافی و ئـابووری جیـددیشـــیـان هەیە، كە زۆربەی خـاكی دابەشــكراوی كوردســـتـان لە نـاوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت پێگەی جیهانی گرنگن بۆ بەرهەمهێنانی نەوت.

## - سامانی ئاو:

لە پاڵ چەكی نەوتدا، كوردســـتان خاوەنی چەكێكی دیكەشـــە، كە ڕۆڵـی كـارای دەبێـت لە ململانێ نێودەوڵەتییەكانی داهاتوودا، ئەویش چەكی ئاوە، كە گەورەترین ڕوبارەكانی ناوچەكە لە كوردستاندان.

بۆ نموونە، ڕوباری فورات كە ســـەرچاوەی هەڵقوڵانی لە كوردســـتانە، و درێژییەكەی ٢٨٠٠ كیلۆمەترە و ١١١٠ كیلۆمەتری دەكەوێتە كوردستانەوە.

ڕوباری دیجلە ســـەرچاوەی هەڵقوڵانەكەی دەكەوێتە كوردســـتـانەوە، و درێژییەكەی ١٩٠٠ كیلۆمەترە و ٦٠٠ كیلۆمەتری دەكەوێتە كوردستانەوە.

ڕوباری ئاراس درێژییەكەی ٩٢٠ كیلۆمەترە و ٤٣٥ كیلۆمەتری دەكەوێتە كوردستانەوە.

لەگەڵ ڕوبارەكانی دیكە، وەك زابی بچووك و زابی گەورە و بەتلیس و بۆتان و ســـیروان و خابور... هتد. ســـەربـاری ئەوەی كە كـوردســـتـان دەكەوێـتە نـاوچەیەكەوە كە بـارانی زۆری لێـدەبـارێـت.بەڵام مەزەندەكانی ئێســـتا ئاماژە بەوە دەكەن ژمارەی كوردانی توركیا زیاترە لە ٣٩ ملیۆن، و لە ئێراندا نزیكەی ١٢ ملیۆن، و لە عێراق نزیكەی ٨ ملیۆن، و لە ســوریا زیاتر لە ٤ ملیۆن، كە پێكەوە ٤٥ ملیۆن كەس دەبن لە كوردســـتـانـدا، ئەمە جگە لە بوونی كورد لە دەوڵەتانی دیكەدا.

## - ڕووبەری كوردستان:

ڕووبەری كوردســـتـان زیـاتر لە ٥٣٠ هەزار كیلۆمەتر چوارگۆشـــەیە، واتە لە ڕووبەری شـــەش دەوڵەتی ئەمریكـای لاتین پێكەوە زیـاترە كە بریتین لە: گواتیمالا، هندۆراس، كوبا، نیكاراگوا، ئەلســـەلڤادۆر، و جامایكا[٣] بە گوێرەی میخائیل سـیمێنۆڤیچ لازارێف، دوو لەســەر سـێی وڵاتانی جیهان ڕووبەریان لە كوردستان بچووكترە.

## - سامانی نەوت:

لە كوردســـتاندا نزیكەی ٢٦٠٠ ملیۆن تەن لە نەوتی خـاو هەیە، واتە نزیكەی لە ٨% تێكڕای یەدەگی نەوت لە جیهـانی ســـەرمـایەداریـدا، و ئەمـانەش مەزنـدەی كۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ نزیكەی نیو ســـەدە پێش ئێســـتـا، و نەوت لە كوردســـتـانـدا لە زیـادبوونێكی بەردەوام دایە: بەرهەمی نەوتی عێراق لە ٣,٢ ملیۆن تەنەوە لە سـاڵی ١٩٤٨دا زیادی كرد بۆ ٣٤,٨ ملیۆن تەن لە ســـاڵی ١٩٥٨، واتە بۆ ١١ هێنـدە[4] ، لە كاتێكدا یەدەگی پەترۆڵی ئێران بە ٤٢٩٥ ملیۆن تەن و لە عێراق بە ٣٣٠٠ ملیۆن تەن [٥] خەملێنرا لە كۆتایی ساڵی ١٩٥٧.

لە ئێستادا کوردستانی عێراق لە %٥٠ی گەنم، و لە %٤٠ی جۆ، و لە %٩٨ی توتن، و لە %٣٠ی لۆکە و لە %٥٠ میوەی عێراق بەرهەم دەهێنێت. ڕۆڵی خۆی وەك سەبەتەی خۆراکی عێراق درێژە پێدەدات. واتە، ئەو هێزانەی هەوڵی دەستەبەرداگرتنی کوردستان دەدەن تەنها پاڵنەری جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژییان نییە، بەڵکو بەرژەوەندی جوگرافی و ئابووری جیددیشیان هەیە، کە زۆربەی خاکی دابەشکراوی کوردستان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەی جیهانی گرنگن بۆ بەرهەمهێنانی نەوت.

- **سامانی ئاو:**

**لە پاڵ چەکی نەوتدا، کوردستان خاوەنی چەکێکی دیکەشە، کە ڕۆڵی کارای دەبێت لە ململانێ نێودەوڵەتییەکانی داهاتوودا، ئەویش چەکی ئاوە، کە گەورەترین ڕووبارەکانی ناوچەکە لە کوردستاندان.**

بۆ نموونە، ڕوباری فورات کە سەرچاوەی هەڵقوڵانی لە کورد ستانە، و درێژییەکەی ٢٨٠٠ کیلۆمەترە و ١١١٠ کیلۆمەتری دەکەوێتە کوردستانەوە.

ڕوباری دیجلە سەرچاوەی هەڵقوڵانەکەی دەکەوێتە کوردستانەوە، و درێژییەکەی ١٩٠٠ کیلۆمەترە و ٦٠٠ کیلۆمەتری دەکەوێتە کوردستانەوە.

ڕوباری ئاراس درێژییەکەی ٩٢٠ کیلۆمەترە و ٤٣٥ کیلۆمەتری دەکەوێتە کوردستانەوە.

لەگەڵ ڕوبارەکانی دیکە، وەك زابی بچووك و زابی گەورە و بەتلیس و بۆتان و سیروان و خابور... هتد. سەرباری ئەوەی کە کوردستان دەکەوێتە ناوچەیەکەوە کە بارانی زۆری لێدەبارێت.

- **پێگەی جیۆپۆلەتیکی:**

کوردستان پێگەیەکی جوگرافی ناوازەی هەیە، و ڕێڕەوی هەر یەکە لە قەوقاز و کەنداوی فارسییە بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و جیهانی عەرەبی و دەبێتە دراوسێی ئەوروپا، ئەگەر بێتوو تورکیا بچێتە نێو یەکێتی ئەوروپا، ئەوا کوردستان بە ڕاستی دەبێتە دڵی زیندووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها کوردستان پەیوەست بووە بە پرۆژە و پلانە نێودەوڵەتییەکانەوە، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری شەڕی سارددا، کە لە کوردستانەوە دەستی پێکرد بە لە ناوبردنی کۆماری کوردستان -کە پایتەختەکەی مەهاباد بوو-، و بە هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی کەنداو کۆتایی هات. هەروەها لە سەردەمی جەنگی سارددا کوردستان بووە بەشێك لە زۆنی ناوەکی و لە نێو پشتێنەی باکوور (تەوقی باکوور)دا بوو کە (جۆن فۆستەر دالاس)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەو کاتەدا دایڕشتبوو لە چوارچێوەی تیورەکانی وەك ڕەمڵاند و ئۆراسیا [٨]. تەنانەت

کوردســـتان ئامانجی تێکڕای هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە هـاوچەرخەکـان بوو، وەك ( سەعەد ئاباد، ناتۆ، سەنتۆ)، بۆ ئەوە مەبەســـتەش لیژنەیەك پێکهێنرا بە نـاوی لـیـژنەی بەرەنـگـاربـوونەوەی کـار و کـردەوە تێکدەرەکان.

- **ڕەهەندێ نێودەوڵەتی پرسی کورد:**

دەکرێت بووترێت کە ڕێککەوتنی ئەنگلۆ – فرانکۆ - ڕۆسی لە نێوان هاوپەیمانەکان لە ساڵی ١٩١٥ لەبارەی پێدانی گەرووەکانەوە یەکەم هەنگاو بوو بە ئاڕاستەی دابەشکردنی بەشی ئاسیای تورکیا، لە نێویاندا کوردســـتان. بەڵام قۆناغی دووەمی گفتوگۆکـانی ئەنگلۆ - فەڕەنســـی لە لەنـدەن ئەنجام دران لە ماوەی تشـرینی دووەمی ١٩١٥ بۆ شـــوباتی ١٩١٦ لە نێوان ئارتۆر نیکڵســـۆنی ئینگلیزی (دواتر مارك ســـایکس جێی گرتەوە) و فرانسـوا جۆرج پیکۆی فەڕەنسـی، و پرسـی کورد پانتاییەکی گرنگی گفتوگۆکانی پێکهێنا.

لێرەدا دەبێـت بگەڕێینەوە بۆ بەڵگەنـامەی ســـیڤەری نێودەوڵەتی، کە بۆ یەکەمجـار لە مێژووی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا دانپێدانانی بۆ کورد لە خۆگرت، و بووە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ بەرگریکردن لە مـافی کورد لە کۆنفرانســـی نێودەوڵەتی دواتر لەبارەی پرســـی کوردەوە، بەو مەرجەی هێزە مەزنەکان بەرپرسیارێتی مێژوویان لە ئەستۆ بگرن.

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پرسی کورد:**

لە دەیەکانی ئەم دواییەدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ڕۆژهەڵاتـی نـزیـك بـوونە گـرنـگـتریـن بـواری ســـیاســـەتی جیهانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بناغەی ئەم سیاسـەتەش بەرژەوەندییە ئـابوورییەکـانی ئەم وڵاتەیە لە پەیوەنـدیـدا بە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە. بەڵام بنەما ئایدۆلۆژییەکەی بەم ســیاســـەتە پەیوەســـتە بە بڵاوکردنەوەی شێوازی دیموکراسییەتی ئەمریکا لە ســـەرجەم وڵاتانی جیهاندا. لە ســـەردەمی شـــەڕی ســـارددا ئەمریکا زۆر نیگەران بوو لەو ناسەقامگیرییەی لە کوردستاندا لە ئارادا بوو، بە تـایبەتی لە بـاشـــووری کوردســـتـانـدا، و ئەم ناسەقامگیرییەی بە هەڕەشە و مەترسی بۆ "سەر بەرژەوەنـدیـیە بنەڕەتـیـیەکـانـی لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاســـت و ڕۆژهەڵاتی نزیك"دا لێکدایەوە. و لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکـا هەوڵ دەدات بە گرتنەبەری ســـەرجەم شـــێوازە یـاســـایی و نـایـاســـایـیەکـان (لە ڕوانـگەی یـاســـای نێودەوڵەتییەوە)، هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا بســـەپێنێت، بە تایبەتی دوای ڕووخانی یەکێتی ســـۆڤییەت و تا ڕاددەیەك پاشـــەکشـــەی ڕۆڵی ڕوســـیـا. لەم ڕووەوە، واشـــنتۆن ئـامـادەیە لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ( یان ناتۆ) و دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەشدا کار بکات. یەکێك لە ئەرکە "جیهانگەراییەکانیش لەســـەر شـێوازی ئەمەریکی"، پەیوەســـت بوو بە دروســـتکردنی

سیستمێکی نوێی جیهانی بە سەرکردایەتی و یلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەمەش هاوشان بوو بە گۆڕانکارییە جیهانییەکانی سەر شانۆی نێودەوڵەتی لە دەیەی دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤییەت، هاوکات لەگەڵ قەیرانە هەڵکشاوەکانی تێکڕای بەشەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا، لە نێویاندا کوردستان.

ئاسۆی کێشەی کورد بە ڕاددەیەکی گەورە بەندە بە سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە و بە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا. لەم ڕووەوە، و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئەزمونە کارەساتبارانەی ڕوبەڕوییان بۆتەوە، ئەوا کورد ڕوبەڕوی کۆمەڵێك ئاڵنگاری بۆتەوە کە پێویستە ئامادەکارییان هەبێت بۆیان. خەیاڵپڵاوییەکی گەورەیە کورد پێی وابێت بەرژەوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا بە تەواوەتی یەکدەگرنەوە. ئەمریکا بەرژەوەندی ستراتیژی خۆی هەیە لە ناوچەکەدا، دەوڵەتە عەرەبییەکان و هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ، تورکیا، گوشارییان گەورەیان لەسەر دروست کردووە لەبارەی پرسی کورد لە عێراقدا. هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بزاوتێکی زۆردایە.

چەندین کێشەی جیهانی تێیدا چڕ بۆتەوە ململانێی عەرەب و ئیسرائیل، کێشەی پرۆگرامە ناووکیەکەی ئێران، و کێشەی تیرۆر. و لە ئێستادا پێشبینیکردنی بەردەوامبوونی ڕووداوەکان کارێکی دژوارە، بۆ نموونە، ئایا هەڵوێستی و یلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چی دەبێت لە حاڵەتی سازشکردنی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا. ئایا جارێکی دیکە کورد دەبنەوە بە کارتێکی سازشکردن لە گەمەیەکی سیاسی گەورەدا؟ کە بە هیچ شێوەیەکی ئەم پەرەسەندنە بە دوور ناگیرێت. بەڵام لەم حاڵەتەدا، ناوچەکە ڕوبەڕوی ناسەقامگیرییەکی بەرفراوان دەبێتەوە، وهیچ لایەنێکیش ناخوازێت ئەمە ڕووبدات. و لەم حاڵەتەدا چەند لایەنێك گەمە بە کارتی کوردی دەکەن، بەڵام ئەمریکا باش دەزانێت چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە ڕۆژئاوای ئاسیا سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیربوونی بارودۆخەکە، و ئەمەش مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروست دەکات.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، و بە هۆی پەرەسەندنەکانی سەرەتای هەزاری سێیەمەوە، ئەمریکا بووە هاوبەشێکی ستراتیژی سەرەکی بۆ کورد لە ئێستادا. و ئەوەش لە ئەنجامی یەکانگیربوونی بابەتییانەی بەرژەوەندییەکانیەوە بوو کە بۆتەهۆی ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا هەندێ کاری دیاریکراو بۆ بەرژەوەندی کورد ئەنجام بدات. ئاراستەی گشتی سیاسەتی کوردیش تەوەربەندە لەسەر بەها عەلمانی و دیموکراتییەکان، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی هێشتنەوەی ئەم هاوپەیمانێتییە. و پێویستە ئەوەش بووترێت ئەمە دیاردەیەکی نوێیە لە دۆخی جیۆپۆلەتیکی هەرێمایەتییدا. ئەوەبوو

بەرژەوە ندییە کانی ئەمریکا و کورد یەکیگرتەوە لە پەیوەندیدا بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری جیهانی و هێنانە ئارای دیموکراسی لە جیهانی عەرەبی و رۆژئاوای ئاسیا و گەڕاندنەوەی هاوسەنگی هەرێمایەتی لە چوارچێوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا، کە لەم چوارچێوەیدا کورد یش مافە نەتەوەییە کانی بەدەست دەهێنێت.

پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد تەوەربەندە لەسەر رێساکانی گەمە گەورەکە. و ئەمریکاش دەیەوێت کورد وەك فاکتەرێك لە سیاسەتەکانی لە رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا بەکار بهێنێت و هەوڵدەدات ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنێتە ژێر رکێفی خۆی، لەگەڵ روخاندنی رژێمە نەخوازراوەکان لەلایەن وا شنتۆن، و کۆتاییهێنان بە ئایدۆلۆژیای دەوڵەتە ئیسلامییەکان. و تا رادەیەکی زۆر ئەم سیاسەت و هاوکارییە سەریان کێشا بۆ روخانی حزبی بەعس لە عێراق و سوریا، و واقیعەکەش ئاماژە بەوە دەکات کە رژێمی ئێرانیش لە سەروبەندی روخاندایە و کەوتنی تەنها مەسەلەی کاتە.

**سیاسەتی دەوڵەتە دابەشکارەکانی کوردستان لە ئاست کورددا:**

ئەو گۆڕانکارییە مێژووییە جیهانییانەی لەسەروبەند و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی ڕوویاندا، و ڕزگاربوونی زۆربەی گەلانی ژێر ڕکێفی ئیستیعماری، کورد و کوردستانییان نەگرتەوە. پرۆسەی کۆتایهێنان بە ئیستیعمار، تێکڕای کیشوەرەکانی گرتەوە، بەڵام کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە دەرەوەی ئەم ئاڵوگۆڕە مانەوە، بگرە پەرەسەندنی پێچەوانە ڕوویاندا، سیستمی نێودەوڵەتی دوای جەنگی دووەمی جیهانی کوردستانی کردە کۆڵۆنیالییەکی ڕاستەقینە لە چوارچێوەی دەوڵەتە هاوچەرخە تازە دروستبوو و هەژار و دواکەوتووەکاندا، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی کورد ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕی-دیموکراسی بگرێتەبەر لە پێناو بەرگریکردن لە بوونی خۆی.

لەم هەلومەرجە جیۆپۆلەتیکییە نوێیەدا، پرسی کورد گۆڕدرا بۆ فاکتەرێکی کارا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لە جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا، بە تایبەتی لە دوای نیوەی دووەمی ساڵانی پەنجاکانەوە، کاتێك ناسیۆنالیزمی عەرەبی توندتر بۆوە لە چەشن و شێوە توندڕەوەکەیدا (ناسری، بە تایبەتی بەعسی)، ئەویش بەهۆی هەڵکشانی ململانێی عەرەبی - ئیسرائیلی یەوە. و توندبوونی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامیش پرسی کوردی بەرەو ئاڵۆزبوون برد. و بووە فاکتەرێکی کاریگەر لە سیاسەتەکانی هەر یەکە لە ئەمریکا، و ڕوسیا ، و ئیسرائیل، و دەوڵەتە دابەشکارەکانی کوردستاندا.

واتە پرسی کورد گرنگییەکی زیاتری بەخۆوە بینی لە جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و

ڕۆژئاوای ئاسیا، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سالانی پەنجاکانەوە، و لە دوای هەڵکشانی ڕەوتە ناسیۆنالیستیە عەرەبییە توندڕەوەکانەوە، بە تایبەتی دوای گرتنەدەستی دەسەلات لەلایەن حزبی بەعسەوە لە عێراق و سوریا، کە بەرهەڵستی و بەرگریکارییەکی توندی لێکەوتەوە لەلایەن بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لەم وڵاتانەدا، بە تایبەتی لە عێراقدا.

هەروەها فاکتەری کوردی، کاریگەری هەیە لەسەر ملیۆنان کەسی نێو گەلانی ناوچەکە و جیهان، و ئەم فاکتەرەش ئامادەییەکی هەمیشەیی هەبووە لە پرۆسە سیاسییە بەرفراوانەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. واتە هەمیشە کوردستان "فاکتەری ناسەقامگیری" بووە لە ڕوانگەی دەوڵەتە دابەشکارەکانی، و نزیکەی تێکڕای ناوچەکەوە. لە کاتێکدا کورد گەورەترین گروپی ئیتنین لە جیهاندا کە دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان نییە تا ئێستا. بە دڵنیاییەوە، ناوچەکە سەقامگیری بەخۆوە نابینێت، ئەگەر دانپێدانان نەبێت لەلایەن ئەم دەوڵەتانەوە بە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی نوێی فیدراڵی و کۆنفیدراڵیدا، کە تێیاندا کورد پشکی سەرەکی هەبێت. و لە میانەی دەیەی ڕابردودا، چارەسەرنەکردنی پرسی کورد هۆکاری ناسەقامگیربوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیك بوو.

لە سەرەتای سالانی نەوەتەکانی سەدەی بیستدا، و لە میانەی جەنگی کەنداوی فارسی، کوردستانی عێراق بووە جێی بایەخ و گرنگیدانی ئەمریکا، کە دەیویست نەتەوەی کورد لە ئایندەدا بەکار بهێنێت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا. ئەوەبوو، دوای جەنگی کەنداوی فارسی، کوردی عێراق باری ئۆتۆنۆمییان لە کوردستانی عێراق بەدەست هێنا. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکیشدا، کوردستانی عێراق بووە چەقێکی جیۆسیاسی پێشکەوتووتر بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ئێران و تورکیا و سوریا. و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ڕۆژئاوای ئاسیا، تورکیا، ئێران، سوریا) بوونە ناجێگیرترین ناوچە بەهۆی چارەسەرنەبوونی پرسی کوردەوە. دەوڵەتە هەرێمایەتییەکانیش گرنگی و بایەخێکی زیاترییان دا بەو ئۆتۆنۆمییەی کورد لە عێراقدا بەدەستیان هێنابوو.

تێڕوانینی هەندێکیان ئەوەبوو کە گەیشتنی کوردی عێراق بە ئامانجەکانی هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری سیاسی ئەو دەوڵەتانەی ناوچەکە کە کورد لە خۆدەگرن (تورکیا، و سوریا و ئێران)، پێیان وابوو ئەمە دەبێتە هۆی توندتر بوونی خەباتی کوردی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هاوشێوە.

بڕیار بوو بە دیموکراتیکردنی سیستمی سیاسی عێراق لە سەر " شێوازی ئەمەریکی" -بە ئامانجی

ڕیشەکێشکردنی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی سەدام حوســێن- ئەم وڵاتە بگۆڕێـت بۆ "مۆدێلێکی دیموکراســی"، تـاوەکو دەوڵەتـانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دووبارەی بکەنەوە، و بۆ ئەوەی عێراق ببێتە چەق و ناوەندی ئاســایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا، بەڵام جێبەجێکردنی بەرنـامە پـلان دانـراوەکە دەرئەنـجـامـی تەواو پێچەوانەی لێکەوتەوە. و پرەنســیپی ئیتنی- تـایەفەگەری، کە لە بـنەڕەتـدا ڕۆچـووە نـێـو پەیکەربەندی دەسەڵاتی عێراقییەوە، سەریکێشا بۆ پەرەســەندنێکی خێرای ئیســلامی شــیعی ڕادیکـاڵی، و ســوونەشــی کردە گرووپێکی ئۆپۆزســیۆن، لە نێویـانـدا ئۆپۆزســیۆنێکی چەکـداری، ئەمەش عـێـراقـی دووچـاری تەنگژەیەکی قووڵ کردەوە کە نزیکەی تێکڕای بوارەکـانی ژیـانی گشــتی کۆمەڵگەی عێراقی گرتەوە.

ناوەندە حوکمڕانەکانی ئێران و تورکیا و ســوریا هەوڵیـانـدا بزوتنەوەی ئۆتۆنۆمی کوردی لە کوردســتانی عێراق لە ناو ببەن، چونکە ترسـیان هەبوو ئەمریکا دووبارە سنورەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا دابەش بکاتەوە. ئەوەبوو تورکیا و ئێران و ســوریا دەستیاندایە هاوکارییەکی سەربازی و سیاسی لە پێناو ناســەقامگیرکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کـوردی و .......هـتـد. هەروەهـا ڕژێـمە هەرێمایەتییەکان هاوهەڵوێسـت بوون لە ئاسـت ئەگەری ڕاگەیاندنی ســەربەخۆیی کوردســتانی عێراقەوە، و پێیان وایە ئەمە ســەردەکێشــێت بۆ تێکچوونی دۆخی کوردســتانی تورکیا و ئێران و سوریا.

ئەزمونی ٣٥ ســاڵەی دەوڵەتی کوردی ئەمری واقیع، پەردە لەســەر وردەکاری جێی ســەرنج لادەدات: ئەوەتـا بۆتە پـاڵنەرێـك بۆ پەرەپێـدانی ئابووری، نەك هەر تەنها لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە ناوچە هاوســنورەکان لە کوردســتانی ئێران و ســوریا و تورکیادا. بازرگانیکردن لەگەڵ هەرێمە کوردییەکەدا بۆتەهۆی بوژانـدنەوەی ســەروەت و ســامانی ئەم ناوچانە، کە تا ئێســتا لەلایەن حکومەتەکـانییـانەوە بە چەشــنێکی ڕاستەقینە پەرەیان پێنەدراوە. سەرباری ئەوەش، ناکرێت ئەوە نادیدە بگیرێت کە تا چ ڕاددەیەك ســەرکەوتنەکانی دەوڵەتی کوردی بەشـداربوونە لە بەرەوپێشــبردنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری لە نـاوچەکەدا، و بۆتە نموونەیەکی دیموکراتی بۆ پێکەوەژیـانی هـاوبەش و لێبوردنی ئـاینی لە تێکڕای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

نابێت ئەوەش لەبەرچاونەگیرێت کە کورد ڕۆڵی میانگیری هەبووە لە ململانێکانی شیعە و سوننە لە عێراقی نوێدا. و کوردســتان بۆتە یەکێك لە دوو نـاوەنـدە ســەرەکییەکەی گفتوگۆ (لە پـاڵ بەغـدا) لە عـێـراقـدا. و بەم شــێـوەیە، دوای هەڵبژاردنەکانی ١٥ی کانونی یەکەمی ســاڵی ٢٠٢٥، کوردســتـان بۆتە نـاوەنـدی گفتوگۆ سیاسییەکانی سەرجەم هێزە سیاسییەکانی

عێراق. و بە گوێرەی هەندێ لە تێڕوانینەکان، ستراتیژییەتی کوردی هەڵە بووە، و ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر کورد و لەسەر جێبەجێنەکردنی بەندەکانی دەستوری عێراقەوە لە پەیوەندیدا بە کوردستانییەتی کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە، و گەڕانەوەی عێراق بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتێکی مەرکەزی ڕەها و بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، و هەوڵدان بۆ لەبەرچاونەگرتنی ئەو شایستانەی بەهۆی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد و ڕۆڵی پێشمەرگە بەدەستهاتوون. لە کاتێکدا کوردستانی عێراق بە مەشخەڵێکی ئابووری و دیموکراسی بۆ تێکڕای دەوڵەتانی ناوچەکە دادەنرێت.

کورد ڕۆڵێکی زۆر گرنگییان هەیە لە هێنانەئارای هاوسەنگی لە نێوان هەڵوێستی هێزە سیاسییە جیاوازەکانی نێو عێراقدا، بە تایبەتی هەڵوێستەکانی زۆرینەی شیعە. هەروەها کورد ڕۆڵی هەبووە لە چەسپاندنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە دەستوردا.

ئەو ڕۆژگارە نوێیەی هاتەئاراوە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا پرسی کوردی دەباتە ئاستێکی بایەخدارتر لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا، چونکە چیتر ئەم پرسە تەنها پەیوەست نییە بە پێدانی سەربەخۆیی کەلتوری و بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی بە کوردەوە. کورد ڕووبەڕووی کێشەی جیهان بۆتەوە کە چارەسەرکردنییان پەیوەندیدارە بە بەکارهێنان و دابەشکردنی سەرچاوەکانی وزە (نەوت و غاز و ئاو) و بوونی بۆرییەکانی غاز و نەوت لەسەر خاکی کورد، سەرباری پرسی بەرهەمهێنانی خۆراك لەسەر ئەم خاکە، چونکە ناوچە کوردییەکان بە سەبەتەی خۆراکی ڕۆژئاوای ئاسیا دادەنرێت. دەستتێوەردانی هێزە هەرێمایەتی و دەرەکییەکان لە ململانێکانی نێو کوردستاندا، بووەهۆی ئاڵۆزبوون و هەڵکشانی زیاتری ئەم کێشانە، کە ئەمەش دەرئەنجامی تەمومژاوی لێدەکەوێتەوە بە چەشنێك کە ناتوانرێت پێشبینی بکرێن.

تورکیا ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پەیوەندیدا بە چارەنوسی گەلی کوردەوە، و دۆسییەکەی لەدەستە و ڕێگری دەکات لە بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد لە تورکیا و عێراق و سوریا. پێشتر و ئێستاشی لەگەڵدا بێت ناوەندە حکومی و سەربازییەکانی تورکیا، بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ لەسەر سنورەکانی وڵاتەکەیان، و بگرە بوونی خۆحوکمڕانی کورد لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵیدا، بە هەڕەشە و مەترسی لێکدەدەنەوە. جەنەراڵەکانی سوپا زیاتر ئەم ترسەیان هەیە، کە کاریگەرییەکی بەردەوامییان هەیە لەسەر ژیانی سیاسی وڵاتەکە. ئەم مەترسییانە گرێدراون بە دۆخی سیاسی گشتییەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە کورد لەو ناوچانەدا لە ژێر

گوشاردا دەژین، و هەلومەرجەکە تێیدا سەقامگیر نییە، بە چەشنێك کە بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی قەیرانێکی سیاسی، و دەکرێت لە سـایەی هەلومەرجێکی سـیاسـی دەرەکی نـالەبـاردا، ببێتە هۆی جیـا بوونەوەی نـاوچە کوردییەکان لە تورکیا.

ناسیۆنالیستە تورکەکان و جەنەراڵەکانی سوپای ئەو وڵاتە پێیـان وایە بەرژەوەنـدییەکـانی تورکیـا ئەوە دەخوازێت کە بە هیچ شـێوەیەك پرۆژەی دروسـتکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە باشـووری کوردسـتاندا قبوڵ نەکرێت. زۆر کەس لە تورکیا باوەڕییان وایە، کوردسـتانێکی سـەربەخۆ دەبێتە قەوارەیەکی نەتەوەیی و چەقێك بۆ کێشـکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەو کوردانە لە دەرەوە دەژین، لە نێویـانـدا تورکیـا. و لە دیـدی بەشـێـك لە سـەرکردایەتی تورکیـاوە، ئەمە دەبێتە هۆی لاوازکـردنـی گـیـانـی نەتەوایەتـی گەلەکە و پـاڵنەرێکی زیـاتر بۆ هەڵکشـانـی هۆشـیـاری نەتەوەیی کوردی دەهێنێتەوەئـاراوە، و ئەمەش مایەی قبوڵکرن نابێت لە هەلومەرجی نەتەوەیی نێو تورکیادا.

لەگەڵ ئەوەشـدا، بۆچوونێکی دیکەش هەیە. بە گوێرەی هەندێ لە شارەزایان، ئەگەر بێتوو تورکیا بـچـێـتە نـێـو یەکـێـتـی ئەوروپـاوە، ئەوا بـوونـی دەوڵەتێکی کوردی سـەربەخۆ و سـەقامگیر لە نزیـك تورکیـا، کـاریگەری نـابێـت لەسـەر سـەقامگیری ئەو وڵاتە. بۆ نموونە، گراهام فۆڵەر، کە پێشتر کارمەندی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا و نووسـەری پەرتووکێکە لەبارەی پرسـی کـوردانـی تـورکـیـا پـێـی وایە، "لەبەر ئەوەی کاروبارەکان لە عێراقدا بە باشـی ناگوزەرێن، ئەوا درەنگ یان زوو کوردسـتانێکی سـەربەخۆ دەبێتە بە شێك لە کارنامەکان، و ئەگەری ئەوەش کەمە تورکیا بتوانێت بە ڕێگاچارەی سـەربازی ڕێگری لێبکات، چونکە لەو حاڵەتەدا ناچار دەبێت ئێران و سـوریا وەک هاوپەیمان بەکاربهێنێت و ئەوەش تاڕادەیەک سەیر دەردەکەوێت"[٩].

پرسی کورد بۆتە پرسێکی بە پەلە لە تورکیا، بەڵام ناسـیۆنالیسـتە تورکەکان پێداگرن لەسـەر دەسـتگرتن بە نەگۆڕە نەتەوەییەکانی ئەتاتورك و دانپێدانان بە بوونی "پرسـی کورد" لە وڵاتەکەدا، ئەمەش پشـێوی و داڕووخـان بەدوای خۆیـدا دەهێنێت. هەرچەندە زیادبوونی داواکارییەکانی نوێنەرانی یەکێتی ئەوروپـا بۆ دەسـتکردن بە چارەسەری کێشەی کورد، و خواستی تورکیا بۆ چوونە نێو یەکێتی ئەوروپـاوە، سـەرکردایەتی تورکیـا بواری بە هەنـدێ ئـازادی ڕادەبڕین دا، بەڵام ئەم هەنگـاوانە لە ئـاسـتی سـتـانـداردە نێودەوڵەتییەکاندا نەبوون.

فاکتەری کورد بە شـێوازێکی جیاواز کاریگەری دەبێت لەسـەر پەیوەندییەکانی تورکیا بە وڵاتانی ڕۆژئاواوە. سـەرباری ئەوەی دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، بەرژەوەندی تایبەتییان هەیە لەو ناوچەیە کوردی تێدا دەژین، بەڵام ئامانج و پلانی سیاسی

و سەربازی و ستراتیژی هاوشێوەی ئەمریکایان نییە. ئەمەش وا دەکات پتر دەستیان واڵا بێت بۆ جێبەجێکردنی پایەکانی سیاسەتی دەرەوەیان، بە تایبەتی لە پەیوەندیا بە زامنکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکەدا. چونکە دەوڵەتانی ئەوروپا لە هێزی کۆڵۆنیاڵییەوە بۆ دەوڵەتانی پاڵپشت بە ماف و ئازادییەکانی گەلان گۆڕدراون. هەرچۆنێك بێت ناسیۆنالیستی تورکی کەمالی بە ئاڵوگۆڕێکی ناچاریدا تێدەپەڕێت، ئەم ئاڵوگۆڕەش گرێدراوی بیروبۆچوونە ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانی ئەوروپایە، کە تورکیا بە هەموو هێزی خۆییەوە هەوڵدەدات ببێتە بەشێك لێ. سەرکردایەتی ئێستای وڵاتەکەش درك بەمە دەکەن و هەوڵی جیدد دەدەن بۆ گەڵاڵەکردنی تێگەیشتنێك لەبارەی پێویستی بەدیهێنانی پێکەوەژیانی دیموکراتی نێوان گروپە ئیتنییە جیاوازەکان کە هەڵگری تێڕوانینی نەتەوەیی خۆیانن، سەرباری گرتنەبەری هەڵوێستێکی لێبوردەتر لە ئاست تێکڕای بیروباوەڕە سیاسییەکان و خەونی کەمینە نەتەوەییەکاندا.

هەروەها ناکرێت ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئێستادا لە جیهاندا ڕوودەدەن فەرامۆش بکرێن. بۆ نموونە، دەرکەوت سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی تورکیا مرونەتی زیاتر لەخۆدەگرێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە توند گرێدراوە بە جیهانی ڕۆژئاواوە، و هەوڵی جیددی دەدات بۆ چوونە نێو یەکێتی ئەوروپاوە، و لەم ڕووەوە ناچارە ستانداردەکانی لە خۆیدا بەدی بهێنێت.

ئەمەش ناچاری دەکات دەست لە هەڵوێستە کەمالییەکانی هەڵگرێت و هەنگاو بە هەنگاو سیاسەتەکانی بەڕووی کوردا بکاتەوە. سروشتی ئەم پرۆسەیەش بە چەشنێکە کە بەو خێراییە بەڕێوە ناچێت کە کورد خوازیارییەتی، چونکە چەندین هێزی کاریگەری نێو تورکیا بەرهەڵستی دەکەن، لەبەر ئەوەی پێیان وایە دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە کۆتاییهێنان دەبێت بە تورکیای کەمالی وەك دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو. لەلایەکی دیکەوە پێدەچێت ئەو پرۆژەی ئاشتییەی لە تورکیادا لە ئارادایە و بڕیاری پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ دەستبەرداربوونی خەباتی چەکداری و چوونە نێو تێکۆشانێکی دیموکراتی ئاشتییانەوە بەشێك بن لەم ئاڵوگۆڕە. تورکیا لە ململانێی ساغکردنەوە و یەکلاکردنەوەی خۆیدایە لە نێوان شوناسی ئیسلامەوی و شوناسی عەلمانی دا، و ئەگەر بێتوو لەسەر ڕەتکردنەوەی چارە سەرکردنی دیموکراتییانەی کێشەی کورد بەردەوام بێت، ئەوا ئایندەیەکی نادیار چاوەڕوانی دەکات. هەموو ئەم ڕووداوانە ئاماژەن بەوەی لە ساڵانی داهاتوودا هەلومەرجی جیۆپۆلەتیکی تورکیا گۆڕانکاری گەورە بە خۆوە دەبینیت. و فاکتەری کوردیش ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لەم گۆڕانکارییانەدا. پرسی کورد ئاستەنگی سەرەکی بووە لەبەردەم بە

ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا.
لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا پەرەسەندنێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە بەرچاوکەوت، ئەوەبوو ڕێکخراوە ئەوروپییەکان ڕۆڵێکی پتر چالاکییان گێڕا لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا. پرسی پێدانی مافە نەتەوەییەکان بە کوردی تورکیا پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە پرسی بەئەندامبوونی ئەم وڵاتە لە یەکێتی ئەوروپا. و ئەوەی شایستەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە بە درێژایی ماوەی هەڵکشانی پرسی کورد لە تورکیا، نەك هەر تەنها ڕێکخراوە ئەوروپییەکانی مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو لیژنە پەرلەمانییەکانیش لەسەر ئاستی ئەنجومەنی ئەوروپا، بابەتی چارەسەرکردنی دیموکراتی و ناتوندوتیژی پرسی کورد، و پێدانی مافی نەتەوەیی یەکسانییان بە کورد خستەڕوو.
سیاسەتی ئەمریکا بووەهۆی برەوسەندنی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژئاوای ئاسیا (عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا) لە پێناو دیموکراتی و بەرەنگاربوونەوەی سیستمە شمولییەکان. پرسی کورد گرنگییەکی زیاتری هەیە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران: توخمێکی بنەڕەتی ستراتیژیەتە سیاسییەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و سیاسەتە ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکەی پێکدەهێنێت، ئەم سیاسەتانەش بە شێوەیەکی گشتی تەوەربەندن لەسەر بەگژاچوونەوەی کورد.
لەم هەلومەرجەدا، دەستپێشخەرییەکانی چالاکوانە ئێرانییەکانی مافەکانی مرۆڤ کە داکۆکییان لە مافی دانیشتوانی کوردی ئێران کرد، هەنگاوێکی گرنگ و ئەرێنییە و ئامانج لێیان پاراستنی پێکهاتە ئیتنییەکانی وڵاتەکەیە، لە نێویاندا کورد.
هەلومەرجی سەختی جیۆپۆلەتیکی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو وڵاتەی ناچارکرد لەسەر ئاستی هەرێمایەتی ڕێوشوێن دژ بە خەونە سەربەخۆییەکانی کوردی ئێران و عێراق و سوریا بگرێتەبەر و سەرکردایەتی ئیسلامی ئەو وڵاتەش هەنگاو هەڵدەگرێت بە ئامانجی لاوازکردنی سەنگی سیاسی کوردی عێراق لە ناوچەکەدا.
چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد لە ئێران، بزوتنەوەی ئۆتۆنۆمی کوردی ئێرانی کردۆتەوە ئامرازێکی ململانێی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا لە ڕۆژئاوای ئاسیادا. و پارتی دیموکراتی کوردستانی - ئێران، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ پاڵپشتیکردن لە سیاسەتی هاوپەیمانی ئەنگلۆ-ئەمەریکی لە ناوچەکە بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران و ڕاگەیاندنی فیدراڵی لەو وڵاتەدا.
پرسی کورد لە سوریاش یەکێکە لەو پرسە هەڵپەسێردراوانەی دەکرێت سەربکێشێت بۆ ناسەقامگیرکردنی دۆخی وڵاتەکە، چونکە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان بەدیهێنانی داواکارییە ڕەواکانی کوردیان ڕەتکردۆتەوە. ڕوخانی ڕژێمی بەعسی سوری دوای ٦٢ ساڵ لە تاکڕەوی و خۆسەپێنی، لە نێویاندا ٥٤ ساڵ لە

حوکمڕانی دیکتاتۆری ئەسەدی باووك و کوڕ، ڕووداوێکی مێژوویی گەورە بوو، و خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی هاوچەرخی سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. و ڕژێمی نوێ لە دیمە شق ڕووبەڕوی کۆمەڵێك ئاڵنگاری بۆتەوە کە هەوڵی چارەسەرکردنییان دەدات، لە سەرو هەموویانەوە گرتنەبەری چارەسەرێکی دەستوری بۆ پرسی کورد وەك دووەم نەتەوە لە وڵاتدا، واتە دانانی دەستورێکی نوێ کە دانپێدانان لە خۆبگرێت بە فرەیی نەتەوەیی و ئاینی، کە کۆمەڵگەی سوریا بە سروشتی خۆی کۆمەڵگەیەکی عەلمانی کراوە و فرە پێکهاتەیە، و کورد و دروز و عەلەوی و ئیسماعیلی و مەسیحی و سوننە عەلمانییەکان لە خۆدەگرێت. و گەلی سوریاش کە ئاڵای خەباتی ئازادیخوازی بەرزکردۆتەوە، ڕازی نابێت بە گۆڕینی دیکتاتۆرێکی عەلەوی بە دیکتاتۆرێکی سوننی. ئەوەش پتر مایەی ئومێدبەخش ەبانگەوازی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپایە بۆ ئەوەی ڕژێمی نوێ دان بە مافی تێکڕای پێکهاتەکاندا بنێت. و سەرباری دەستێوەردانە دەرەکییەکان لە کاروبارەکانی سوریادا، چارەسەرکردنی پرسی کورد لەم وڵاتەدا پێگەیەکی پێشەنگی گرتووە. دوو دەیە زیاترە پرسی کورد لە سوریا بۆتە یەکێک لە پرسە هەرە گرنگەکانی ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

لەم حاڵەتەدا، بوونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هیوابەخشێکی گەورەیە و تا ڕاددەیەك مایەی دڵنیاییە بۆ کورد. و بوونی ئەمریکا لە ناوچە کوردییەکاندا بۆ ئەوەیە دۆخی ئەو ناوچانە هێور بکاتەوە، و کورد وەك هاوپەیمانی دژ بە تیرۆر بناسێنێت و ڕێگری لە هەڵکشانی ململانێی چەکداری بکات. هەرچەندە لەلایەکی دیکەوە، هەوڵی ئەنجامدانی ئەو کردارانە دەدات کە گرژییان لێدەکەوێتەوە، و چاوپۆشی لە هەڵسوکەوتی حکومەتە نوێیەکان دەکات. لە هەمان کاتدا واشنتۆن هاوپەیمانی تورکیایە لە ناتۆ و بەرژەوەندی ئابووری و ستراتیژی هەیە لە وڵاتانی کەنداو، واتە ئاسان نییە هاوسەنگییەك بەدی بهێنرێت و هێڵێکی ستراتیژی ڕوون گەڵاڵە بکرێت لە نێو جەرگەی هەموو ئەم بەرژەوەندییە دژبەیەکانەی لە ئارادان لە پەیوەندیدا بە ململانێیەوە لەسەر سوریا. لەم دۆخەدا، چەند لایەنێك گەمە بە کارتی کوردی دەکەن.

ڕوسیاش بە ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکانی هەڵوێستێکی پراگماتی لە ئاست پرسی کورددا گرتۆتەبەر. ڕوسیا سیاسەتێکی هاوسەنگ پیادە دەکات لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردی هەر چوار پارچەکە، و لەگەڵ دەوڵەتە دابەشکارەکانی کوردستاندا. و مۆسکۆ پەیوەندی سیاسی و ئابووری باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە. و مۆسکۆ پارێزبەندی و پارێزگاری دیپلۆماسی بۆ کوردی سوریا دەستەبەرکرد لە

میانەی شەڕ بە داعشدا. ڕوسیا وەك دورگەیەكی بچووك لە نێو ئۆقیانووسێكی گەورەی فرە دوورگەدا لە كوردستان دەڕوانێت.

لە كۆتاییدا، دەتوانین بڵێین لە هەزارەی سێیەم و هاوكات لەگەڵ گۆڕانكارییە خێراكاندا، كورد هەلێكی مێژویی بۆ دەستەبەر بووە بۆ بەدیهێنانی خەونی زۆرێك لە نەوەكانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان. سەركەوتنیشیان لەم ئەركەدا بەندە بە پرۆسە سیاسییە جیهانییەكە، و بە سیاسەتی هێزە مەزنەكان، و كار و كردەوەی ئەو دەوڵەتانەی كوردییان دابەش كردووە، و بەر لە هەر شتێكیش بە ندە بە تە بایی و یەكڕیزی كورد خۆ یانەوە. لە میانەی شرۆڤەكردنی پەرەسەندنەكانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاستییەك بە ڕوونی دەردەكەوێت، ئەویش ئەوەیە كە دەوڵەتە بایەخپێدەرەكانی ئەم ناوچەیە ناتوانن فاكتەری كورد نادیدە بگرن لە كاتی دەركردنی بڕیارە سیاسییەكاندا.

كەواتە پێویستە وەك پرسێكی مێژویی درێژخایەن و یەكێك لە پرسە بە پەلەكانی هەزارەی نوێ لە مەسەلەی كورد بڕوانرێت، نەك وەك كێشەیەكی تێپەڕ و لاوەكی مامەڵەی لەگەڵ بكرێت. ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی كورد هۆزێك یان گروپێكی ئیتنۆگرافی نیین، بەڵكو گەلێكی چل ملیۆن كەسین و داواكاری ڕەوایان هەیە بۆ ئەوەی ڕۆڵی سیاسی گونجاوی خۆیان هەبێت. هەر بۆیە پێویستە كە توێژینەوەیەكی تایبەتمەند و گشتگیر لەبارەی فاكتەری كوردییەوە بكرێت. و بۆ چارەسەركردنی ئەم پرسە ئاڵۆزەش، پێویستە لەسەر بنەمای بەها باڵاكانی خوڵقاندنی كۆمەڵگەیەكی سەقامگیر و جیهانێكی ئارام و دیموكراسی هاوكارییەكی پتەو بێتەئاراوە لە نێوان سەرجەم دەوڵەتە پێشەنگەكان لە جیهاندا- ڕوسیا و ئەمریكا و بەریتانیای مەزن و فەڕەنسا و دەوڵەتانی دیكە، واتە نابێت هاوكارییەكە تەوەربەند بێت لەسەر بەرژەوەندی خۆپەرستانەی بەرتەسك. و لەم ڕووەوە ئەنجامدانی كۆنفرانسێكی نێودەوڵەتی لەبارەی چارەسەركردنی پرسی كوردەوە بە پێویست دەزانین. و دەكرێت ڕوسیاش دەستپێشخەر بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم كۆنفرانسە.

**لە كۆتاییدا، گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:**

١- ئا شتی و سەقامگیری سیا سی و ئابووری و كەلتوری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپا نابێت بێ چارە سەرێكی سیا سی ڕیشەیی و كۆتایی بۆ پرسی كورد.

٢- كوردستان توانایەكی ئابووری و مرۆیی بنەڕەتی پێكدەهێنێت و ناتوانرێت سوودی لێوەربگیر ێت تەنها دوای چارەسەركردنی پرسە نەتەوەییەكەیان نەبێت.

٣- کوردســـتـان دڵی ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاســـت پێکدەهێنێت، و بە بێ دڵێکی بەهێز ناکرێت سوود لەم جەستە گەورەیە وەربگیرێت.

٤- گەڕانەوە بۆ ســـیڤەر و بەر پرســـیـاریّتی نێودەوڵەتی و مێژویی بخرێتەوە ئەســـتۆی دەوڵەتە مەزنەکان.

٥- فـاکتەری کورد وەك کـارتێکی گوشـــار نەماوەتەوە و گۆڕداوە بۆ فاکتەرێکی کارای بنەڕەتی لە ئـاڵوگۆڕە دیموکراتییەکـانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٦- کلیلی دیموکراتی بە چارە سەرکردنی پرسی کوردا تێدەپەڕێت، نەك بە پێچەوانەوە.

٧- بەهـۆی پـێـگە جـیـۆپـۆلەتـیـکـیـیەکەیەوە، کوردســـتـان بۆتە خـاڵی بەیەکگەیشـــتنی بەرژەوەنـــدیـــیە نـــێـــودەوڵەتـــی و هەرێمایەتییەکان.

٨- پرســـی کورد ڕەهەنـدێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە و گۆڕدراوە بۆ پرســـێکی گەرم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و نزیکدا، کەواتە لە بەرژەوەندی هەمووانە ئەم پرســـە چارەســـەر بکەن بۆ ئەوەی ئاســـایش و ســـەقامگیری باڵبکێشێت بەسەر ناوچەکەدا.

٩- سیستمی کۆنفیدراڵی باشترین شێوازە بۆ چارەســـەرکردنی پرســـی کورد لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا.

١٠- ڕێژەی کورد بەردەوام لە هەڵکشـــان و زیادبووندایە لە پەیوەندیدا بە هاوســـەنگی نەتەوەیی ئەم وڵاتانەوە. ١٥ ســـاڵ بەر لە ئێســـتادا، ئورمیە لە ئێران شـارێکی نیمچە کوردی و نیمچە ئازەری بوو - لە ئێســـتادا نزیکەی تێکڕای دانیشـــتوانەکەی کوردن و هەروەك دەووترێت ئەســـتەنبول گەورەترین شـــاری کوردییە لە جیهاندا، و چەند ملیۆن کـوردێـکـی تـێـدا نـیـشـــتەجـێـیە و هەر کەسێکیش بە کوردی قسە بکات دەتوانێت بە بێ وەرگێڕ لەم شارەدا بژێیت و زیادبوونی ژمارەی دانیشـــتوانی کوردیش ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیای نیگەران کرد.

دەکرێـت ئەم وتەیەی خوارەوە بکەینە دوایین قســـەمـان لەبـارەی ڕۆڵ و گـرنـگـی کـورد و کـوردســـتـانەوە: کە بـیـرمەنـدی ئەرمەنـی دیموکراتخواز خەجـاتور ئەبوفیـان (١٨٠٥ ـ١٨٤٦) لە وتارەکەیدا لەبارەی کوردەوە ئاماژەی پێـدەکـات بەوەی: دەکرێـت ســـوارچـاکـانی ڕۆژهەڵات وەســـفێکی پڕ بە پێســـتی کورد بێت ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی باشتر ژیانی شارنشینی پیادە بکەن[١٠]....

لە کاتێکدا کەمال پاشـا، کە ئەرمســـترۆنگ بە گورگی بۆر وەســـفی کردووە، لەو کاتەدا ئاماژە بەوە دەکات "کاتێك هاوســـەنگی هەلومەرجی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا هاوســـەنگ دەبێت، ئەوا سـەرکەوتن چارەنوسـی ئەو لایەنەیە کە بەسەر کوردستاندا باڵادەستە"[١١].

**سەرچاوەکان:**

١- م. لازاريف، الكرد والمسألة الكردية، مجلة: "آسيا وأفريقيا اليوم"، العدد ١٢، ١٩٨٣، ص ٣٧. (باللغة الروسية).

٢-أ.م.منتشاشفيلي،الكرد، موسكو، ١٩٨٤، ص ٣ (باللغة الروسية).

٣- الدكتور بيجرماني (إسماعيل حصاف )، كردستان الوطن والقضية في المواثيق والمواقف الدولية، ١٩٨٦، ص ٩.

٤- صلاح الدين سعدالله، كردستان والحركة الوطنية الكردية، بغداد، ١٩٥٩، ص ١٨-١٩.

٥-المرجع نفسه، ص ١٩.

٦-الغارديان البريطانية، ٦ شباط ١٩٧٠.

7- Хошави Бабакр. Экономическая программа Курдистана. Kurdistan.ru. 30.04.2006.

٨- د.إسماعيل حصاف، الكرد ومشروع الشرق الأوسط الكبير- الجديد، ولاتي مه، ٢٦ تشرين الثاني، ٢٠٠٦.

٩- Cakir R. Turkiye’nin Kurt Sorunu. 1st. 2004, c. ١١٧ .

١٠-خ. ابوفيان، المؤلفات الكاملة، الجزء الثامن، يريفان، ١٩٥٨، ص ٣٦٠ – ٣٦١.

١١- الدكتور بيجرماني (إسماعيل حصاف )، لمرجع السابق، ص ٨.

# ڕۆڵی حوکمڕانی باش و بەدامەزراوەییکردن
## لە پەرەپێدانی حکومەتی ئەلیکترۆنی و نەهێشتنی گەندەڵیدا



هۆگر ئیبراهیم حەکیم
مامۆستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان / زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

پێشەکی:

بەبەراوردکردنی دۆخی هەرێمی کوردستان لەرووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێرییەوە، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا، دەبینین گەشەسەندنێکی هەمەچەشنی بەخۆیەوە بینیوە لەزۆر بواردا، سەرەرای بوونی تێبینی لە هەندێ بواری حوکمرانیدا. بە شێوەیەك کە زۆرجار باس لە نمونەی هەرێمی کوردستان دەکرێت لەرووی وەبەرهێنان و گەشەسەندنی خێراوە لە ناوچەکە، ئەمەش بەشێکی زۆری پەیوەستە بە جێبەجێکردنی سیاسەتی گەشەسەندنی تایبەتمەند لە هەرێمی کوردستان، کە ئەم ستراتیژیەتییە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ئاراستەکردنی سیکتەرەکانی حوکمرانی بەو ئاراستەیە، چ لەرووی گرنگیدان بە وەبەرهێنان لە سەرجەم بوارەکاندا،

**یانیش بەرزکردنەوەی ئاســتی بژێوی تاك، دواجاریش ئیدارەدانی هەرێمی لەنێوەندی ئەو هەموو قەیرانە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیانە بە شێوەیەکی نیمچە سەرکەوتوو.**
**لەســەروبەندی ئەم گۆرانکارییە بەرچاوانە، لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ نەهێشــتنی گەندەڵی و پتەوکردنی پایەکانی حوکمڕانی باشــدا، هەوڵدراوە پێشــکەوتنێکیش لە بواری حکومەتداری پەیرەوبکرێت، بە تایبەت لەرووی گەیاندنی خزمەتگوزاری و کاروباری گشتییەوە، لەم چوارچێوەیەدا ســەرەتاکانی دەرکەوتنی حکومەتی ئەلیکترۆنی بەدەرکەوتووە، بەتایبەتتر لە ســێ کابینەی کۆتایی حکومەتی هەرێم. پەنابردنە بەر حکومەتی ئەلیکترۆنی، لەســەر ئاســتی جیهانیش کارێکی نوێکارە لەبواری حوکمرانیدا، ئەگەر چی ئاســتی ســەرکەوتوویی پەیرەوکردنی ئەم فۆرمە لەکاری حکومی لە هەرێمی کوردستان هێشتا بەروونی دیارنییە.**
**ئەم تویژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم ئاراســتەی مەبەســتییەتی کایەی حکومرانی لە هەرێمی کورد ستان بباتە قۆناغێکی پێشکەوتوو، بۆ ئەوەی لە رێگە زانستی و بابەتییەکانەوە پەنجە بخرێتە ســەر ئاریشــە ســەرەکییەکان. چونکە لە دونیای هاوچەرخدا دەســتبردن بۆ شــێوازە زۆر پێشــکەوتووەکانی حوکمرانی لە پێشــینەی ناوەندە زانســتییەکانە، بە تایبەت لەبواری ئەلیکترۆنیدا کە دونیای ئەلیکترۆنی کۆنترۆڵی گشــت کایەکانی بەرێوەبردنی کۆمەڵگەی کردووە. لەم چوارچێوەیەدا پەیداکردنی مەعریفەیەکی گشــتی لەســەر شــێوازەکانی بەدامەزراوەیی کردن بە تایبەت بۆ هەرێمی کوردســتان، خزمەتێکی زۆر بەبواری پێشــکەوتنی کایەی حکومرانی دەکات لە روانگەیەکی زانستی و بابەتیانەوە.**

**گرنگی توێژینەوە**

خزمەتگوزارییە گشــتییەکانی دامەزراوە فەرمییەکان، لەســەرووی هەموویانەوە حکومەت، لە هەرێمی کوردســتان گەیشــتۆتە ئاســتێك کە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بە ئاســانی بتوانێ دەســتی پێبگات و ســودی لێ ببینێت، هەر ئەمەشــە وایکردووە کە رۆژ دوای رۆژ پێویســتی گرتنەبەری رێگەکانی چاکســازی بە ئاراســتەی بەدامەزراوەیی کردن لە چوارچێوەی چەسپاندنی حکومڕانی باشــدا، گەورەتر بێت. ئاشــنا بوونی تاك بەکاریگەرترین شــێوازەکانی حوکمڕانی و ناســینی ئەزموونی وڵاتە پێشــکەوتووەکان لە چۆنیەتی بە کارهێنانی ســەرجەم توانســتە دامەزراوەییەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشــتییەکان و نەهێشــتنی گەندەڵی، داواکاری هاوڵاتی لە بەرامبەر حکومەت بەرزکردۆتەوە، بەشــێوەیەك کە حکومەت پێویســتی بە هێنانەکایەی فۆرمی تازەیە لە چۆنیەتی

گـەیـانـدنی خزمـەتگوزارییـە گشــتیـەکـان بـە هاوڵاتیان و مامەڵەکردن لەگەڵیان، بۆ ئەو لەم ڕێگەیەوە متمانەی زیاتر بەدەستبهێنێت. گرنگی ئەو توێژینەوەیەی ئێمەش لەو خاڵەوە ســەرچاوە دەگرێت کە کاتێك حکومەتەکان بیانەوێت پێداویستییە فرەلایەنەکانی هاوڵاتیان تێکەڵ بە نوێترین شێوازەکانی حوکمرانی باش بکات.

گرنگی ئەو توێژینەوە لەوەدایە کە حکومەتی هـەرێم بـەراورد بـە حکومـەتـە هـاوچـەرخـەکـان ئەزموونێکی کەمتری هەیە، کەچی لە دەســت بردن بۆ ئـامرازە نوێییـەکـان درێغی نـەکردووە، بەشــێوەیەك کە زۆرجار دەبینرێت نوێترین ئەو ڕێگایانە بەکارهێنراون بۆ پرســی بەرێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. کارکردن لەسەر ئەو لایەنەی حوکمرانی هەرێمی کوردســتان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە ئەزموونی حکومەتی هەرێمی لەم بوارەدا لە قۆناغی بونیاتنانە، ئەم بەردی بناغەیە پێویستی بە چەندین توێژینەوەیە بۆ ئەوەی بە تەواوی دابنرێت.

## ئامانجی توێژینەوە

جیهان بەگشــتی چۆتە قۆناغێکی پێشــکەوتوو لە ســەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاریدا، بەئامانجی ســود وەرگرتن لەو تەکنیکە هاوچەرخانەی لەبەردەســتن لەبوارەکانی ڕێکخســتی زانیاری و پەیوەندیدا، بەشــێوەیەك ئەمە بۆتە پێوەری ســـەرەکی کـەپلـەی پێشــکـەوتنی کیـانـە سیاسیەکانی پێدەپێوریێت لە سەدەی بیست و یەکدا. ئامانجی ئێمە لەو توێژینەوە تیشــك خستنە سەر ئەو لایەنەی حوکمرانییە لە هەرێمی کوردســتـان، بۆ ئـەوەی بزانین لـەچوارچێوەی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان چۆن ســود لەو پێشــکەوتنە تەکنەلۆژییە وەرگیراوە بۆ نەهێشــتنی گەندەڵی و بەدامەزراوەیی کردنی دامـەزراوەکـان، هـەروەهـا بـەچ شــێـوەیـەك دەتوانرێت ئەم خزمەتگوزاریانە بەکاربهێنرین بۆ پتـەوکـردنـی پـەیـوەنـدی هـاوڵاتـی بـەدەزگـا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی حوکمڕانی باشدا.

لەم چوارچێوەیەدا ئامانجی ئێمە ئەوەیە ئەو بوارانە دەربخەین کە دەکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان تێیدا کار لەسەر بەدامەزراوەیی بکات بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە هاوچەرخەکان، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ئاشــنا بین بەو زەمینەیەی کە دەکرێ بەردی بناغەی حکومڕانییەکی باش لـەســـەر بنیـات بنێین، پـاشــــانیش درك بـەو ئالنگارییانە بکەین کە دێنە بەردەم پرۆســـەی دەســتبردن بۆ حکومەتی ئەلیکترۆن لە هەرێمی کوردستان.

## پرسیاری توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە، پرسیاری توێژینـەوەکـەمـان بریتی دەبێـت لـەوەی، ئـایـا پتـەوکردنی پـایـەکـانی حوکمڕانی بـاش و

بەدامەزراوەیی کردن چۆن کاریگەریان دەبێت لەسەر نەهێشتنی گەندەڵی و گەشەسەندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی ؟

لە پاڵ ئەوەشدا چەند پرسیارێکی لاوەکی پێویستە وەڵام بدرێنەوە:

- ئایا دەرفەت و ئاڵنگارییەکانی بەردەم حوکمڕانی باش لە هەرێمی کوردستان چییە؟
- ئایا تا چەندە دەسەڵاتە گشتیەکان و دامەزراوە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دامەزراوەیی کاردەکەن؟
- ئایا ڕەوشی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟
- ئاستی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟

## گریمانەی توێژینەوە

سەرەڕای بوونی پێشکەوتنێکی بەرچاو لە بواری حوکمڕانیدا، بەڵام بەهۆی هاتنە پێشەوە پرسە هاوچەرخەکان و پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەکان و فراوانبوونی بازنەی داخوازی هاوڵاتیان لە دامەزراوەکانی حکومڕانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە پێویستە کار لەسەر پتەوکردنی زیاتری کایەکانی حکومڕانی باش بکرێت. بۆیە گریمانەی ئەوە دەکەین کەوا تا چەندە بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی حکومەت بەدامەزراوەیی بکرێت لە چوارچێوەی بەدیهێنانی حکومڕانی باشدا، ئەوەندە زیاتر دەرفەت دروست دەبێ بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان لە چوارچێوەی نەهێشتنی گەندەڵی و کارکردن بۆ چاکسازی، بەپێچەوانەوە لە سایەی ئامادەنەبوونی پرەنسیپی بە دامەزراوەیی و نەبووی حکومڕانییەکی باشدا، ناتوانرێ بیر لە جێگیربوونی حکومەتی ئەلیکترۆنی بکرێتەوە لەپێناو چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵیدا. هەر لەسەروبەندەدا گریمانە کەمان لەوەدا چڕدەکەینەوە کە قۆناغ دوای قۆناغ لەگەڵ پتەوبوونی پایەکانی حکومڕانی باش و بەدامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان، پرسی دژایەتی گەندەڵی و زەمینە خۆشکردن بۆ حکومەتی ئەلیکترۆن و بە ئەلیکترۆنی کردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

## میتۆدی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە ئامانجە دارێژراوەکانی توێژینەوەکە، هەوڵدەدەین دوو میتۆد بە کاربێنین. یەکەمیان میتۆدی شیکاری بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی حوکمڕانی باش و بەدامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتە گشتییەکان لەرووی تیۆرییەوە، پاشان لە ڕێگەی ئەو زانیاری و داتایانەی لەبەردەستن، شیکردنەوەك بۆ ئەم زەمینە دەکەین کە لەبەردەستە لە هەرێمی کوردستان بۆ پەیرەوکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی

کوردستان لەپێناو نەهێشتنی گەندەڵی. دووەم میتۆد بریتییە لە میتۆدی رەخنەگرانە، بە پشت بەستن بە بنەما و رێسا و رەگەزە سەرەکییەکانی حکومڕانی باش، هەڵسەنگاندن بۆ ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی دەکەین لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین لەم رێگەیەوە دەرفەت و ئالنگارییەکان و رێگاکانی دەربازبوون لێی دیاری بکەین.

## ١. دەروازەیەك بۆ ناساندنی چەمکەکان

### ١,١. حکومەتی ئەلیکترۆنی

ئەو حکومەتانەی گرنگی بە بەدەستخستنی تەکنەلۆژی دەدەن، کار لەسەر بەگەڕخستنی هەموو پرۆژەیەک دەکەن بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ گواستنەوەی تەکنەلۆژی و بەرەوپێشبردنی توانا نیشتمانییەکان. بەلام لەبەر ئەوەی حکومەتی ئەلیکترۆنی پەیوەستە بە سروشتە ئەلیکترۆنییەکەیەوە بۆیە وا پێویست دەکات سەرەتا بگەرێینەوە بۆ چەمکی حکومەتی ئەلیکترۆنی. وەک ناساندنێکی سەرەتایی بۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی، دەشێ بگەڕێینەوە بۆ مانا زمانەوانییەکانی ئەو چەمکە. حکومەتی ئەلیکترۆنی (E-Government) لە رووی زمانییەوە بریتییە لە سیستمێک کە حکومەتەکان دەیگرنە بەر، بە بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینترنێت لە بەستنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەیەکەوە لە لایەک و، بەستنەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە دامەزراوە تایبەتییەکان و جەماوەر بەگشتی لە لایەکی دیکەوە، بۆ ئەوەی زانیاری بخاتە بەردەست تاک لە پێناو هێنانەکایەی پەیوەندییەکی شەفاف و خێرا لە نێوان تاک و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا (**زبار، ٢٠٢٠،١-٤١**).

لەبەرامبەردا، پرۆگرامی رێکخراوی هاریکاری ئابووری و گەشەسەندن (OECD) وا پێناسەی حکومەتی ئەلیکترۆنی دەکات، کە بریتیە لە فراوانکردنی توانستی حکومەت بە شێوەیەکی بەرفراوان لە رێگەی ئامرازە تەکنەلۆژییەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی سود و قازانج بۆ حکومەت، هاوڵاتی، و کۆمپانیاکان، هەروەها دروستکردنی کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەشەی ئابووری. حکومەت لەریگەی ئەم فۆرمە لەخزمەتگوزاری سود بەخۆیی و دەوروبەرێ دەگەیێنێت (OECD).

یەکەمین کەس کە چەمکی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی بۆ کاری حکومی بەکارهێنا، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا "بیل کلینتۆن" بوو. کلینتۆن لە نێوەندی وتارێکیدا لە ساڵی ١٩٩٢، پرۆژەیەکی خستە ڕوو، کە تێیدا باسی بەگەڕخستنی حکومەتی ئەلیکترۆنیی کرد. ئامانج لەو پرۆژەیە باشترکردنی پەیوەندیی خەڵک بە دامەزراوەکانی حوکمڕانی و فراوانکردنی سنووری دیموکراسیی کارگێڕی بوو لەم ڕێگەیەوە. لەم کاتەدا ئامانجی پرۆژەی

حکومەتی ئەلیکترۆنی، لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوت، هەروەک لە پرۆژەکەی کلینتۆندا زۆر بەڕوونی ئاماژەی پێ کرابوو، لەوانە: (**عباس**، ٢٠١٦)

١- ئامادەسازیی دەزگە حکومییەکان بۆ ئەوەی لە بواری ناوخۆ و دەرەوە بەئەلیکترۆنی بکرێت.

٢- بەرزکردنەوەی توانستی دەزگە حکومییەکان لە ڕێگەی ئەو سیستمە ئەلیکترۆنییەی، حکومەت کاری لەسەر دەکات.

٣- دابینکردنی چەندین خزمەتگوزاری کە پەیوەستە بە ڕێژەیەکی فراوانی خەڵک لەسەر تۆڕەکانی ئینترنێت و لەسەر هێڵی مۆبایل.

٤- بەردەستکردنی زانیاریی دروست و نوێ بۆ دروستکەرانی بڕیار و خەڵک.

٥- بەردەستکردنی یەک سەرچاوە بۆ زانیارییەکانی حکومەت، کە خەڵک بتوانێ مامەڵەی لەگەڵ بکات.

٦- بەرەوپێشبردنی ژێرخانی گشتیی دەوڵەت لە ژینگەی پەیوەندی و گەیاندنەوە.

٧- ئاسانکردنی مامەڵەی ئەلیکترۆنیی هاووڵاتیان.

٨- چالاککردنی ئەدای حکومەت، بۆ ئەوەی دەرەنجامی باشتر بەدەست بێنێت.

بەپێی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و گەشەسەندن (Pereira,2018)(OECD) چوار نمونەی بنەڕەتی بوونیان هەیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی.

**١- پێگەی حکومەت بۆ حکومەت** (government to government) : ئەمە پێگەیەکە بۆ مامەڵەی نێوخۆییی دەزگە حکومییەکان، بۆ ئەوەی باشتر بەیەکەوە ببەسترێنەوە. لەو بوارەدا ئامانجی حکومەتی ئەلیکترۆنی، بریتی دەبێت لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییییەی کە لە نێوان وەزارەتەکانی حکومەتدا هەیە.

**٢- پێگەی حکومەت بۆ کەرتی تایبەت** (government to business) : ئەم پێگەیەیش تایبەتە بە مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ کەرتی تایبەت. لێرەدا حکومەتی ئەلیکترۆنی مەبەستی ئەوەی هەیە کە لە ڕێگەی ئاسانکردنی مامەڵەی دامەزراوە بازرگانییەکانەوە بازنەی ئابووری چالاک بکات؛ چ لە سەر ئاستی نیشتمانی بێت، یان لەسەر ئاستی خۆجێیی بێت.

**٣- پێگەی حکومەت بۆ هاووڵاتی** (government to citizen) : ئەمەیش بۆ مامەڵەی دەزگە حکومییەکانە لەگەڵ هاووڵاتیان. زۆربەی ئامانجەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی لەو بوارەدا دەردەکەوێت. سەرەکیترین ئامانج ئەوەیە کە حکومەت لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت خۆی بەرەو هاووڵاتی بڕوات، لە بری ئەوەی هاووڵاتیان بۆ لای ئەو بچن.

تەنانەت لە بوارە سیاسییەکانیشدا دەشێ سوودی لێ وەربگیرێت، بەتایبەتی لە دەنگدانی ئەلیکترۆنی بۆ هەڵبژاردن.

٤- **پێگەی حکومەت بۆ دەرەوە:** گرنگترین ئامانج لەو بوارەدا بەستنەوەی حکومەتە بە ژینگەی دەرەوە، بەتایبەتی لە بواری پەیوەندیی دیپلۆماسی و بوارەکانی پەیوەست بە گەشتیاری. ئەم کاتیگۆریانە دەبنە پێوانێکی مەتری کە ئامانج لێی رازیکردنی هەموو لایەنە بەکاربەرەکانی ئەم فۆرمە لەکارکردنە. دەکرێ خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی دابەش بکەینەسەر ئەم چەند خزمەتگوزارییە: (Jotischky and Nye, 2011)

١. **پەیوەندییەکان:** حکومەتەکان دەتوانن ئامێرەکانی مۆبایل بە کاربهێنن بۆ گەیشتن بەهاوولاتیان لەڕێگەی جۆرەها ئاگادارکردنەوە بۆ نموونە بەکارهێنانی ئاگادارکردنەوەی خزمەتگوزاری کورتە نامە یان کەناڵەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گەیشتن بەهاوولاتیان بۆ نوێکردنەوەی باج و نوێکردنەوەی پاسپۆرت و هتد

٢. **خزمەتگوزاریەکان:** هەندێک مامەڵە وەک پێژماردن، کرێی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی، بلیتی گواستنەوەی گشتی و هتد دەتوانرێت بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی مۆبایل لە ڕێگەی نامە یان بەرنامەی مۆبایلەوە ئەنجام بدرێت.

٣. **دیموکراسی:** خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانن وەک پشتیوانێکی دیموکراسی بەکار بهێنرێن لە ڕێگەی ڕێگەدان بەهاوولاتیان بۆ چوونەناو بڕیاری سیاسی وەک پەیوەندیکردن لەگەڵ نوێنەرانی سیاسی ناوخۆو دەنگدانی ئەلیکترۆنی.

٤. **بەڕێوەبردن:** باشکردنی کردارە ناوخۆییەکان و پەیوەندیەکانی نێوان ئاژانسەکان لەناو هەمان حکومەت و دروستکردنی پلاتفۆرمێکی یەکخراوتر بۆ هەموو فەرمانبەرانی کەرتی گشتی، ئەگەر داتا داواکراوەکان لەسەر ئینتەرنێت یان تۆڕ یان تەنانەت ئامێری هەڵگر بەردەست بێت. بەکارهێنانی شاراوەی بەڕێوبەرایەتی لە ڕێگەی پزیشکییەوە، چارەسەرکردنی سکاڵای هاوڵاتیان، چاودێریکردنی کارە گشتییەکان و هتد دەگرێتەوە.

### ١,١,١. ئامانجەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی

وڵاتان لە پێناو باشترکردنی ئەدای کارگێڕیی حکومەت، هەوڵی پەیرەوکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی دەدەن. ئەگەر حکومەتی ئەلیکترۆنی ستراتیژییەتێک بێت لە لایەن حکومەتەوە بگیرێتە بەر، ئەوا چەندین ئامانجی سەرەکی لەمەدا بوونی هەیە: (Wirtz، ٢٠١٩، ٣٤٥-٣٣٣) (S. K. Kim، ٢٠١٩، 604-624) (AbdelGaber، ٢٠٢٠)

**یەکەم: توانستی حکومەت :** گومان لەوەدا نییە کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیی زانیاری و پەیوەندیکردن لە کاری حکومیدا، بە واتای فراوانبوونی سەرچاوەکانی بەردەستی حکومەت

لە پێناو کەمکردنەوەی خەرجی گشتییە. بە هۆی بەگەڕخستنی ئەم ستراتیژیەتەوە، بەشدارییەکی فراوانتر لە لایەن هاووڵاتیانەوە دەستەبەر دەبێت. بەمەیش بەدەنگەوەچوونی حکومەت بۆ داواکاریی هاووڵاتیان فراوانتر دەبێت و، توانستی بەرزتر دەبێتەوە و، هەروەها تێچووی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی زانیارییە فەرمییەکان کەم دەبێتەوە.

**دووەم: باشکردنی کوالیتیی خزمەتگوزارییەکان :** بەکارهێنانی ئینترنێت، خێرایی گەیشتنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان زیاد دەکات و، جەخت لەسەر داواکاریی وردی هاووڵاتیان دەکاتەوە. لە ڕێگەی هێڵە زیندووەکانەوە هاووڵاتی، ڕاستەوخۆ سوودمەند دەبێت و، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان خێراتر دەبێ.

**سێیەم: چالاککردنی سیاسەتەکانی حکومەت :** حکومەتی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژییەوە لە بواری تەندروستی و پەروەردە و ئاسایش و لەناوبردنی تاوان، دەرەنجامی باشتر بەدەست دەهێنێ، ئەویش بە هۆی بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینترنێت. هەروەها حکومەت لەم ڕێگەیەوە سیاسەتی باجی ئەلیکترۆنی خێراتر جێبەجێ دەکات. (Lim، ٢٠١٣، 2817-2826)

**چوارەم: گەیشتن بە ئامانجە ئابوورییەکان :** دەکرێ ئەم تەکنەلۆژییە بە گەشەی ئابوورییەوە ببەسترێتەوە؛ ئەمەیش لە ڕێگەی چالاککردنی سەرچاوەکانی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان و باشترکردنی بەرهەمەکانەوە.

**پێنجەم: بەشداریکردن لە پرۆسەی چاکسازیی کارگێڕی :** چونکە حکومەتی ئەلیکترۆنی لە چاودێریکردنی بڕیارەکانی حکومەتدا هەلێکی زیاتر بە هاووڵاتی دەبەخشێ و، شەفافبوونی پرۆسەی کارگێڕی زیاتر دەکات.

**شەشەم: بەدەستهێنانی متمانەی هاووڵاتیان :** پێداگرتن لەسەر پرەنسیپی بەشداریی هاووڵاتیان و خستنەسەرکاریان، دەشێ ببێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیی هاووڵاتی لەگەڵ حکومەت، بەڵام ئەمە چۆن بەدەست دێت؟ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییە، پەیوەستە بە چەندین فاکتەر، لەوانە: بەشداری، لێپرسینەوە و چالاککردنی حوکمڕانیی باش. (Alshamsi، ٢٠٢٠، 12086-12100)

## 2.1. حوکمڕانێتی باش

پێناسەکردنی حوکمڕانێتی باش زۆر کۆششی هزری و بیروڕای جیاوازە بە دوای خۆیدا دێنێت کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ فرەیی تێڕوانینەکان، لێرەشدا ئاماژە بە دیارترین ئەو پێناسە دەکەین:

بانکی نێودەوڵەتی وا پێناسەی حوکمڕانێتی باش دەکات کە :" لە خوگری ئەو نەریت و دامەزراوانەیە کە بە هۆیانەوە و لە پێناوی

چاکەی گشـتبدا دەسـەڵات لە دەوڵەتاندا پیادە دەکرێت ، لەمانەش : ئەو پرۆسـەیەی کە بە هۆیەوە حکومەت هەڵدەبژێردرێت و چاودێری دەکرێت و دەگۆردرێت، توانستی حکومەتیش لە دروستکردنی و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان بە شـێوەیەکی سـەرکەوتووانە و کارایانە ، ڕێزگرتنی هـاوڵاتیـانیش لەو دامەزراوانەی کە جڵەوگیری کارلێکە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان دەکەن
پـرۆگـرامـی نەتەوە یەکـگـرتـووەکـان بـۆ گەشـەسـەندنیش (البرنـامج الإنمـائي للإمم المتحدة) (UNDP) وای پێناسـە کردووە کە :" پیادەکردنی دەسـەڵات ئابووری و سـیاسـی و کارگێڕییەکانە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا لە هەموو ئـاسـتەکـانـدا، ئەمەش هەموو ئەو میکانیزمی و پرۆسە و دامەزراوانە دەگرێتەوە کە بە هـۆیـانەوە هـاوڵاتـیـان گـوزارە لە بەرژەوەنـدیـیەکـانـیـان و پـیـادەی مـافە یـاسـاییەکـانیـان دەکەن ، وابەسـتەبوونیـان جـێـبەجـێ دەکەن بـۆ چـارەسـەرکـردنـی نـاکۆکییەکـانیشـیـان بە نێوانگیری ڕازیـدەبن'. (**فەرەج شەریف، ٢٠١٩، ل٢٣**).
سـەنتەری داهێنان (الإبتكار) ی حکومڕانێتی نـێـودەوڵەتـیشـش (The center For International Governance Innovation)وا پێنـاسـەی دەکـات کە :" ئەو کۆمەڵە ڕێبـاز و شـێـوازەیە کە تـاك و دامەزراوە گشـتـی و تایبەتییەکان کە بەبەردەوامی پێهەڵدەسـتن بۆ ڕاییکردنی ئەو کاروبارە هاوبەشـانەیان کە بە گیانی هاریکاری و ئاشـتبوونەوە و هاوسـەنگی نـێـوان بەرژەوەنـدیە جـیـاواز و نـاکـۆکەکـان ڕەنگرێژکراو.' (فەرەج شەریف، ٢٠١٩، ل٢٤).
لە کۆتاییداو لە سـەر بنەمای پێناسـەکانی پێشـووەوە ، دەکرێت پێناسـەیەکی ڕێوشـوێنی بۆ حوکمڕانێتی باش دابڕێژێت بەوەی کە:
پیادەکردنی دەسـەڵات سـیاسـی ، یاسـایی ، ئـابـووری ، کـارگـێـڕی ، کـۆمـەڵایـەتـی، ڕۆشـنبیرییـەکـانـە بۆ بـەڕەیوەبردنی کـاروبـاری دەوڵـەتێکی دیـاریکراو لـەسـەر سـەرجـەم ئاستەکاندا و بە شـێوازێکی وا ڕاست و دروست کە بە (شـیاو) وەسـف دەکرێت و ئەو ڕەگەز و خەسـڵەت و پێنوێنانەش لە خۆ دەگرێت کە بە هۆیانەوە هاوڵاتییان ( بە تاك و بە کۆمەڵ ) دەتوانن بـەرژەوەنـدییـەکـانیـان بهێننـەدی و بـژاردەکـانیشـیـان فـراوانـتر بـکـەن'.(فەرەج شەریف،٢٠١٩، ل٢٧).

### 1.2.1. تایبەتمەندیەکانی حکومرانی باش

حکومرانی باش چەند تایبەتمەندیەکی هەیە؛ (**ئەمین،٢٠١٩،ل ٣٩-٦٢**).
**یاسـا:** بنەمای سـەروەری یاسـا لەلایەک پەیوەنـدی نێوان خودی هـاوڵاتیـان و لەلایەکی دیکەوەش پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیان ڕێـکـدەخـات، پـێـوەسـتە حـکـومەتەکـان دامەزراوەکـانـیـان پـێـک بـهـێـنـن وە بـۆ

پارێزگاریکردنیش لێی یاسا و سیستمی پێوەست دابرێژن، دەبێت خزمەتگوزاریە سـەرەکیەکان بۆ هەمووان وەک یەک بێ، سـەرەوەری یاسـاش بە یەکێک لە تایبەتمەندیە بنەرەتیەکانی حکومرانی بـاش دادەنـدرێ، چونکە لە نەبوونی یـاسـادا گەندەڵی و پاشاگەردانی باڵا دەست دەبێ.

**بەشـداریکردن:** بەشـداریکردن ئەوە دەگەیەنێ کەوا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا رۆڵێکی کارایان هەبێ بێ جیاوازی کردن لە نێوان پیاوان و ئـافرەتـان هەروەهـا لەرووی بـاری ئـابووری و بەژداری کردنی هەڵبژاردنەکـان، گەیشـتن بە دەسـەڵات لە تـایـبەتمەنـدیە گـرینـگەکـانـی حکومرانی باشە.

**لێپرسـینەوە:** داواکردن لە بەرپرسـان یان هەر خـاوەن دەسـەڵاتـێـک بـۆ روون کـردنەوە لە کارەکانیان چەندین شـێوازی جۆراو جۆری هەیە گرینگترینیان لێپرسـینەوە سـیاسـی و کارگێری و.. هتـد، هەروەهـا لێپرسـینەوە بە مـانـای دڵنیابوونەوە دێ لە جێبەجێ کردنی پلانەکانی حکومەت و بەرپرسـان هەر بۆیەش لە حکومرانی باش دەورێکی زۆر دەبینێ و پەیرەوی لێدەکرێ.

**بێگرێوگۆڵی (شـە فافیەت):** بۆ گەیشـتن بە حکومرانی باش ناکرێت شـەفافیەت فەرامۆش بکرێ، شـەفافیەت بە روون و ئاشـکرای کار و پرۆژەکانی دەسـەڵات و بەرپرسـان لە حکومەت دادەندرێ، ئەوەش بە واتای رێکخسـتنێکی باش و کـارکردن و پرۆسـەی دەرکردنی بریـارەکـان لە کاتی پێویست دادەندرێ، هەروەها دەبێتە هۆی دروستبوونی متمانە لەنێوان هاوڵاتیان و کۆمەڵگا نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ یەکتر.

**زاڵبوون بەسەر گەندەڵیدا:** سەرجەم مرۆڤایەتی هەر لە کـۆنەوە گـیـرۆدەی گەنـدەڵـی بـوونە وە پەیوەندی بە شوێن و کاتێکی دیاریکراووەنیە وە هەروەهـا پەیوەنـدیەکی راسـتەوخۆ لەنێوان زاڵبوون بەسـەر گەنـدەڵی و حکومرانی بـاش هەیە، چونکە حکومرانی باش رێگە بە گەندەڵی و دوور لە یاسـا نادات، هەربۆیە رێگریکردن لێی بە یەکێـک لە میکـانیزمەکـانی حکومڕانی بـاش دادەندرێ.

**کارگێری گشـتی لێوەشـاوە:** بوونی کارگێری گشـتی لێوەشـاوە بە یەکێک لە تایبەتمەندیە بنەڕەتیەکانی حکومرانی باش دادەندرێ بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی فراوان لە رایکردنی کار و باری ژیانیاندا مامەڵ لەگەڵ کارگێری حکومیدا دەکەن بۆیە جێگەی رەزامەندی بوونی هـاوڵاتیـان فیـدبـاکێکی بـاشـە لەسـەر یەکە کارگێریەکان و دەبێتە هۆی دروسـت نەبوونی گەندەڵی و ئاسان کاری بۆ هاوڵاتیان.

### 3.1. چاکسازی

چەمکی چاکسـازی وەکو هەموو چەمکەکانی دیکەی ناو زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان تا ئێسـتا خاوەن پێناسـەیەکی گشـتگیر و هەمەلایەن نییە و لەلایەن توێژەرانەوە چەندین پێناسـەی جۆراوجۆر و

جیاوازی بۆ کراوە، کە زۆر جاریش ڕەنگدانەوەی پاشخانی هزری و ڕەهەندی سیاسی و بواری پسپۆڕی خودی توێژەرانە لەناو زانستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. (الموسوعة السیاسیة) بەم شێوەیە پێناسەی چاکسازی دەکات کە بریتیە لە: ((هەموارێکی ناڕیشەییە لە فۆرمی فەرمانڕەوایی یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ئەوەی دەستکاری بنەڕەتەکەی بکرێت. ئەمەش پێچەووانەی شۆڕشە، چونکە ڕیفۆرم جگەلە باشترکردنی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی باو و باڵا دەست هیچی دیکە نییە)). (**جەوهەر، ٢٠٢٢، ٨٤**).
لای (ساموێڵ هانتینگتۆن)یش چاکسازی بریتییە لە: ((گۆڕینی بەهاو شێوەکانی ڕەفتارە تەقلیدییەکان و بڵاوکردنەوەی ئامرازەکانی گەیاندن و فێرکردن و فراوانکردنی چوارچێوەی دڵسۆزییە (الولاء) بەشێوەیەک کە سنووری خێزان و گوند و هۆز بەرەو نەتەوە تێپەڕێنێت، لەگەڵ بەعەقڵانیکردنی سترا کچەرەکانی دەسەڵات و پتەوکردنی ڕێکخستنە تایبەتییەکان بە شێوەیەکی فەرمانیی و گۆڕینی پێوەرەکانی دۆستایەتی بە پێوەرەکانی لێهاتوویی و پەسەندگیری دابەشکردنی دەرامەتە ماددی و ڕەمزییەکانە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە)).
(عومەر عەبولعەزیز)یش پێی وایە چاکسازی پرۆسەیەکی قول و بەردەوامی ژیانە بەمەبەستی هەموارکردن و ئاڵوگۆڕکردن لە بارودۆخ و واقعی هەموو ئەو ڕەهەند و شتانەی ژیان کە بەسەر چوون و ناتەواوی و کەموکورتییان تێدەکەوێت بۆ بەرەو باشتر و چاکتر. (جەوهەر، ٨٣).
بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین چاکسازی پرۆسەیەکی فرە ڕەهەند و فەرمی و وردە وردە و ناڕیشەییە بۆ گۆڕانکاری کردن یان باشتر کردنی پێکهاتەیەکی سیستمێک جا چ سیاسی یان کۆمەڵایەتی بێت لەپێناو نەهێشتنی بنەما لاسەنگەکان و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی بۆ تاک.

### ١,٣,١. چاکسازی کارگێڕی (ئیداری)

چاکسازی کارگێڕی بریتییە لە گۆڕانکارییەکی هۆشیارانە، کە لە ڕێکخراوێک یان سیستمێکی کەرتی گشتیدا ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی باشترکردنی پێکهاتەی کارکردن یان کوالیتی هێزی کارەکەی. بە بڕوای کایدن "چاکسازی لەسەر ئەو بیرۆکە سادەیە دامەزراوە کە مرۆڤ نابێت چاوەڕێی ڕوودانی گۆڕانکاری بکات بە شێوەیەکی سروشتی بەڵکو دەبێت هەوڵی خێراتر بکات، بە ڕێگەی دەستکرد، پێشکەوتن لە نەزمی جیهانیدا". (**Iain Gow، ٢٠١٢، ٢**)
لە کەرتی گشتیدا ئەو ڕەهەندانەی کە بۆ باشترکردن دەکرێنە ئامانج ئاڵۆزترن لەوانەی لە کەرتە ناحکومییەکان هەن، چونکە کەرتە ناحکومییەکان تەنها هەوڵ دەدەن باشتر کار بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و

بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنـانیـان (کـارایی) بەڵام ڕێکخراوە کانی کەرتی گشــتی دەبێ خۆیان بە ڕەهەندە سیاسییەکانی کارگێڕیشەوە گرێبدەن. بەم شێوەیە، لە دەرەوەی ڕەهەندە ئابوورییەکان، چاکسازییەکانی ئیدارەی گشتی دەتوانن بگەنە ئەو ئامانجانەی کە تایبەتن بە باشترکردنی ژیانی گشـتی، وەک نەهێشـتنی گەندەڵی، زیادکردنی نوێنەرایەتی، پەروەردەکردنی بەشــداریکردنی هـاوڵاتـیـان و گـروپەکـان، و بەرزکـردنەوەی لێپرسینەوە و شەفافیەت. (**جەوهەر، ل٣**)

### ٢,٣,١. مەرج و پێداویستییەکانی چاکسازی:

بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی ڕاسـتەقینەی ناوەڕۆکی چاکســازی بە قازانجی هەمووان کۆتایی بێت و بەرەو دیمۆکراســی هەنگاو بنرێت، چاکســازی پێویستی بە چەند مەرج و پێداویسـتیەک هەیە. لەبەر ئەوەی تـوێـژیـنەوەکە جەخـت لەســەر ململانێی ســیاســی دەکات وەکو بەربەســت بەردەم چاکسـازی لە هەرێمی کوردسـتان، بۆیە لێرەدا زیاتر مەرج و پێداویستیەکانی چاکسازی سیاسی دەخەینەڕوو:

**یەکەم**: چاکســازی ڕاســتەقینە پێویســتی بە دروســتبوونی کۆدەنگی گشــتی هەیە لەســەر ئەوەی چ لایەنێکی دامەزراوە ســیـاســیـەکـان پێویستی بە هەموارکردن و چاککردنەوە هەیە، و کـامەشــیـان لە پێنـاو مـانەوەی پێویســتی بە پارێزگاری کردن هەیە، ئامانج لە کۆدەنگیەکە ئەوەیە پرۆسەی سیاسی پرۆسەیەکی بەرهەمدار بێـت و لە ســنوورێکی دیـاریکراودا کە زۆرجـار خواســتی دەســەڵاتدارانە نەمێنێتەوە، ئەمەش پێویســتی بە دیـالۆگ و ڕەزامەنـدی زۆرینەی جەمـاوەر و هێزە جیـاجیـاکـانی کۆمەڵگا هەیە. (**عبدالسلام، ٢٠٠٤**).

**دووەم**: پێویستە چاکسازی سیاسی بنەمایەکی هزری و چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژییای ڕوونی بۆ دابنرێت کە ئامانج و هەنگاو و ئاســۆییەکانی دیاریبکات. (**السید، ٢٠١١**).

**سێیەم:** بەرلەوەی پرۆسەی چاکسازی سیاسی پێشـنیار بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێویســتە ژینگەی دەرەکی و ناوەخۆیی لەبار بێت بۆ پرۆسەکە، واتە بانگەشەکارانی ڕادەی کاریگەری و بەهێزی کاراکتەرە دەرەکیەکان هەڵبسەنگێنێت و ڕادەی ئامادەیی هێزە جیاوازەکانی ناوەخۆش لەبەر چاوبگرێت. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە دەبێت بارودۆخی ژینگەکە بێ کێشــە بێت بەڵکو چاکســازی پێویســتی بە بارودۆخێکی نالەبار و نــادروســــت هەیە وەکــو لاوازی دامەزراوە فەرمییەکانی سیستمی سیاسی، بەرتەسکی ماف و ئـازادیـیە جـۆراوجـۆرەکـان، بـوونـی قەیـرانـی حوکمرانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. بە کورتی واتە بوونی ئامادەیی ژینگەی دەرەکی و ناوەخۆیی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی قەرانەکان بە گشــتی. (**عزیز، ٢٠١٠، ٣٦**).

**چوارەم**: پێش هەموو شــتێـک ئـامـانج لە

چاکسازی سیاسی بریتیە لە پێشخستنی بارودۆخی سیاسی و توانادار کردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانییە لە سەر ئاستی باڵای دەوڵەت، ئەم ئامانجەش بە بێ بڕیاردان و بونیاتنانی کلتورێکی سیاسی نوێ و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات نایەتەدی. (**جەوهەر، ٢٠٢٢، ٨٥**).

**پێنجەم**: پێویستە چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوام بێت، چونکە ئەگەر گۆڕانکارییان لەسەر ئاستی سیستمی سیاسی و پرۆسەی سیاسی بە شێوەیەکی کاتی بێت ئەوا ئەکرێت لەهەر ساتەوەختێکدا پاشەکشەی لێبکرێ و پرۆسەکە پەکبخرێت. (**المشاقی و علیوی، ٢٠١٢، ٤٩**).

**شەشەم**: چاکسازی سیاسی پێویستی بە دامەزراوەگەلێکی بە توانا هەیە بۆ بونیاتنانی پانتاییەکی سیاسی نوێ، بە شێوەیەک بتوانێت پرۆسەی سیاسی لە مەیدانێکی داخراوەوە بگۆڕێت بۆ مەیدانێکی کراوە و شەفاف، بەڵام دەبێت کار بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە فەرمییەکانی سیستمی سیاسی بکات نەک دامەزراوە نافەرمی و لاوەکییەکان. (**جەوهەر، ٢٠٢٢، ٨٥**).

**حەفتەم**: بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کارامە و ڕاستەقینە، چونکە بە پێویستیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی چاکسازی وەک ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی یان حزبی، بەڵام دەبێت ڕێگەی ئاشتیانە بگرنە بەر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان. (**السید، ٢٠١١**).

**هەشتەم**: زۆرێک لە توێژەران جەختدەکەنە سەر چالاککردن و توانادار کردنی دەسەڵاتی یاسادانان بۆ لێپرسینەوە و چاودێری و دامەزراندن و لادانی دەستەبژێری فەرمانڕەوا، چونکە ئەمە کرۆکی دیموکراسییە و دەتوانێت کەم و کورتییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن چاکبکاتەوە بە شێوەیەک لە خزمەتی تەواوی کۆمەڵگادا بێت. (**جەوهەر، ٢٠٢٢، ٨٥**).

**نۆیەم**: لەبەر ئەوەی حکومەت (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) بە تایبەتی لە سیستمی پەرلەمانیدا بەرپرسی یەکەمە لە جێبەجێکردن و داڕشتنی پلانی سیاسیەتی گشتی سیستمی سیاسی و هێزی شەرعی پێویستیشی لەبەردەستە، دەبێت تا ئەو ڕادەیە شەفاف و نەرم بێت کە ئامادە باش بێت بۆ لێپرسینەوەی پەرلەمانی و لەبەرامبەر میدیاشدا کراوە بێت، هەروەها لە هەمووی گرنگتر دەبێت سەرۆک و ئەندامانی ئەم دەسەڵاتە بڕوای تەواویان بە ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی ڕاستەقینە هەبێت. (**جەوهەر، ٨٥**).

**دەیەم**: بوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەددەنی و میدیای سەربەخۆ و لەگەڵ بوونی پێشەنگ و سەرکردەی کارامە و نیشتیمانی ڕاستەقینە. (**المیالی، ٢٠١٨**).

### 2. حکومەتی ئەلیکترۆنی و نەهێشتنی گەندەڵی

**لەسایەی حوکمڕانی باشدا**

## ١,٢. هەنگاو و قۆناغەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

دەتوانین بڵێین کرانەوەی ئابووری و کرانەوەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەیان ئاشناکردووە بە نوێترین پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، لە پاڵ ئەوەشدا تازەترین شێوازەکانی کارگێری ئەلیکترۆنی و پەنابردن بۆ حکومەتی زیرەك (لەهەندێ وڵات چەمکی شاری زیرەك بەکاردێت) بە ئاسانی لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمەوە درکی پێدەکرێت. ئەم تێگەشتنە پێشوەختەی هاوڵاتی، وای لە حکومەت کردووە بیر لە بە ئەلیکترۆنی کردنی رێکارە کارگێرییەکانی تایبەت بە خزمەتگوزارییە حکومییەکان بکاتەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەبینین چەندین هەوڵ هەیە بۆ ئەم مەبەستە.(**بدران، ٢٠٠٤**)

لە ماوەی ٢٦ ساڵی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا، چەند کارێک تا ئێستا بەئەلیکترۆنی کراون کە ژمارەیان زۆر کەمە. لە پاڵ ئەوەیشدا لە ستراتیژییەتی حکومەتی هەرێمە، کە ئەو بوارانە فراوان بکات. گرنگترین ئەو بوارانەی تا ئێستا بەئەلیکترۆنی کراون:

١- تۆماری قوتابیان و پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت لە پرۆسەی وەرگرتنی قوتابیان بۆ زانکۆ، هەروەها پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بۆ پرۆژەی تواناسازی. ئەوەی بە زانکۆ لایەن ناسراوە، کە تێیدا قوتابیانی دوا قۆناغی ئامادەیی هەڵدەستن بە پرکردنەوەی فۆرمێکی ئەلیکترۆنی بۆ پێشکەش کردنی داخوازینامە بۆ وەرگرتن لە زانکۆ حکومییەکان بە چەند سیستەمێکی جیاواز. (regayzanko.com) هەر لە چوارچێوەی کاری وەزارەتی خوێندنی باڵادا، پرسی یەکسان کردنی بروانامە پێشینەیەکی ئەلیکترۆنیان بۆ داناوە، بەڵام پێویست بە بەدواداچوونی مەیدانییە بۆ تەواوکردنی مامەڵەکە (**/equalization.digital.gov.krd**).

٢- تۆماری ئەلیکترۆنیی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەڕێوە چوو. ئەم پرۆژەیە هەرچەندە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک کاری لەسەر کرا، بەڵام دواتر بە هۆی بوونی هەڵەی تەکنیکییەوە پاشەکشێ لەو پرۆسەیە کرا. بەشێکی زۆری فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لەرێگەی دروست کردنی دۆسیەی ئەلیکترۆنی سەردانی فەرمانگەیەکی تایبەتییان کرد بۆ ئەوەی هەر فەرمانبەرێك ببێتە خاوەن بارکۆدێکی دیاریکراو. ئەمەش وەك سەرەتاییەك دادەنرێت بۆ پاککردنەوەی لیستی فەرمانبەران لە گەندەڵی.

٣- بەشێکی سیستمی باج و سەرپێچییەکان بەئەلیکترۆنی کرا، بەتایبەت لە بواری هاتوچۆدا. ئەم پرۆسەیەیش بە هۆی نەبوونی سیستمێکی ئەلیکترۆنییەوە بۆ مامەڵە داراییەکان، تەنیا بەشێکی بەئەلیکترۆنی کراوە. بەڵام سیستەمەکە

لە سەرەتادا تەنها بۆ زانینی بری سەرپێچیی بوو، دواتر لەگەڵ گۆرینی ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێم دوای هاتنی کابینەی نۆیەم، ئەم پێگەیە لەکارکەوت و جێگرەوەیەکی تازەی بۆ دروست کرا.

٤- خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی ناوخۆ:

أ. پرکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە پاسەپۆرت و کارتی نیشتمانی، کە بەشێوەیەکی مەرکەزی لە حکومەتی فیدراڵیەوە ئامادەکرابوو، بەڵام ئەم پرۆسەیە بە هۆی چالاکنەبوونی ئەو پێگە ئەلیکترۆنییەی بۆ ئەو مەبەستە دروست کرابوو، تەمەنی درێژ نەبوو، لەبەرامبەردا ئێستا هاوڵاتیان بۆ پرکردنەوەی فۆرمی ئەلیکترۆنی پێویستە سەردانی فەرمانگەکان بکەن و لەرێگەی کەرتی تایبەتییەوە ئەم کارە بکەن.

ب. یەکێك لە خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی ناوخۆ، پێدانی ڤیزای هاتنە نێو هەرێمە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی، ئەمە جگە هەر لەرێگەی ئەم پێگە ئەلیکترۆنییەوە ماوەی نیشتەجێبوون و مانەوە لە هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت. بەڵام ئەم فۆرمە ئەلیکترۆنییە بۆ تەواوکردنی رێکارە کارگێرییەکانی پێویستی بە سەردانی فەرمانگەی پەیوەندیدار هەیە. (evisa.moi.gov.krd/)

ت. پێگەیەکی تازەی سەرپێچی هاتووچۆ، بۆ زانینی بری سەرپێچی بەر لەوەی سەردانی فەرمانگەی دیاریکراو بکەی.(gov.krd/moi/services/ سەرپێچی -هاتووچۆ/)

ث. بەشێکی زۆری مامەڵەکانی پەیوەست بە دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری، دەرکردنی ساڵنامەی ئۆتۆمبیل و نوێکردنەوەی، بەئەلیکترۆنی کراون، بەڵام لەسەر پێگەی ئەنتەرنێت نییە، بەڵکو لەناو فەرمانگەکە بەشێك تەرخان کراوە بۆ پرکردنەوەی فۆرمی ئەلیکترۆنی لە بری فۆرمی کلاسیکی.

٥- پرۆسەی هەڵبژاردن، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی دواهەمین خولی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگەکان. تۆمارکردنی دەنگدەران و بەشێکی پرۆسەی دەنگدان و بەشێکی پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان و دەرهێنانی دەرەنجامەکان ئەلیکترۆنی بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی تێکەڵ بە رێکارە کلاسیکییەکان کرابوون، بۆیە ئەو دەرەنجامەی نەپێکا کە حکومەتی ئەلیکترۆنی هەیەتی.

٦- خزمەتگوزاری وەزارەتی پەروەردە: سێکتەری پەروەردە لەگەڵ هاتنی پەتای کۆرۆنا توشی جۆرێك لە پەککەوتنی کاتی هات، بۆیە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بریاریدا بیر لە جێگرەوە بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەڵسا بە دروستکردنی پێگەی

خوێندنی ئەلیکترۆنی (www.ewane.krd) بەڵام بەشـێوەیەکی کاتی کە دواجار ناتوانرێ پشـــتی پێ ببەســـترێت. لەدوای ئـەمـەوە وەزارەتی پەروەردە هەڵسـا بە دروســـتکردنی پێگـەیـەك بۆ ســکـاڵای ئـەلیکترۆنی (e-parwarda.com/Skala) بەڵام نازانرێت ئایا سکالا چۆن وەڵام دەدرێنەوەو بە چ شێوەیەك کاریان لەسەر دەکرێت.

٧- لەبواری مامەڵە کردن لەگەڵ کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان و چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆژە حکومییـەکـان لـەلای کـەرتی تـایبـەتییـەوە، حکومەتی هەرێم پێگەیەکی دروسـت کردووە بۆ گرێبەســتی ئەلیکترۆنی (خەندان،٢٠٢٠) هەروەها پێگەیەکی تریشـــی تەرخان کردووە بـە زیـادکردنی ئـاشــکراوە (تـەنـدەر). بـەڵام لەمەشیان بۆ تەواوکردنی مامەڵەکە پێویستت بە ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی هەیە.

## ١،١،٢. ئـاســتی پـەیرەوکردنی حکومـەتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

بۆ پێوانی ئاستی پەیرەوکردنی حکومەتی زیرەك، پێویســـتە لە دوو روانگەوە هەڵســـەنگاندنی بۆ بکەی. روانگەی یەکەم پەیوەستە بە ئامانجەکانی پەیرەوکردنی ئەم فۆرمە لە پێشـــکەش کردنی خزمەتگوزاری و پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان. بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا تا چەندە ئامانجی ســتراتیژی و گشـــتییەکانی خۆی پێکاوە. روانگەی دووەمیش پەیوەســـتە بە کۆڵەکەکانی حکومەتی زیرەك، بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەم بنەما ســـەرەکییانەوە ئاستەکەی دیاری بکرێت.

ئەگەر ســـەیری دەســـتبردنی حکومەتی هەرێم بکـەین بۆ خزمـەتگوزاری ئـەلیکترۆنی، دەکرێ چەند خاڵێك دەستنیشان بکەین:

١. دەسـتبردنەکە گشـتگیر نییەو سـنوردارە. بە دوو شـێواز سـنوردارکراوە. سـنوری یەکەم پەیوەســـتە بەوەی هەموو سـێکتەرەکانی نـەگرتۆتـەوە. ســنوربـەنـدکردنی دووەمیش پەیوەسـتە بەوەی لە هەر بوارێك دەسـتی بۆ بردرابێت، بەتەواوی نەبووە، بەشـێوەیەك کە هەموو مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان لە قۆناغی دووەمدا پێویســتیان بە سـەردانی مەیدانی هەیە بۆ فەرمانگەکان.

٢. ئـامـانجێکی بنـەرەتی فۆرمی حکومـەتی زیرەك، جگە لەلایەنی تەکنیکی، بریتییە لە کـەمکردنـەوەی خـەرجی تێچووی رێکـار و خزمـەتگوزارییـە حکومییـەکـان، هـەروەهـا کەمکردنەوەی کاتی مامەڵە حکومەییەکان و زووتر گـەیشـــتنی خزمـەتگوزاری بـە هـاوڵاتیـان. بـەڵام ئـەم فۆرمـە لـە هـەرێمی کوردســـتان، پێچەوانەی ئامانجەکە بووە، لـەبـەر ئـەوەی پـیـادەکـردنـی شـــێـوازی ئـەلیکترۆنی مـامـەڵـەکـان دراوەتـە کـەرتی تایبەت، بۆیە هەم تێچوویەکی زیادی لەسەر حـکـومـەت هـەیـە، هـەمـیـش هـاوڵاتـی

تێچوویەکی زیاتری دەبێ لە هەر مامەڵەیەك. بۆ نموونە مامەڵەکانی دادنوسی، بەر لە پرۆسەی بەئەلیکترۆنی کردن، لەسەر هاوڵاتی تەنها دە هەزار دینار دەکەوت، بەڵام دوای پرۆسەی ئەلیکترۆنی ٣٥ هەزار کەوت، لەمە ٢٥ هەزار بۆ کەرتی تایبەتی بوو، کە لەرووی کاتیشەوە کاتی مامەڵەکانی زۆر زیاتر کرد.

٣. ئەو خزمەتگوزارییانەی هەرێمی کوردستان رەهەندی ئەلیکترۆنی بۆ زیاد کردووە، زیاتر پەیوەستن بە دەرهاوێشتەکانی (ئاوتپوت)ی کاری حکومی. لە کاتێکدا بۆ تەواوکردنی بازنەی متمانەی هاوڵاتی بەدەزگا حوکمرانەکان، پێویستە لە هەردوو بەشی (ئینپوت – ئاوتپوت) بەیەکەوە حکومەت و هاوڵاتی لەیەك نزیك ببن.

چ جۆرە تەکنەلۆژیایەک لەلایەن فەرمانگە حکومییەکان و کۆمپانیا تایبەتەکانەوە خراوەتە روو و چۆن بەشداری دەکەن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بیرۆکراتی و تا چ رادەیەک؟ چۆن تەکنەلۆژیا بەشدارە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بیرۆکراتی و لە ئاستی گشتی رازیبوونی کارمەندان و موکلەکان؟

ئەو ئامرازە تەکنەلۆژیانەی کە لە کەرتی گشتیدا بەکاردەهێنرێن لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا سنووردارن. تەنها چەند دامەزراوەیەکی کەم لە هەرێمی کوردستان ئەو تەکنۆلۆژیایانە بەکاردەهێنن، مەرج نییە لە هەموو بەشەکانیاندا. بۆ ئەمەش سێ هۆکاری سەرەکی هەیە:

**یەکەم:** لە زۆربەی بەشەکاندا هەندێک لە ئیدارەکان یان فەرمانبەران خۆبەخشانە تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن لەسەر ئاستی کەسی نەک لەلایەن رێکخراوەکانیانەوە سیستماتیک یان رێنمایی بکرێن.

**دووەم:** ژمارەیەکی پێویست لە کارمەندان نییە کە شارەزاییان هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاریگەرانەی ماڵپەڕەکان و بنکەدراوە کۆمپیوتەرییەکان بۆ پرۆسێسکردنی کاری کارگێڕی/نووسەری خەڵک.

**سێیەم:** حکومەت خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی بۆ هەموو بەشەکان دابین نەکردووە، باسی کوالیتی زۆر خراپی ئینتەرنێتیش ناکەم. (Ahmed, 2018)

**خشتەی جیاوازی کوالیتی و تێچووی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان**

| ژ | ناوی خزمەتگوزاری | کوالیتی | تێچوو | کاتی پێویست بۆ بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خزمەتگوزاری گشتی | بەرز | خۆرایی | بەپێی بەکارهێنەر |
| ٢ | زانکۆلاین | بەرز | خۆرایی | ٢٠-٣٠ خولەك |
| ٣ | مۆڵەتی شۆفێری | نزم | بڕێك پارە | نادیار |
| ٤ | ئی پەروەردە | بەرز | خۆرایی | بێ سنور |
| ٥ | ئی خێزان | بەرز | خۆرایی | بێ سنور |
| ٦ | ئی هەڵسەنگاندن | بەرز | خۆرایی | بێ سنور |
| ٧ | پاسپۆرت و رەگەزنامە | ناوەند | بڕێك پارە | ٢٠-٣٠ خولەك |
| ٨ | بڕوانامەی ئەلیکترۆن | نزم | بەپێی بڕوانامە | ١٠-٢٠ خولەك |
| ٩ | تۆمارکردنی کۆمپانیاکان | ناوەند | بڕێك پارە | ٣٠ خولەك |
| ١٠ | ئی پسولە | بەرز | بەپێی بەکارهێنان | ٥ خولەك |
| ١١ | سەرپێچی هاتوچۆ | ناوەند | خۆرایی | تەنها زانینی بڕی سەرپێچی |
| ١٢ | پرۆگرامی تۆماری دیجیتالی | بەرز | خۆرایی | بەپێی بەکارهێنان |

کەواتە ئەو بوارانەی حکومەتی هەرێمی دەستی بۆ بردووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی، بەشێوەیەکی گشتی لە کوالیتییەکی بەرزدان.

بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری لە حکومەتی هەرێمدا دەسەڵاتی فراوان و ڕەهای هەیە لە بواری گۆڕینی ئەلیکترۆنی لە هەرێمدا، بەو پێیەی دەزگای دارشتن و جێبەجێکردن و چاودێریکردنە بۆ هەموو شتێک کە پەیوەندی بە پرۆسەی حکومەتی ئەلیکترۆنیەوە هەیە لە هەرێمدا، بەبێ ئەوەی هیچ بەرپرسیارێتییەک یان دەستەیەکی چاودێری بۆ کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەبێت. بۆیە پێویستە دەستەیەکی چاودێری بۆ ئەم بەشە هەبێت بۆ پێداچوونەوە بەو دیزاین و ستراتیژانەی کە ئەم بەشە ئامادەی دەکات بە مەبەستی دڵنیابوون لە سەرکەوتنی پرۆسەی گۆڕانکاری. (**عبدالرحمن، ٢٠٢٤، ٢٩٣**).

**٢،٢. ڕەوشی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان**

گەندەڵی کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (Corruption)بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە هەڵسوکەوتێکی ناڕاستگۆیانە یاخود چالاکییەکی تاوانکارییانە، لەلایەن ئەو کەس و دەزگاو دامەزراوانەوە ئەنجام ئەدرێت کە متامانەیان پێدراوە و دەسەڵات و پلەو پۆستیان هەیە .هەروەها لەلایەن ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتییەوە بە شێوازێکی سادەتر پێناسەی گەندەڵی کراوە کە بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی متمانە پێدراو لە پێناو بەدەستهێنانی دەسکەوتی کەسی. لە وڵاتانی هەژاردا گەندەڵی درەنگ دروست دەبێت چونکە پارە بە ئاسانی دەستناکەوێت، بەڵام لێرەدا ئەمە جیایە، چونکە بەهۆی ژێر دەستی و درەنگ رزگاربوون چەندین کارەساتی گەورەی مێژووی کە نموونەیان کەمە، بەسەردا پەیڕەو کراوە وەک ئەنفال و کۆکوژی و ڕاگواستن، بۆیە سامانەکان بە ئاسانی بەدەستدەکەوێ کە بریتییە لە نەوت لەژێر زەوییەکاندا. (**توانا، ٢٠١٨، لینک). و (سەرۆ، ٢٠٠٨، ٤٥)**

گەندەڵی یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە کۆمەڵێک کێشەی کارگێڕی و دامەزراوەی قوڵی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە، بەهۆی دەستێوەردانی حزبی لە دامەزراندنی خەڵک بۆ کەرتی گشتی لە دوای ٢٠٠٣ەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ خاوەنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری موچەخۆر و کارمەندی کەرتی گشتییە. ڕاستە لە دەرەنجامی گەشەی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە دوای ١٩٩٢ئەوە هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە هەبووە فەرمانبەری پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی هەبێ، بەڵام ژمارەکە لەوە زیاترە کە پێویستە، کە تەنانەت بەرپرسانیش ڕایانگەیاندووە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ ژمارەی ئەو کەسانەی کە مووچەییان لە حکومەت وەرگرتووە گەیشتووەتە ١٣٠،٠٠٠ کەس، لە کاتێکدا ئەو ژمارەیە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥، دە بەرامبەر بەرزبۆتەوە بۆ ١،٣٤٤،٠٠٠. (هێمن، ٢٠٢٠، ١٩٩). بێگومان ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە و بەردەوام لە گەشەدا دەبێت ئەگەر ڕێگری لێنەکرێت، کەواتە گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دروست بوونییەوە بەرە بەرە لە کاروباری کارگێری و دامەزراوەیی تەشەنەی کردووە تا چووەتە نێو بوارەکانی تر و گەیشتۆتە ئەمڕۆ .

**١،٢،٢. هۆکارەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان**

چەند هۆکارێک هەیە وا لە تاک یان کۆمەڵێک دەکەن کە گەندەڵی ئەنجامبدەن و بە پێچەوانەی یاساوە کاربکەن، لە گرنگترین ئەو هۆکارانە بریتییە لە نەبوونی شەفافیەت و ناڕوونی و نەبوونی لێپێچینەوە و لاوازی گیانی نیشتیمان پەروەری و نەبوونی ڕۆشنبیری پێویست.

هەرچەنـدە هـۆکـارەکـانـی دروســـت بـوون و هۆکـارەکـا نی تەشـــەنە کرد نی گەنـدە ڵی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ئەو هۆکارانە لا وڵاتە تازە پێگەیشـــتووەکاندا لە نێوانیشـــیاندا وڵاتی عێراق جیاوازن لەگەڵ وڵاتە پێشـــکەوتووەکـان، چونکە ئەو فـاکتەرانەی کە یارمەتی گەشـــەکردنی گەندەڵی دەدەن لە وڵاتە تازە پێگەیشـتووەکاندا، تا رادەیەکی زۆر جیاوازن لەو فاکتەرانەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان گەشەی پێدەدەن، بەڵام ژمارەیەک لەو هۆکارانە خاڵی هاوبەشی دروستبوونی ئەم دیاردەیەن و هەر ئەم هۆکارانەش بوونەتە فاکتەری ســەرەکی و خاڵی هــاوبەش بۆ دروســـتبوون و تەشـــەنە کرد نی گەنـدەڵـی لە کـۆمەڵـگـاکـانـدا. لە هەرێـمـی کوردســـتانیش کۆمەڵێک هۆکار بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوە و تەشـــەنەکردنی ئەم دیـاردەیە لە زۆربەی بوارە کا ندا، وەک لە ســـەرەوە ئا ماژەی پێدراوە. بەڵام بە گشتی هۆکارەکانی سەهەڵدانی گە ندەڵی هۆ کاری ئابوورین. (گەیلان عە باس، ٢٠٢١، ٥٣) و (حامید، ٢٠١٢ ، ٥٠-٦١).

بەگشـــتی دەتوانین هۆکـارەکـانی گەشـــە و بـــڵاوبـــوونەوەی گەنـــدەڵـــی لە وڵاتە تازەپێگەیشـــتووەکاندا، بەم شـــێوەیەی خوارەوە دابەشی بکەین:

١ -کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردن و نەبوونی چاودێری، واتە لاوازی پرسی چاودێری حکومەت و پەرلە مان و دامەزراوە کانی چاودێری،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی بەڕێوەبردن، چونکە نەبوون یـان لاوازیی پرەنســـیپەکـانی کـاری حکومی و نەبوونی چەمکی لێپرســـینەوەی گشـــتی و بەرپرســـیارەتی، هەموویان دەبنە هۆی گەندەڵی و ڕێخۆشـــکردن بۆی، بەم شـــێوەیەش بەرپرســـە حکومییەکـان ئـازادی ڕەهـایـان دەبێـت بۆ بەدەستهێنانی مەرامە کەسییەکانیان لە ڕێگەی وەرگرتنی بەرتیـل لە کۆمپـانیـا گەورەکـان،یـان هاوڵاتییان، لەبەرامبەر چاوپۆشـــی کردن و ڕایی کردنی کارەکانییان. بەتایبەت لە وڵاتانی خاوەن نەوتـدا لە ئـاســـتێکی بـاڵادایە، چونکە لای کۆمپانیاکان زۆر ئاســـاییە بەرتیلی زۆر بدەن بە بەر پرســـەکـان بەرا مبەر بەخشـــینی مـا فی دەرهێنانی نەوت. (**حامد، ٢٠١٢، ٦١-٦٧**) (**چنار، ٢٠١٩، ٧٢**) .

٢ -گە ندەڵی لە وڵاتە تازە پێگەیشـــتووە کان و ئەوانەی بە قۆناغی گۆڕانی سیستمدا تێدەپەڕن بڵاودەبێتەوە، لەبەرئەوەی ســـیســـتمەکـانیـان جیاوازە لە سیستمی وڵاتانی پێشکەوتوو، چونکە توانای وەڵامدانەوە و تێرکردنی پێداویستییەکانی خە ڵکیـان نییە، وەک هەژاری، نە خۆشـــی، بێکـاری، نە بوو نی د ڵنیـا یی کۆمەڵایە تی و جیاوازی و کەمی مووچەی فەرمانبەران. (**حامد، ٢٠١٢، ٦١-٦٧**).

٣ - لە وڵاتە تازە پێگەیشـــتووە کا ندا کەمینەی ئینتیکی تێدایە کە خۆیان بە زوڵملێکراو دەبینن و بەشـدارنین لە بوارە جۆراو جۆرەکانی کارگێڕی

گشـــتیـدا، بەم شـــێوەیە ڕەنگە پەنـا ببەنە بۆ گەنـدەڵی، چونکە بەڕای ئەوان تـاکە ڕێگـایە بۆ بەدەتســـهێنـانی ئەو خزمەت گوزارییـانەی کە پێویستیانە لە دەزگاکانی کارگێڕی گشتی. جگە لەوانەش، لاوازی کـۆمەڵـگەی مەددەنـــی و پەراوێزخســـتنی ڕۆڵی دامەزراوە کان لە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشـتوودا، دەبێتە هۆی نەبوونی هێزێکی گرنگی هاوسـەنگی لەو کۆمەڵگەیانەدا، کە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و بەردەوام گەشـــەســـەندنی. (**حامد، ٢٠١٢، لا:٦١-٦٧**).

٤- بوونی ســـامـانێکی زۆر لای دەوڵەت وەک دامەزراوە و ســـەرچاوەی سروشـــتی، و هەروەها دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری، کە پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆ هەیە لە نێوان ڕێژەی دەستێوەردانی دەوڵەت و پەرەسەندنی گەندەڵی. (**حامد، ٢٠١٢، ٦١-٦٧**).

٥ - نزمی ئاســـتی وشـــیاری یاســـایی تاکە کان بەگشـــتی، بەتایبەت لاوازی ئاســـتی هۆشـــیاری فەرمانبەران بۆ خۆپارێزی لە گەندەڵی. و هەروە ها نەبوونی ئیرادەی سـیاسـی ڕاسـتەقینە یان توانای پێویســـت بۆ شـــەڕی گەندەڵی، چونکە هەرچەندە ڕەنگە زۆرینەی هێز و لایانە سـیاسـیەکان حەزیان بەوە هەیە گەنـدەڵـی نەمـێـنـی، بەڵام بەهـۆی دابەشـــبوونی قـازانجەکـانی گەنـدەڵی بە ڕێژەی جیـاواز بە ســـەر لایەنـاکـان و خەڵکـدا، ڕە نگە لێکەوتەکانی شەری گەندەڵی بە زیانی ئەوان بێت. (**حامد، ٢٠١٢، ٦١-٦٧**).(**چنار، ٢٠١٩، ٧٢-٧٥**).

٦ -مۆدێل و دە ستێوەردانی حزبایەتی یەکێکە لە هۆکارە کان، چونکە حزبە کان نەک تەنها لە ناو حکومەت و پەرلەمـان، بەڵکو لە دەرەوەی ئەو دامەزراوانەش کاریگەری گەورەیان هەیە بەســەر بڕیارە کان و دەتوانن بڕیار و داهاتی گشـــتی بە ئاڕاستەیەک ببەن کە قازانجی خۆیانی تێدابێت، ئەم مۆدێلی حز بایەتیش دەبێتە بەربەســـت لە بەردەم گەشـــەی سروشـــتـــی دامەزراوە نشـتیمانییەکان و سـەربەخۆبوونیان. ئەمەش لە دەرەنجـامـدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی متمانەی خەڵک بە توانا و ئیرادەی دەوڵەت. (**چنار، ٢٠١٩، ٧٤**)، (**حامد، ٢٠١٢، ٦٧**).

٧ -نەبوون یان کەمی ترس لە سـزادانی ئەوانەی گەنـدەڵی ئەنجـامـدەدەن، چونکە زۆربەی ئەو ســـزایانەی کە یاســـاکانی زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشـــتوو دایـانڕشـــتوون، نـابنە ڕێگری لە ئەنجامدانی گە ندەڵی. ئەمە ســـەڕەرای لاوازی چاودێری و بەدواداچوونی حکومی هەر وەک لە خاڵەکانی پێشووتر باسی لێوە کرا، بۆیە سەختە سـزای کەسـێک بدرێت لەسـەر ڕەفتارت خراپ، بەتایەت بەرپرســـە گەورە کان. (**قادر، ٢٠١٢، ٦١-٦٧**).

٨ -کـاریگەرنەبوونی دەســـەڵاتی ڕاگەیـانـدن و نەبینینی ڕۆڵی دیار و بەرچاو دژ بە گە ندەڵی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێک جار ئەو ڕاگەیاندنانە سارد دەبنەوە لەو هەنگاوانە، چونکە بەرامبەر بەو مـانـدووبوونە و ئـاشـــکراکردنی ئە

گەندەڵییە، کەس سزانادرێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت.(**هەورامان، ٢٠١٣، ١٢٧**).

### ٢,٢,٢. جۆرەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان دیاردەی گەندەڵی بە شێوەیەک تەشەنەی کردووە کە چووەتە ناو زۆربەی بوارەکانی ژیان وەک سیاسی، ئابووری، کارگێڕی و یاسایی، بەم شێوەیەش دەتوانین جۆرەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بخەینەڕوو:

١ -گەندەڵی سیاسی: گەندەڵیی سیاسی، بە واتای کەڵک وەرگرتنە لە دەسەڵاتی سیاسی بە مەبەستی دابینکردنی ئامانجی ناڕەوای تاکەکەسی. واتە ئەگەر دەسەڵاتێک لە ئارادا نەبێت، ئاسەوارێک لە گەندەڵیی سیاسی نابینرێت. گەندەڵیی سیاسی بە ڕادەی جیاواز لە هەموو جۆرە سیستەمەکاندا هەیە، کە بە لایەنی سیاسییەوە دەبەسترێتەوە و، پەیوەندیی بە دروستبوونی دەستەبژێرێکی کۆمەڵایەتیی نوێوە هەیە، کە ئامرازی سەرەکییان دەوڵەمەندبوونی "سیاسییەکان"ە. گەندەڵیی سیاسی، هەر سێ دەسەڵاتەکانی "یاسادانان"، "جێبەجێکردن" و "دادوەری"یش دەگرێتەوە. هەرێمی کوردستانیش ئەم جۆرەی هەیە، هەرچەندە هەرێمی دەستووری یاساییە بەپێی ماددەکانی (١١٧، ١١٨، ١١٩)، بەڵام لە واقعدا هەرێمێکی دەستووری و سیاسی و یەکگرتووی تەواو نییە، بەهۆی ساختە کردنی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن، جا چ لە سەر ئاستی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان یان هەڵبژاردنەکانی عێراق بێت، ئەمەش بووە بە کەلتوری لایەنە چەکدارەکان لە هەرێم و عێراقیش، بە جۆرێک گەندەڵی سیاسی بووەتە ڕێخۆشکەرێک بۆ گەندەڵییەکانی تر لە هەرێمی کوردستان و عێراق. جگە لەوەش، شەڕی ناوەخۆ و لێکەوتە سیاسیەکانی، بوونەتە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی دام و دەزگای نیشتیمانی، و زۆربەی ئەو دامەزراوانەی کە هەیە، لە لایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە هەڵدەسوڕێن. (**جونا و دڵخواز، ٢٠١٧**)، (**جەلال، ٢٠٢٠، لینک**)

٢ -گەندەڵی یاسایی: واتە دارشتنی یاسا بە قازانجی ئەوانەی کە بەهێز و بەدەسەڵاتن و چینی جێی بایەخی دەوڵەتن. هەر وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەبوو لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا، کە هەردوو ئیدارە (هەولێر و سلێمانی) کۆمەڵێک یاسا و بڕیاریان دەرکرد، کە زیاتر مۆرک و بەرژەوەندی حزبی پێوەیە. بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە، کە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت و گازی هەرێمی کورد ستان دەرچوووە، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر دام و دەزگاکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دروست نەکرا.

٣ -گەندەڵی ئابووری و دارایی: بریتییە لە ڕەفتارێکی نایاسایی، کە دەبێتە هۆی

بەهەدەرچوونی سـامانی گشـتیی وڵات لە پێناو بەدیهێنـانی بەرژەوەنـدیی کەسـیدا. ئەم جۆرە گەندەڵییە، بە شـێوەیەکی باو وەک ڕەوشـتێکی کەسـی و بەرژەوەنـدیخـوازانە، لە لایەن کەسـانێکەوە ئەنجام دەدرێت کە نوێنەرایەتیی دەوڵەتیان لە ئەستۆدایە و خاوەن دەسـەڵاتن و، ئەو دەسـەڵاتەیش بۆ بەرژەوەنـدیی تـایبەتی و کەسـیی خۆیـان بەکـار دەهێنن. ئەم جۆرەی گەندەڵی ڕووبەرێکی پان و فراوان دەگرێتەوە لە هەرێمی کوردسـتـان، وەک قۆرخ کردنی پڕۆژە جۆراوجۆرەکـانی پیشـەسـازی، بـازرگـانی، گواسـتنەوە و گەیاندن، نەخۆشـخانە و دەرمان و..هتد. هەروەها زیاتر لە یەک لەسـەر سـێی خەرجی دارای دامەزراوەکان زیادەیە و بەهەدەر دەچێ، چونکە بۆ ئـامـانجی حزبی و کەسـی دروسـتـکراوە. (جـونـا و دڵخـواز ، دیـاردەی ناسەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق)، (**جەلال جەوهەر، ململانێی زلهێزەکـان و مەترسی و لێکەوتەکانی لەسەر کوردستانی عێراق**).

٤ -گەنـدەڵی کـارگێڕی: ئـامڕازێکی نـاڕەوایە بۆ دەستەبەرکردنی داوایەکی ناڕەوا لە سیستمێکی کـارگێڕیـدا، کە بەڕێوەبەران و فەرمـانبەرانی دەوڵەت لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا و پشتگوێخستنی بەرژەوەندیی گشتی، ئەنجامی دەدەن؛ هاوکات لەگەڵ ڕەچاونەکردنی فەرمان و بڕیار و ڕێکارە یاسـاییەکان و بەها و بەڵێنە کارگێڕییەکان و ڕێزنەگرتن و کارپێنەکردنیان، کە دواجـار دەبێتە هۆی مەترسـییەکی گەورە لەسەر دامودەزگەکانی حکومەت و پەکخستنیان لە کار و ئەرکە ڕاسـتەقینەکان. بەهەمان شـێوە سـیاسـەتی کارگێری لە هەرێمی کوردسـتان، گەنـدەڵی کـارگێڕی بەرهەمهێنـاوە، چونکە دروسـت کـردنـی دامەزراوەکـانـی هەرێـمـی کوردستان و دامەزراندنی فەرمانبەر و کارمەندان لەسەر بنچینەی پێویستی نەبووە، بەڵکو بە حزب کردنی دامودەزگـاکـانە. بەتـایبەت لەو کـاتەی هەرێمی کوردستان لەڕوو کارگێڕییەوە بەسەر دوو ئیـدارەدا دابەش ببو، لەژێر ڕوشـنـایی ئەو ئەزموونەدا دامودەزگەکانی هەرێمی کوردسـتان لە ڕووی ڕاپەڕاندنی ئەرکە ئیدارییەکانیانەوە لاواز بوون. (**هەمان سەرچاوە**).

## ٣,٢,٢. کـاریگەری و لێکەوتەی گەنـدەڵی لەسەر هەرێمی کوردستان:

سەرباری هەبوونی یاسا و بڕیاری پێویست بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەنـدەڵی، دیـاردەکە زیـاتر دەبێت وەک لەوەی بەرەو کەمبوونەوە بچێت. هەروەها دیاردەی گەندەڵی بەشێوەیەکی زەق بەرچـاوە و هیچ کەس و لایەنێک نکۆڵی لێناکات، هەروەها هەڕەشـەیە لەسـەر هەموو کیانەکانی هەرێمی کوردسـتان. بە گشـتی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردسـتان چەندین لێکەوتەی وەک سیاسی و ئابووری و کـۆمەڵایەتـی دروسـت کـردووە. لە ڕووی

سـیاسـییەوە ڕاسـتەوخۆ کاریگەری دروسـت کردووە لەسەر سیستم و دۆخی سیاسی وڵات، چونکە لاواز بوونی دەسەڵات و دامودەزگاکانی وڵات لە دەرەنجامی دیاردەی گەندەڵی بووەتە هۆی لاواز کردنی شەرعیەتی دەوڵەت و کەمی متمانە بە یاسـا و دەسـەڵات و ئەو پلانانەی کە باسیان لێوەدەکرێت و پچڕانی پەوەندی نێوان جەماوەر و دەسـەڵات. جگە لەمانەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی دیاردەی نادادی و نەبوونی هەلی یەکسـان بۆ هەمووان و سـاختەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەم ناشـەفافیەش دۆخێکی ناسـە قامگیری هێناوەتە ئاراوە، بەجۆرێک ناوبەناو هاوڵاتیانی هەرێم، دژ بە دەسـەڵات سـیاسـی و دیاردەی گەندەڵی دەڕژێنە سـەر شەقامەکان و ناڕەزایەتی دەردەبڕن. بە گشتی کـاریـگەری نەرێـنـی و پـرسـیـاری جـدی دروسـتکردووە بۆ سـەر دۆخی دیموکراسـی لە هەرێمی کوردسـتـانـدا. (**گەیلان، ٢٠٢١، ٥٤**) (**هەورامان، ٢٠١٣، ١٢٩**).

لە ڕووی ئـابـووریـش گەنـدەڵـی چەنـدیـن لێکەوتەی نەرێنی لەسـەر دۆخ و گەشـەی ئـابـووری بە جـێـهـێشـتـووە، وەک خـراپ بەکـارهێنـان و بەهەدەردانی وزە و توانـا و سـەرچاوەیی داهات و ئابووری نیشـتیمانی، کـورتـهـێـنـانـی بـودجەی گشـتـی وڵات، هەڵئاوسـانـی ئابووری و کەمبوونەوەی توانای بەرزکردنی ئـاسـتی داهـاتی نەتەوەیی و تـاکەکـان، ئەمەش واتـا لاوازبوونی گەشـەی ئابووری بەهۆی لاواز بوونی ئاسـتی گشـتی خواسـت و خسـتنەڕو و...هتـد. هەروەهـا دیاردەی گەندەڵی دۆخێکی ناسـەقامگیر بۆ دۆخی ئابووریش دروسـت کردووە، چونکە ناو بەناو قەیرانی دارایی سـەرهەڵدەدات، ئەمەش کاریگەری خراپی بۆ سـەر سـومعەی سـیسـتمی سـیاسـی و ئابووری هەرێم بەجێهێشـتووە، بە تایبەت لەسـەر ئاسـتی دەرەکی، چونکە نەبوونی سـەقـامگیری ئـابوری بووەتە هۆی نەبوونی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ڕاکێشـانی وەبەرهێنانی دەرەکـی و دروسـتـبـوونـی کـێـبـڕکـێ لەگەڵ وەبەرهێنانی ناوەکی. (**گەیلان، ٢٠١٣، ٥٧**).

کەمبوونەوەی هەلی کار و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکرایش کە یەکێکە لە لێکەوتەکـانی تری دیـاردەی گەنـدەڵـی لەڕووی ئـابـووریـیەوە، لـێـکەوتەی تـری دروسـتـکـردووە لەڕووی کۆمەڵایتییەوە، وەک زیادبونی کێشـە و تاوانە جۆراوجۆرەکـان و دروسـت بوونی لێکترازان و نـاکـۆکـی کـۆمەڵایەتـی لە کـۆمەڵـگـادا (واتە ناسـەقامگیری ئاسـایشـی کۆمەڵایەتی)، و تەشـەسـەندنی نائومێدی، نەمانی هەسـتی بەرپرسـیارێتی و ئینتیما بۆ نیشـتیمان و ڕێگا خۆشـکردن بۆ دروسـت بوونەوەی دیـاردەی کۆچکردن و... هتـد. (١٤، لا:١٣٠) (**گەیلان عەباس، گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردسـتان، لا:٥٨**).

### ٣,٢. چاکسازی لە هەرێمی کوردستان

### ١,٣,٢. هۆکار و پاڵنەرەکانی چاکسازی

هەرێمی کورد ستان لە ماوەی سی و دوو ساڵی ئەزموونی حوکمرانی، هەمیشە پێویستی بە نوێبوونەوە هەبووە، یەکێك لە رێگەکانی نوێبوونەوەش ئەنجامدانی چاکسازییە، کەواتە خودی پەنابردنە بەر چاکسازی چەندی پاڵنەری لە پشتە کە چاکسازی کردۆتە پێویستییەکی جدی بۆ هەرێمی کوردستان، دەکرێ پاڵنەرەکان لە چەند خاڵێکدا پوخت بکەینەوە:

١- داواکاری جەماوەری، کە هەمیشە خەڵکی هەرێمی کورد ستان لە رێگەی ناوەندەکانەوە داوای چاکسازی بەردەوام دەکات، هەمیشە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە چاکسازی پێویستە بۆ ئەوەی دەسەڵات و خەڵك زیاتر لە یەك نزیك بکرێتەوە.

٢- داواکاری هێزە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت ئەوانەی بەشێوەیەکی فەرمی لە عێراق و هەرێمی کوردستانن، ئەم دەوڵەت و هێزانە لە هەموو دانیشتنە فەرمی و نافەرمییەکان داوای ئەنجامدانی چاکسازیان کردووە، تەنانەت بەشێك لەو هێزانە گەیاندنی هاوکاری بە هەرێمی کورد ستان و پشتگیری کردنی بەستۆتەوە بە ئەنجامدانی چاکسازی، بۆیە هەرێمی کوردستان لەم رووەوە جۆرێك لە ناچاری پێوە دیاردەبێت. (باس نیوز، ٢٠٢١) **(گەلی کوردستان، ٢٠٢٢)**

٣- نوێکاری لە بەرێوەبردنی دامەزراوەکان، بەشێوەیەك کەوا هێنانی شێوازی سەردەمیانە و کارکردن بە میتۆدە هاوچەرخەکانی حوکمرانی، پێویستی بە چاکسازییە بۆ ئەوەی لە لێکەوتەکانی فۆرمی کلاسیکی دووربکەوێتەوە. بە تایبەت لە ئێستادا ئاراستەیەکی جیهانی هەیە بۆ نوێکردنەوەی کایەی حوکمرانی.

٤- فشاری رای گشتی و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، بە تایبەت لەرووی دەرخستنی کەموکورییەکان و زەق کردنەوەیان.

٥- قەیرانی دارایی گەورەترین پاڵنەری ئەنجامدانی چاکسازییە، بەشێوەیەك کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجامدانی چاکسازی بە یەکێك لە کاراترین رێگە چارەکانی دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری دەبینێت.

٦- فشار و گوشارەکانی بەغدا، بە تایبەت لەرووی تاوانبارکردنی حکومەتی هەرێم لە پرسی نەوت و بابەتە داراییەکان بەشێوەیەکی گشتی .

### ٢,٣,٢. هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەم بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان:

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە و بە پشتبەستن بە

کارنامــە چاکســازییەکەی، هەوڵــی داوە بــە شــێوەیەکی شایســتە خزمەتــی گشــت هاوڵاتیانـی هەرێمی کوردسـتان بـکات و بـە جــدی رووبــەڕووی گەندەڵــی ببێتــەوە. حکومـەت توانـی هەنـگاوی جـدی بنێـت لـە ڕووی ڕێکخســتنەوە و زیادکردنــی داهاتــی ناوخــۆ، هەروەهــا ناردنــی پڕۆژەیا ســای جۆراوجــۆری وەك پڕۆژەیاســای چاكســازی بــۆ پەرلەمانــی كورد ســتان. كابینەی نۆیەم هەر لەســەرەتاوە یەكێك لە ئامانجە ســەرەكییەكانی بریتی بووە لە حوكمڕانی باش، ئەم پر سە شی لە ســێ ڕوانگــەی ســەرەكیدا كورت كردۆتــەوە؛ شــەفافیـەت، بـەرەنگاربوونـەوەی گـەنـدەڵی، کــارکردن بۆ داهــاتوو (حکومــەتی هــەرێمی کــوردســتــان https://gov.krd/the-governments-mission/good-governance/) هەروەها یەکەم ئامانجی خۆی کە ئاشــکرای کردووە بریتیە لە چاکســازی، لـەرێگـەی پێگـەی فـەرمی خۆیـەوە ئـامـاژەی بەهەموو ئەم هەنگاوانە داوە کە چاکســازی تێدا کـراوە (حـکـومـەتـی هـەرێـم، چـاکســازی، https://gov.krd/the-governments-mission/good-governance/)

هەروەهـا ســەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە گوتارێکیدا بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەد ڕۆژ بە سەر دەســتبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردســتان لە ٧-١٢-٢٠١٩، باســی ئەوەی کرد (ڕایگەیاند) کە یەکــەم برگــەی بەرنامــەی کارەکەیان کــە لــە پەرلەماندا پێشکەشـی کرد، پەیوەسـت بـوو بـە چاكسازی، بـۆ باشـتر و خێراتـر خزمەتكردنـی هاوڵاتیـان، داوای لـە هەمـوو وەزارەتـەكان كـردووە كـە بیرۆكراسـی كـەم بكرێتـەوە و پلانـی چوار سـاڵەی خۆیـان بـۆ چاكسـازیكردن ئامـادە بكـەن. دەستییان بـە ئەلكترۆنیكردنـی چەنـد خزمەتگوزارییەكــی گشــتی كــردووە. خەریكیــن داتاســەنتەرێک، واتــا ناوەندێكــی زانیــاری بــۆ حكومــەت دادەمەزرێنین كـە ئەم ناوەنــدە بــە شــێوەیەكی ئەلكترۆنــی، خزمەتگـوزاری گشـتی پێشكەشـی هاوڵاتیـان و خاوەنــكاران دەكات بــۆ ئــەوەی بــە ئاســانی دەسـتیان بـە خزمەتگوزارییـە حكومییـەكان بـگات. بـۆ نموونـە لـە ڕێگـەی ئینتەرنێتـەوە چەندیـن دەروازەی سـنوورییان بـە یەكـەوە بـەسـتووە، ئەمـەش ئاسـانكارییەكی باشـی كـردووە لـە بـواری كۆكردنـەوەی گومـرگ و هەروەها گەشەكردنی بزاڤــی بازرگانــی ، هەروەهــا بووەتــە هــۆی باشــتربوونی كوالێتــی كۆنتــڕۆڵ. جیــا لــە بە ئەلیكترۆنیكـردن، هەوڵیـان داوە خزمەتگوزارییـە سـەرەكییەكان لـەناوەنـدی پارێـزگاكان كـۆ نەكرێنــەوە بــۆ نموونــە لــە جیاتــی ئــەوەی خەڵــک بێت لـە سـەنتەری شـارەكانی وەكـو هەولێـر و سلێمانی پاسپۆرت دەربهێنێـت یـان

نوێی بکاتەوە. ئێستا چەند بنکەیەکی پاسپۆرت لە چەند شارۆچکەیەکی وەک کۆیە و سۆران و زاخۆ کراونەتەوە و هی تریش دەکرێنەوە. بەم شێوەیەش کات و سامانی هاوڵاتیان بە فیڕۆ ناچێت و قەڵەباڵغی و جەنجاڵی لە ناوەندە خزمەتگوزارییەکان کەم دەکرێتەوە. هەروەها لە بابەتی دەوامکردنی فەرمانبەرانیش گۆڕانکارییان ئەنجام داوە، ئەمەش وای کردووە فەرمانبەرانی حکومەت باشتر لە جاران پابەند بن بە کاتژمێرەکانی کارکردنیان و بەو جۆرەش رایی کردنی مامەڵە و کاروباری هاوڵاتیان خێراتر و کاریگەرتر بووە. (**سەرچاوەی پێشتر، ٣٣٤ - ٣٣٥**).

لە کارنامەی کابینەی نوێەمدا هاتووە کە دەیەوێت چاکسازی بکات لە زۆربەی بوارەکان هەر وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە کارنامەکەیدا ئاماژەی بەوەیدا کە لەهەموو سێکتەرەکان چاکسازی دەکات. هەروەها لە راپۆرتی کار و چالاکییەکانیشدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەوڵدەدات لە چەندین بواری جۆراو جۆر پرۆسەی چاکسازی ئەنجام بدات، وەک بواری سیاسی، ئابووری و دارایی(بازرگانی)، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی(پەروردە و تەندروستی). بەگشتی هێڵە گشتییەکانی کارنامەکە لەسەر چەند ئاستێکە کە بریتین لە مانە :

١ - لە ئاستی چاکسازی.

٢ - لە ئاستی خزمەتگوزاری.

٣ -لەسەر ئاستی پەیوەندنیێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ.٣١٧

٤ - ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان.

٥ -پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

٦ -لە ئاستی ئابووری و دارایی.

٧ -لە ئاستی کارگێڕی.

لەژێر رۆشنایی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەپێی پلانە ئامادەکراوەکەی بۆ ماوەی چوار ساڵ، بە پوختی ئەو هۆکار و پەلنەرانە دەخەینەڕوو کە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم کابینەیە هەنگاو بنێت ۆ ئەنجامدانی چاکسازی، گرنگتیرن لەو هۆکارانە بریتین لە مانەی خوارەوە: (هەمان سەرچاوە، ٢٧)

١ -کاراکردن و پشتیوانیکردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، و کارکردن بە شەفافی.

٢ -بەهێز کردنی ژێەخانی ئابووری، زیادکردنی داهاتی ناوەخۆ و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەرهەمهێن کردنی کۆمەڵگای کوردستان.

٣ -بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەی کوردستان و کردنی بە کۆمەڵگایەکی گەشەسەندوو و تەندروست.

٤ -باشـــتر كردنی میكانیزمی كاركردن و زیادكردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان و فەرمانگەكان.
٥ -بەرەو پێشـــبردنی پەیوەندییەكانی هەرێم لەگەڵ حكومەتی فیدراڵ و لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

## ٣,٣,٢. بەربەستەكانی بەردەم چاكسازی لە هەرێمی كوردستان

چاكسازی لە هەر شوێنێك بكرێت، جگە لەوەی پاڵپشـــتیەكی جەماوەری هەیە، لە هەمان كات رووبەرووی چەندین ئاســـتەنگیش دەبێتەوە، لە ســـەرووی هەموویانەوە لەلایەن ئەو هێز و لایەنانەی زەرەرمەند دەبن لە چاكســـازی، یان ئەوانەی لە پرســـی گەندەڵیدا تێوەگلاون، بۆیە بەقەدەر ئیرادەی ئەنجامدانی چاكسازی، رێگری و بەربەســـتی بۆ دروســـت دەكرێت. لە هەرێمی كوردســـتان جگە لەوەی خواســـتێكی زۆر بۆ چاكســـازی هەیە، لە هەمان كاتدا، چەندین بەربەســـت لەبەردەم ئەم پرۆســـەیە هەیە، كە بەشێك لە بەربەستەكان سیاسین و بەشێكی ئابووریە و بەشێكیشی یاساییە (**هۆگر، ٢٠٢٣، ل ١٥٢**).

**بەربەستی سیاسی :**

گەورەترین بەربەســـت لەبەردەم چاكســـازی لە هەرێمی كوردســـتان، بەربەســـتی ســـیاسییە، بەتایبەت لەلایەن ئەو پارتە ســـیاســـییانەی زەرەرمەندن لە چاكســـازی، بۆیە حكومەتی هەرێمی كوردســـتان ئەوەی نەشـــاردۆتەوە كە بەشێك لە پارتە سیاسییەكان، بەتایبەت ئەوانەی لە دەســـەڵاتن و دژی حكومەت دەجولێنەوە، تەگەر لەبەردەم چاكســـازی دروســـت دەكەن و ئاســـتەنگی گەورەریان بۆ دروســـت كردووە. (**باس نیوز، ٢٠٢٢**) لە رووی ســـیاســـییەوە دوو جۆر ئاســـتەنگ لەبەردەم ئەم پرۆســـەیە، ئاســـتەنگی یەكەم لەلایەن ئەو هێزانەیە كە پێكهێنەری حكومەتن و نایانەوێ چاكســـازی بكرێت، ئەمە خۆی بەربەســـتی زۆر گەورە دروســـت دەكات، ئاســـتەنگی دووەم لەلایەن هێزەكانی دەرەوەی حكومەتە كە رای گشتی بە ئاراستەی پێچەوانەی چاكســـازیی هاندەدەن و ئەو بۆچوونە بڵاودەكەنەوە كە ئیرادەی چاكسازی و شێوازی چاكسازییەكە تەواو نییە.

**بەربەستی ئابووری:**

بەشـــی زۆری ئەو چاكســـازییانەی لە هەرێمی كوردســـتان كاری لەســـەر كراوە لەســـەردەمی كابینەی نۆیەم، چاكســـازی بووە لە سێكتەرە ئابوورییەكان، بەتایبەت لەرووی چۆنیەتی رێكخســـتنەوەی خەرجی و داهات، هەروەها بەشـــێكی زۆریشـــی بۆ رێكخســـتنەوەی پرسی مووچەی مووچەخۆران بووە. (چاكســـازی كابینەی نۆیەم، ٢٠٢١). لە بەرامبەردا هەرێمی كوردســـتان بە قەیرانی ئابووری درێژخایەن تێپەری بوو كە بەشـــێكی پەیوەســـت بوو بە

کێشـــەکـانی نێوان هـەولێر و بـەغـدا، بۆیـە لێکەوتەکانی ئەم قەیرانە و ئاســەوارەکانی بونە بەربەســتی ئابووری لەبەردەم چاکســازی، لەم روانگەیەوە، کاتێك دۆخی هاوڵاتیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە دۆخێکی ناهەمواردابێت، ئاسان نابێت کە دەست بۆ لیستی موچەخۆران ببرێت، لە لایەکی دیکە، توا نا ئابوور یە کانی هەرێم ســنوردارەو لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە فشــاری ئابووری زۆری لەسەر، بۆیە فشارە ئابووریەکانی حکومەتی ناوەند بە تایبەت لەبواری شـایسـتە داراییەکان و پرســی نەوت و گاز، بوونە یەکێك لە گەوەترین بەربەســتە ئابووریەکانی بەردەم چاکســازی لە هەرێمی کوردستان.

**بەربەستی یاسایی:**

هەرچەندە چاکسـازی لە هەرێمی کوردسـتان لە پەرلەمانی کوردســتان هەمیشــە بابەتێکی گەرم بووە، بەڵام یاسای چاکسازی لەلایەن حکومەتەوە رەوانـەی پـەرلـەمـان کرا، کـە بـەشــێکی زۆری دانیشــتـنە کانی تایبەت بەم با بە تە گرژی و نـاکۆکی زۆری لێ کـەوتـەو، بـەشــێوەیـەك کـە ئاســتەنگی یاســایی زۆری بۆ دروســت کرا (پرۆتۆکۆلی پەرلەمان، خولی پێنجەم)، ئەمەش بـە یـەکـەمین ئـاســتـەنـگ لـەبـەردەم ئیرادەی چـاکســـازی دادەنرێـت. هـەروەهـا لـەلایـەکی دیکەوە، یاســای چاکســازی تەنها لە بوارێکی کەمدا چاکســازی دەکات، کە رێکخســتنەوەی موچەیە، بەڵام سێکتەرەکانی دیکەش پێویستیان بە چاکسازییە، بۆیە کاتێك حکومەت دەیەوێ بە دەرکردنی بریار و رێنمایی تایبەت چاکســازی لە سـێکتەرێك بکات، رووبەرووی دەقە یاسـاییەکان دەبێتـەوە، کـە یـاســـا لـەســـەرووی بریـار و رینماییەکانەوە.

## ٤,٢. ســێگۆشـــەی (حوکمڕانی بـاش - حکومـەتی ئـەلیکترۆنی - نـەهێشـــتنی گەندەڵی)

حوکمڕانی بـاش و بەرەنگـاربوونەوەی گەنـدەڵی پەیوەندییەکی ڕاســتەوخۆ و ڕاســتەوخۆ هەیە، چونکە حوکمڕانی بـاش مۆدێلێکی مۆدێرنە کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی گەندەڵی و زیادکردنی دەســتپاکی دامەزراوەکانە. گەندەڵی کارگێڕی تایبەتمەندییەکی بەرچاوی "حوکمڕانی خراپ" ، بەڵام بەکارهێنانی نیشــانـدەرەکانی حوکمڕانی باش ژینگەیەکی دامەزراوەیی دروســت دەکات کە ڕێـگە لە لادانـی بـڕیـارەکـان دەگـرێـت و جێبەجێکردنی کاریگەری سیاسەتەکان مسۆگەر دەکات.

پەیوەنـدی نێوان پێوەرە ســەرەکییەکـانـی حوکمڕانی بـاش و بەرەنگـاربوونەوەی گەنـدەڵی لەم خـاڵانەی خـوارەوە کـورت دەکـرێـتەوە: **(Marivan, 2023: 247-274)**

- **شــەفافییەت (Transparency):** نەبوونی شــەفافیەت زەمینەیەکی بەپیت بۆ گەندەڵی

دروست دەکات؛ بۆیە پێشکەشکردنی زانیاری و دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتن بە ئازادی، گەرەنتی ئەوە دەکات کە چالاکییەکانی حکومەت لە ژێر چاودێری گشتیدا بمێننەوە، ئەمەش جێبەجێکردنی پراکتیزە گەندەڵەکان قورستر دەکات. شەفافیەت و ڕوونی دارایی لە گرێبەستەکان و بودجەی گشتیدا زۆر گرنگە بۆ ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی سەرچاوەکان.

- **لێپرسینەوە** :(**Accountability**) لێپرسینەوە پێویستی بە بریاردەرانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت هەیە کە ڕوونکردنەوە بۆ کارەکانیان بدەن و بەرپرسیار بن لە بڕیارە کانیان لەبەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکاندا. لێپرسینەوە بەشدارە لە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات و ڕێگریکردن لە خراپ بەکارهێنانی و دڵنیابوون لە بەکارهێنانی دروستی سەرچاوە گشتییەکان و باشترکردنی کوالیتی خزمەتگوزارییەکان.
- **سەروەری یاسا** :(**Rule of Law**) حوکمڕانی باش پێویستی بە چوارچێوەی یاسایی دادپەروەرانە و سەربەخۆ هەیە. گواستنەوە لە "حوکمی تاکەکان" بۆ "سەروەری یاسا" سنوورێک بۆ دەسەڵات دادەنێت و مافەکانی تاک دەپارێزێت و بڕیارە هەڕەمەکییەکان کەمدەکاتەوە کە زۆرجار پەیوەندی بە گەندەڵییەوە هەیە.
- **بەشداری** :(**Participation**) حوکمڕانی باش پەیوەستە بە کارلێکی نێوان حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت. بەشداری هاوڵاتیان لە پرۆسەکانی داڕشتنی سیاسەتدا بەشدارە لە زیادکردنی شەرعیەت و کاریگەری ئەم سیاسەتانە. هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیای سەربەخۆش ڕۆڵی "هاوسەنگی" دەگێڕن بۆ دەسەڵات، چاودێریکردن و ئاشکراکردنی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە زیانبەخشەکان.
- **کارایی و کاریگەری**: (**Efficiency and Effectiveness**) بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پەیوەستە بە بەکارهێنانی باشترین سەرچاوە بەردەستەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا. سیستمی کارگێڕی کارا و کاریگەر ئامرازێکی گرنگی خۆپارێزییە کە ڕێگری لە بەفیڕۆدانی سامانەکان دەکات کە جۆرێکە لە گەندەڵی.

لە کۆتاییدا سەرچاوەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە گەندەڵی و حوکمڕانی باش لە بنەڕەتدا ناکۆکن. لە کاتێکدا حوکمڕانی باش کار بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی دەکات بە هۆشیارکردنەوەی گشتی و بەهێزکردنی یاساکان، گەندەڵی توانای حکومەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی تێکدەدات و سەروەری یاسا و سەقامگیری دەوڵەت دەشێوێنێت. ئەزموونی هەرێمی کوردستانی

عێراق، وەک لەم سەرچاوانەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوە دەردەخات کە شکستهێنان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە پلەی یەکەم لە شکستهێنان لە گەیشتن بە پێوەرەکانی حوکمڕانی باش وەک شەفافیەت و لێپرسینەوە و کارایی دامەزراوەکانی حکومەت سەرچاوە دەگرێت.

ستراتیژیەتی چاکسازی پێویستی بۆ باشکردنی پرۆسەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە تەبەنی شێوازی حوکمڕانی باش بکرێت وەك چوارچێوەی کارکردن، بەشێوەیەك کەوا چەند رێکارێك پێویستە بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی بیروکراسی و باشکردنی ئەدای دامەزراوەیی دەزگاکانی حکومەت، ئەمانیش بریتین لە:

**١ - باشکردنی رێکارەکانی شەفافیەت و لێپرسینەوە.**

لەم چوارچێوەیەدا پێویستە رێکارەکانی لێپرسینەوەی نێوخۆیی و دەرەکی بەهێزبکرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گەندەڵی کە بەشێوەیەکی فراوان لەناو دەزگای بیرۆکراسی بڵاوبۆتەوە. بۆ ئەمە پێشنیاری بە تۆماتیکیکردنی بواری کارگێری دەکرێت، لەم نێوەندەدا پسپۆران پێشنیاری بەرزکردنەوە توانست و شەفافیەت دەکەن لەرێگەی گۆڕینی رێکارە دەستییەکان بۆ رێکاری تۆماتیکی و ئەلیکترۆنی، کە ئەمە ئاستی دەستوەردانی مرۆیی کەمدەکاتەوە کە یەکێکە لە هۆکارەکانی گەندەڵی. هەر لەم چوارچێوەیەدا گەیشتن بە زانیاری یەکێك دەبێ لە هۆکارەکان، کەوا پێویستە ژینگەیەك دروستبکرێت کە گرەنتی ئازادی دەستگەیشتن بە زانیاری بکات و پاڵپشتی لە چالاکییە تەندروستەکان بکات بۆ دڵنیابوون لە چاودێری چالاکییەکانی حکومەت بەشێوەیەکی ئاشکرا.

**٢ - نوێکردنەوەی سیستەمی یاسایی و ئیجرائی.**

پێویستە کار لەسەر بە عەقلانی کردنی یاساکان بکرێت، یاساکان و رێنماییە کۆنەکان نوێبکرێنەوەو ئاسان بکرێن، چونکە بەشێکیان ناتوانن داواکارییەکانی ئێستا جێبەجێبکەن، چونکە زۆر جار ئاڵۆزکردنی رێکارەکان دەرگا بەسەر گەندەڵی کارگێریدا دەکاتەوە. هەر لەم نێوەندەدا پێویست دەکات چاودێرییەکی توند بەسەر گرێبەستەکان و لیژنەکانی کرین لە حکومەت دابنرێت، پێویستە گرەنتی دەرفەتی کێبکرێیەکی تەندروست دروستبکرێت لەبری ئەوەی پرۆژەکان بە نهێنی دابەشبکرێن.

**٣ - چاککردنی خزمەتگوزاری مەدەنی (سەرچاوە مرۆییەکان)**

پێویستە دەرفەتی یەکسان لەبەردەم هەموان دروست بکرێت بۆ کەسەکان بە توانستی خۆیان و بە شایستەیی پۆستەکان بەرێوەببەن، دوور لە مەحسوبیەت و بەسیاسیکردنێکی توند. بۆ ئەمەش پێویستە بەردەوام پرۆگرامی راهێنان و

گەشـــەپێدان هەبێت بۆ ئەوەی فەرمانبەرە پیشـــەییەکان لە پســـپۆری خۆیان بە نوێترین رێگەکانی بەرێوەبردن و کارکردن شارەزابن.

**٤ – بونیادنانی ئیرادەی سیاسی و بەشداری کۆمەڵگەیی.**

ئیرادەیەکی سیاسی را ستگۆ زۆر گرنگە، چونکە بەشـێك لە هۆکارەکانی شـکسـتی بەشـێك لە رێکارەکانی چاکسازی لەپێشوودا دەگەرێتەوە بۆ لاوازی ئەو ئیرادە سیاسییە، بەشێوەیەك ئەگەر ئیرادە نەبێت ناتوانرێ بەپێی پێویست دەست بۆ دۆسـییـەکـانی گـەنـدەڵی ببردرێت. لـە پـاڵ ئەمەشدا پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی بەشداری پێبکرێت بەتایبەت ئەوانەی خاوەن بەرژەوەندین، وەکو رێکخراوەکـانی کۆمـەڵگـەی مـەدەنی و کەرتی تایبەت، پێویســـتە ئەوانە بەشـــداری لە دارشـــتن و جێبەجێکردنی ســـیاســـەتەکانی نەهێشـــتنی گەندەڵیدا بکەن بۆ گرەنتی کردنی هـاوســـەنگی و چاودێری کۆمـەڵگـە بـەســـەر پرۆسەکە.

کەواتە رووبەرووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان تەنها بە بەدواداچوونی یاسایی بەدی نایەت، بەڵکو پێویسـتی بە چاکسـازی پەیکەری بـەرفراوانی دامـەزراوەکـان هـەیـە کـەوا گرەنتی حوکمڕانی باش بکات، کە تێیدا جەخت بکرێتە ســـەر خۆپارێزی و رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی گـەنـدەڵی. دەتوانین بڵێین بەهێزکردنی حوکمڕانیی باش لەهەرێمی کوردســـتان تەنیا رێوشـوێنێکی یاسـایی نییە، بەڵکو پرۆسـەیەکی چـاکســـازییە کە ئـامـانج لێی دروســـتکردنی هـاوســـەنگییە لەنێوان هێز و کۆمەڵگـادا و دڵنیـابوون لەوەی کە ســـامـانە نەتەوەییەکـان (بەتایبەتی نەوت) بەشـــێوەیەک بەرێوە دەبرێن کە خزمەت بە گەشەپێدانی گشتگیر بکات نەک لەکەنـاڵەکـانی گەنـدەڵیـدا بەفیرۆیـان بـدات. **(هەمان سەرچاوە)**

چاکسازی لە بیرۆکراسی لە هەرێمی کوردستان پرسێکی چارەنووسسازە بۆ بنیاتنانی ئیدارەیەکی گشتی تەندروست بە پێی مەرجەکانی حوکمڕانی باش. یەکێکە لەو تەوەرە گرنگانەی کە سـەرنجی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانی ڕاکێشـــاوە. بۆ گەیشـــتن بەو ئـامـانجە، هەرێمی کوردســـتـان پرۆژەی حکومەتی ئەلیکترۆنی بۆ ماوەی ٢٠٠٢-٢٠٠٩ دەسـتپێکرد بۆ باشـترکردنی کاریگەری و شـــەفـافیەتی ئۆرگـانەکـانی بیرۆکراســـی و پێشـــکەشـــکردنی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی کە کارئاســـانی بۆ کارلێکی هاوڵاتیان لەگەڵ ئیدارە گشـتیەکان دەکات. چاکسـازی بە چالاککردنی حوکمڕانی بـاش وەک ڕێبـازێـک بەدی دێـت، هەروەها بە ڕێکخســـتنی بیرۆکراسـی لە هەرێمی کوردستان و وەرگرتنی چەمکەکانی بەڕێوەبردنی کوالیتی کۆی گشـــتی لە بەڕێوەبردنی ئەدای کاردا بۆ چاکسازی لە بیرۆکراسی و گەیشتن بە پرەنسیپی نزیککردنەوەی کارگێڕی لە هاوڵاتی. **جانگیر و احمد، (2020).**

پرۆژەی چاکسازی لە هەرێم بریتییە لە بەرجەستەکردنی پرۆژەی حکومەتی ئەلیکترۆنی حکومەتی هەرێم بۆ خێراکردنی مامەڵەکان و کەمکردنەوەی ئاڵۆزی و ڕێکارەکانی بیرۆکراتی و نزیککردنەوەی کارگێڕی لە هاوڵاتی. ئەمەش بە توخمێکی گرنگی حوکمڕانی باش دادەنرێت. حکومەت پرۆژەی حکومەتی ئەلیکترۆنی بۆ مۆدێرنکردنی بیرۆکراسی بە یەکخستنی پەیوەندی و زانیاری بۆ ئاسانکردن و ڕێکخستنی ڕێکارە کارگێڕییەکان و نەهێشتنی ناوەندگەرایی بیرۆکراسی لە ڕێگەی گشتاندنی ئەم تەکنەلۆژیایە لە هەموو ئیدارە ناوخۆییەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک (تەندروستی، پەروەردە، و دادپەروەری) بۆ ئاسانکاری بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتیەکان بۆ هاوڵاتیان. بۆیە سەرکەوتنی گواستنەوە بۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی لە چوارچێوەی پرۆژەی حکومەتی ئەلیکترۆنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٩ پێویستی بە چاکسازی لە بیرۆکراسی کارگێڕیدا هەیە. **(هەمان سەرچاوە)**

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستی بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکراسی و خێراکردنی مامەڵەکان بۆ باشتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان، و دڵنیابوون لە ڕێزگرتنیان لە فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومەت، خستەڕوو. ئەمەش پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە و بە تایبەتی کاری ئەلیکترۆنی وەزارەتە خزمەتگوزارییە ئاڕاستەکراوەکان بە خێرایی لەخۆدەگرێت.

## ١,٤,٢. ڕۆڵی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا

جگە لەوەش گەندەڵی کێشەی سەرەکییە لە هەموو جیهاندا کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، بەتایبەتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا. چاکسازییە کارگێڕییەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی پشتڕاستکرایەوە کە پەرەپێدانی قورسە. حکومەتی ئەلیکترۆنی لەم ڕووەوە بەڵێنی داوە بەو پێیەی ڕێگە بە کەمکردنەوەی گەندەڵی دەدات لانیکەم، و کاریگەری هەیە بۆ بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاری باشتر لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان. بەڵام حکومەتی ئەلیکترۆنی، گەرەنتی نادات کە چاکسازی کارگێڕی بۆ کۆتاییهێنان بە گەندەڵی چالاک بکات ئەگەر ژینگەی دامەزراندنی پرۆژەی حکومەتی ئەلیکترۆنی کارپێنەکرابێت. لەم جۆرە هەلومەرجەدا پێویستە پەرەپێدانی هەیکەلی کارگێڕی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەشێک بێت لە دیدگای حکومەتی ئەلیکترۆنی لە حکومەتی کارنامەدا. **(Ahmed, 2021)**

حکومەتی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی بە گۆڕینی سیستەمی

"تەقلیدی" لەسەر بنەمای کاغەز و بیرۆکراسی بۆ سیستمێکی مۆدێرن کە لەسەر بنەمای شیکاری زانستی و شەفافیەت دامەزراوە. بەپێی سەرچاوەکان ئەم بەشدارییە لە ڕێگەی چەندین میکانیزمی سەرەکییەوە دیارە:

**١ - بەرزکردنەوەی شەفافیەت و گشتگیریی**

حکومەتی ئەلیکترۆنی ئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ زیادکردنی شەفافیەت لە هەموو کەرتە ئابوورییەکان، بەتایبەتی لە بەڕێوەبردنی دارایی و ژمێریاری داهات. ئەمەش لە ڕێگەی: بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی حکومەت بە شێوەی ئۆنلاین: بەتایبەتی سەبارەت بە داهات و خەرجییەکان، تواناسازی هاوڵاتیان و دەزگاکانی چاودێری بۆ چاودێریکردنی ئەدای دارایی. ئاسانکاری بۆ دیاریکردنی گەندەڵی: ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری یارمەتی دۆزینەوەی ناڕێکییە دارایی و کارگێڕییەکان دەدەن بە وردی لە سیستمی تەقلیدی.

**٢- کەمکردنەوەی دەستێوەردانی مرۆیی**

گۆڕینی دیجیتاڵی بە شداریکردنی کارمەندان لە پرۆسێسکردنی مامەڵەکاندا سنووردار دەکات، بەم شێوەیە هەلەکانی زەوتکردن یان بەرتیل کەمدەکاتەوە. ئەمەش لە ڕێگەی:

- کەمکردنەوەی پەیوەندییە کەسییەکان: خزمەتگوزارییە ئۆنلاینەکان یارمەتی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە پەیوەندییە کەسییەکان دەدەن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا، بەمەش وەرگرتنی دیاری و بەرتیل لەناودەچێت. کەمکردنەوەی ناوەندەکان: حکومەتی ئەلیکترۆنی ڕێگە بە هاوڵاتیان دەدات ڕاستەوخۆ بە شێوەی ئۆنلاین دەستیان بە خزمەتگوزارییەکان بگات، ئەمەش ڕۆڵی ناوەندەکان کەم دەکاتەوە کە ڕەنگە کاریگەرییەکانیان بە شێوەیەکی نایاسایی بقۆزنەوە.
- هەلی یەکسان: حکومەتی ئەلیکترۆنی هەلی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیان دەڕەخسێنێت بۆ کێبڕکێکردن بە بەردەستکردنی هەموو مامەڵەکانی حکومەت بە شێوەی ئۆنلاین.

**٣. ئۆتۆماتیکیکردن و چاودێریکردنی ڕێکارە داراییەکان**

تەکنەلۆژیا سیستەمی پێشکەوتووی کۆنترۆڵکردنی دارایی دابیندەکات کە بەفیڕۆدان و گەندەڵی کەمدەکاتەوە. نموونە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتین لە:

- سیستمی کۆنترۆڵکردنی خەرجییەکان: ئەم سیستمە ئامانجی چاودێریکردنی خەرجییەکانی پرۆژەکانی حکومەت و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و زیادکردنی شەفافیەت لە بەڕێوەبردنی داراییدا، یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی خەرجییە ناپێویستەکان.
- سیستمی داهاتی حکومەت: ئەم سیستمە

ڕێگە بە حکومەت دەدات بە وردی لە قەبارەی داهات و خەرجییەکان تێبگات بۆ پەرەپێدانی پلانی داتا-بزوێنەر.

- تۆماری بایۆمەتری و ژمارەی کەسی بێهاوتا (UPN): ئەمەش دڵنیای دەدات لەوەی کە مووچە و شایستەکان دەگاتە وەرگری مافی خۆیان و ڕێگری دەکات لە دووبارە دامەزراندن یان ناوی خەیاڵی.

ژمارەی کەسی بێهاوتا (UPN): بەشێوەیەکی سەرەکی یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی بەوەی کە کۆڵەکەی سەرەکی پلانی گۆڕینی دیجیتاڵی و مۆدێرنکردنی سیستمی کارگێڕییە و بەشداری لە خاڵەکانی خوارەوەدا بەرجەستە دەکرێت:

- پشتڕاستکردنەوەی وردی بایۆمەتری: ژمارەی ناسنامەی کەسی بێهاوتا لەسەر بنەمای سیستمی تۆمارکردنی بایۆمەترییە، کە دە پەنجەمۆر و سکانی ئیریس لە هەر وەرگرێکی مووچە وەرگیراوە. ئەم پشتڕاستکردنەوە ڕێگری دەکات لە هەر هەوڵێک بۆ دزینی ناسنامە یان دەستکاریکردنی زانیاری کەسی.
- بەرەنگاربوونەوەی ناوی ساختە و دووبارەکردنەوە :ئەم ژمارەیە بۆ دەرکردنی ناسنامەی پارێزراو بۆ مووچەخۆران بەکاردەهێنرێت. ئەم ڕێکارە یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی ناوی ساختە (کە لە ڕاستیدا بوونیان نییە) و ڕێگە لە کەسێک دەگرێت لەوەی زیاتر لە یەک مووچە بە نایاسایی وەربگرێت.
- دروستکردنی ناسنامەیەکی دیجیتاڵی یەکگرتوو :ئامانجی ئەم سیستمە پێدانی ناسنامەیەکی دیجیتاڵی تایبەت بە هەموو هاووڵاتییەک، ڕێگەخۆشکەرە بۆ دیجیتاڵکردنی هەموو خزمەتگوزارییەکانی حکومەت. ئەم ناسنامەیە پێویستی بە کاغەز ناهێڵێت، کە دەستکاری کردنی ئاسانە، و شەفافییەت لە بەدواداچوونی مامەڵەکاندا زیاد دەکات.
- کەمکردنەوەی دەستێوەردانی مرۆڤ :بە بەستنەوەی (PIN(بە سەنتەری داتای ناوەندی و بەردەست کردنی خزمەتگوزاری ئۆنلاین، بەشداری کارمەندان لە مامەڵەکان سنووردار دەبێت و ئەگەری داواکردنی بەرتیل یان خزمایەتی سنووردار دەکات.
- با شترکردنی کۆنترۆڵی دارایی :UPN داتای ورد و واقیعی لەسەر قەبارەی خەرجی و سوودمەندەکان پێشکەش بە حکومەت دەکات، کە یارمەتیدەرە لە دارشتنی پلانی دارایی دادپەروەرانە و شەفاف و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان بەهۆی خراپ بەڕێوەبردن. **(هەمان سەرچاوە)**

گۆڕینی دیجیتاڵی و جێبەجێکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی

کۆمەڵێـک تەحەدای سـەرەکی دەبێتەوە کە ڕێگرن لە پێشـکەوتنی. ئەمانە دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

١. **نەبوونـی چـوارچێـوەیەکـی یـاسـایـی یەکگرتوو:** لـە سـەرتـاسـەری عێراق (بەهەرێمی کوردسـتانیشـەوە) یـاسـای نیشـتیمانی نییە کە ڕێکارە یاسـاییەکان بۆ فەرمـانگەکـانی حکومەت بۆ گواسـتنەوە بۆ حـکومەتـی ئەلـیـکـترۆنـی دیـاری بـکـات. پابەندبوون بە دەسـتووری عێراق: هەرێمی کوردسـتان پابەندە بە دەسـتووری عێراقەوە، کە توانـای دارِشـتنی یـاسـای هەرێمی سـنووردار دەکـات کە ڕەنگە لە هەنـدێـک بابەتی سەروەریدا دژ بە یاسا نیشتمانییەکان بکەوێت. هیچ یاسـایەکی تایبەت نییە کە بە شـێوەیەکی گونجاو کارە ئەلیکترۆنییەکان بپارێزێت و ڕێکبخات یان گەرەنتی ئاسـایش و نهێنی زانیارییەکان بکات .

٢. **ئـاڵـەنـگـاری سـیـاسـی و ئـیـداری:** کـاربـەدەسـتـان بەردەوامیی پڕۆژەکـانی گۆڕینی دیجیتاڵی کاریگەری لەسەرە بەهۆی ئەو گـۆڕانـکـاریـیە زۆرانەی لە کـابـیـنە و بەرپرسانی حکومەتدا هەر چوار ساڵ جارێک دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵاوسان لە پـابەنـدبـوون بە جـێـبەجـێـکـردنـی پـلانە درێژخایەنەکان. ئیدارەی مەرکەزی ڕێگری لە نەرمی گۆڕینی دیجیتاڵی و دابەشـکردنی دەسەڵاتی ئەلیکترۆنی دەکات. بۆیە دەبینین پشـتبەسـتنی قووڵ بە سـیسـتمی تەقلیدی لە سەر بنەمای کاغەز، گوا ستنەوەی خێرا بۆ سیستمی دیجیتاڵی مۆدێرن قورس دەکات.

٣. **ئاڵەنگاری تەکنیکی و ژێرخانی:** ناتەواوی ژێرخـانی تەکنەلۆژیـای زانیـاری (ICT)، زۆرێک لە دامەزراوەکانی ناوچەکە بەدەست لاوازی ئامێری تەکنیکی و تۆڕە مۆدێرنەکانەوە دەنـاڵێنن. لـەم روانگـەیـەوە پرسـی وزە و پەیوەندی رۆڵی زۆری هەیە، نەبوونی کارەبای پێویسـت و لاوازی پەیوەنـدی ئینتەرنێـت بەربەسـتی سـەرەکین لە بەردەم بەردەوامیی خزمەتگوزارییە دیجیتـاڵییەکـان. هـەر لـەم چوارچێوەیەدا کێشـەیەکی دیکە بریتیە لە کـەمی داتـا، کەمی داتـا و ئـامـاری وردی پەیوەنـدیـدار بە بەکـارهێـنـانی ئینتەرنێـت و تەکنەلۆژیای زانیاری بە ڕوونی هەیە، ئەمەش پلاندانانی دروست ئاڵۆز دەکات.

٤. **ئـاسـتـەنـگە دارایـی و مـرۆیـیەکـان:** تەرخانکردنی سەرچاوە داراییەکان، پێویستە کارامەیی و سـەرچاوەی دارایی پێویسـت بۆ پەرەپێدان و پارا ستنی سیستمی حکومەتی ئەلیکترۆنی تەرخـان بکرێـت. کـەموکوری هەیە لە توانای مرۆیی، گۆڕینی دیجیتاڵی پێویسـتی بە بنیاتنانەوە و ڕاهێنانی توانای کارمەند هەیە، کە ئەمەش لە ژێر سـیسـتمی کارگێڕی ئێستادا تەحەدایەک دەخاتە ڕوو .

**٥. ئاڵەنگاری متمانە و هۆشیاری کۆمەڵایەتی**: قەیرانی متمانە، کەمی متمانەی بەکۆمەڵ لەنێو هاولاتیاندا هەیە سەبارەت بە بەڵێنەکانی حکومەت سەبارەت بە چاکسازی و پلانی گۆڕینی دیجیتاڵی، بەهۆی سەختی ساڵانیک لە کەرتی خزمەتگوزاری. ناهاوسەنگی هەیە لە دابەشبوونی دیجیتاڵی، هەموو هاوولاتیان وەک یەک دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیا یان لێهاتوویی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکانیان نییە، ئەمەش ڕەنگە کاریگەریی سیستمەکە سنووردار بکات.

**دەرەنجام:**

ئەم توێژینەوەیە لە ئاکامی گەڕان بەدوای وەڵام بۆ گریمانەی توێژینەوە سەبارەت بە گەشەسەندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی و بەهێزکردنی پایەکانی حوکمڕانی و نەهێشتنی گەندەڵی لەم چوارچێوەیەد لە هەرێمی کوردستان، دەکرێ ئەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

**١- واقعی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان**

- سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆر بە خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی دەدات و لە پێشینەی کارەکانی داناوە، بەڵام حکومەتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی بنیاتنانە، بەشێوەیەك کەوا تاوەکو ئێستا تەنها لە ٢٦ بواردا بە ئاستی جیاواز کاریان بۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی کردووە.
- چوارچێوەی حکومەتی ئەلیکترۆنی سنوردارە، واتە پرۆسەیەکی سەرتاسەری نییە، بەڵکو لە چەند بوارێکی کەمی حکومیدا کاری لەسەر کراوە، وەکو بابەتەکانی پەیوەندیداربە قوتابی، خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی ناوخۆ. لە کاتێدا پێویست بوو دەست بۆ بردنە کە سەرتاسەری بێت.
- تێچوو و کوالیتی خزمەتگوزارییەکان لە هەندێ بواردا زۆرە، بەشێوەیەك کەوا ئەم گواستنەوە ئەلیکترۆنییە لەبڕی ئەوەی تێچووی دارایی لەسەر هاوڵاتیان کەمبکاتەوە، زیادی کردووە، سەرەرای ئەوەی هەندێ خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی پێویستیان بە بەرزکردنەوەی کوالیتیەکەیەتی.

**٢- گەندەڵی کارگێری و دارایی**

- کێشەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دۆخێکی تایبەتی کەسی نییە و لە چەند حاڵەتێکدا کورت ببێتەوە، بەڵکو ژێرخانێکی درێژی هەیە، پەیوەستە بە دەستوەردانی حزبی لە کاروباری کارگێری لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوو، بەتایبەت لەم لێشاوی دامەزراندنەی لە کەرتی گشتی دروستی کردووە، کە ئەمە بووە هۆی هەڵاوسانی ژمارەی

فەرمانبەران. بەشـــێوە یەك کەوا لە ١٩٩٢ ژمارەی فەرمانبەران تەنها ١٣٠ هەزار بوو، کەچی ئێســـتا زیاترە لە ١,٣ یەك ملیۆن و سێسەد هەزار فەرمانبەر.

- نەبوونی شەفافیەت و لاوازی ئاستی چاودێری پـەرلـەمـانـی و دامـەزراوەیـی، لـە هـۆکـارە سـەرەکییەکانی زیادبوونی دیاردەی گەندەڵی و متمانەی هاوڵاتیانە بە دامەزراوە فەرمییەکان.
- ئەم دیاردەی گەندەڵییە لێکەوتەی نەرێنی دروســـتکردووەو قـەیرانی دارایی و ئـابووری بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە، ئـەمـە جگـە لـەوەی قـە یرانی ســـیـاســـی و دیـاردەی کۆچی توانستەکان، یەکێکی دیکەن لە لێکەوتەکانی زیادبوونی دیاردەی گەندەڵی.

**٣ - پـەیوەنـدی نێوان حوکمڕانی بـاش و حکومەتی ئەلیکترۆنی**

- بـەدیهێنـانی ئـاســـتێکی بـاڵا لـە حکومـەتی ئـەلـیـکـترۆنـی، چـالاکـتریـن فـاکـتـەرە بـۆ بـەدیهێنـانـی حوکمڕانی بـاش، چونکـە ئـەم فۆرمە لە حکومەت شـــەفافیەت زیاددەکات و دەستوەردانی مرۆیی بە شێوەیەکی راستەوخۆ کە بارگاوییە بە میزاجی کەســـییەوە، کەم دەکـاتـەوە، کـە ئـەمـەش دەرگـا بۆ رەشـــوەو مەحسوبیەت دادەخات.
- سیستەمێك و شێوازێکی کارکردن کەلە سەر ژمـارە دامـەزرابـێـت، مـامـەڵـە دارایـی و کـارگێرییـەکـان خێرا دەکـەن و دەرفـەتی لێپرسینەوەو چاودێری یاسایی زیاد دەکات.
- لە هەرێمی کوردســـتان ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆ بەســـتنەوەی حکومەتی ئەلیکترۆنی و حکومڕانی باش، ئەمە بە روونی لە کارنامەی کـابینـەی نۆیـەمی حکومـەتـەکـە رەنگی داوەتـەوە، بـەشـــێوەیـەك کـەوا کـارکردن بۆ نـەهێشـــتنی گـەنـدەڵی و جێبـەجێکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی بەشـێوەیەکی ئۆرگانی بەرێگایەك دانراوە بۆ بەدیهێنانی حکومڕانی باش.

**٤- ئاستەنگەکانی چاکسازی و گەشەسەندن**

- ئاســـتەنگە یاســـایی و ســـیاســـیە کان بەرچاوترینن، کەموکورتییەکی روون هەیە لە چوارچێوەی یاسایی یەکگرتوودا کە کارکردنی ئـەلیکترۆنی رێکبخـات و تـایبـەتمـەنـدی داتـایـەکـان بپـارێزێت. ســـەرەرای ئـەوەی دەســـتـوەردانـی حـزبـی و بـەرژەوەنـدیـیـە ســـیاســـییەکان وەك رێگرییەك دەردەکەون لەبەردەم ئەو پلانە ســـتراتیژییەی حکومەتی هەرێم دایناوە بۆ چاکســـازی درێژخایەن لە هەرێمی کوردستاندا.
- لەرووی تەکنیکی و مرۆییەوە ئاســـتەنگی زۆر هەیە، هەرێمی کوردســـتان بەدەســـت لاوازی ژێرخانی حکومەتی ئەلیکترۆنی دەناڵێنێت، وەکو ناســـەقامگیری دۆخی کارەبا، و لاوازی هێلەکانی ئەنتەرنێت و نەبووی هۆشـــیاری ئەلیکترۆنی پێویست). هەروەها کەموکورییەك

لە بوونی کادیری بەتوانا و شیاو و ڕاهێنراو بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی ژمارەیی هاوچەرخ.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان ( کابینەی نۆیەم) هەوڵیداوە ئەم چاکسازییە بە یاسایی بکات و بۆ ئەم مەبەستە ڕەهەندی یاسایی پێداوە، لەسەر ئەم بنەمایە توانیویەتی دەست بۆ هەندێك پرس ببات و چاکسازی تێدابکات، ئەنجامەکانیش لە هەندێ بواردا زۆر بەروونی دەردەکەوێت.

**٥ - هەوڵەکانی حوکمڕانی باش و بەدامەزراوەیی کردن**

- هەندێك هەنگاوی ئەرێنی هەیە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، حکومەتی هەرێم لە کابینەی نۆیەمدا دەستی بە هەنگاوی جدی کردووە بەئاراستەی بە ئەلیکترۆنی کردن لەرێگەی دامەزراندنی سەنتەری داتاکان و ئاسانکردنی خزمەتگوزاری گشتی، وەکو بە لامەرکەزی کردنی پاسپۆرت.
- باشکردنی سەرچاوەکانیش یەکێکی دیکە لە هەوڵەکان، ئامانجی سەرەکی ستراتیژیەتی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی سەرچاوە نانەوتییەکان و زیادکردنی شەفافیەتە لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە گشتییەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانی دارایی.
- کاکردن لەسەر شەفافیەت و لێپرسینەوە قۆناغێکی باشی بڕیوە کە ئەمانە بەیەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی حوکمڕانی باش دادەنرێن، لەم چوارچێوەیەدا هەوڵی جدی بەدی دەکرێت لە بەدامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتە گشتییەکان.
- ئاستی پەیرەوکردنی حوکمڕانی باش لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی بنیاتناندایە، لەڕووی بەدامەزراوەیی کردنەوە پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسی بەرزتر هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەنجام و بەرەوپێشچوونەکان لەڕووی پەرەپێدانی حکومەتی ئەلیکترۆنی و نەهێشتنی گەندەڵی نیشانەی بەردەوامی کارکردنە بۆ هێنانەدی حوکمڕانی باش و بەدامەزراوەیی کردن.

*****


**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:**

- بەڵێن ئیسماعیل، گەندەڵی و چاکسازی، ڕوانگەی پەی، گەندەڵی و چاکسازی - ڕوانگەی پەی (payinstitute.org)
- توانا ئەحمەد خەیات، گەندەڵی چییە؟، خەندان، گەندەڵی چییە ؟(xendan.org).
- جندیانی، هەڵگورد عبدالوهاب، ٢٠١٩، دەروازەیەك بۆ بوژانەوەو چاکسازی نەرم لە هەرێمی کوردستان، بەرگی یەکەم، هەولێر.

- جەوهەر، ئا شور یا سن، ٢٠٢٢، پر سی ریفۆرمی سیا سی لە هەرێمی کورد ستان (٢٠١٨-٢٠٠٩)، گۆڤاری زانکۆ گەرمیان، ژمارە ٩، وەرزی ٢، ٨١-١٠٤
- جونا سوبحی، دڵخواز ئیسماعیل، دیاردەی ناسەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، پێنووس، دیاردەی ناسەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق: خوێندنەوەیەک بۆ چەمک و ڕەهەندەکانی (penus.krd)
- حامد حاجی قادر، گەندەڵی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢.
- د. هیبە عەبدولمونعم، د. محەمەد ئیسماعیل، ٢٠٢١، هەڵسەنگاندنی دۆخی سوودوەرگرتنی واڵتانی عەرەبی لە تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد،وەرگێراتی گۆڤاری ئایندەناسی، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٨ ساڵی ل ل ٥٢-٧٦
- سەرۆ قادر، واقعی کوردستان و کردەوەی چاکسازی، بەرگی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٨.
- عەدنان ئەحمەد، ٢٠٢٠، هەوراز و نشێوەکانی خوێندنی ئەلکیترۆنی لە کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٤ی ، ل ل ١١٤-١٢٣
- فەرەج شەریف، ئەمین،(2019)، حو کمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەک لە پایەو ئاستەنگەکانی (1992 - 2013)، و/ لوقمان حاجی جادر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- کاوانی، محمد، ٢٠٢٠، پێکهاتەی سیاسی و چاکسازی، ماڵپەری زەمەن، ڕێکەوتی سەردانی ٢٠٢٢/١٠/٢٨، لەم لینکە بەردەستە: https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=2694
- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نوسینەگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکوتی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١.
- گەیلان عەباس، گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆران، ٢٠٢١.
- هۆگر ئیبراهیم حەکیم، لامەرکەزیەتی هەرێمی کوردستان: لە کوێوە بەرەو کوێ، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٢٣.
- هێمن میرانی، گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی لە کوردستان، شرۆڤە، ٢٩، ٢٠١٩.
- هێمن نامیق جەمیل، ئیرادەی سیا سی وەکو پێداویستییەکی گرنگی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، گۆڤاری توێژەر، بەرگی سێ، ژمارە ٢، ٢٠٢٠.
- هەندرێن شێخ راغب، چاکسازی، روانگەی پەی، چاکسازی - روانگەی پەی(payinstitute.org).
- حکومەتی هەرێمی کوردستان https://gov.krd/the-governments-mission/good-governance/
- حکومەتی هەرێم، چاکسازی، https://gov.krd/the-governments-mission/good-governance/

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**


- جانگير, فارس علي, و احمد، محمد عبدو، مشكلة بيروقراطية الإدارة و بناء الحكم الرشيد (إقليم كورد ستان العراق للمدة ٢٠٠٥-٢٠١٩ أنموذجاً, مجلة جامعة دهوك، ٢٣, 229-206 :(2020) 1 .no.
- بدران عباس، 2016، تعريف الحكومة الذكية, مركز دراسات الحكومة الذكية،. www.egovconepts.com/
- بدران، عباس ، الحكومة الاكترونية من الاستراتيجية للتطبيق، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الاولى، بيروت ٢٠٠٤
- الخمايسة، صدام محمد، ٢٠١٧، الحكومة الذكية ما بعد الحكومة الاكترونية، الطبعة الاولي، قنديل للطبع و النشر، دبي
- سلمان عبود زبار، ٢٠٢٠، الحكومة الذكية وتطبيقاتها في النقل الذكي دراسة تحليلية لاراء عينه من العاملين في المنظمات العزاقية، المجله العراقيه للعلوم الادارية، المجلد ١٥ العدد ٥٩، ص ١-٤١
- حسن، حنان عبدالله، مجلة العلوم الاقتصادية و الادارية، جامعة بغداد، العدد ٩٥، المجلد ٢٣، ٢٤٠-٢٥٤.
- السيد، محمود محمد، ٢٠١١, مفهوم الاصلاح السياسي، الحوار المتدمن، تاريخ الزيارة ٢٠٢٢/١١/٢٥، الرابط: https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=284594
- شمام، عبد الوهاب. (٢٠٠٢). الشروط الاجتماعية لنجاح الإصلاحات الاقتصادية .*مجلة العلوم الإنسانية*
- عزيز، ابراهيم محمد، ٢٠١٠، اشكالية الاصلاح السياسي في الشرق الاوسط، مطبعة روون، السليمانية.
- الكيالي، عبدالوهاب، الموسوعة السياسية، المؤسسة العربية للترجة و النشر، بيروت.
- ا.م.د.شالاو صباح عبدالرحمن، التحول الى الحكومة الالكترونية (حكومة اقليم كوردستان – العراق نموذجا)، مجلة القانون و العلوم السياسية، العدد ٢٢، ٢٠٢٤، ٢٨٠-٣٠٢


**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان**


- AHMED, Kovan Hamid. "The Role of e-government in enabling administrative reform in the public sector." PhD diss., KDI School, 2021.
- Johar Mohammad, Marivan, Ebad Rouhi, and Haneh Farkish. "Fighting against administrative corruption in the Kurdistan Region of Iraq from the perspective of good governance." *World Politics* 12, no. 3 (2023): 247-274.
- OECD. (2011). 'Chapter 2: Benefits and outcomes of m-government'. In: M-Government: Mobile Technologies for Responsive Governments and Connected Societies. Paris: OECD Publishing. [Online] https://www.itu.int/ITU-D/cyb/app/docs/m-ov/Benefits%20and%20outcomes%20of%20M-government.Pdf.
- G. V. Pereira, G. Eibl, C. Stylianou, G. Martínez, H. Neophytou, and P. Parycek, 2018 , "The role of smart technologies to support citizen engagement and decision making: International

Journal of Electronic Government Research Volume 14 • Issue 4 • 2018

- Jotischky, N. and Nye, S. (2011). Mobilizing public services in Africa: The M-Government Challenge. London: Informa Telecoms & Media.
- B. W. Wirtz, J. C. Weyerer, and F. T. Schachter, 2019 "An integrative public IoT framework for smart government," Gov, vol. 36, no. 2, pp. 333–345,.
- S. K. Kim, M. J. Park, and J. J. Rho, "Does public service delivery through new channels promote citizen trust in government? The case of smart devices," Inf. Technol. Dev., vol. 25, no. 3, pp. 604–624, 2019. Pages 604-624
- Sayed AbdelGaber, Marwa Salah Farhan, 2020 ,Converting Kuwait from Electronic Government to Smart Government, International Journal of Computer Science and Information Security (IJCSIS), Vol. 18, No. 10, October
- Lim, M. Masrom, and S. Din ,2013, "E-government and egovernance concepts and constructs in the context of service delivery"," African Journal of Business Management", pp. 2817-2826
- Rashed Alshamsi, Ali Ameen, Osama Isaac , Ahmed Al-Shibami, Amiya Bhumik, 2020, Impact of Smart Government Usage and Smart Government Effectiveness on Employee Happiness, volume 82, pages 12086-12100
- Caiden, G. (1968). "Administrative Reform," International Review of Administrative Sciences, vol. 34, no. 4, pp. 347-354.
- James Iain Gow, Emeritus professor,2022, ADMINISTRATIVE REFORM, ENCYCLOPEDIC DICTIONARY OF PUBLIC ADMINISTRATION.
- Omar Bali, Ahmed. "Communication tools to fight bureaucratic corruption in Iraqi Kurdistan: A case study." *Sage Open* 8, no. 4 (2018): 2158244018811185.

# دەستوری هەرێمی کوردستان

## لە نێوان پێویستبوونی نەتەوەیی و سیستمی فیدراڵیدا



د. چواس حەسەن
پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەبواری یاسای گشتیدا

پێشەکی:

هەرێمی کوردستان-عێراق بە ئەزموونێکی سیاسی - دەستوریی تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، لە لایەکەوە هەرێمێکی فیدراڵیە و لە دەستوردا دانی پێدانراوە، لە لایەکی دیکەشەوە قەوارەیەکی سیاسیە بەرجەستەی خەباتی نەتەوەیەک دەکات، کە لەمێژەوە هەوڵی چەسپاندنی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی لە چوارچێوەیەکی یاسایی دانپێدانراودا داوە و گەلێك قوربانیشی لەو پێناوەدا داوە.

هەرێمی کوردستان، کە لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ەوە خاوەنی سەربەخۆیی دیفاکتۆ (De Facto) بووە و بەپێی دەستوری ٢٠٠٥ـی عێراقیش خاوەنی ڕەوایەتی دەستورییە De

(Jure )، تا ئەم ساتەش دەستورێکی تایبەت بەخۆی نیە کە ژیانی سیاسیی ڕێکبخات و ماف و ئەرکەکان دیاری بکات و ببێتە باڵاترین مەرجەعی یاســایی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیە ناوخۆییەکان. ئەم بۆشاییە دەستورییە چیتر بابەتێکی یاسایی دواخراو نیە، بەڵکو گۆڕاوە بۆ کەلێنێکی ستراتیژی لە قەوارەی سیاسی هەرێمدا، بەجۆرێک کە نەبوونی دەقی دەستوریی ناوخۆیی ڕێگەی داوە دەســەڵاتە فیدراڵییەکان ئەم بۆشــاییە لە ڕێگەی بڕیارە دادوەرییە مەرکەزییەکانەوە پڕبکەنەوە کە وردە وردە بنەما فیدراڵی و داراییەکانی هەرێم لاواز دەکەن.

ئەم دیراســەیە لەو گریمانە بنەڕەتیەوە دەســت پێ دەکات کە هەرێمی کوردســتان، وەک هەرێمێکی فیدراڵ و دیموکراس و قەوارەیەکی نەتەوەیی دانپێدانراو، پێویستییەکی بابەتی و هەنووکەیی بە دەستورێکی دیموکراسی نووسراو هەیە کە باڵاترین گرێبەستی کۆمەڵایەتی نێوان گەلەکەی بێت، و ئەزموونە سیاسیەکەی بخاتە قۆناغێکی دەستوریی سەقامگیرەوە.

پرســیارە ســەرەکیەکانی ئەم دیراســەیە لەوەدا کورت دەبنەوە: بۆچی هەرێمی کوردســتان-عێراق پێوویســتە دەســتورێکی هەمیشــەیی پەســەندکراوی هەبێت؟ ڕادەی کاریگەریی ئەم دەستورە لەسەر سەقامگیریی سیستمی سیاسی هەرێم و ڕەوایەتیەکەی چیە؟

هەرچی پرســیارە لاوەکیەکانیشــە بریتین لەوەی: دەســتورێکی هەرێمیی چۆن ڕەوایەتی و ســە قامگیری ز یاد دە کات؟ نەبوونی دەســتور چۆن دەبێتە هۆی بە مەرکەزی کردنەوەی دەســەڵات لە عێراقدا؟ دەســتورێکی هەرێمیی چۆن دەکرێت هاوســەنگی نێوان ڕەهەندی نەتەوەیی و ڕەهەندی دیموکراسی و مافی کەمینەکان دروست بکات؟

ئەم دیراسەیە لە شەش تەوەری سەرەکی پێکدێت:

تەوەری یەکەم: چەمکی دەستور و فیدراڵی و ڕەهەندەکانیان لە دەوڵەتی دیموکراسدا.

تەوەری دووەم: دەستورە هەرێمییەکان لە سایەی سیستمی فیدراڵیدا.

تەوەری سێیەم: خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد و دروستبوونی هەرێمی کوردستان - عێراق.

تەوەری چوارەم: چوارچێوەی دەستوری و یاسایی هەرێمی کوردستان - عێراق

تەوەری پێنجەم: هەوڵەکانی داڕشــتنی دەســتوری هەرێمی کوردســتان - عێراق (١٩٩٢-٢٠٢٢).

تەوەری شەشەم: پێوویستبوونی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق.

## تەوەری یەکەم
## چەمکی دەستور و فیدراڵی و ڕەهەندەکانیان لە دەوڵەتی دیموکراسدا

### ١-١: چەمکی دەستور

#### ١-١-١: پێناسەی دەستور

دەستور کۆڵەکەی سەرەکی بونیادی یاسایی و سیاسیی دەوڵەتی هاوچەرخە، بە جۆرێک مەحاڵە بتوانین باس لە دەوڵەتێکی یاسایی ڕاستەقینە بکەین بەبێ بوونی دەستورێک کە وەک چەترێکی باڵا، دەسەڵاتی سیاسی لەژێردا ڕێکبخرێت. لەگەڵ ئەوەی قوتابخانەکانی فیقهی دە ستوری فرەچە شنن، بەڵام هەموویان لەسەر یەک پێناسە کۆکن: دەستور ئەو بنەما یاساییە جێگیرانەیە کە شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و جۆری سیستەمەکەی دیاری دەکەن، ئەرک و دەسەڵاتەکان دابەش دەکەن، و ماف و ئازادیەکانی تاک دەپارێزن.

ئەوەی دەستور لە یاساکانی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەو باڵایی و سەروەریەیە کە هەم لە ڕووی شکڵ و هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەیەتی، چونکە لە لووتکەی هەرەمی یاساییدایە و مامەڵە لەگەڵ پرسە چارەنووسسازەکانی دەوڵەتدا دەکات. هەر لەبەر ئەمەشە سەرجەم دەسەڵاتەکان، تەنانەت دەسەڵاتی یاسادانانیش، پابەندن بەوەی لەژێر سایەیدا کار بکەن. بۆیە دەبێت هەموارکردنەوەی دەستور کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵکو ڕێوشوێنی تایبەت و توندی هەبێت، چونکە دە ستور بەرهەمی ئیرادەیەکی سیاسیی باڵاترە کە جیاوازە لەو ئیرادەیەی یاسا ئاساییەکانی لێوە دەردەکرێت، لەوەشەوە فیقهی دەستوریی لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە پێناسەی دەستوری کردووە:

لە فیقهی فەرەنسیدا، بەتایبەت لای لیۆن دیگی (Léon Duguit)، دەستور تەنیا وەک چەمکێکی وشکی سەروەریی سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک ڕەنگدانەوەیەکی یاسایی بۆ هاوپشتیی کۆمەڵایەتی (Social Solidarity) دە بینرێت. بە بڕوای د یگی، شەرعیە تی دەسەڵاتی سیاسی بەستراوەتەوە بەوەی تا چەند لە چوارچێوەی یاسادا پابەندە بە جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان.

هەرچی هانز کلسن (Hans Kelsen)ـە، لە سەر بنەمای (تیۆریی پەتی بۆ یا سا-النظرية المحضة للقانون)، دە ستور بە بنەمای یاسایی بنەڕەتی (Grundnorm)دادەنێت، واتە دەستور ئەو سەرچاوە باڵایەیە لە هەرەمی یاساییدا کە سەرجەم یاساکانی خوار خۆی هێز و ڕەوایەتی لێوە وەردەگرن.

لە فیقهی دەستوریی عەرەبیشدا، بۆچوونەکان لەسەر ئەوە ساغ بوونەتەوە کە دەستور باڵاترین یا سایە بۆ دیاریکردنی سیستمی حوکمڕانی و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان،

هاوکات مسـوگەرکردنی ماف و ئازادیەکان.
خاڵی جەوهەرییش لەم پێنا سەیەدا ئەوەیە کە دەستور تەنیا ئەرکی ڕێکخستنی دەسەڵاتی نیە، بەڵکو ئەرکی سنووردارکردنی دەسەڵات و ڕێگریکردنیشە لە لادان و پێشێلکاری.

**١-١-٢: دەستور وەك گرێبەستی کۆمەڵایەتی**

تێگەیشتن لە دەستوری مۆدێرن، بەبێ گەڕانەوە بۆ تیۆریی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، مەحاڵە، چونکە ئەم تیۆرە ئەو پردە فەلسەفیە بوو کە مرۆڤایەتی لە حوکمی ڕەهاوە پەڕاندەوە بۆ حوکمی "سنووردارکراو و پابەندکراو بە دەستور. جەوهەری ئەم وەرچەرخانە بریتی بوو لە گۆڕینی سەرچاوەی شەرعیەتی دەسەڵات، بەوەی چیتر دەسەڵات "دیاریەکی ئاسمانیی" یان "مافێکی بۆماوەیی" نیە، بەڵکو بەرهەمی ئیرادە و ڕێککەوتنی تاکەکان خۆیانە.
لەو چوارچێوەیەدا تۆماس هۆبز 1588-1679 (Thomas Hobbes,) وێنەی "دۆخی سرووشتی" بە دۆخێکی پڕ ئاژاوە و نەبوونی ئاسایش دەکێشێت، بۆیە پێی وایە مرۆڤەکان ناچارن دەستبەرداری بەشێک لە ئازادیی خۆیان ببن بۆ دەسەڵاتێکی بەهێز تاوەکو ژیانیان بپارێزێت. ئەگەرچی هۆبز بانگەشەی بۆ دەوڵەتێکی دەستوریی دیموکراس نەدەکرد، بەڵام بەردی بناغەی بۆ ئەوە دانا کە سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی لە "ڕێککەوتن"ـەوە دێت نەک لە هێزێکی نادیار و شاراوەوە.
پاشان جۆن لۆک (1632-1704 , John Locke) هات و بناغەی دەستوری لیبڕاڵی دارشت. بە بڕوای ئەو، ئامانجی گرێبەستی کۆمەڵایەتی پاراستنی "مافە سرووشتییەکان"ـە (واتە: ژیان، ئازادی، خاوەندارێتی). لۆک جەختی کردەوە کە دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتێکی ڕەها نیە، بەڵکو سنووردارە، ئەگەر فەرمانڕەوا لە سنووری گرێبەستەکە لایدا، گەل مافی لابردنی هەیە. لێرەوە دەستور دەبێتە ئامرازێک بۆ کۆتکردنی دەسەڵات و ملپێکەچکردنی بۆ ویستی خەڵک.
ئاشکراشە کە چەمکی گرێبەستی کۆمەلایەتی لەلای ژان ژاک ڕۆسۆ (1712-1778 ,Jean - Jacques Rousseau) گەیشتە ترۆپک، کاتێک باسی لە "سەروەریی گەل" و "ئیرادەی گشتی" کرد. بە لای ڕۆسۆوە، دەستور دەبێت ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ئیرادەی گشتی بێت و تەنیا کاتێک شەرعیەتی هەیە کە گەل ڕاستەوخۆ دەنگی لەسەر بدات. هەر ئەمەش بووە بنەمای بیرۆکەی "ڕاپرسیی دەستوریی" لە دنیای مۆدێرندا.
کەواتە، دەستور تەنیا بەڵگەنامەیەکی یاسایی نیە، بەڵکو باڵاترین گرێبەستی کۆمەڵایەتیە کە کۆمەڵگە لە پاشاگەردانیەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی ڕێکخراوەیی دامەزراوەیی، و حوکمی شەخسی دەگۆڕێت بۆ حوکمی یاسا.

### ١-١-٣: گەشەسەندنی دەستوورە نووسراوەکان و پەیوەندییان بە دەرکەوتنی دەوڵەتی دیموکراس

دەرکەوتنی دەستوورە نووسراوەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا، وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بوو لە مێژووی یاساییدا. دەستووری ئەمریکا (١٧٨٧) وەک یەکەم دەستووری نووسراوی مۆدێرن، بووە سەرمەشقێک لەو بارەیەوە، چونکە بنەماکانی "جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان" و "چاودێری و هاوسەنگی" چەسپاند و پاراستنی مافەکانی کردە ئەرکی دەوڵەت. دوای ئەویش، دەستووری ١٧٩١ی فەرەنسا هات کە بەرهەمی شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩) بوو و جەختی لە سەروەریی گەل و یەکسانی دەکردەوە. ئیتر لەو کاتەوە، دەستووری نووسراو بووە ناسنامەی دەوڵەتە دیموکراسەکان.
لە سیستەمە فیدراڵیەکاندا، دەستووری نووسراو بایەخەکەی دوو هێندەیە، چونکە تەنیا ئەرکی ڕێکخستنی دەسەڵاتە ناوەندییەکانی دەوڵەتی نیە، بەڵکو نەخشەی دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێوان ئاستی فیدراڵی و هەرێمەکاندا. دەستووری فیدراڵیی بە وردی ئەوە دیاری دەکات کام دەسەڵاتانە تایبەتن بە فیدراڵ؟ و کامانە هاوبەشن؟ و چی بۆ هەرێمەکان دەمێنێتەوە؟ بەمەش ڕێگە لە قۆرخکاریی ناوەند و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتیش دەگرێت.
توێژەرانی بواری دەستور لەسەر ئەوە کۆکن کە دیموکراسی تەنیا بریتی نیە لە سندوقی دەنگدان، بەڵکو پێویستی بە چوارچێوەیەکی دەستوورییە تاوەکو دیموکراسی لە "حوکمی زۆرینەی ڕەها"وە بگۆڕێت بۆ "حوکمی یاسا" و مافی کەمینەکانیش بپارێزێت.
لەم ڕووەوە، دەستور تاکە گەرەنتیە بۆ سەقامگیریی سیاسی و بەڕێوەبردنی جیاوازییەکان. بۆیە هەر قەوارەیەکی سیاسی، بەتایبەت ئەگەر خەسڵەتی نەتەوەیی هەبێت وەک هەرێمی کوردستان، مەحاڵە بتوانێت بەبێ دەستورێکی نووسراو ڕەوایەتی خۆی تەواو بکات و ناسنامە سیاسییەکەی بپارێزێت.

## ١-٢: چەمکی فیدراڵی

### ١-٢-١: پێناسەی فیدراڵی

**دانیال** ئیلازار Daniel J. Elazar (١٩٣٤-١٩٩٩) بەوە پێناسەی فیدراڵیەت دەکات کە (ڕێوشوێنێکی دەستوورییە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی حوکمڕانی، بەشێوەیەک کە یەکە فیدراڵیەکان سەربەخۆییەکی ڕاستەقینەیان هەبێت لە هەندێک بواری سیاسی دیاریکراودا، لەگەڵ بەشداری کردنیان لە دەسەڵاتدا بەپێی کۆمەڵێک ڕێسا کە ڕێکەوتنیان لەسەر کراوە لە هەندێک بواری سیاسی دیکەدا. بەم شێوەیە فیدراڵیزم هەردوو نیمچە سەربەخۆیی و نیمچە حوکمڕانی هاوبەشی هەرێمەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە). هەروەها پرۆفیسۆر رۆناڵد ل. واتس Ronald L. Watts (١٩٢٩-٢٠١٥) وای دەبینێت

که سیستمی فیدراڵی چەمکێکی پێوەریە ئاماژە بۆ سیستمێک، کە لەچەند ئاستێکی حوکمڕانی پێک هاتبێت، دەکات، بەشێوەیەک هەردوو توخمەکانی حـوکـمـی هـاوبەش و حـوکـمـی ســەربەخـۆ لە هەرێمێکدا لەخۆ دەگرێت.

کەواتە فیدراڵیزم هەوڵێکە بۆ پێکەوە گونجاندنی نێوان دوو ئـارەزووی گەلان، ئـارەزووی یەکگرتن لەهەنـدێـک بـابەتی دیـار یکراودا و ئـارەزووی ســەربەخۆیی لەیەکدی لەهەندێکی دیکەیاندا لەلایەك، لە لایەکی تریشەوە سیستمێکە لەسەر بنەمـای دابەشــکردنی دەســەڵات لە نێوان حکومەتێکی ناوەندی (فیدراڵ) و یەکە حوکمڕانە هەرێمییەکان (وەک ویلایەت یان هەرێمەکان) لە چوارچێوەی یەک قەوارەی سیاسیدا وەستاوە. بەپێچەوانەی دەوڵەتی ســـادە (Unitary) ، لە سیستمی فیدراڵیدا سەروەریی بەسەر دوو ئاست یان زیاتردا دابەش دەبێت، ئەم دابەشــکارییە لە دەســـتورێکی نووسراودا جێگیر دەکرێـت. بە واتـایەکی تر، هەر ئـاســـتێکی حوکمڕانی، لە هەنـدێـک بواردا خـاوەنی بڕیـاری کۆتـاییە و دەتوانێت لەو سنوورەدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ حوکمی خۆی بکات.

ئەم شــێوازەی دابەشــکردنی دەســەڵات، لە دەســـــتـوری دەوڵەتـدا ڕێـکـدەخـرێـت و دەچەسپێنرێت. لەم سیستمەدا، دەستور بە وردی دەســەڵاتەکـانی حکومەتی فیـدراڵی و حکومەتە هەرێمییەکان دیاری دەکات، بە شێوەیەک کە هیچ لایەنێکیان نەتوانێت تاکلایەنە و بە ئارەزووی خۆی دەســتکاریی ئەو دابەشــکارییە بکات. بەمەش هەر ئـاســـتێکی حوکمڕانی، ڕاســـتەوخۆ ڕەوایی پیـادەکردنی دەســەڵاتەکـانی لە دەســـتورەوە وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی ملکەچ یان وابەســـتەی ئیرادەی ئاســـتەکەی دیکە بێت. دەرەنجامی ئەم ڕێکخســـتنەش ئەوەیە کە هاووڵاتیان لە یەک کاتدا خـاوەنـی "وەلائـی دوولایەنە" دەبـن، لەلایەك بـۆ حکومەتی نـاوەنـدی و لەلایەکی دیکەشـــەوە بۆ حکومەتە هەرێمییەکەیان.

لەڕاســـتیـدا نموونەی ســیســـتـمی فیـدراڵی دیاریکراومان نیە تا لەهەموو کات و شـــوێنێکدا جێبەجێی بکەین، بۆیە گەلێک شێوازی حوکمڕانی هەیە کە لەنێوان دوو قەوارە یـان زیـاتردا لەســـەر بنەمای هاوبەشـیی لەهەندێک بوار و سـەربەخۆیی لەیەکدی لەهەندێک بواری دیکەدا بونیاد نراون، هەر ئەزموونێـک بەپێی تـایبەتمەنـدی خۆی، واتـا ژمارەی یەکە بەشــدارەکان، قەبارەیان، مێژوویان، پێکهـاتەیـان، ســەرچـاوەی داهـاتیـان، کلتور و مێژوویان..هتد کاریگەریان هەیە لەسـەر شـێوازی فیـدراڵییەکە. بەواتـای هەر دەوڵەتێکی فیـدراڵی ئەزموونێکە بۆ خۆی، هەر دەوڵەتێکیش بەرهەمی پەرەســەنـدنێکی ســیـاسی و مێژوویی تـایبەت بەخۆیەتی.

### ١-٢-٢: بنەما فەلسەفییەکانی فیدراڵیزم

فیدراڵیزم پشت بە کۆمەڵێک بنەمای فەلسەفی و ســیــاســی دەبەســتێـت کە پـاســـاو بۆ پەسـەندکردنی وەک سـیسـتمێکی حوکمڕانی

دەهێننەوە. گرنگترین ئەم بنەمایانە بریتین لە: فرەیی، ئازادی، و هاوسەنگی لە نێوان ناوەندێتی و لامەرکەزیدا. لێرەدا هەر یەکێکیان دەخەینە ڕوو:

**یەکەم: فرەیی (هاوسەنگیی نێوان جیاوازی و یەکگرتوویی)**

فیدراڵیزم ڕەنگدانەوەی پرەنسیپی فرەییە لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ گونجاندنی یەکێتی سیاسی لەگەڵ جیاوازیی کۆمەڵایەتی و کلتوریدا. ئەم سیستەمە زۆرجار لەو دەوڵەتانەدا پەسەند دەکرێت کە پێکهاتەی جیاوازی نەتەوەیی، زمانیی، یان کلتورییان هەیە، بە مەبەستی لەخۆگرتنی جیاوازیە ناوخۆییەکان لە چوارچێوەی حوکمڕانیەکی هاوبەشدا. سیستمی فیدراڵیی هەل دەدات بۆ گوزارشتکردن لە ناسنامەی فرەچەشن و ناوخۆییەکان لە ڕێگەی ئۆتۆنۆمیی هەرێمییەوە، لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە قەوارەیەکی سیاسیی یەکگرتوو دەکات. بۆیە زۆرجار پاڵنەری پشت پەسەندکردنی فیدراڵیزم بریتیە لە ڕەنگدانەوەی جیاوازیە زمانەوانی و ئابووری و کلتورییەکانی نێوان پێکهاتەکانی دەوڵەت بە شێوازێک کە نوێنەرایەتیکردن و پاراستنیان مسۆگەر بکات. بەم مانایە، فیدراڵیزم چارەسەرێکی فەلسەفییە بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان یەکێتی و جیاوازیدا، چونکە ڕێگە بە فرەیی کۆمەڵایەتی (Pluralism) لە ناو دەوڵەتدا دەدات بەبێ قوربانیدان بە یەکپارچەیی دەوڵەت و سەقامگیریە سیاسیەکەی.

**دووەم: ئازادی (ڕێگریکردن لە ستەمکاریی و پاراستنی مافەکان)**

فیدراڵیزم پەیوەستە بە چەمکی ئازادی و پاراستنی مافە تاکەکەسی و ناوخۆییەکان لە چڕبوونەوەی دەسەڵات. ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات وەستاوە نەک قۆرخکردنی لە دەست حکومەتێکی ناوەندیدا، ئەمەش سیستمێک لە چاودێری و هاوسەنگی (Checks and Balances) دروست دەکات کە سنوور بۆ ستەمکاریی هەر لایەنێکی حوکمڕان دادەنێت. دامەزرێنەرانی دەستورە فیدراڵییەکان درکیان بەوە کردبوو کە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دوو حکومەتدا (فیدراڵی و هەرێمیی) ئازادی پتەوتر دەکات بەراوورد بە چڕکردنەوەی لە یەک حکومەتدا. هەروەک لە یەکێک لە بڕیارەکانی دادگای باڵای ئەمریکادا هاتووە "لەڕێگەی بێبەشکردنی هەر حکومەتێک بەتەنها لەوەی دەسەڵاتی تەواوەتی هەبێت بەسەر هەموو کاروبارەکانی ژیانی گشتیدا، فیدراڵیزم ئازادیی تاک لە دەسەڵاتی ستەمکار دەپارێزێت... ئەمە لە دووربینیی دامەزرێنەرانەوە بوو کە دەیانزانی ئازادی لە ڕێگەی دروستکردنی دوو حکومەتەوە باشتر دەچەسپێت وەک لە یەک حکومەت". بەم مانایە، فیدراڵیزم ڕێگری لە دروستبوونی حوکمێکی

ناوەندیی ڕەها دەکات، چونکە هەر ئاســـتێک بە بوونی ئاســـتێکی دیکەی ســـەربەخۆ کۆتوبەند دەکـات، ئەمەش مـافەکـان و تـایبەتمەنـدییە ناوخۆییەکان دەپارێزێت.

**ســـێیەم: هاوســـەنگی لە نێوان ناوەندێتی و لامەرکەزیدا**

هاوســـەنگی لە نێوان ناوەندێتی و لامەرکەزیدا جەوهەری فەلسـەفەی فیدراڵییە لە ڕێکخسـتنی حوکمڕانیدا. سیستمی فیدراڵی هەڵدەستێت بە دروســـتکردنی هاوســـەنگییەکی دینامیکی لە نێوان دەســـەڵاتەکـانی حکومەتی فیـدراڵیی و دەســـەڵاتەکانی یەکە هەرێمییەکان، بە جۆرێک کە بەرژەوەندیی نیشتمانیی هاوبەش بەدی بێت بەبـێ فەرامـۆشـــکـردنـی تـایـبەتمەنـدیـیە ناوخۆییە کان. فیدراڵیزم لە سروشـــتی خۆیدا سـیستمێکە خاوەنی هاوسـەنگییەکی بەردەوامە لە نێوان لامەرکەزی و ناوەندێتیدا، لە لایەکەوە دیزاین کراوە بۆ مسۆگەرکردنی پێوەری یەکگرتوو و لێپرسینەوەی گشتی لەسەر ئاستی نیشتمانی، و لە لایەکی ترەوە ڕێگە دەدات خواســـت و ئەولەویەتە نـاوخۆییە هەرێمییەکـان بەخێرایی وەڵام بدرێنەوە و لەئاســـت چاوەڕوانیەکاندا بێت. واتە حکومەتی فیـدراڵی دەســـەڵاتی نـاوەنـدی دەبێـت لە پرســـە نیشـــتمانییەکـانـدا (وەک بەرگـری و ســـیـاســـەتـی دەرەوە و پـێـوەرە گشـــتییەکـان)، لە کـاتێکـدا بوارەکـانی تر بۆ حکومەتە هەرێمییەکـان جێـدەهێڵرێن تـاوەکو بەپێی بارودۆخ و پێداوویستیی دانیشتووانەکەیان بڕیاری لێ بدەن.

لە ڕووی کردەییشـــەوە، فیدراڵیزم هەمیشـــە جۆرێـک لە ململانێی نـاوخۆیی بونیـادنەری تێدایە لە نێوان دوو ئاراســـتەی دژ بەیەکدا، ئاراسـتەی چڕکردنەوەی دەسـەڵات لە ئاسـتی فیدراڵیدا بەرامبەر بە ئاراسـتەی سـەربەخۆیی هەرێمیی. ئەم ململانێیە شـــتێکی نەرێنی نییە، بەڵکو دۆخێکی هاوســـەنگیی بەردەوامە کە پێوویستی بە بەڕێوەبردن هەیە. سەرکەوتن و ســـەقـامگیریی ســـیســـتمی فیـدراڵی تـا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە توانای بەڕێوەبردنی ئەم ململانێیە ناوخۆییانە لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. ئەگەر تەرازووەکە زۆر بەلای نـاوەنـدێـتـیـدا بشـــکـێـتەوە، ڕەنـگە هەرێمەکـان متمانەیـان بە ســـیســـتمەکە نەمێنێت و ئارەزووی دانیشـــتووانە ناوخۆییەکە بۆ یەکگرتن لاواز بێـت، هەروەهـا ئەگەر زۆر بەلای لامەرکەزیشـــدا بشـــکێتەوە، ڕەنگە یەکێتییە گشـــتیەکە لاواز بێت. بۆیە فیدراڵییە سەرکەوتووەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن بڕێک لە ناوەندێتی پەســـەند بکەن کە بەس بێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش (وەک ئاسایشی نەتەوەیی و ئابووریی یەکگرتوو) و بڕێکیش لە لامەرکەزی کە بەس بێـت بۆ پـاراســـتنی تایبەتمەندیی یەکە پێکهێنەرەکان و ئازادیی بڕیاردانیان پەسند بکەن.

**چوارەم: دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان چەند ئاستێکی حوکمڕانیدا**

دابە شکردنی دە سەڵات لە نێوان دوو ئا ست یان زیاتر لە حوکمڕانی، سیمای جیاکەرەوەی هەر سیستمێکی فیدراڵییە. بەپێی ئەم پرەنسیپە، پسپۆڕییە دە ستوریەکان دابەش دەکرێن بە سەر ئاستی فیدراڵیی ناوەندی و ئاستە هەرێمی/ناوخۆییەکاندا، بە شێوەیەک کە هەر ئاستێک خاوەنی دەسەڵاتی تایبەت (حەصری) بێت لە بوارگەلێکی دیاریکراودا، سەرەڕای بوونی هەندێک بوار کە ڕەنگە دەسەڵاتی تێدا هاوبەش بێت. ئەم دابەشکردنە بەشێوەیەکی ئاسایی لە دەستورێکی نووسراو و تۆکمەدا دەنووسرێتەوە، بۆیە ناکرێت لەلایەن یەک لایەنەوە هەڵبوە شێنرێتەوە یان هەموار بکرێت. بۆ نموونە، دەستوری فیدراڵی لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی دیاریکراو بۆ حکومەتی فیدراڵی دیاری دەکات (وەک بەرگری و دراو و پەیماننامەکان...)، لە کاتێکدا باقی دەسەڵاتە فراوانەکان لە چوارچێوەی پسپۆڕیی ویلایەتەکاندا دەمێننەوە. جەیمس مادیسۆن لە " نامە کانی فیدراڵیست"دا ڕوونی کردووەتەوە "ئەو دەسەڵاتانەی بە حکومە تی فیدرا ڵی سپێردراون کەمن و دیاریکراون، لە کاتێکدا ئەوانەی بۆ حکومەتی ویلایەتەکان ماونەتەوە زۆرن و دیاری نەکراون". بەمەش هەر ویلایەتێک دە سەڵاتێکی ڕە سەنی دەبێت بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی دانیشتووانەکەی، لە کاتێکدا ئا ستی فیدراڵی ئەو کاروبارانە لە ئە ستۆ دەگرێت کە پەیوەندیان بە هەموو ویلایەتەکانەوە هەیە.

دەستوری فیدراڵی تەنها بە ژماردنی دەسەڵاتەکانەوە ناوەستێت، بەڵکو زۆرجار میکانیزمەکانی جیاکردنەوە و هەماهەنگی لە نێوان دوو ئاستەکەدا دیاری دەکات. بۆ نموونە، ڕەنگە حکومەتی فیدراڵی تایبەتمەند بێت بە یاسادانان لە پرسگەلێکی دیاریکراودا، لە کاتێکدا ویلایەتەکان ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو یا سایانە لە ئە ستۆ بگرن، یان ڕەنگە ویلایەتەکان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە بەشداری لە ئەنجوومەنێکی یاسادانانی فیدراڵیدا بکەن (وەک ئەنجوومەنی پیران یان بوندسرا تی ئەڵمانی) بۆ مسۆگەرکردنی بەشداریی هەرێمەکان لە پرۆسەی بڕیاردانی فیدراڵیدا. هەروەها هەر ویلایەتێک دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەریی تایبەت بە خۆی پێ دەبەخشرێت لە چوارچێوەی پسپۆڕییەکانیدا. لە لایەکی ترەوە، دەستور دەسەڵاتی باڵا دەبەخشێت بە حکومەتی فیدراڵی لە کاتی دروستبوونی ناکۆکیدا (وەک بەندی سەروەریی دەستوری فیدرا ڵیی) بۆ مسۆگەر کرد نی یەکگرتوویی یاسا لە پرسە نەتەوەییەکاندا. بەم شێوەیە سیستمی فیدراڵی لەسەر بنەمای هاوبەشیی دەوەستێت، یەکە ناوخۆییە کان

بەشـداری لە حوکمی نیشـتمانیدا دەکەن، و لە هەمان کاتدا خاوەنی بڕێکی زۆر لە سەربەخۆیی نـاوخۆیین لە بەڕێوەبردنی کـاروبـاری خۆیـانـدا. بە پێچەوانەی ئەمەوە، لە دەوڵەتی سـادەدا (Unitary)حکومەتی نـاوەنـدیی دەتوانێـت بە ئارەزووی خۆی دەسـەڵاتی ئیدارە ناوخۆییەکان بکێشێتەوە یان هەموار بکات، بەڵام لە فیدراڵیدا دەسەڵاتی هەرێمەکان پارێزبەندیی دەستورییان هەیە بە جۆرێک لێیان وەرناگیرێتەوە مەگەر بە ڕێوشـوێنی دەسـتوریی تایبەت و بە ڕەزامەندیی خۆیان نەبێت.

### ٣-١: پێوویستبوونی دەستورێکی نووسراو بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامیی فیدراڵیزم

بەڵگەنامەی دەسـتوری نووسراو بە بەردی بناغە لە بـونیـادنـانـی هەر دەوڵەتـێـکـی فـیـدراڵـی سـەرکەوتوو دادەنرێت، و مەرجێکی سـەرەکیە بۆ مسـۆگەرکردنی مـانەوە و سـەقـامگیریەکەی. دەسـتوری نووسراو ڕێککەوتنی فیـدراڵی وەک دەقـێـکـی پـابەنـدکەر بـۆ هەمـوو لایەنەکـان دەچەسـپێنێـت، و بە وردی دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان لە نێوان دەسـەڵاتی فیدراڵی و دەسـەڵاتە پێکهێنەرەکـان دیـاری دەکـات، هەروەها ئەو میکانیزمانە دەخاتە ڕوو کە زەمانەتی ئەوە دەکەن هیچ لایەنێـک بەتەنهـا نەتوانێـت دەسـتکـاریی ئەو ڕێکخسـتنـانە بکـات بەبێ بەشـداریکردنی لایەنەکـانی تر. توێژینەوە دەسـتورییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەبێت پەیوەندیی فیدراڵی لە ڕێگەی پەیماننامەیەکی هەمیشـەیی یەکێتیەکەوە جێگیر بکرێت، کە بە حەتمی لە دەسـتورێکی نووسراودا بەرجەسـتە دەبێت و مەرجەکانی دابەشـکردنی دەسـەڵات و چۆنێتی هەمواركردنەوەی بە ڕێوشوێنی تایبەتیی دیاری دەکات.

لە ڕاستیدا، ئەمڕۆ هەموو دەوڵەتە فیدراڵییەکان خـاوەنی دەسـتوری نووسراون کە پێکهـاتە فیـدراڵیەکەیـان ڕێکـدەخـات. ئەمەش هەروا ڕێکەوت نیە، چونکە بوونی دەسـتوری نووسراو واتە یاسا و ڕێساکانی یاریەکە ڕوون و جێگیرن، و زۆرینەی دەسەڵاتی ناوەندیی یان هەرێمەکان بەتەنها ناتوانن بە ئاسـانی گۆڕانکاری تێدا بکەن.

دەسـتوری نووسراو لە دەوڵەتی فیدراڵیدا سـێ ڕۆڵی جەوهەری دەبینێت:

- **ڕۆڵی ڕێکخستن**: لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە چوارچێوەی یاسـایی بۆ دابەشـکردنی دەسەڵاتەکان و پەیوەندیی نێوان ئاستەکانی حوکمڕانی دادەنێت.
- **ڕۆڵی پـاراسـتن**: لەوەدا دەردەکەوێـت کە دەسـتورەکە گرێبەسـتێکی کۆمەڵایەتیی پابەندکەرە و هیچ لایەنێک ناتوانێت بە تەنها هەڵیبوەشـێنێتەوە یان دەسـتکاری بکات، چونکە زۆرجار هەمواركردنە دەسـتورییەکان لە سیسـتمە فیدراڵیەکاندا پێوویسـتیان بە

ڕێوشـوێنی ئاڵۆز هەیە کە داوای ڕەزامەندیی ڕێژەیەکی دیـاریکراو لە هەرێمەکـان یـان ئەنجوومەنە یاسـادانانە ناوخۆییەکان دەکات سەرەڕای زۆرینەی فیدراڵیی، ئەمەش ڕێگری لە گۆڕا نکـار یی بەپەلە دەکـات کە ڕە نگە هاوسەنگیی فیدراڵیی تێک بدات.

- **ڕۆڵـی نـاوبـژیـوانـی**: لە ڕێـگەی بـوونـی دادگایەکی دەستوری یان دادگایەکی باڵاوە بەرجەســتە دەبێت کە ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیـدراڵی و یەکە پێکهێنەرەکـان دەربارەی ســنووری دەســەڵاتەکان، بەپێی دەستور یەکلایی دەکاتەوە.

ئەم ســیســتمە گەرەنتی مانەوەی یەکێتیەکە دەکات، چونکە تا ئەو کاتەی ڕێز لە دەســتور بگیردرێت و باڵاییەکەی بپارێزرێت، ئەوا هەموو لایەنێک متمانەی بە بەردەوامیی پێکەوەژیانی فـیـدراڵـیـی دادپەروەرانە دەبـێـت. ئەزمـوون سەلماندوویەتی کە نەبوونی دەستورێکی ڕوون و پەسـەندکراو، یان ئەگەری گۆڕینی دەسـتور بە شـــێـوەی تـاکـلایەنە، مـتـمانەی نـێـوان پێکـهاتە کان دەڕوخێنێت و ڕەنگە ببێتە هۆی نـاکـۆکـی و جـیـابـوونەوە. بـۆیە گـوتـراوە کە دەسـتوری نووسراو بڕبڕەی پشـتی فیدراڵیزمە: چـونـکە ئەوەیە کە یەکـێـتـیەکە دەکـاتە "پەیماننـامەیەکی هەمیشــەیی" نەک تەنهـا ڕێکەوتنێکی سیاسیی کاتی.

## تەوەری دووەم
## دەستورە هەرێمییەکان لە سایەی سیستمی فیدراڵیدا

سیستمی فیدراڵی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەســەڵات لە نێوان حکومەتێکی فیـدراڵیی ناوەندی و یەکە هەرێمییەکان (وەک ویلایەت یان هەرێمەکان) دامەزراوە، بە جۆرێک کە هەر یەکەیەکی هەرێمیی خـاوەنی ئـاســتێـك لە خۆبەڕێوەبردن و ســەربەخۆییە لە چوارچێوەی دەوڵەتـی فـیـدراڵـدا. بـۆ مســـۆگەرکـردنـی بەڕێوەچوونی ئەم سیستمە ئاڵۆزە بە شێوەیەکی درو ست، هەر هەرێمێک دە ستورێکی نووسراوی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم دەستورە هەرێمییە بە باڵاترین یا سای ناوخۆی ویلایەت یان هەرێمەکە دادەنر ێت، کە دەســەڵاتە کانی دامەزراوە کانی هەرێـمەکە و پەیـوەنـدیـیـان بە حـکـومەتـی فیدراڵییەوە ڕێکدەخات. لێرەدا گرنگی هەبوونی دەســتوری نووسراو بۆ هەر هەرێمێکی فیدراڵی دەخەینە ڕوو، و پەیوەنـدیی نێوان دەســتوری هەرێـمـیـی و دەســـتـوری فـیـدراڵـی لە ڕووی پلەبەندی و تەواوکارییەوە ڕوون دەکەینەوە.

### ٢-١: گرنگی بوونی دەســتوری هەرێمیی نووسراو لە سیستمی فیدراڵیدا

بوونی دەسـتورێکی نووسراو لەسـەر ئاسـتی هەر هەرێـمـێـک، کـۆڵەکەیەکـی ســەرەکـیە بـۆ مســۆگەرکردنی ســەقـامگیری و کـارایی لە

سـیسـتمی فیدراڵیدا. دەسـتوری هەرێمیی چوارچێوەیەکی یـاسـایی ڕوون بۆ بونیـادی حکومەتی هەرێم و ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی و مسـۆگەرکـردنـی مـافـی دانیشـتووانەکەی دادەمەزرێنێت. ئەم ڕێکخسـتنە گەرەنتی ئەوە دەکات کە کاروباری حوکمڕانی لە هەرێمەکەدا بەنـاڕێکی بەجێ نەهێڵدرێت و ڕێگری بکرێت لەهەر نـاکۆکییەك لەوانەیە سـەرهەڵبدات، لەڕێگەی پشـت بەسـتن بە بنەما دەسـتوریە دیاریکراوەکان کە کارەکانی هەر سێ دەسەڵاتی یـاسـادانـان و جێبەجێکـردن و دادوەریـی هەرێمەکە ڕێك دەخەن. دەسـتوری هەرێمەکان تەنها بە ڕێکخسـتنی حکومەت و مسـۆگەرکردنی مافەکانەوە ناوەسـتن، بەڵکو ڕەنگدانەوەی بەها شـارسـتانیە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەکانیشـیانن. بوونی ئەم بنەمـا نووسراوانە لەسـەر ئـاسـتی هەرێمەکان، پرەنسـیپەکانی سـەروەریی یاسـا لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیی دەچەسـپێنن، ئەمەش بەشداری دەکات لە بەرێوەچوونی باشی دەوڵەتە فیدراڵەکە بە گشـتی، لە ڕێگەی ڕێگریکردن لە ستەمکاری یان پێکدادانی دەسەڵاتەکان.

لە لایەکـی تـرەوە، دەسـتـوری هەرێـمـیـی گەرەنتیەکی دووبـارە (Double Security) بۆ ماف و ئازادیەکانی هاووڵاتیان لە سـیسـتمی فیدراڵیدا دابین دەکات. هاووڵاتی لە یەک کاتدا سـوودمەند دەبێت لە پارێزبەندیی دەسـتورە نیشـتمانیەکە و پـارێزبەنـدیی دەسـتوری هەرێـمەکەشـی. ئەمە بەو مـانـایەیە ئەگەر حکومەتی فیـدراڵی لە پـاراسـتنی مـافێکـدا کەمتەرخەمیی کرد، دەکرێت دەستوری هەرێمی هەسـتێت بە پاراسـتنی ئەو مافە لە سـنووری هەرێمەکەدا. بۆیە زۆرێک لە هەرێمەکان پشـت بە بەڵگەنامەی مافەکان (Bills of Rights) لە دەسـتورەکانیاندا بۆ مسـۆگەرکردنی ئازادیی تاکەکان دەبەسـتن، تەنانەت پێش ئەوەشـی دەستورە فیدراڵییەکان هەرێمەکان پابەند بکەن بە ڕێزگرتن لە زۆربەی ئەو مافانە.

سـەرەڕای ئەوە، دەسـتوری نووسراوی هەرێم یارمەتیدەرە بۆ چەسپاندنی ناسنامەی سیاسی و بەهـا تـایـبەتەکـانـی هەر هەرێـمـێـك لە چـوارچـێـوەی دەوڵەتـی فـیـدراڵـدا. دەوڵەتە فیدراڵیەکان زۆرجار کۆمەڵگەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرن کە خاوەنی تایبەتمەندیی مێژوویی یان کلتورین. دەسـتوری هەرێمەکە هەل بەم کۆمەڵگایانە دەبەخشـێت بۆ گوزارشـتکردن لە بەهاکانیان و پێشـخستنی ئەولەویەتەکانیان لە حوکمڕانیی نـاوخـۆیـیـدا، بە مەرجێـک لە چوارچێوەی گشتیی دەستوری فیدراڵیدا بێت. ئەم هەلە هەسـتی بەشـداریکردن و ڕەزامەندی لای هەرێـمەکـان لە سـایەی یەکـێـتـیە فـیـدراڵـیەکەدا بەهـێـز دەکـات، و وادەکـات هەرێمەکان بتوانن سیاسەتی داهێنەرانە لەسەر ئاستی ناوخۆ تاقی بکەنەوە پێش ئەوەی لەسەر ئاستی فیدراڵیی پراکتیزە بکرێن.

لە کۆتاییدا، بوونی دەســـتورێکی نووسراو بۆ هەر هەرێمێک، پشتیوانی لە پرەنسیپی (جیاکردنەوەی دەســەڵاتەکان) لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیی دەکات و ڕێگری لە چڕبوونەوەی دەسەڵات دەکات. هەروەک چۆن دەســتوری فیدراڵی دەســەڵات بە شـێوەی ئاسـۆیی (یاسـادانان/ جێبەجێکردن/ دادوەری) و ســتوونی (فیدراڵیی/ هەرێمیی) دابەش دە کات، دە ستوری هەرێمیش دەبێتە تەواوکردنی وێنەکە لە ڕێگەی دابەشـکردنێکی ڕوونی دەسـەڵاتەکانەوە لە نـاوخۆی هەرێمەکە خۆیـدا. ئەمە ڕێگریی لە هەر دە سەڵاتێکی ناوخۆیی دەکات کە سنوور ببەزێنێت و مسۆگەری ملکەچ بوونی بۆ حوکمی یاسا دەکات. ئەدەبیـا تی بیری فیـدرا ڵی ئـامـاژە بەوە دەکەن دەوڵەتی فیدراڵیی ســەرکەوتوو ئەو دەوڵەتەیە کە خاوەنی یەکەی پێکهێنەری خاوەن ســەربەخۆیی بەهێز بێت و پشت بە دە ستوری چەسپاو ببەستن، کە تێیدا هاووڵاتی نزیکتر بێت لە ناوەندی بڕ یاردان و حکومەتی هەرێمە کان وەڵامدەرەوەی پێـداوویســتیەکـانی بێـت، بەشـێوەیەك زۆربەی چالاکیەکانی ڕۆژانەی حوکمڕانیی، کە پەیوەندیان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە (وەک پەروەردە، ئا سایشی نـاوخۆ، خزمەتگوزاریەکـان)، لەســەر ئـاســتی هەرێمەکـان ئەنجـام بـدرێن، کە لە چوارچێوە دەســتورە هەرێمییە کاندا بەڕوونی و دیاریکراویی ڕێـکـخـراون، و نەدەکـرا ئەرکەکـان بەو کـارایـیە پێوویستە لە چوارچێوەی ئاستی فیدراڵییدا ئەنجام بدرێن.

## ٢-٢: پەیوەندیی نێوان دەســتوری هەرێمیی و دەستوری فیدراڵی

لە ســیســتمی فیدراڵیدا، دەســتوری فیدراڵی و دەســـتورە هەرێـمـیـیەکـان لە دیـاریـکـردنـی دەســەڵاتە کانی حوکمڕانیدا تەواوکەری یەکترن، بەڵام پەیوەندیی نێوانیان بە پلەبەندییەکی یاسایی ڕوون کۆنترۆڵ کراوە. بەگشتی دە ستوری فیدراڵی قەوارەی دەوڵەتە فیدراڵییەکە دروســت دە کات و دەســەڵاتەکانی ئاسـتی فیدراڵیی و هەرێمەکان و ســنووری هەر یەکێکیـان دیـاری دەکـات. واتـا پرەنسیپەکە ئەوەیە کە دە ستوری فیدراڵی یا سای باڵای وڵاتە و دەبێت دەســتوری هەرێمە کان لە چوارچێوەی دەرنەچن. بۆ نموونە ئەمە بە ڕا شکاوی لە دەســتوری وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـادا هاتووە کە بە "بەندی ســەروەریی" ناسراوە، و بە هەمان شــێوە، یاســای بنەڕەتیی ئەڵمانیا دان بە پرەنسیپی لەپێشینەیی دە ستوری فیدراڵی بەسەر دەســتوری هەرێمە کاندا دەنێت. ئەم پلەبەندییە هەماهەنگیی سیستمی یاسایی دەوڵەت بە گشتی دە پارێز ێت، و ڕێگری دە کات لەوەی هەرێمە کان یاســای دژی بنەما کانی یەکێتیە فیدراڵیەکە یان دژی پابەندبوونە کانی دەوڵەت لەســەر ئاســتی نیشتمانی و نێودەوڵەتی دەربکەن.

ســەرەڕای ئەم پلەبەنـدییە، پەیوەنـدیی نێوان دەســتوری فیدراڵی و هەرێمیی پەیوە ندیەکی تەواوکاری و دابەشــکردنی ڕۆڵیشــە. دەســتوری فیدراڵی زۆرجار ئەرکی دیاریکردنی پســپۆڕییە

تایبەتکراوەکان (حەسری) یان هاوبەشـــەکانی حکومەتی فیدراڵی لە ئە ستۆ دەگرێت و سنووره گشـــتیەکـانی دەسـەڵاتی هەرێمەکـانیش دادەنێـت، و کـایەیەکی فراوان بۆ دەســتوری هەرێمیی بەجێـدەهێڵێـت بۆ ڕێکخســتنی کـاروبـاری نـاوخۆیی هەرێمەکە، بە جۆرێـک کە دژی چوارچێوەی فیـدراڵی نەبێـت. بۆ نموونە، هەمــواری دەیەمــی دەســـتــوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو دەســەڵاتانەی کە نەدراون بە حکومەتی فیـدراڵی بۆ هەرێمەکـان دەپارێزێت. ئەم پرەنســیپە بەو مانایەیە بوارێکی فـراوان لە "دەســەڵاتە مـاوەکـان" هەیە کە هەرێمەکان لە ڕێگەی دەســتور و یاســاکانی خۆیانەوە پیادەی دەکەن. بۆیە دەکرێت بگوترێت دەســتوری فیدراڵی و دەســتورە هەرێمییەکان تەواوکەری یەکترن، بە جۆرێـک هەر یەکێکیـان تایبەتمەندە بە ئاسـتێکی دیاریکراو، دەسـتوری فیدراڵی دەسـەڵاتەکان لەسـەر ئاسـتی گشـتی دابەش دەکات و کۆتوبەندی یەکگرتوو دادەنێت، لە کـاتێکـدا دەســتوری هەرێمیی وردەکـاریی بونیادی حوکمڕانیی ناوخۆیی و دەســەڵاتەکانی لەو چوارچێوەیەدا دیاری دەکات.

پەیوەنـدیی پلەبەنـدیی بەو مـانـایەش دێت کە دەســتوری فیـدراڵی دەکرێـت ســنوور یـان پرەنســیپی پـابەنـدکەر بەســەر دەســتورە هەرێمییەکاندا بسەپێنێت. بۆ نموونە، دە ستوری ئەمریکی هەموو هەرێمەکـان پـابەنـد دەکـات بەوەی ســیســتمی حوکمڕانییـان "شــێوازی کۆمـاری" بێـت. هەروەهـا، یـاســای بنەڕەتیی ئەڵمانیا دەســتوری هەرێمەکان پابەند دەکات بەوەی ڕێز لە پرەنســیپە بنەڕەتیەکـانی وەک دیموکراســی، کۆمـاری، دەوڵەتی یـاســا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بگرن. بە پێی ئەمە، هەر دەســتورێکی هەرێمیی دەبێـت ڕێز لەم پرەنســیپە جەوهەریانە بگرێت، بۆ نموونە هیچ هەرێمێک ناتوانێت سیستمێکی نا دیموکرا سی پەســەند بکات یان کەرامەتی مرۆڤ پێشــێل بکات، چونکە دەسـتوری فیدراڵی لە ڕێگەی ئەم کۆتوبەندانەوە ڕێگری لێ کردووە.

ســەرەڕای لەپێشـینەیی دەسـتوری فیدراڵی لە کاتی ناکۆکیدا، حاڵەتەکانی ناکۆکیی ڕاستەوخۆ تـا ڕادەیەک کەمــن، چــونـکە دەســـتــورە هەرێمییەکان لە بنەڕەتدا لە سـایەی دەسـتوری فیـدراڵی و بەپێی دەقەکـانی ئەو دادەنرێن. لە کاتی دەرکەوتنی ناکۆکیشدا، دەکرێت لە ڕێگەی دادگا دەسـتوریەکانەوە چارەسـەر بکرێت. ئەمە ئەوە دەردەخات کە دەســتوری فیدراڵی میچی باڵایە بۆ دەسـتورە هەرێمییەکان، هەر دەقێك لە پرەنســیپەکـانی دەربچێـت، بە هەڵوەشــاوە دادەنـرێــت، تەنـانەت ئەگەر تـا کــاتــی ڕاســتکردنەوەی بە نووسراویش بمێنێتەوە. لە لایەکی ترەوە، ڕێزی ســیســتمی فیـدراڵی بۆ تایبەتمەندیی هەرێمەکە دەردەخات لە گۆڕینی دەســتورەکەی بەڕێگەی ڕێکارە ناوخۆییەکانی

خۆی (وەك لە ڕێگەی ڕاپرســیی خەڵکەکەیەوە) لەجیاتی سەپاندنی هەموارکردنێک لە ناوەندەوە، بە مەرجێـک گۆڕانکـاریەکە بۆ بەدیهێنـانی ڕێکهاتنەوە بێت لەگەڵ دەستوری باڵا.

## ٢-٣: ڕێکخســتنی دەســەڵاتەکانی دامەزراوە هەرێـمـیـیـەکـان و مســـۆگەرکـردنــی سەربەخۆییان

دەستوری هەرێمیی هەڵدەستێت بە دیاریکردنی پێکهاتەی دەســەڵاتەکانی حوکمڕانی لە هەرێم و تایبەتمەندیی هەر یەکێکیان بە شێوەیەکی ڕوون، بە جۆرێـک کە بڕێکی زۆر لە ســەربەخۆیی بۆ هەرێمەکە لە چوارچێوەی پسپۆڕییەکانیدا مسۆگەر بکات. هاو شێوەی دە ستوری فیدراڵی، دە ستوری هەرێمە کان زۆر جار دەســەڵاتی یاســادا نان و جێبەجێکردن و دادوەریی جیاواز لەسـەر ئاسـتی هەرێمەکە دادەمەزرێنن، و چۆنێتی هەڵبژاردن و کارکردن و دەســەڵات و ســنوورە کانیان د یاری دەکەن. ئەم دامەزرانـدنە دەســتورییە ئەوەیە کە "ڕەوایی" دەبەخشـێت بە دامەزراوە کانی حوکمی سەربەخۆی هەرێمیی و مەودای سەربەخۆییان لە حکومەتی فیدراڵیی دیاری دەکات.

بە گشــتی، دەســتوری هەرێمیی بوارەکـانی کاروباری ناوخۆیی، کە لەســەر ئاســتی هەرێم بەڕێوە دەبرێن، دیـاری دەکـات، وەک ئیـدارەی ناوخۆیی، پەروەردە، تەندروســتی، ئاســایشــی ناوخۆ، گەشــەپێدانی ئاوەدانی و ئەوانی تر، و چوارچێوە یـاســـاییەکـان بۆ پیـادەکردنیـان دادەنێت. هەموو ئەمانە سرووشتی ئۆتۆنۆمیەکەی بەهـێــز دەکەن، هەرێــمەکە لە زۆرێــک لە بــابەتەکــانــدا خــۆی لە ڕێــگەی دامەزراوە دەســتورییەکانی خۆیەوە حوکمی خۆی دەکات، لەجیاتی ئەوەی هەموو شــتێک بە شــێوەیەکی ناوەندیی بەڕێوەببرێت.

لە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـادا، ویلایەتە کان خـاوەنی ئەوەن کە لە فیقهی دەســتوریـدا پێی دەگوترێت "دەسەڵاتی پۆلیسی"، کە دەسەڵاتێکی فراوانە بۆ دەرکردنی یاسا و ڕێکارەکان بۆ پاراستنی تەندروستیی گشتی، سەلامەتی، خۆشگوزەرانی و ئاکار لە ناوخۆی ویلایەتەکەدا. ئەم دەســەڵاتە بە شــێوەی پەنهانی بۆ ویلایەتە کان پارێزراوە، بۆیە دە ستوری ویلایەتەکە ئەرکی ڕێکخستنی چۆنێتی پــیــادەکــردنــی ئەم دەســەڵاتە لە ڕێــگەی دامەزراوە کانی ناوخۆییەوە لە ئەســتۆ دەگرێت. توێژینەوە دەســتورییەکـان ڕوونی دەکەنەوە کە ویلایەتەکان، بە حوکمی ئەم دەســەڵاتە گشــتییە فراوانەی هەیانە، دانیشــتوانەکەیان ناچار دەکەن لە ڕێگەی دەســتوری پڕ وردەکـاری و لیســتی مافەکان، بۆ ڕێگریکردن لە ستەمکاریی دە سەڵاتە ناوخۆییەکانیان، حکومەتەکانیان کۆتوبەند بکەن. هەر بۆیە دەســتوری ویلایەتە ئەمریکییەکـان درێژترن بەراوورد بە دەســتوری فیدراڵی، چونکە وردەکـاریی زۆر دەربـارەی بونیـادی حوکمی ناوخۆیی و کۆتوبەندەکانی ســەریان و مافی

تاکەکان لەسەر ئاستی ویلایەتەکە لەخۆدەگرن. ئامانج لەم وردەکارییە مسـۆگەرکردنی ئەوەیە کە دامەزراوەکانی ویلایەتەکە، دەسـەڵاتەکانیان بە ئـازادی لە چوارچێوەی تـایبەتمەنـدی خۆیـانـدا پیـادە بکەن، لە هەمـان کـاتـدا لە سـنووورێکی دیاریکراودا بێت تا ڕێگری لە سنووربەزاندن یان دەسـتدرێژی بۆ سـەر مافی هاووڵاتیان یان دەسەڵاتی فیدراڵ بکات.

یەکێکی تر لەو ئـامرازانەی کە دەسـتوری هەرێمیی سـەربەخۆیی پێ مسـۆگەر دەکات، بریتیە لە ڕێکخسـتنی پەیوەندیی نێوان هەرێم و ئـاسـتە نـاوخۆییەکـانی (وەک پـارێزگـا یـان شارەوانییەکان)ی هەرێمەکە. زۆرجار دەستوری هەرێمەکان سـەربەخۆیی بۆ شـارەوانیەکانیان مسۆگەر دەکەن و دەسەڵاتیان پێ دەبەخشن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆییان (وەک ئیدارەی شـارەکان و خزمەتگوزاریەکان) لە چوارچێوەی هەرێمەکەدا. ئەمە چینێکی دیکەی لامەرکەزیی دیموکراسـی لە ناوخۆی هەرێمەکەدا دروسـت دەکـات، ئەمەش بـونیـادێکـی حـوکـمڕانـیی فرەئاسـت دروسـت دەکات کە هەر ئاسـتێک بەپێی دەستور کار دەکات.

بە کورتی، دەستوری هەرێمیی هەڵدەستێت بە دیزاینکردنی سـیسـتمێکی حوکمڕانیی بچووک کـراوە لە نـاوخـۆی هەریـمەکەدا. دەسـەڵاتـی یاسـادانان، جێبەجێکردن و دادوەری دیاری دەکات، و سـنووری دەسـەڵاتی هەریەکەیان و پەیوەندییان بەیەکەوە ڕوون دەکاتەوە. هەروەها سـەربەخۆیی ئەو دەسـەڵاتانە لە دەستێوەردانی ناڕەوای دەسەڵاتی فیدراڵی یان یەکتری مسۆگەر دەکات، تا ئەو کاتەی کارەکانیان لە چوارچێوەی پسـپۆڕیی خۆیاندایە. ئەمە بە مانای دابڕانی تەواوەتی هەرێمەکان لە ئاسـتی فیدراڵ نیە، چونکە دەسـتوری فیدراڵیی زۆرجار میکانیزم بۆ "هـاوبەشـیکردنی دەسـەڵات" لە نێوان دوو ئـاسـتەکەدا دادەنێـت. بوونی ئەم میکـانیزمە فیـدراڵیـانە لە لایەک، و بوونی سـەربەخۆیی دەسـتوریی بۆ هەر هەرێمێك لە لایەکی تر، ئەو هاوسەنگیە دروست دەکات کە لە فیدراڵیزمدا لە نێوان یەکگرتوویی و فرەییدا داواکراوە.

**٢-٤: نمـوونەی پـراکـتـیـکـی ( وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا )**

*وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا* بە نموونەیەکی کلاسـیکی دادەنرێت بۆ فیدراڵیزمێک کە هەر ویلایەتێک تێیدا خاوەنی دەسـتوری نووسراوی تـایبەت بە خۆیەتی و کە مەرجەعی بـاڵایە لە نـاوخـۆی ویـلایەتەکەدا، بە مەرجـێـک دژی دەسـتوری فیـدراڵیی نەبێـت. جێی ئـامـاژەیە دەسـتوری ویلایەتە ئەمریکیەکـان جیـاوازیی زۆر یان لە وردەکارییەکانیاندا لەنێوانداندا هەیە. هەندێک ویلایەت دەسـتورەکەی زۆر کۆنە، لە کاتێکدا هەندێکی تر دەسـتورەکەیان زۆر درێژ و پڕ وردەکـارییە. ئەم جیـاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ

ئەوەی هەر ویلایەتێک چۆن دەستوورەکەی بەکاردەهێنێت بۆ گونجاندنی سیستمی حوکمڕانییەکەی لەگەڵ پێداویستییە تایبەتەکانی و مێژووە سیاسییەکەی، بەڵام لە هەمان کاتدا، هەموویان لە پرەنسیپە بنەڕەتیەکاندا هاوبەشن، کە چوارچێوەی فیدراڵیی سەپاندوونی. دەستووری هەندێک ویلایەت ڕۆڵی پێشەنگیان هەیە لە فراوانکردنی مافەکانی هاووڵاتیان پێش حکومەتی فیدراڵیش. هەروەها زۆرێک لە ویلایەتەکان لە دەستوورەکانیاندا مافی زیادە لەخۆ دەگرن کە لە سەر ئاستی فیدراڵی نەهاتوون، ئەمەش ڕۆڵی دەستووری هەرێمیی وەک ئامرازێک بۆ وەڵامدانەوەی راستەوخۆی خواستەکانی دانیشتوانی ویلایەتەکە دووپات دەکاتەوە.

*کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵیش*، سیستمە فیدراڵیەکەی لەسەر ١٦ ویلایەت پێکهاتووە، هەر یەکێکیان خاوەنی دەستووری هەرێمیی تایبەت بە خۆیەتی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی فیدراڵیدا. یاسای بنەڕەتی ئەو دەستورانە بە پرەنسیپە حوکمڕانییە فیدراڵییەکان پابەند دەکات، بەڵام پانتاییەکی بەرچاو بۆ ویلایەتەکان بەجێدەهێڵێت بۆ دیزاینکردنی دامەزراوە و یاساکانیان بە جۆرێک کە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی هەر هەرێمێک بێت. بۆ نموونە، هەندێک ویلایەت جەخت لە سەروەریی هەرێمیی مێژوویی خۆیان دەکەنەوە، و هەندێکی تر ئامرازەکانی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی ناوخۆ دەگرنەبەر. هەروەها زۆربەی دەستووری ویلایەتە ئەڵمانییەکان مافی کۆمەڵایەتیی فراوان لەپاڵ مافە بنەڕەتییە فیدراڵییەکان گەرەنتی دەکەن. ئەم جیاوازیە ڕێگە پێدراوانەش هەستی ئەڵمانەکان لە ناو یەکێتیەکەدا بەهێز دەکات. لەسەر ئاستی پەیوەندی لەگەڵ دەستووری فیدراڵییش، ویلایەتەکان ملکەچی بنەمایەکی پتەون کە بریتیە لە "باڵایی یاسای فیدراڵی بەسەر یاسای ویلایەتەکاندا"، بەڵام دادگای دەستووریی فیدراڵیی ڕۆڵی ناوبژیوانی کۆتایی دەبینێت لە یەکلاکردنەوەی هەر ناکۆکیەک.

لە دەرەنجامدا، هەردوو ئەزموونەکە سەلماندیان کە بوونی دەستووری نووسراو بۆ هەر ویلایەتێک/هەرێمێک تەنها وردەکاریەکی شکڵی نیە، بەڵکو پێویستیەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی پەیوەندیی نێوان فیدراڵیی و هەرێمەکان، و بۆ بەتواناکردنی هەرێمەکانە لە بەڕێوەبردنی کاروباریان بە کارایی و دادپەروەریی. ئەم دابەشکردنە دەستوورییەی دەسەڵات، بەشداری لە ڕێگریکردن لە چڕبوونەوەی لەڕادەبەدەری دەسەڵات و هێشتنەوەی حکومەت بە نزیکی لە خەڵک دەکات، ئەمەش دیموکراسی و ئازادی لە سەرتاسەری یەکێتیەکەدا بەهێز دەکات.

**کەواتە** بوونی دەستووری نووسراو لەسەر ئاستی هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بە

مەرجێکی بنەڕەتی بۆ ســەرکەوتنی فیـدراڵیزم و هاوســەنگیەکەی دادەنرێت. دەســتوری هەرێمیی هەیکەلێکی حوکمڕانیی ســەقامگیر و ڕەوا بۆ هەر ویلایەتێـک یـان هەرێمێـک دابین دەکـات، و دابەشــکردنی دەســەڵاتەکان مسـۆگەر دەکات بە جۆرێک کە ڕێگریی لە پێکدادان و پشێویی بکات، و میکانیزم بۆ پاراســتنی مافەکان و حوکمڕانیی دروسـت لەســەر ئاسـتی ناوخۆ دابین دەکات. لە هەمان کاتدا، ئەم دەســتورە لەگەڵ دەســتوری فیـدراڵیی تەواوکـاریی دەکـات لە چوارچێوەی سیستمێکی یاسایی هەرەمی کە یەکێتیی دەوڵەت و ســەروەریی پرەنســیپە باڵاکانی دەپارێزێت. ئەزموونە جیهانییەکان بە ڕوونی دەریدەخەن چۆن دەســتورە هەرێمییە ســەقـامگیرەکـان هۆکـاری یەکلاکەرەوە بوون لە پەرەســەنـدنی یەکێتیەکی بەهێز و سەقامگیردا، چونکە توانیویانە هەمەجۆریی ناوخۆیی بەشـێوەیەکی دەسـتوریی گوزارشـتی لێ بکرێت، و فیدراڵیزم بکەنە گرێبەســتێکی نەرم کە لە چوارچێوەی یەکێتیدا ڕێز لە فرەیی بگرێت. لە ڕوانگەی ئەکادیمی و فکریشــەوە، فیدراڵیزم تەنها دابەشــکردنێکی کارگێڕیی دەســەڵاتەکان نیە، بەڵکو سیستمێکی دەستورییە لە سەر دوو ئاست یان زیاتری حوکمڕانی وەســتاوە، هەر ئاســتێک دەسـتوری خۆی هەیە و شـانبەشـانی ئەوی تر کار دەکـات. بۆیە، دەســتوری هەرێمیی نووسراو ڕوخســەتیکی یاســایی نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی جەوهەریە بۆ مسـۆگەرکردنی حوکمڕانیەکی کارا و هاوســەنگ لە دەوڵەتی فیدراڵیدا. بە بوونی ئەم دەسـتورانە، هەرێمەکان وەک یەکەی دەسـتوریی زیـنـدوو لە نـاو یەکـێـتـیەکەدا کـار دەکەن، بەرژەوەندیی دانیشتووانەکەیان دەپارێزن و بەشدار دەبن لە بەدیهێنـانی بەرژەوەنـدیی نیشــتمانیی گشــتیـدا، لە چوارچێوەیەکـدا کە مـاف و ئەرکە دەســتوریەکانی هەر لایەنێک پارێزراوبێت. هەموو ئەمانە وا دەکەن سیستمی فیدراڵی زیاتر چەسپاو و ســەقامگیر و لە خۆگونجاندندا بەتوانا بێت، و کلتوری ســەروەریی یاســا و حوکمی دەســتوریی لەسەر هەموو ئاستەکان بەهێز بێت.

## تەوەری سێیەم
## خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد و دروستبوونی ڕەوایەتی دەستوریی هەرێمی کوردستان-عێراق

### ٣-١: ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی پرسی کورد و نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی

کـورد یەکـێـکە لە دێـریـنـتـریـن نەتەوەکـانـی ڕۆژهەڵاتــی نــاوەڕاســـت، کە خــاکەکەی (کوردســـتـان) جوگرافیـایەکی یەکپـارچە و پێکەوەبەســـتراوی هەیە، بەڵام ســـەرەڕای ئەم مێژووە دێرینە و خـاکە فراوانە، لە ســـەردەمی مۆدێرنـدا کورد نەبووە بە خـاوەنی دەوڵەتی ســـەربەخۆی خۆی، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریە ســیاســی و جیۆپۆلەتیکیانەی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و هەڵوەشـانەوەی

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ناوچەکەی گرتەوە.
لەو قۆناغەدا، ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵی نەرێنیان هەبوو، هەرچەندە پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠) سەرەتا ئومێدێکی بەخشی، بەڵام پەیماننامەی لۆزان (١٩٢٣) هەموو هیواکانی لەبار برد و مافی بڕیاردانی چارەنووسی کوردی بەتەواوی پشتگوێ خست. دەرەنجامەکەش دابەشکردنێکی زۆرەملێی خاک و نەتەوەکە بوو بەسەر چوار دەوڵەتدا (عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا)، بەبێ ئەوەی پرس بە کورد خۆی بکرێت یان ڕاپرسییەکی بۆ ئەنجام بدرێت.
هەر ئەم دابەشکارییەش بووە هەوێنی سەرهەڵدانی ئەوەی ئەمڕۆ لە سیاسەتی نێودەوڵەتییدا بە «پرسی کورد» دەناسرێت، واتە پرسی نەتەوەیەک کە لە ساتەوەختی دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکەدا، مافی بوونی قەوارەی سەربەخۆی لێ زەوت کرا.
هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١، پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و بزووتنەوەی کورد لەسەر هێڵێکی پڕ لە گرژی و ململانێ ڕۆیشتووە. سەرکردایەتیی سیاسیی کورد هەمیشە هەوڵی داوە ناسنامەی نەتەوەیی بچەسپێنێت و مافە سیاسی و کلتورییەکانی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەدەست بهێنێت، بەڵام وەڵامی بەغدا بەردەوام پەراوێزخستن و سەرکوتکردن بووە.
لەم مێژووە پڕ هەڵبەز و دابەزەدا، شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١)، وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە کۆششی گەلی کورددا بۆ بەدیهێنانی دانپێدانان بەمافەکانی. بەرهەمی ئەم خەباتەش ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بوو، کە تێیدا بۆ یەکەمجار حکومەتی عێراق بە فەرمی دانی بە مافی ئۆتۆنۆمی کورددا نا.
ئەم دەستکەوتەی شۆڕشی کورد زۆری نەخایاند، بەهۆی پاشگەزبوونەوەی بەغدا لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ئازار، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە کەرکوک و دیاریکردنی سنووری کوردستانەوە هەبوو. دواتر دۆخەکە بەرەو قۆناغێکی مەترسیدارتر ڕۆیشت کە بریتی بوو لە سیاسەتی جینۆساید کردنی گەلی کورد، کە لە کۆتایی هەشتاکاندا لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەدا گەیشتە ترۆپک.
ئەم تراژیدیا یانە نەک تەنیا برینێکی قووڵیان لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورددا بەجێهێشت، بەڵکو ئەو قەناعەتەشیان چەسپاند کە گەرەنتی یا سایی ڕووکەش بەس نیە، بەڵکو دەبێت مافەکان لە چوارچێوەی سیستمێکی دەستوریی ڕاستەقینەدا بچەسپێن.

## ٣-٢: ڕاپەڕینی ١٩٩١ و لەدایکبوونی (دەسەڵاتی دامەزرێنەر)

ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ هەنگاوێکی گەورە بوو لەڕەوتی بەدیهێنانی مافەڕەواکانی گەلی کورددا لە عێراق. بووە هۆی ئەوەی کە لەڕێگەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە "ناوچەی دژەفڕین" لە سەرووی

هێڵی ٣٦ بچەسـپێنرێت، لەوەشـەوە واقیعێکی سـیاسـیی نوێ هـاتەکـایەوە کە بریتی بوو لە پاشـەکشـەی دامودەزگاکانی بەغدا لە شـارەکانی هەرێم. بەوە هۆیەشـەوە دەسـەڵاتێکی سـیاسـیی کوردیی (دیفاکتۆ) هاتە کایەوە، دەسـەڵاتێک کە پشـتی بە دەسـتوری عێراق نەدەبەسـت، بەڵکو سـەرچاوەی هێزەکەی جەماوەر و پێوویسـتبوونی مێژوویی بوو. ئەمەش کاتێک گەیشـتە ترۆپک کە لە ئایاری ١٩٩٢دا یەکەم هەڵبژاردن، ئەنجام درا و پەرلەمـان و حکومەتی هەرێمی کوردسـتـان پێکهێنران. ئەم هەنگاوەش لە فیقهی دەسـتوریدا بە پیادەکردنی دەسـەڵاتی دامەزرێنەری ڕەسـەن (Original Constituent Power) دادەنرێت.

بەپێی تیۆری دەسـتوریی، کـاتێـک گەل وەک خاوەنی سەروەریی بڕیار دەدات سیستمێکی نوێ دابمەزرێنێت، ئەوا پیادەی دەسـەڵاتی دامەزرێنەر دەکات. لە دۆخی هەرێمی کوردسـتاندا، گەلی کورد بەبێ دەقی نووسراو، بەڵام بە کردەوە ئەم دەسـەڵاتەی پیادە کرد و ڕەوایەتی بەخشـی بە دامەزراوەکـانـی، تەنـانەت بەر لەوەی هـیـچ دانپێدانانێکی فەرمیشی هەبێت.

ئەگەرچی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی دوای ساڵی ١٩٩٢ سەرەتا لەسەر ڕەوایەتی شۆڕشگێڕی و سـازانی حزبیی وەسـتـابوو، بەڵام مـانەوە و گەشـەکردنی ئەزموونەکە وایکرد قۆنـاغ بە قۆنـاغ بەرەو چـوارچـێـوەیەکـی یـاسـایـی بـڕوات. ئەم گواسـتنەوەیە دوای سـاڵی ٢٠٠٣ و بەشـداریی کارای کورد لە نووسـینەوەی دەسـتوری ٢٠٠٥ی عێراقدا چووە قۆناغێکی ترەوە.

دەسـتوری عێراق لەسـاڵی ٢٠٠٥دا بە ڕاشـکاویی دانی نا بە هەرێمی کوردسـتاندا وەک "هەرێمێکی فیدراڵی" و مافی نووسینەوەی دەستورێکی تایبەت بەخۆی پێ بەخشـی. بەمەش ڕەوایەتی هەرێم لە دۆخی (دیفاکتۆ De facto ) ـــەوە گوازرایەوە بۆ دۆخی (دیژۆر De jure) واتە ڕەوایەتی دە ستوریی دانپێدانراو.

بەڵام دەتوانین بڵێین کە پرۆسـەکە تەواو نەبووە و کۆتـایی نەهـاتووە و گواسـتنەوەکە بە نـاتەواویی مـاوەتەوە، چـونکە ئەڵـقە گـرنـگەکە، کە بـوونـی (دەستوری هەرێمی)ـیە، نیە. هەرێم دانپێدانانی دەستوریی هەیە، بەڵام لە ناوخۆدا هێشتا بە یاسای ئا سایی و نەریتی سیا سی بەڕێوە دەچێت نەک بە دەسـتورێکی باڵا، ئەمەش کەلێنێکی بونیادییە لە سیستمەکەدا.

**٣-٣: ڕەهەنـدی نەتەوەیی دەسـتور لە دۆخی هەرێمی کوردسـتـانـدا (چەسـپـانـدنی دەستوریی بۆ ناسنامە و ڕەوایەتی نەتەوەیی)**

لە ئەزموونی دەسـتوریی بەراووردکاریدا، دەسـتور تەنها لەوەدا کورت ناکرێتەوە کە بەڵگەنامەیەکی تەکنیکیی، بۆ ڕێکخسـتنی دەسـەڵاتەکـان و دابەشـکردنی پسـپۆڕییەکان، بێت، بەڵکو زۆر لەوە قووڵترە و دەبێتە بەڵگەنـامەی لەدا یەکبوون و ناسـنامەی سـیاسـی گەلان. ئەم ڕەهەندە بە شـێوەیەکی ڕوونتر لەو دۆخانەدا دەردەکەوێت کە

سـەر بەو جۆرەن کە لە فیقهی دەسـتوریدا بە دەوڵەتە فرەنەتەوەکان (Multinational States) دەناسرێن، یان ئەوانەی لە ئەنجامی خەباتێکی نەتەوەیی دوورودرێژەوە دروست بوون، وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا هەیە.
لەم سـۆنگەیەوە، لە دۆخی هەرێمی کوردسـتاندا مەحاڵە بتوانین بیرۆکەی دەسـتور لە ڕەهەندی نەتەوەیی جیا بکەینەوە. هۆکارەکەش ڕوونە، گەلی کورد لە دەرگای دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئامادەوە نەهاتووەتە ناو کایەی سیاسیەوە، بەڵکو لە دەرگای خەباتەوە هاتوو بۆ سەلماندنی بوون و ناسنامەکەی. کەواتە، دەسـتوری هەرێمیی تەنیا یاسایەک نیە بۆ بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی، بەڵکو ئامرازێکە بۆ ئەوەی دانپێدانان بە ناسنامەی کورد لە چوارچێوەی عێراقی فیدرالدا بکاتە واقیعێکی یاسایی.
بەدرێژایی مێژوو، کورد بەرەورووی سیاسەتی نکۆڵی لێکردن و سڕینەوە و تەعریب و تواندنەوەی کلتوریی بووەتەوە. هەر بۆیە دەقی دەسـتوریی وەک گەرەنتیەك وایە بۆ ئەوەی ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی ئەو مێژووە تاڵە بکاتەوە، چونکە دەسـتور بنەمایەکی بەهێزە کە دەتوانێت دانپێدانان بە ناسنامەی کورد لە ڕێککەوتنی کاتییەوە، بگوازێتەوە بۆ پابەندبوونێکی یاسایی هەمیشەیی کە هیچ دەسەڵاتێک نەتوانێت لێی پاشگەز ببێتەوە.
توێژینەوە بەراووردکارییەکان پێمان دەڵێن ئەو دەستورانەی لە خەباتی نەتەوەییەوە دێنە بەرهەم، سێ ئەرکی سەرەکییان هەیە:

- **ئەرکێکی ڕەمزی**: کە بریتیە لە جێگیرکردنی ناسنامەی بەکۆمەڵ و دانپێدانانی فەرمی.
- **ئەرکێکی یاسـایی**: کە بریتیە لە پاراسـتنی ئەم ناسنامەیە لە ڕێگەی بنەمای پابەندکەرەوە کە نابێت تێپەڕێنرێن.
- **ئەرکێکی سـیاسـی**: کە بریتیە لە گۆڕینی داواکارییە نەتەوەییەکان بۆ مافی دەسـتوریی ئامادە بۆ جێبەجێکردن (Enforceable).

لەم چوارچێوەیەدا، دەکرێت بگوترێت کە نەبوونی دەسـتورێکی هەرێمیی نووسراو لە کوردسـتان، دانپێدانان بە ناسنامەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ڕەوایەتی فیدراڵیی گشـتیدا دەهێڵێتەوە کە لە دەسـتوری ٢٠٠٥ی عێراقدا هاتووە، بەبێ ئەوەی ئەم دانپێدانانە وەربگێڕێت بۆ بونیادێکی دەسـتوریی ناوخۆیی ڕوون. دەسـتوری فیدراڵیی، سەرەڕای گرنگیەکەی، ناتوانێت شوێنی دەستوری هەرێمیی بگرێتەوە لە گوزارشـتکردن لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی و کلتوری و سـیاسـیی گەلی هەرێم.
دەسـتوری هەرێمیی باشـترین چوارچێوە بۆ زامنکردنی هاوسەنگی لە نێوان ڕەهەندی نەتەوەیی و ڕەهەندی دیموکراسـی پێکدەهێنێت، ئەوەش بە مانای پەراوێزخسـتنی پێکهاتەکانی تر نیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەل دەدات مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکان بە ڕوونی

بنووسرێتەوە و پرەنسـیپی هاووڵاتیبوونی یەکسـان بچەسـپێت، بەمەش دەسـتور دەبێتە ئـامرازی بەڕێـوەبـردنـی جیـاوازیـیەکـان، نەک ئـامـرازی سەپاندنی دەسەڵات.

کەواتە، پەسـەندکردنی دەسـتورێک بۆ هەرێمی کوردستان تەنها وەڵامدانەوە نیە بۆ پێداویستییەکی ڕێکخسـتن، بەڵکو وەرچەرخانێکی چۆنایەتییە لە ڕێڕەوی ڕەوایەتیـدا، لە ڕەوایەتی خەبـاتگێڕی و مێژووییەوە بۆ ڕەوایەتی دەسـتوریی چەسـپاو، کە تێیـدا نـاسـنـامەی نەتەوەیی لە چوارچێوەیەکی یاسـایی دیموکراسـدا بەڕێوەدەبرێت. بەبێ ئەم دەسـتورە، ئەزموونی هەرێمی کوردسـتان لەبەردەم مەترسـی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی قەیرانە کاندا دەمێنێتەوە، چونکە ناسـنامەیەک کە بە دەسـتور نەپارێزرابێت، هەمیشـە وەک بارمتەی دەسـتی میزاجی سیاسی دەمێنێتەوە.

لە ئەزموونە دەسـتورییە بەراووردکـارییەکـانـدا، چەمکی دەسـتور تەنیا لەوەدا قەتیس نامێنێتەوە کە (تەکنیکێکی ڕێکخستن) بێت بۆ دابەشکردنی پسـپۆڕییەکان و بنیاتنانی دامەزراوەکان، بەڵکو لەوە قـووڵـتر دەبـێـتەوە و دەبـێـتە بەڵـگەنـامەی ناسنامە (Identity Document)، ئەم بەڵگەنامەیە کۆمەڵگەی سـیاسـی دادەمەزرێنێت، پێناسـەی دەکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆی و ئەوانی دیکەدا ڕێکـدەخـات. ئەم ڕەهەنـدە بە زەقیی لەو قەوارانەدا دەردەکەوێـت کە فـرەنەتەوەن و لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا دەژین، یان لەو هەرێمە فیـدراڵیـانەی کە خـاوەنی مێژووی تـایبەت و خەباتێکی نەتەوەیی درێژخایەنن.

لێرەدا هەرێمی کوردسـتان حاڵەتێکی دەگمەن و دابڕاو نیە لە مێژووی جیهان، بەڵکو بەشـێکە لەو ئەزموونە جیهـانیـانەی کە هەوڵیـان داوە وەڵامی "پرسیاری ناسنامە" لە ڕێگەی ئامرازی دەستوریی فرەئاسـتەوە بدەنەوە، کە لە دانپێدانانی ڕەمزییەوە دەسـت پێ دەکات، بە پاراسـتنی مافەکاندا تێـدەپەڕێـت، و دەگـاتە چەسـپـانـدنی بنەمـا دامەزراوەییـەکـان، بەجـۆرێـک کە ڕێـگـریـی لە گەڕانەوەی سیاسەتی نکۆڵیکردن یان تواندنەوەی زۆرەملێ (Forced Assimilation) بکات.

بە کورتی، دەسـتوری هەرێمی کوردسـتان تەنیا یاسـایەک نابێت بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان، بەڵکو بەڵگەنامەیەک دەبێت دەڵێت: ئێمە لێرەین، خـاوەنی مێژووین، و دەمـانەوێـت بە یـاسـا و دیموکراسی داهاتوومان بپارێزین.

## تەوەری چوارەم
## چوارچێوەی دەستوریی و یاسایی هەرێمی کوردستان - عێراق
## لە سایەی عێراقی فیدراڵدا

هەرێمی کوردسـتان، لە چوارچێوەی سیسـتمی فیـدراڵـیـی عـێـراقـدا، خـاوەنـی پـێـگەیەکـی دەسـتوریی تایبەت و بێهاوتایە، هۆکارەکەشـی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم هەرێمە سـەرەتا لە سـاڵی ١٩٩٢ـــەوە وەک واقیعێکی سـیاسـی و

کارگێڕی سەریههڵدا کە تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ بوو، و پاشان لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ـەوە توانی دانپێدانانی دەستوریی ڕاشکاو بەدەست بهێنێت.

بەڵام ئەم پەرەسەندنە مێژووییە هەروا بەئاسانی سەری هەڵنەداوە، بەڵکو سیمای سەرەکیی بریتیە لە جۆرێک لە دووانەیی لە سەرچاوەکانی ڕەوایەتی و تێکەڵبوونێک لە نێوان دەقی دەستوریی فیدراڵیی و واقیعی سیاسیی ناوخۆی هەرێم.

هەر لەم سۆنگەیەوە، ئامانجی ئەم تەوەرە بریتیە لە شیکردنەوەی ئەو چوارچێوە دەستوری و یاساییەی کە حوکمی دۆخی هەرێمی کوردستان دەکات، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی سنوورەکانی ئەم چوارچێوەیە، دەستنیشانکردنی کێشەکانی، و دەرخستنی کاریگەرییەکانی لەسەر سەقامگیریی سیستمی سیاسی لە هەرێمدا.

## ٤-١: دۆخی یاسایی هەرێمی کوردستان پێش دەستوری ٢٠٠٥ (١٩٩٢-٢٠٠٥)

لە ڕووی واقیعیەوە، سەرهەڵدانی هەرێمی کوردستان دەرەنجامی ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و سەپاندنی (ناوچەی دژەفڕین No-Fly Zone) بوو، ئەو ڕووداوانەی بوونە هۆی کشانەوەی تەواوەتیی دامەزراوە ناوەندییەکانی دەوڵەتی عێراق لە بەشێکی فراوانی پارێزگاکانی کوردستان لەعێراق. لەم بۆشاییە ئیدارییەدا، ئیدارەیەکی کوردستانیی لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشتییەوە لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە دامەزرا، کە بووە هەوێنی لەدایکبوونی پەرلەمان و حکومەتێک کە پیادەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنیان دەکرد.

بەڵام لە ڕووی دەستورییەوە، ئەم قەوارە نوێیە، لەو قۆناغەدا، خاوەنی هیچ پشتیوانییەکی یاسایی لە دەستورەکانی پێشووی عێراقدا نەبوو، چونکە ئەو دەستورانە لەسەر فەلسەفەی (دەوڵەتی سادەی ناوەندی Unitary State) داڕێژرابوون، هەر بۆیە دەکرێت دۆخی ئەوکاتی هەرێم وەک دۆخێکی یاسایی بێوێنە پێناسە بکەین، کە لەجیاتی دەقێکی دەستوریی بەرکار، پشتی بە (دیفاکتۆی سیاسی Political De Facto ) و ڕەوایەتی جەماوەریی بەستبوو. لەو قۆناغەدا، دامەزراوەکانی هەرێم لە سایەی نەبوونی هیچ چاودێرییەکی فیدراڵییدا، دەستیان کرد بە دەرکردنی یاسای ناوخۆیی و ڕێکخستنی سەرجەم جومگە کارگێڕی و ئەمنی و داراییەکانی هەرێم.

لە فیقهی دەستوریدا، ئەم دۆخە لەژێر چەمکی (ئۆتۆنۆمی کردەیی بەدەستوریی نەکراو-Non (Constitutionalized De Facto Autonomy) پۆلێن دەکرێت، دۆخێک کە تێیدا دامەزراوەکانی حوکمڕانی بە هۆی پێویستبوونی مێژوویی و ڕەوایەتیی سیاسی دروست دەبن و جێگیر دەبن، بە ئومێدی بەدەستهێنانی دانپێدانانی

دەستوریی لە داهاتوودا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم مۆدێلە هەرچەندە تەمەنی درێژ بێت، لە سرووشتی خۆیدا بە کاتیی دەمێنێتەوە، چونکە بنەمایەکی یاسایی باڵای بۆ پاراستنی نیە.

### ٤-٢: دانپێدانانی دەستوریی بە هەرێمی کوردستان لە دەستوری عێراقیی ساڵی ٢٠٠٥

پەسەندکردنی دەستوری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا، وەرچەرخانێکی مێژوویی و جەوهەریی بوو بۆ دۆخی یاسایی هەرێمی کوردستان. لەم دەستورەدا، لە برگەی یەکەمی ماددەی (١١٧)دا، بە ڕاشکاویی دان بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانیدا وەک (هەرێمێکی فیدراڵی) نراوە. ئەم دەقە یاساییە بە دەستکەوتێکی بێ پێشینە لە مێژووی دەستوریی عێراقدا دادەنرێت، چونکە پێگەی هەرێمی لە دۆخێکی (دیفاکتۆ De Facto)ـەوە گواستەوە بۆ قۆناغی ڕەوایەتی دەستوریی تەواو یان (دیژۆر De Jure).

لەلایەکی دیکەوە، ماددەی (١)ی دەستورەکە سیستەمی حوکمڕانیی عێراقی لەسەر بنەمای "فیدراڵیزم" دارشتوە و نەخشەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و پارێزگاکاندا کێشاوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا، ماددەی (١٢١) دەسەڵاتێکی فراوانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری بە هەرێمەکان بەخشیوە. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە دەستورەکە (لە دەرەوەی دەسەڵاتە تایبەتیەکانی فیدراڵیی) باڵادەستی داوە بە یاسای هەرێم، واتە لە کاتی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان یاسای هەرێم و یاسای فیدراڵیدا، ئەوا یاسای هەرێم لەهەرێمی کوردستاندا کاری پێ دەکرێت.

لە هەمووی گرنگتر، ماددەی (١٢٠)ـە کە بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە دەرگای بۆ هەرێمەکان کردووەتەوە تاوەکو دەستوری تایبەت بە خۆیان هەبێت. ئەم ماددەیە ڕێگە دەدات کە هەرێم هەیکەل و تایبەتمەندیی دەسەڵاتەکانی و میکانیزمی کارکردنیان دیاری بکات، بە مەرجێک ناکۆک نەبن لەگەڵ دەستوری فیدراڵییدا. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دەستوری عێراق بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوونی دەستوری هەرێمی بە پێویست داناوە و بە بەشێکی دانەبڕاو و تەواوکەری سیستمە فیدراڵییەکە هەژماری کردووە. دەستوری عێراق کۆمەڵێک دەسەڵاتی بەرفراوانی بۆ هەرێمی کوردستان فەراهەم کردووە، کە دەتوانین لە سێ تەوەر یان ئاستی سەرەکیدا پۆڵێنیان بکەین:

**١. دەسەڵاتە تایبەتەکانی هەرێم (نەبەستراو بە فیدراڵیی):** مەبەست لێی ئەو بوارانەیە کە لە دەستوردا وەک "دەسەڵاتی قۆرخکراو" بۆ حکومەتی فیدراڵیی دیاری نەکراون. لەم بوارانەدا، ماددەی (١١٥) گەرەنتییەکی بەهێزی داوە کە بریتیە لە "باڵادەستیی یاسای هەرێم"،

واتە لە کاتی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان یاسای هەرێم و ناوەنددا، ئەوا یاسای هەرێم جێبەجێ دەکرێت و کاری لەپێشینەی هەیە.

٢. **دەسەڵاتە هاوبەشەکان:** ئەمە ئەو دۆسیە هەستیارانە دەگرێتەوە کە بەڕێوەبردنیان پێویستی بە هەماهەنگی و کاری هاوبەشی نێوان فیدراڵیی و هەرێم هەیە، دیارترین نموونەکانیش بریتین لە: بەڕێوەبردنی سامانە سرووشتییەکان (نەوت و گاز) ماددەی (١١٢) ، دارشتنی سیاسەتەکانی ژینگە ماددەی (١١٤/سێیەم) ، و پرۆسەی پلاندانانی گشتی ماددەی (١١٤/چوارەم)....هتد

٣. **دەسەڵاتە جێبەجێکردن و کارگێڕییەکان:** ئەم دەسەڵاتانە دەستکراوەیی تەواو بە هەرێم دەبەخشن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی خۆی، کە گرنگترینیان بریتین لە دامەزراندن و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (وەک پێشمەرگە و پۆلیس)، لەگەڵ بەڕێوەبردنی کەرتە خزمەتگوزاریەکانی وەک پەروەردە، تەندروستی و شارەوانیەکان، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع، پرۆسەی پیادەکردنی ئەم دەسەڵاتانە بێ گرفت نەبووە و لە زۆر وێستگەدا بووەتە مایەی ناکۆکی سیاسی و یاسایی توند لە نێوان هەولێر و بەغدادا. هۆکارەکانیش فرەچەشنن، لەوانە ناڕوونی و لێڵی لە هەندێک دەقی دەستوریدا، دەرنەکردنی یاسا فیدراڵییە تەواوکەرەکان، هەروەها خوێندنەوە و تەفسیرکردنی جیاواز بۆ دەقەکان.

**٤-٣: کێشەی کارکردن بەبێ دەستورێکی هەرێمیی نووسراو**

سەرەڕای ئەوەی هەرێم لە ئاستی فیدراڵیدا خاوەنی دانپێدانانی دەستورییە، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆ دەستورێکی نووسراوی نیە کە ئەرکی ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان و دیاریکردنی پەیوەندی نێوانیانی لە ئەستۆ بێت. ئەم دۆخە بووەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک کێشەی بونیادیی، کە دیارترینیان بریتین لە:

١) **بە سیاسی کردنی ناکۆکییە دەستورییەکان:** لەبری ئەوەی کێشە و ململانێی نێوان دەسەڵاتەکان لە ڕێگەی میکانیزمی دادوەری و دەستورییەوە یەکلایی بکرێنەوە، پەنا دەبرێتە بەر "ڕێککەوتنی سیاسی" و "سازانی حزبیی" بۆ چارەسەرکردنیان، کاتێکیش حزبەکان ناگەنە ڕێکەوتن دەبێتە هۆی پەککەوتنی دامەزراوەکان.

٢) **بۆشایی دادگای دەستوریی:** نەبوونی دادگایەکی دەستوریی تایبەتمەند لە هەرێمدا، وایکردووە هیچ لایەنێکی باڵا نەبێت چاودێریی دەستوریبوونی ئەو یاسایانە بکات کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچن، بگرە لەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە ناوخۆی هەرێمەوە پەنا ببرێتە بەر دادگای

بـاڵای فیـدراڵیی، بەوەش کەلێن و هەل دروست ببێت بۆ دەستێوەردان لەکاروباری نـاوخـۆی هەریـم و کەمـکـردنەوەی ئەو تایبەتمەندی و دەسەڵاتانەی کە دەستوری فیدراڵیی بۆی تەرخان کردووە.

٣) **لاوازیی ڕەوایەتی دامەزراوەیی:** ئەم دۆخە وایکردووە ڕەوایەتی زۆرێک لە ڕێکار و بڕیارە گەورەکـان بکەوێتە ژێر پرسـیـارەوە و ببێتە مایەی مشتومڕی سیاسیی بەردەوام.

دەرەنجامی ئەم گرفتانە دۆخێکی خوڵقاندووە کە دەکـرێـت بە دوالـیـزمـی دەسـتـوریـی (Constitutional Dualism) وەسف بکرێت، واتە بوونی دەستورێکی فیـدراڵیی کـارا لە لایەک، و کارکردنی سیستمێکی یاسـایی هەرێمی بەبێ چـوارچـێـوەیەکـی دەسـتـوریـی (Non-Constitutionalized) لە لایەکـی تـر، ئەمەش دیـاردەیەکـی دەگمەنە لە دەوڵەتە فـیـدراڵـیـیـە جێگیرەکاندا.

## ٤-٤: ماددەی (١٤١)ی دەسـتوری ٢٠٠٥ و بەردەوامیی یاسادانانی هەرێمی

ڕاسـتە مـاددەی (١٤١)ی دەسـتوری عێراق بڕیاری داوە کار بەو یاسـا و بڕیارانە بکرێت کە لە سـاڵی ١٩٩٢ـــەوە لە هەرێم دەرچوون (تا ئەو کـاتەی هەمـواردەکـرێـنەوە یـان هەڵدەوەشێنرێنەوە، بە مەرجێک دژی دەستوری فـیـدراڵـی نەبـن)، بەڵام ئەم دەقە تەنـیـا چارەسـەرێکی کـاتییە بۆ ڕێگریکردن لە دروسـتبوونی بۆشـایی یاسـایی، و جۆرێک لە ڕەوایەتی کاتیی بەخشـینە بە یاسـادانانەکانی پێشووی هەرێم.

لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەم چارەسـەرە لە سرووشـتی خۆیـدا کـاتییە و هەرگیز نـاتوانێـت جێگەی دەستورێکی هەرێمیی بگرێتەوە کە سـیسـتمی سـیاسـی بە شـێوەیەکی گشـتگیر ڕێکبخات. مانەوە لەسـەر ماددەی (١٤١) وەک بنەمایەکی یاسـایی هەمیشـەیی، دەرچوونە لە مەنتیقی دروستی دەستوریی.

لە کۆی ئەم شیکردنەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پەسـەندکردنی دەسـتوری هەرێم زیادەیەکی شـکڵی نیە بۆ بینای دەسـتوریی هەبوو، بەڵکو پێویسـتبوونێکی یـاسـاییە بۆ تەواوکردنی پایەکانی فیدراڵیزم، پاراسـتنی سـیسـتمی سـیاسـیی هەرێم، و گواسـتنەوە لە ڕەوایەتی قۆناغییەوە بۆ ڕەوایەتی دەستوریی چەسپاو.

# تەوەری پێنجەم
# هەوڵەکانی داڕشتنی دەستوری هەرێمی کوردستان-عێراق (١٩٩٢—٢٠٢٢)

پەرلەمانی کوردسـتان چەندین هەوڵیداوە بۆ نووسـینەوەی دەسـتور، هەوڵەکان بەسـەر چەند وێسـتـگەیەکـی گـرنـگـدا دابەش دەبـن. بە پشـتبەسـتن بە ڕیزبەندیی مێژوویی گرنگترین وێستگەکان دەخەینەڕو:-

**یەکەم:** سـاڵی ٢٠٠٢ پەرلەمانی کوردسـتان لیژنەیەکی (١٠) کەسـی لە ژمارەیەک ئەندامی

پەرلەمان و شـــارەزایانی بواری یاســا پێکهێنا بۆ نووسینەوە و ئامادەکردنی پرۆژەیەکی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان و لە ڕێکەوتی ٧/١١/٢٠٠٢ بە بڕیارە یاسـای ژمارە (٢٦)، پرۆژەی دەسـتوری هەرێـمـی کـوردســـتـان، کە لە (٧٨) مـاددە پێکهـاتبوو، پەســەنـد کرد، بەڵام هەر بە پرۆژە مـایەوە و دواجـار نەبووە دەســـتوری هەرێمی کوردستان.

**دووەم**: ســـاڵی ٢٠٠٥ لە ژێر ڕۆشـــنـایی ئەو گۆڕانکـاریـانەی لە عیراق ڕوویـانـدا، بەتـایبەت پرۆسەی نووسینەوەی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، پەرلەمانی کوردســتان بە بڕیارە یاســای ژمارە (٤) لە ٦/٨/٢٠٠٥، بڕیاریدا پێداچوونەوە بۆ پرۆژە دەســـتوری ســـاڵی ٢٠٠٢ هەرێمی کوردستان بکات، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی لە (١٨) کەس، کە ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمان و شـارەزایانی بواری یاسـای لەخۆگرتبوو، پێکهێنا. دوای پێـداچوونەوە لیژنەکە پرۆژەیەکی تـازەی دەســـتوری هەرێمیان ئامادەکرد کە لە (١٢٢) مادده پێکهاتبوو.

لەبەرەنجـامی کۆتـاییهـاتنی کـاری لیژنەی پێداچوونەوەی دەســـتور و ئامادەکردنی پرۆژەی دەســـتوری هەرێمی کوردســـتـان، پەرلەمـانی کوردسـتان یاسـای ژمارە (١٦) ی سـاڵی ٢٠٠٨ ی تایبەت بە دیاریکردنی ڕێوشوێنی ئەنجامدانی ڕاپرسیی لەسەر پرۆژە دەستورەکە دەرکرد.

لە ســـاڵی ٢٠٠٩ دوو جار ئەم یاســـایە هەموار کرایەوە لە ڕێگەی هەریەکە لەیاســـای ژمارە (٩) ی ســـاڵی ٢٠٠٩ یاســـای هەمواری یەکەمی یاســـای پەســـەندکردنی دەســـتوری هەرێمی کوردستان و یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەمواری دووەمی یاسای پەسەندکردنی دەســـتوری هەرێمی کوردســـتـان، ئەمەش بۆ ڕێکخســـتنی وردتری بـابەتی پەســـنـدکردنی پرۆژەکە لە پەرلەمـانی کوردســـتـان و چۆنیەتی خستنە ڕاپرسیەوە بۆ دەنگدان لەسەری لەلایەن گەلی کوردستانەوە.

لەبەر ڕۆشـــنـایی ئەم یاســـاکاریانەدا پەرلەمانی کوردسـتان بە بڕیارە یاسـای ژمارە (٨) ی سـاڵی ٢٠٠٩ دەقی پرۆژە دەســـتوری ئـامـادەکراو لە لایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە پەســـەند دەکات. دواتــر لە ڕێــکـەوتــی (٢٥/٦/٢٠٠٩) داوا لەکۆمســـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکـان دەکـات هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمـانـی کـوردســـتـان کە بـڕیـاربـوو لە (٢٥/٩/٢٠٠٩) ئەنـجـام بـدرێـت، پـرۆژەی دەســـتوری هەرێمی کوردســـتـانیش بخرێتە ڕاپـرســـیەوە، بەڵام کـۆمســـیـۆنـی بـاڵای هەڵـبـژاردنەکـانـی فـیـدراڵـیـی لە ڕێـکەوتـی (٦/٧/٢٠٠٩) ئەنجـامـدانی ڕاپرســـیەکەی لەو ڕێکەوتەدا بەپاساوی لۆجستی ڕەتکردەوە.

**سێیەم:** پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٥، لە ڕێگەی یاســـای ژمارە (٤)ی ســـاڵی ٢٠١٥ یـاســـای ئـامـادەکردنی پرۆژەی دەســـتوری

کوردستان بۆ راپرسی، جارێکی دیکە هەوڵەکانی بۆ نووســـینەوەی دەســـتورو دەســـتپێکردەوە، ئەمـجـارەیـان لـیـژنەیەکـی (٢٠) کەســـی لەئەندامانی پەرلەمان و شـارەزایانی بواری یاسـا پێکهێنـا، بەمەبەســـتی ئـامـادەکردنی پرۆژەی دەسـتوری هەرێمی کوردسـتان، و لە یاسـاکەدا هاتووە پێوویســـتە لیژنەکە کارە کانی لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا تەواو بکـات ئەگەرنا پەرلەمـان بۆی هەیە مـاوەکەی بـۆ درێـژبـکـاتەوە. بەداخەوە لەومـاوەیەدا نەتـوانـرا پـڕۆژەی دەســـتـورەکە ئـامـادەبـکـرێـت و لەهەمـان کـات پەرلەمـان ماوەکەشی درێژ نەکردەوە.

**چوارەم:** لە ساڵی ٢٠٢٢دا لە ڕوانگەی ئامادەکاری بۆ کـاراکردنەوەی هەنگـاوەکـانی ئـامـادەکردنی پـڕۆژەی دەســـتـوری هەرێـمـی کـوردســـتـان، ســـەرۆکـایەتی هەرێم نووسراوێکیـان ئـاراســـتەی پەرلەمـانـی کـوردســـتـان کـرد بە مەبەســـتـی دەسـتنیشـانکردنی نوێنەری پەرلەمانی کوردسـتان بۆ بەشداریی لە لیژنەی ئامادەکاریی کاراکردنەوەی لیژنەی نووسـینەوەی دەسـتور، بۆ ئەم مەبەسـتە پەرلە مانی کوردســـتان (٣) راوێژکاری خۆی وەک نوێنەر دیاریکرد بۆ بەشـــداریی لە کۆبوونەوە کانی سەرۆکایەتی هەرێم.

بەمەبەســـتی بەشـــداریی کردنی ســـەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە شێوازو چۆنیەتی کـاراکردنەوەی لیژنەی نووســـینەوەی دەســـتوری هەرێمی کوردســـتـان و دەربڕینی ڕاوبۆچوونی تـایبەت بە فراکســـیۆنەکـان لەو بـارەیەوە، ســـەرۆکـایەتـی خـولـی پـێـنـجەمـی پەرلەمانی کوردســـتانیش نووسراوی ئاراســـتەی سەرجەم فراکسیۆنەکان کرد، فراکسیۆنەکان بە نووسراوی فەرمی ســـەرۆکایەتیان ئاگادارکردەوە لە ڕاوبۆچوونیان سەبارەت بە ناوەڕۆکی دەستوری هەرێمی کوردسـتان و میکانیزمی کاراکردنەوەی لیژنەی دەستوری هەرێمی کوردستان.

دەســـتەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمان لە ڕۆژی (٣) شـــەمـمە رێکەوتـی ٨/٢/٢٠٢٢ کـۆبـوونەوەی لەگەڵ ســـەرجەم فراکســـیۆنە کانی پەرلە مانی کوردســـتان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا ســـەرجەم سەرۆک فراکسیۆنەکان ئامادەبوون و تێدا چەند پرسێکی گرنگ تاووتوێ کرا لە نێوانیاندا، پرسی دروستکردنەوەی لیژنەی ئامادەکردنی دەستوری هەرێمی کوردســـتـان بوو، دوای گفتوگۆی چڕوپڕی ئامادەبووان جگە لە فراکسـیۆنی نەوەی نوێ هەموویان هاوڕابوون لەسەر پێوویستبوونی دەسـتور بۆ هەرێمی کوردسـتان، پێشـنیارکرا کە ســـەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەک لە ســـەرجەم فراکسیۆنەکان و لیژنەی یاسایی دروست بکات و پێشـنیازی یاسـای هەمواری ژمارە (٤)ی سـاڵی ٢٠١٥ ئامادەبکەن بۆ هەڵبژاردن و میکانیزمی نووسینەوەی دەستور.

پاشـــان ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان لە ٢٨ حـوزەیـرانـی ٢٠٢٢ دا نـامەیەکـی ئـاراســـتەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردســـتان کردو تێدا داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکات هەنگاوە یاسایی و تەشریعیەکان بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەی دەســـتوری

هەرێمی کوردستان بگرێتەبەر و پاڵپشتی و پشتیوانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە بۆ پەرلەمانی کوردستان خستەڕوو، دواجار پەرلەمانی کوردستان بەرمەبنای نامەی سەرۆکی هەرێم و دەرەنجامی کۆبوونەوەی سەرۆک فراکسیۆنەکان و پاڵپشت بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لە ٢٣ی اب ٢٠٢٢دا لیژنەیەک پێکهێنرا لە لیژنەی یاسایی و نوێنەری هەریەک لە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتووی ئیسلامی، ئازادی، سەردەم) بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕەشنووسی پێشنیازە یاسایەک بۆ پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەبوو کە هەنگاوەکان لەوە زیاتر بڕیان نەکردو وەستان تا خولی پێنجەمی پەرلە مانی کوردستان کۆ تایی هات و هیچ دەرەنجامێك لەو هەنگاوانە نەهاتەدی.

## تەوەری شەشەم
## پێویستبوونی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان-عێراق
## ئەرکەکان، ئامانجەکان، و دیدگای دەستوریی داهاتوو

ئەگەرلە تەوەرەکانی پێشوودا بنەمای فەلسەفیی دەستور و ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی–نەتەوەیی ڕەوایەتی هەرێمی کوردستانیان ڕوون کردبێتەوە، و ڕێڕەوی هەوڵەکانی داڕشتنی دە ستورێکیان بۆ هەرێم ئاشکرا کردبێت، ئەوا ئەم تەوەرە دەست بۆ جەوهەری مە سەلە دە ستورییەکە دەبات: بۆچی دەستور پێوویستییەکی هەنووکەییە بۆ هەرێمی کوردستان؟ ئەو ئەرکانە چین کە جێبەجێیان دەکات؟ و چۆن دەکرێت دیدگایەکی دەستوریی دا هاتوو گەڵاڵە بکر یت کە هەرێم بگوازێتەوە بۆ دۆخی دەستوریی جێگیر؟

ئەم تەوەرە تەنها بە بڕیاردانی پێوویستییەکە ناوەستێت، بەڵکو هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی دەستوریی ڕیشەداری بکات، و بیبەستێتەوە بە چەمکی دەوڵەتی فیدراڵی دیموکراسی، و بە پێداویستییەکانی ڕەوایەتی و سەقامگیریی سیاسی و پاراستنی مافەکان و بەڕێوەبردنی فرەیی.

### ٦-١: دەستور وەک مەرجێک بۆ تەواوکردنی ڕەوایەتی دەستوریی هەرێم

فیقهی دەستوریی جیاوازی دەکات لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی ڕەوایەتی: ڕەوایەتی مێژوویی، ڕەوایەتی شۆڕشگێڕیی، ڕەوایەتی دە ستکەوت، و ڕەوایەتی دەستوریی. بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان، دەکرێت بگوترێت هەرێم بە هەموو ئەم قۆنا غانەدا تێپەڕیوە جگە لە قۆناغی کۆتایی بە شێوەیەکی تەواو.

ئەگەر سەیری ڕێڕەوی مێژوویی هەرێم بکەین، دەبینین سەرە تا ڕەوایەتی خۆی لە (خە بات و مێژووی شۆڕشگێڕی)ـەوە وەرگرت. دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە، لە ڕێگەی بنیاتنانی دامەزراوەکا نی حوکمڕا نیەوە، پێگەی خۆی قایمتر کرد بەوەی پێی دەگوترێت (ڕەوایەتی دەستکەوت). دواجاریش ئەم پرۆسەیە گەیشتە

ترۆپک کاتێک لە دەســتوری ٢٠٠٥ی عێراقدا دانپێدانانی فیدراڵیی ڕاشکاوی بەدەست هێنا. بەڵام لە دیدی دەسـتوریی پەتییەوە، ئەم بازنەی ڕەوایەتیە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە ئەگەر ئەڵقەی کۆتـایی بۆ زیـاد نەکرێـت، ئەویش بریتیە لە نووســینەوەی دەســتورێکی هەرێمیی کە بەرجەســتەی ئیرادەی ســیاســیی خەڵکی کوردســتان بێت و ئەو ئیرادەیە وەربگێڕێت بۆ کۆمەڵێک بنەمای یاسایی باڵا و پابەندکەر.

دەسـتوری هەرێمیی ئەو هێزەی هەیە کە هەرێم لە قەوارەیەکی دانپێـدانراوەوە (Recognized) بگوازێتەوە بۆ قەوارەیەکی دەســتوریی دامەزراو (Constitutionally Established). هەروەهـا سرووشتی سیستمی سیاسی لە لۆژیکی (سازان و ڕێککەوتنی سیاسیی کاتی)ـــیەوە بگۆڕێت بۆ لۆژیکی (بنەما چەســپاو و جێگیرەکان). بەبێ بوونی ئەم دەســتورە، ڕەوایەتی دامەزراوەکـان هەمیشــە وەک بابەتێکی جێگای لێکدانەوە و مشــتومڕ دەمێنێتەوە، و لە هەر وێســتگەیەکی هەستیاردا زەمینە خۆش دەبێت بۆ سەرهەڵدانی قەیرانە سیاسییەکان.

## ٦-٢: دەستور وەک ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی دەســەڵات و ســـتراتـیـژیـەك بـۆ ڕێگریکردن لە قەیرانە سیاسییەکان

ئەزموونی مەیـدانیی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردســتان لە سێ دەیەی ڕابردوودا، بەتایبەتی ئەو **گرژی** و ئاڵۆزیانەی لە وێســتگە جیاوازەکاندا ڕوویانداوە، ئەو ڕاســتیەمان بۆ دەســەلمێنن کە مـانەوە بە بێ دەســـتورێکی نووسراو، تەنهـا کەموکورتیەکی یاســایی نیە، بەڵکو هەمیشــە دەروازەیەکی مەترســیدارە لەبەردەم (بۆشــایی یـاســایی) و (لێکدانەوەی ســیـاســی)دا بۆ جـومگەکـانـی دەســەڵاتەکـان و پـێشــهـاتە یـاســاییەکـان، چونکە لە غیـابی دەســتوردا، یاساکان دەبنە ماددەیەکی نەرم بە دەست هێزە ســیاســیە کانەوە، کە بەگوێرەی بەرژەوەندیی کاتیی دەستکاری بکرێن یان پەکبخرێن.

هەروەها پرسە چارەنووسسازەکان و پێویستیی یەکلاکردنەوەی دەســتوریی کۆمەڵێک پرســی هەسـتیار و جەوهەریی لە سـیسـتمی سیاسـی هەرێمدا هەن، کە بەجێهێشتنیان بەبێ دەقێکی دەستوریی تۆکمە و یەکلاکەرەوە، هەمیشە وەك بۆمبی تەوقیتکراون بۆ ســەرهەڵـدانی قەیران، لەوانە:

١. **دیـاریکردنی مـاوەی ویلایەتی پۆســـت و دامەزراوەکان**: لە ســیســتمە دیموکراســیە جێگیرەکاندا، ماوەی ویلایەت (Term Limit) بۆ هەر پۆست و دامەزراوەیەك، هێڵێکی سوورە و بە دەقی دەستوریی دیاری دەکرێت، نەک بە ڕێکەوتنی ســیاســی. لە هەرێمدا، نەبوونی ئەم دەقە دەســتوریە وایکردووە کە پرســەکە ببێتە بابەتی مامەڵەی ســیاســی و درێژکردنەوەی پەرلەمــانــیی، ئەمەش گـورز لە ڕەوایەتـی دامەزراوەکان دەدات.

٢. **میکانیزمە کانی دەســتاودەســتکردنی دەسەڵات** (Transfer of Power) : دەستور دەبێت ڕێڕەوی گواســتنەوەی دەســەڵات بە وردی دیــاری بــکــات، بەجــۆرێــک کە گواســتنەوەکە پرۆســەیەکی ئۆتۆمــاتیکیی یاسایی بێت، نەک پرۆسەیەکی کەسیی یان حزبیی کە بکەوێتە ژێر کاریگەریی ویســت و حەزی سیاسی.

٣. **ئەنــدازیــاریــی پەیــوەنــدیــی نــێــوان سێکوچکەی دەسەڵات (سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت)** : تا ئێســتا سرووشــتی ســیســتمی حوکمڕانی لە هەرێم (ئــایــا پەرلەمــانیيە یــان تێکەڵ؟) جێگەی مشــتومڕە. دەســتور دەبێت بە ڕوونی ئەرک و دەســەڵاتــی هەر یەکــێــک لەم دامەزراوانە دیاری بکات، کێ مافی لێپرسینەوەی هەیە؟ کێ مافی هەڵوەشــاندنەوەی ئەوی دیکەی هەیە؟ نەبوونی ئەم ڕوونییە دەبێتە هۆی بەریەککەوتنی دەسەڵاتەکان.

٤. **کێشــانی ســنووری دەســەڵاتەکان** : بۆ ڕێگریکردن لە تاکڕەویی، دەبێت ســنووری دەســەڵاتەکان دیار بێت. هیچ دەســەڵاتێک نابێت ڕەها بێت، و دەســتور دەبێت چاودێر و هاوســەنگ (Checks and Balances) بۆ هەر دەسەڵاتێک دابنێت.

لەلایەکی دیکەشــەوە، دەســتور هۆکــارێکە بۆ گواســتنەوە لە عورفی حزبییەوە بۆ ســەروەریی دەســتوریی، ئەم پرسە چارەنووســسازانە نابێت بکرێنە قوربانیی (لێکدانەوەی ســیاســیی گۆڕاو) یان (عورفی حزبی). عورفی سیاسی لە هەرێمدا زۆرجار لەســەر بنەمای (ســازان) دروســت بووە، بەڵام ســـازان بنەمــایەکی لەرزۆکە و لە کــاتی ناکۆکیدا دەڕووخێت. دەســتور دەبێت ئەم عورفە بگۆڕێت بۆ دەقی یاسایی پابەندکەر (Binding) ، کە هەمووان ملکەچی بن، چ زۆرینە و چ کەمینە. ئەوە ســەرەڕای ئەوەی کە دەســـتــور ئەرکــی خۆپارێزیی دەســتور (Preventive Function) دەبینێت، بەو واتایەی گرنگترین ڕۆڵی دەســتور تەنها چەســپاندنی پێکهێنانی حکومەت نیە، بەڵکو ڕۆڵێکی خۆپــارێزیی دەبینێــت لە دوو ڕووەوە:

١) **ڕێگریکردن لە گەورەبوونی قەیرانەکان** : لە سیستمی بێ دەستوردا، هەر ناکۆکیەکی سیاسی ئاسایی مەترسی ئەوەی هەیە ببێتە قەیرانێکی گەورە، بەڵام دەستور ناکۆکیەکان سنووردار دەکات و ناهێڵێت ببنە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیریی هەرێم.

٢) **نەهێشــتنی چەقبەســتنی ســیاســی** (**Political Deadlock**): کاتێک یاســا و ڕێساکانی کایەی سیاسی (Rules of the Game) پێشــوەختە نووسراو و زانراو بن، ئەکــتەرە ســـیــاســـیەکــان نــاتــوانــن، کە ئەنجــامەکــانیــان بەدڵ نیيە، یــاریەکە تێک بدەن. دەســتور دەرچە (Exit Strategy) بۆ

هەموو دۆخە پێشــبینی کراوەکان دادەنێت، بەمەش توانای سیســتمەکە بۆ بەڕێوەبردنی نـاکۆکیەکـان بە شــێوازێکی ئـاشــتیـانە و شارستانی بەرز دەکاتەوە.

کەواتە، بوونی دەســـتور زەمـانەتە بۆ ئەوەی ململانێی سیاسی لە شەڕی شکاندنی ئێسکەوە، بگۆڕێت بۆ ململانێیەکی یاســایی لەژێر ســایەی دادگای دەستوریدا.

## ٦-٣: دەستور و زامنکردنی ماف و ئازادیەکان و پاراستنی فرەیی

لە ســیســتمە دیموکراســیەکاندا، ئەرکی هەرە لەپێشی دەستور بریتیە لە چەسپاندنی ماف و ئــازادیە بــنەڕەتــیەکــان، بەڵام نەک وەک (بەڵێنێکی سیاسی) کە بە گۆڕانی دەسەڵات بگۆڕێت، بەڵکو وەک (مافێکی دەستوریی باڵا) کە لە ســەرووی هەموو یاســا ئاســاییەکانەوە بێت. ئەم ڕۆڵە پارێزەرە لە هەرێمی کوردستاندا بـایەخێکی دووهێنـدەی دەبێـت، ئەویش بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکیەوە:

1) **مـۆرکـی نەتەوەیـی هەرێـم:** هەرێــمی کوردســـتان نوێنەرایەتی گەلێک دەکات کە لە ڕووی مێژووییەوە بەدەست سیاسەتەکانی نکۆڵیکردن و چەوســـاندنەوە ئازاری زۆری چەشــتووە، ئەم پاشــخانە مێژووییە وادەکات کە بوونی گەرەنتی دەستوریی، پێش ئەوەی پێویســـتبوونێکی یـاســـایی بێـت، پێویستبوونێکی دەروونی و سیاسی بێت بۆ دڵنیابوون لە داهاتوو.
2) **فرەیی نەتەوەیی و ئـاییـنی:** کۆمەڵگەی کوردســـتـان خـاوەنی فرەچەشـــنیەکی دەوڵەمەنـدی نەتەوەیـی و ئـایـیـنـیە، بـۆیە پاراســتنێکی دەســتوریی ڕاشــکاو بۆ ئەوەی ڕێـگـریـی لە هەژمـوونـی زۆریـنە بـکـرێـت، پێوویســـتە، و لە بەرامبەردا پرەنســـیپی هاووڵاتیبوونی یەکسان بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێت.

لەم سۆنگەیەوە، دەستوری هەرێمیی باشترین و گونجـاوترین چوارچێوەیە بۆ جێگیرکردنی ئەم بنەمایانە:

- چەسپاندنی پرەنسیپی یەکسانیی لەبەردەم یاسادا.
- قەدەغەکردنی هەموو جۆرە جیاکارییەک، جا لەســەر بنەمای نەتەوە یان ئایین یان زمانەوە بێت.
- زامنکردنی مافە ڕۆشـــنبیری و زمانەوانیەکان بۆ سەرجەم پێکهاتەکان.
- پاراســـتنی ئازادیە گشـــتییەکان، لەوانەش ئازادی ئایین و بیروباوەڕ، ئازادی ڕادەربڕین و مافی ڕێکخستنی سیاسی.

بەبێ بوونی ئەم گەرەنتیە دەســتوریانە، مافەکان هەمیشـــە لەژێر کـاریگەریی هـاوســـەنگیە ســـیـاســـییەکـان و گۆڕانـی حکومەتەکـانـدا دەمێننەوە، ئەمەش بەتەواوی دژی جەوهەر و

گیانی سیستمی دیموکراسیە.

## ٦-٤: دەستور و جێگیرکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتە فیدراڵییەکاندا

لە سیستمی فیدراڵیدا، گرنگی دەستوری هەرێمیی تەنیا لە چوارچێوەی هەرێمەکاندا نامێنێتەوە، بەڵکو ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە ڕێکخستنی پەیوەندیەکان لەگەڵ دە سەڵاتی فیدراڵیدا. دەستوری هەرێمیی ئەو ئامرازە یاساییە کاریگەرەیە کە:

- نەخشەڕێگەی پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانە دەکێشێت کە دەستوری فیدراڵی بە هەرێمەکانی بەخشیوە.
- شێواز و میکانیزمەکانی هەماهەنگی و هاریکاری لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی ڕوون دەکاتەوە.
- دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پێکدادانە دەستورییەکان لە ڕێگەی دیاریکردنی وردی سنووری پسپۆڕییەکانەوە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر سەیری دۆخی عێراق بکەین، دەبینین پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەردەوام لەژێر کاریگەریی گرژی و ململانێی دووبارەبووەدان (Cyclical Tension)، بەتایبەت لەسەر پرسەکانی دەسەڵات، سەرچاوە داراییەکان و ناوچە جێناکۆکەکان. لە دۆخێکی وەها هەستیاردا، بوونی دەستورێکی هەرێمیی تۆکمە و گونجاو لەگەڵ دەستوری عێراقدا، دەبێتە هۆی:

- قایمکردنی پێگەی یاسایی هەرێم لە هەر ناکۆکیەکی دەستوریدا کە بێتە ئاراوە.
- بەرتەسک کردنەوەی مەودای لێکدانەوەی سیاسی بۆ دەقە فیدراڵیەکان.
- گواستنەوەی ناکۆکیەکان لە (گۆڕەپانی ململانێی سیاسی)ـەوە بۆ (چوارچێوەی یەکلاکردنەوەی یاسایی Legal Adjudication).

## ٦-٥: دەستور وەک چوارچێوەیەک بۆ چەسپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی لە دەوڵەتی دیموکراسیدا

وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، دەستوری هەرێمی کوردستان تەنیا ئەرکێکی تەکنیکیی نیە بۆ ڕێکخستنی دەسەڵات، بەڵکو هەڵگری پەیامێکی قووڵی ناسنامەییە. دەستور ئەو بەڵگەنامە باڵایەیە کە دانپێدانانی یاسایی بە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەکاتە ئەمری واقیع، و لە هەمان کاتدا ئەم ناسنامەیە گرێ دەدات بە ها بەرزەکانی دیموکراسی، هاووڵاتیبوون و سەروەریی یاساوە.

بەڵام خاڵی هەستیار لێرەدا ئەوەیە کە چەسپاندنی ئەم ناسنامە نەتەوەییە لە دەقی دەستوردا، دەبێت بە ئەندازەیەکی زۆر هاوسەنگ ئەنجام بدرێت، بەجۆرێک دوو ئامانج بپێکێت:

١) دانپێدانان بە ناسنامەی کوردیی وەک

ناسنامەی زۆرینەی مێژوویی لە هەرێمدا.

٢) پاراستنی تەواوەتی مافی سەرجەم پێکهاتەکانی دیکە لەسەر بنەمای پرەنسیپی هاوولاتیبوونی یەکسان.

لێرەدا گرنگی دارشتنێکی دەستوریی ورد و زیرەکانە دەردەکەوێت، دارشتنێک کە رێگر بێت لەوەی سیستەمەکە بەرەو نەتەوەگەرایی پەراوێزخەر (Exclusionary Nationalism)بخزێت، و لەبری ئەوە بەردی بناغە بۆ نەتەوەگەرایی دەستوریی کراوە دابنێت، کە لە چوارچێوەیەکی دیموکراسی و فرەییدا بەڕێوە ببرێت.

## ٦-٦: دیدگایەکی دەستوریی بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان

لەسەر رۆشنایی ئەو شیکردنەوانەی پێشکەش کران، دەتوانین دیدگایەکی دەستوریی تۆکمە بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان گەڵاڵە بکەین کە لەسەر ئەم پێنج کۆڵەکە سەرەکیە راوەستابێت:

١) **پرۆسەیەکی نیشتمانیی سازان:** دەستپێکردنی پرۆسەی نووسینەوەی دەستور دەبێت لەسەر بنەمای سازانێکی بەرفراوان بێت کە سەرجەم هێزە سیاسی و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان لەخۆ بگرێت. ئامانج ئەوەیە دەستور وەک (گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نیشتمانی) بۆ هەمووان سەیری بکرێت، نەک وەک (پرۆژەیەکی حزبی) بۆ لایەنێک.

٢) **سیستمێکی حوکمڕانیی شەفاف:** پەیڕەوکردنی سیستمێکی حوکمڕانیی کە بە وردیی سنوور بۆ دەسەڵاتەکان دابنێت، رێگریی لە پێکدادانیان بکات و گەرەنتی ئەوە بکات کە دەسەڵات لە دەست لایەنێکدا چڕ نەبێتەوە.

٣) **دادگای دەستوریی سەربەخۆ:** دامەزراندنی دادگایەکی دەستوریی هەرێمیی بەهێز و بێلایەن، کە ئەرکی چاودێری کردنی دەستوریبوونی یاساکان و یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیانە بگرێتە ئەستۆ کە لە نێوان دەسەڵاتە باڵاکانی هەرێمدا دروست دەبن.

٤) **پاراستنی ماف و ئازادیەکان:** تەرخانکردنی بەشێکی فراوان و پتەو بۆ چەسپاندنی ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکان، بەجۆرێک کە لەگەڵ ستاندارد و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا بگونجێت.

٥) **رەوایەتی جەماوەریی:** خستنە رووی دەستورەکە بۆ راپرسییەکی جەماوەریی ئازاد، تاوەکو رەوایەتییەکی دامەزرێنەری رەها و بێ مشتومڕی پێ ببەخشێت کە هیچ لایەنێك نەتوانێت تانەی لێ بدات.

## دەرەنجام

لە کۆتاییدا، دەبێت ئەو ڕاسـتییە بڵێین کە نووسـینەوەی دەسـتور بۆ هەرێمی کوردسـتان چیتر (بژاردەیەکی سـیاسـی) یان (ئیسـتیحقاقێکی دواخراو) نیە، بەڵکو بووەتە (پێوویسـتییەکی مێژوویی و یاسـایی) هەنووکەیی. دەسـتور تاکە ئامرازە کە بازنەی ڕەوایەتی هەرێم تەواو دەکات، ئەزموونە دیموکرا سیەکەی بەهێز دەکات، و بەرهەمی دەیان ساڵ خەباتی نەتەوەیی لە دە ستکەوتێکی کاتییەوە دەگۆڕێت بۆ دەستکەوتێکی یاسایی هەمیشەیی.

بەبێ بوونی ئەم دەسـتورە، ئەزموونی حوکمڕانیی کوردسـتان، هەرچەندە دەسـتکەوتی ئابووری و سـیاسـیشـی هەبێت، هەمیشـە لەبەردەم ئەگەری قەیرانەکاندا دەمێنێتەوە. کەواتە، پەسـەندکردنی دەسـتورێکی دیموکراس، ئەو هەنگاوە یەکلاکەرەوەیەیە کە هەرێم لە قۆناغی (دامەزراندنی تەواونەکراو)ـەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی (قەوارەیەکی دەسـتوریی جێگیر) لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب و توێژینەوە و وتارەکان


١) رونالد ل. واتس، الانظمة الفيدرالية، ترجمة غالي برهومة وآخرون، منتدى الاتحادات الفيدرالية، أوتاوا- كندا، ٢٠٠٦.

٢) الفيدرالية، كراسة صادرة عن المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات (IDEA)، متوفرة على الانترنت على الرابط التالي:
https://www.idea.int/sites/default/files/publications/federalism-primer-AR.pdf

٣) د.عبدالرحمن سليمان زيباري، السلطة القضائية في النظام الفدرالي، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٣.

٤) د.خاموش عمر عبدالله، نطاق الدساتير دون الوطنية، منشورات زين الحقوقية، بيروت،٢٠٢٣.

٥) إيمان السعيدي، مفهوم وأنواع وأسس ونشأة الدساتير، مدونة قانونية، ٢٠١٣.

٦) كيمانا زولويتا وفولشر وآسانغا ويليكالا، الدساتير دون الوطنية في البلدان الهشة والمتضررة من النزاعات، المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات IDEA، ٢٠٢١.

٧) د.عبدالجبار أحمد، الفدرالية واللامركزية في العراق،مؤسسة فردريش إيبرت، بغداد،٢٠١٣.

٨) أ.م.د.فراس عبدالكريم محمد علي، الفيدرالية في الدسـتور العراقي، المجلة السـياسـية والدولية، العدد ٥١ نيسان ٢٠٢٢.

٩) إحسـان آميدى، إقليم كوردسـتان إقليم إتحادي دسـتوري، المتوفر على الانترنيت على الرابط التالي:
https://www.kurdistan24.net/ar/opinion

١٠) شمال عقراوي، إقليم كردستان العراق يضع دستوره الخاص، الجزيرة نت، ٢٠٠٧/٩/٦.
١١) ويكيبيديا العربية، "اتفاق الحكم الذاتي العراقي–الكردي ١٩٧٠.
١٢) پرۆسەی نووسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان، سایتی پەرلەمانی کوردستان: https://legislation.krd/constitution
١٣) Elliot Bulmer, what is a Constitution? Principles and Concepts, First published in 2014 by International IDEA, Available online at the following link: https://www.idea.int/sites/default/files/publications/what-is-a-constitution-primer.pdf
١٤) Lingkai Kong, Federalism: A Comprehensive Review of Its Evolution, Typologies, and Contemporary Issues, MDPI, Encyclopedia 2025.
١٥) Matthew Schweitzer, "A Constitutional Crisis in a Land Without a Constitution: Presidential Terms and Iraqi Kurdistan," *I-Connect* Blog, Nov 2015: www.iconnectblog.com
١٦) Michael Burgess and G. Alan Tarr, SUB-NATIONAL CONSTITUTIONS IN FEDERAL SYSTEMS, Forum of Federation.
١٧) Michele Brandt, Jill Cottrell, Yash Ghai, and Anthony Regan, Constitution-making and Reform Options for the Process, Interpeace, 2011.
١٨) Patricia Popelier, Subnational multilevel constitutionalism, Perspectives on Federalism, Vol. 6, issue 2, 2014.
١٩) *Timeline: The Kurds' Long Struggle With Statelessness*, Council on Foreign Relations (CFR): Timeline: The Kurds' Long Struggle With Statelessness

**دووەم: سەرچاوە یاساییە سەرەکیەکان**

١) دەستوری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) –بە تایبەتی ماددەکانی ١، ١١٢، ١١٤، ١١٥، ١١٧، ١٢٠، ١٢١، ١٤١.
٢) یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پرۆسەی دەستور/ڕاپرسی.
- بڕیاری یاسایی ژمارە (٢٦) ـی ساڵی ٢٠٠٢ پەسەندکردنی پرۆژەی دەستوری ٢٠٠٢.
- بڕیاری یاسایی ژمارە (٤) ـی ساڵی ٢٠٠٥ پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی پرۆژەی دەستور.
- یاسای ژمارە (١٦) ـی ساڵی ٢٠٠٨ ڕێوشوێنی ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر پرۆژەی دەستور.
- یاسای ژمارە (٩) ـی ساڵی ٢٠٠٩ هەمواری یەکەم.
- یاسای ژمارە (١٠) ـی ساڵی ٢٠٠٩ هەمواری دووەم.
- بڕیاری یاسایی ژمارە (٨) ـی ساڵی ٢٠٠٩ پەسەندکردنی دەقی پرۆژەی دەستور.
- یاسای ژمارە (٤) ـی ساڵی ٢٠١٥ ئامادەکردنی پرۆژەی دەستور بۆ ڕاپرسی.

٣) نووسراو و پەیوەندی فەرمییەکان:
نامەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ پەرلەمان لە (٢٠٢٢/٦/٢٨).

# گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوک و ڕەنگدانەوەی لەسەر شارەکە



پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی
سەرۆکی کۆمەڵەی جوگرافیناسانی کوردستان

پێشەکی:

ئەم بابەتە بەشی دووەمی توێژینەوەیەکە بە زمانی عەرەبی نووسراوە و پێشکەشی کۆنفرانسی (ئێستا وئایندەی کەرکوك) کراوە کە لە ڕۆژانی ٢٢ - ٢٣ شوباتی ٢٠٢٥ لە شاری هەولێر بەرێوەچوو . لە ژمارەی پێشووی گۆڤاری (شرۆڤە) دا بەشی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە کە جگە لە (پوختە) ی توێژینەوەیەکە بە زمانی کوردی ئەم بابەتانەی لە خۆگرتبوو :

- ئاشنابوون بە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوکدا.
- پەیوەندی نێوان شار و هەرێمەکەی.

**- ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك لەسەر دیمۆگرافیای دانیشتوانی شاری کەرکوك.**

**ئەم بەشەی توێژینەوەیەکە ئەم بابەتانە لە خۆدەگرێت :**

**- ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك لەسەر ئیتنۆگرافیای دانیشتوانی شاری کەرکوك.**

**- ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك لەسەر بەرفراوانبوونی ڕووبەری شاری کەرکوك.**

**- ئەو کێشانەی لە شاری کەرکوك سەریان هەڵداوە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك.**

**- دەرئەنجامەکان و پوختەی توێژینەوەیەکە بە زمانی ئینگلیزی.**

**یەکەم: ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك لەسەر ئیتنۆگرافیای دانیشتوانی شاری کەرکوك :**

ئامانجی سەرەکی سەرجەم گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك و ئەو ڕێککارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانییان، بریتی بوو لە گۆڕینی پێکهاتەی ئیتنۆگرافی، و بە تایبەتی گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی. لەبەر ئەوە پێشبینی دەکرێت کەگۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك و ئەو ڕێککارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانییان کاریگەری گەورەیان هەبێت لەسەر پێکهاتەی ئیتنۆگرافی، و بە تایبەتی پێکهاتەی نەتەوەیی شاری کەرکوك. پێش دیاریکردنی ئەم ڕەنگدانەوانە پێویستە ئاماژە بەم ڕاستییانەی خوارەوە بکرێت:

١ – بەڵگەنامە و ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان کوردستانیبوونی شاری کەرکوك، دووپات دەکەنەوە، کە هیچ گومانێك هەڵناگرێت. هەروەها سەرجەم لایەنەکان (تورکی، و بەریتانی، و عێراقی)، پێش لکاندنی کەرکوك بە دەوڵەتی عێراقییەوە کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا دامەزرێنرا، سەربارى زیادەڕەوەییان لەبارەی ژمارەی پێکهاتەکانی دیکە، وەك (عەرەب و تورکمان)ەوە، بەڵام نەیانتوانی نکۆڵی لە باڵادەستی ڕێژەی کورد بکەن بەسەر سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەدا. ئەمانەی خوارەوە مشتێکن لە خەرواری ئەو ڕاستییانە:

آ- لە (قاموسی ئیعلامی عوسمانی) دا لەبارەی کەرکوك ەوە هاتووە کە : " بریتیە لە ناوەندی ئەیالەی شـارەزوور، ژمارەی دانیشـتوانەکەی بریتیە لە (٣٠) هەزار کەس کە سـێ لەسـەر چـواری، (٧٥%)، ئەم ژمـارەیە کـوردن، و باقییەکەی دیکەی دانیشتوانەکەی بریتین لە تـورك، و عەرەب و نەتەوەکـانـی دیـکە ". **(الهسنياني, ٢٠٠٥, ص ٨٨-٨٩)**

ب – " دوائر المعـارف، (ئینسـکلوپیـدیـا)ی دانیمارکی، و ئەڵمانی، و سویدی، و بەریتانی، و (الموسـوعـة العربيـة الموجزة)، زانکۆی کۆڵۆمبیای ئەمریکی و موجەڵەدی شـەش لە گۆڤاری قەفقاسی کۆمەڵەی جوگرافی ڕوسی، کوردسـتانیبوونی کەرکوك دووپات دەکەنەوە " و لە (الموسـوعة العربية العالمية) یشـدا لە بارەی کەرکوك ەوە هاتووە کە : " کەرکوك بریتیە لە پـایتەختی کۆمەڵە کوردییەکـان لە باکوور". **(الهسنياني, ٢٠٠٥, ص ٨٨)**

ج- ئامارەکانی ئەو سەرژمێرییەی کە شارەوانی کەرکوك لە سـاڵی ١٩٣٠ ئەنجامی دا ئەوە دەخەنەڕوو کە : " دانیشـتوانی کەرکوك (٣٥) هەزار کەس بوو، لەو ژمارەیە (٢٢) هەزارییان کورد بوونە و (٧) هەزارییـان تورکمان بوونە ، لەگەڵ هەزار مەسـیحی خۆجێی و دوو هەزار (تەیاری) ، ئەمانە لە ئاشـوورییە چیاییەکانی هەرێمی (هەکـاری) بوونە بوون، و (٥٠٠) ئەرمەن بوو، و (٢٥٠٠) هەزار جوو". **(قـادر، ٢٠٢٣، ١٤٩)** واتە کـورد نـزیـکەی (٦٣%) دانیشتوانی شارەکەیان پێکدەهێنا.

٢ – دیـاریـکـردنـی وردی ڕەنـگـدانەوەی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگاکە و ئەو ڕێـکـکـارانەی گـیـرانەبەر بـۆ بەدیـهـێـنـانـی ئامانجەکانییان لەسـەر پێکهاتەی ئیتنۆگرافی شـاری کەرکوك، کارێکی ئاسـان نییە، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، کە دیارترینیان بریتین لە:

آ – گۆڕانکارییەکان لە پێکهاتەی ئیتنۆگرافی، (پێکهاتەی نەتەوەیی)، شاری کەرکوك، تەنها گۆڕانکاری کارگێڕی نەبوون لە پارێزگاکە، کە سـەرەتـاکـانـی لە سـەردەمی حوکمڕانـی پاشـایەتی دا دەسـتیپێکرد، ئەویش دوای گۆڕینی قەزای (داقوق) بۆ نـاحیە، کە لە شـوێنیدا قەزای (دوزخورماتو) دروسـت کرا، بەڵکو ئەم گۆڕانکارییانە لەو کۆنترن، ئەویش بەهـۆی گـرنـگـی نەوتەکەیەوە، کە ئەمە دۆخێکی نـاسراو بوو پێش دامەزرانـدنی دەوڵەتی عێراق و پێش لکاندنی کەرکوك و پێکهێنـانـی لیوا، (پـارێزگـای) کەرکوك، هەروەك لە نێو پێدراوەکانی خشـتەی (٥)دا ڕوونە.

**خشتەی (٥) / پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی شاری کەرکوک پێش سەرژمێری ١٩٥٧ (%)**

| سەرچاوە و ساڵ | کورد | تورکمان | عەرەب | هی دیکە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| قاموسی ئیعلام ١٨٩٦ | ٧٥% (*) | --- | --- | --- |
| لیژنەی کۆمەڵەی گەلان ١٩٢٥ | ٦٣% | ١٩% | ١٨% | --- |
| سەرژمێری شارەوانی کەرکوک ١٩٣٠(**) | ٦٢,٩% | ٢٠% | --- | --- |

**(*)- ئەوڕێژەیەی ماوەتەوە، (٢٥%)، بۆ (تورکمان و عەرەب و پێکهاتەکانی تر) هەژمار کراوە.**
**(**)- ئەوڕێژەیەی کە ماوەتەوە، (١٧,١%)، بەبێ ئەوەی ئاماژەیان پێبکرێت، بە مەســیحی، ئەرمەنی، جوولەکە و پێکهاتەکانی دیکە هەژمار کران.**

**سەرچاوە: خشتەکە پشتبەستن بەم سەرچاوانەی خوارەوە ئامادە کراوە:**
**١ – محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لە ناو پاکتاوکردنی ڕەگەزیدا، سلێمانی٢٠٠٣, ل ١٠ و ل ١٢.**
**٢ – سنوور سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك١٩٦٣-١٩٩١, هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٦.**

تێکڕای ســەرژمێرییەکانی دانیشــتوانی عێراق، لە نێویاندا ســەرژمێری ســاڵی ١٩٥٧، جێی پشتپێبە ستن نیین بۆ دیارکردنی هەلومەرجی پێکهاتەی ئیتنۆگرافی، و بە تایبەتی پێکهاتەی نەتەوەیی، لە شــاری کەرکوك، ئەویش یـان لەبەر ئەوەی کە ئەم سەرژمێرییانە داتایان نییە یـان داتـاکـانییـان ســاختەکراوە یـان ئەگەر هەبێت بڵاونەکراونەتەوە.

ج – ئەنجـامـدانی هەڵەی بە ئەنقەســت لە داتاکانی پەیوەســت بە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشــتوانی شــار و پارێزگای کەرکوك لە تێکڕای ســەرژمێرییە کانی دانیشــتوا ندا. بۆ نموونە، لە ســەرژمێری ســاڵی ١٩٥٧، کە زۆر پشــتی پێدەبەســتر یێت، و بەوە ناسراوە کە باشترین و پاکترین سەرژمێری دانیشتوانە، لە نێو داتا بڵاوکراوەکانی ئەم سەرژمێرییەدا، و لە میـانەی پۆلێنکردنی دانیشــتوانی شــاری کەرکوك لە ڕووی زمانی دایکەوە، ئەمانە بەدی دەکەین: (**قادر، ٢٠٢٣، ٥٩ - ٦٠**)

آ –تەنها (١٥٠٩) کەس، کلدانی و سریانییان بە زمانی دایك زانی لە کاتێکدا ژمارەی کلدان و سریان لە شاری کەرکوك لەو ساڵەدا بریتی بوو لە (١٢٦٩١) کەس. ئەمەش بە واتای ئەوە دێـت کە (١١١٨٢) کەس لە کـلـدان و سریـانەکـان وەك عەرەب و تورکمانەکـان لەو سەرژمێرییەدا تۆمارکران.

ب – تۆمارنەکردنی(٥١٤٦) کەس لە شــاری کەرکوك، بە پاساوی ئەوەی کە زمانی دایکیان ناسراو یان زانراو نییە.

ســەرباری ئەو دژوارییانەی ئاماژەیان بۆکرا ,

پشتبەستن بە داتا ئامارییەکان و زانیارییە بەردەستەکانی نێو سەرچاوەکان ، توانیمان خشتەی (٦) ئامادە بکەین کە تایبەتە بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دانیشتوانی شاری کەرکوك پێش گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان و دوای ئەم گۆڕانکارییانە لە پارێزگاکەدا.
پێدراوەکانی نێو خشتەکە ئاماژە دەکەن بە :
١ - بەراوردێکی سادە لە نێوان ڕێژەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی شاری کەرکوك لە هەردوو سەرژمێری١٩٥٧ و ١٩٦٥ ئەو ستەمە دەسەلمێنێت کە دووچاری کورد بووە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، و پەردە لەسەر ئەو گەمەیە لادەدات کە بە ناوی زمانی دایکەوە کرا، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەویش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ڕێژەی هەردوو پێکهاتەی تورکمانی و عەرەبی، ئەگەرنا چۆن کەمبوونەوەی ڕێژەی تورکمان لە (٣٧,٦%) لە سەرژمێری ١٩٥٧ بۆ (٢٩,٢%) لە سەرژمێری١٩٦٥ و کەمبوونەوەی ڕێژەی عەرەب لە (٢٢,٥%) لە سەرژمێری ١٩٥٧ بۆ (٢٢,١%) لە سەرژمێری ١٩٦٥، لێکدەدرێتەوە، لە کاتێکدا ڕێژەی کورد بەرز دەبێتەوە لە (٣٣,٣%) لە سەرژمێری ١٩٥٧ بۆ (٣٨,٥%) لە سەرژمێری ١٩٦٥ و و پێکهاتەکانی دیکەی بەرز دەبێتەوە لە (٦,٦%) بۆ (١٠,٢%) ؟.
٢- بە ڕەچاوکردنی ئاماژەی ڕێژەی گۆڕانکاری پێکهاتە نەتەوەییەکان لە ئامارەکانی سەرژمێری دانیشتوان لە ساڵانی (١٩٥٧، ١٩٦٥ و ١٩٧٧) ئەمانەی خوارەوە بەدی دەکەین:
أ- سەرباری ئەوەی کە سەرژمێرییەکانی دانیشتوان لە ساڵانی (١٩٥٧، ١٩٦٥و ١٩٧٧)، ئاماژە ناکەن بە کەمبوونەوەی ڕێژەی کورد لە شاری کەرکوك لە ماوەی نێوان ١٩٥٧ - ١٩٧٧، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاماژە بە بەرزبوونەوەی دەکەن لە (٣٣,٣%) لە ساڵی ١٩٥٧، بۆ (٣٨,٥%) لە ساڵی ١٩٦٥ و بۆ (٣٨,٢٤%) لە ساڵی ١٩٧٧، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە کەرکوك دووچاری بەعەرەبکردن نەهاتووە و کوردی تێدا ڕانەگوێزراوە و عەرەبی تێدا نیشتەجێ نەکراوە. بەڵگەنامە و توێژینەوەکان و سەرژمێریەکانی دانیشتوان ئاماژە دەکەن بە ڕاگواستنی زیاتر لە (٦١) هەزار کەس لە کورد لە ناوەندی قەزای کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ -١٩٨٨، و ژمارەی هاوردەکراوەکان، نیشتەجێکراوەکان، بۆ پارێزگای کەرکوك لە پارێزگاکانی دیکەی عەرەبییەوە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ گەیشتە (٨١٢٨١) کەس. (**هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦، لا ٦٢ و لا ٦٤**)

توێژینەوەیەکی نوێ، کە تێزێکی دکتۆرایە، ئاماژە دەکات، بۆ " کۆچی (٨٥٧٤٢) کەس بۆ شاری کەرکوکەوە لە ماوەی نێوان ١٩٥٧ -

١٩٧٧ كە بە ڕێژەی (٥٤%) دا بە شداریكردوە لە زیادبوونی دانیشتوانی شارەكە لەماوەیەدا. ئەوەی جێی داخە نووسەری تێزەكە هۆكارە ڕاستەقینەكانی كۆچەكە و سەرچاوەكانی شاردۆتەوە كە بریتیە لە كۆچی عەرەبە هاوردەكان بۆ شاری كەركوك، كە لە ڕووی سیاسیشەوە دەوڵەت پشتیوانی لێدەكردن. ئەو هۆكاری كۆچەكە دەداتە پاڵ : " كەمبوونەوەی دا هاتی تاكەكەس و دابەزینی بەرهەمی زەوییە كشتوكاڵییەكان، كە ئەمانە بوونەهۆی كۆچی دانیشتوان لە گوندەوە بۆ ناوەندی شار و جێگربوونیان تێیدا ". **(الجبوري، ٢٠١٨، ص ٥٨)**

هۆكاری ڕاستەقینەی زیادبوونی ڕێژەی كورد لە سەرژمێرییەكانی ١٩٦٥ و ١٩٧٧ كە لە نێو خشتەكەدا بەدی دەكرێت دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە بە ئەنقەستەكان لە تۆماری ڕێژەی پێكهاتە نەتەوەییەكان لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ كە بەرجەستە دەبێت لە زیادبوونی ڕێژەی هەر یەكە لە پێكهاتەی توركمان و عەرەبی لەسەر حسابی پێكهاتەی كوردی . بە بۆچونی ئێمە ئەگەر ئەم هەڵانە بە ئەنقەستانە نەبوونایە ئەوا ڕێژەی كورد لە شاری كەركوك لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ زۆر جیاواز نەدەبوو لە ڕێژەیان لە سەرژمێری شارەوانی كەركوك لە ساڵی ١٩٣٠ كە گەیشتە بووە نزیكەی (٦٢,٩%) و لە كەمترین خەملاندندا ڕێژەكەیان زیاتر دەبوو لە (٥٠%) ی دانیشتوانی شاری كەركوك و ئەو كاتە كەمبوونەوەی ڕاستەقینە ڕێژەی كورد لە نێو دانیشتوانی شارەكەدا دەردەكەوت لە ئەنجامی گۆڕانكارییە كارگێڕییەكان لە پارێزگاكە و ئەو ڕێكارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانییان.

ب - سەرباری ئەوە كە ئەنجامی سەرژمێرییەكانی دانیشتوان ساڵانی (١٩٥٧، ١٩٦٥ و ١٩٧٧) ئاماژە دەكەن بە كەمبوونەوەی ڕێژەی توركمان لە كۆی دانیشتوانی شاری كەركوك بە ڕێژەی (١٦,٥٦%) لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ و١٩٧٧، بەڵام ڕێژەی كەمبوونەوەی ڕاستەقینەیان كەمترە لە ڕێژەی ئاماژەپێكراو لەبەر ئەوەی ژمارەی توركمانەكان لە شاری كەركوك زۆر كەمترە لەو ژمارەیەی بۆ ئەم پێكهاتەیە هەژمار كراوە، لە ڕووی زمانی دایكەوە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا.


**خشتەی (٦) / پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوانی شاری کەرکوك**

| پێکهاتە نەتەوەییەکان | ١٩٥٧ | | ١٩٦٥ | | ١٩٧٧ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کورد | ٤٠٠٤٧ | ٣٣,٣ | ٧٠٨١٩ | ٣٨,٥ | ١٠٧١٦٣ | ٣٨,٢٤ |
| تورکمان | ٤٥٣٠٦ | ٣٧,٦ | ٥٣٧١٦ | ٢٩,٢ | ٠٥٨٩٦٢ | ٢١,٠٤ |
| عەرەب | ٢٧١٢٧ | ٢٢,٥ | ٤٠٥٨١ | ٢٢,١ | ١٠٧٨٦٣ | ٣٨,٤٩ |
| ئەوانی دیکە | ٠٧٩٢٣ | ٠٦,٦ | ١٨٨٦٥ | ١٠,٢ | ٠٠٦٢٤٩ | ٠٢,٢٣ |
| کۆ | ١٢٠٤٠٣ | ١٠٠ | ١٨٣٩٨١ | ١٠٠ | ٢٨٠٢٣٧ | ١٠٠ |

**سەرچاوە : خشتەکە ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی سەرژمێری دانیشتوان بۆ سالآنی ١٩٥٧،١٩٦٥،١٩٧٧ .**

پ – سەرباری ئەوەی کە ئەنجامی سەرژمێری دانیشتوان لە سالآنی (١٩٥٧، ١٩٦٥ و ١٩٧٧)، ئاماژە دەکەن بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی عەرەب لە کۆی دانیشتوانی شاری کەرکوك بە نزیکەی (١٦%) لە نێوان سالآنی ١٩٥٧ و١٩٧٧، بەڵام ڕێژەی بەرزبوونەوەی ڕاستەقینەیان زیاترە لەو ڕێژە ئاماژە پێکراوە، لەبەر ئەوەی ژمارەی عەرەب لە شاری کەرکوك زۆر کەمترە لەو ژمارەیەی کە بۆ ئەم پێکهاتەیە هەژمار کراوە، ئەویش لە پەیوەندیدا بە زمانی دایکەوە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا. لەم ڕووەوە، جێی خۆیەتی ئاماژە بدەین بە ئەنجامەکانی دەنگدان لەسەر دانانی (فەیسەڵی یەکەم) بە پاشای عێراق لە ساڵی ١٩٢١ کە ڕەنگدانەوەی قەبارەی ڕاستەقینەی عەرەبن لە شاری کەرکوك لەو کاتەدا ، کە تەنها عەرەبەکانی شارەکە لە بەرژەوەندی دانانی (فەیسەڵ) وەك پاشای عێراق دەنگییاندا. (٢٨٥٠) کەس لە شاری کەرکوك بەشدارییان لە دەنگدانەکەدا کرد و ئەنجامەکانی دەنگدانەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: (٦٤) کەس دەنگیان دا بۆ بەرژەوەندی دانانی (فەیسەڵ) وەك پاشای عێراق و(٢٧٨٦) کەس لە شارەکە، واتە(٩٧,٧٥%) لە بەشداربووانی دەنگدانەکە، ڕەتیانکردەوە (فەیسەڵی یەکەم) وەك پاشای عێراق دابنێن. **(الجاف, ١٩٩٨, ص ٣٥ و سۆفی، ٢٠٠٣، لا ٢٢).**

**شێوەی (٥) / ڕێژەکانی پێکهاتەکانی نەتەوەیی دانیشتوانی شاری کەرکوك بە پێی سەرژمێرییەکانی دانیشتوانی ساڵانی (١٩٥٧ , ١٩٦٥ و ١٩٧٧)**




ت- ئەوەی پەیوەست بێت بە پێکهاتەکانی دیکەوە، ئەوا سەرباری هەڵکشان و داکشانی ڕێژەیان لە کۆی دانیشتوانی شاری کەکوك، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگاکە و ئەو ڕێککارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕەنگدانەوەی نەرێنییان هەبوو لەسەرییان، بە بەڵگەی ئەوەی کە ڕێژەیان لە دانیشتوانی شارەکە دابەزی لە (١٠,٢٪) لە ١٩٦٥ بۆ (٢,٢٣٪) لە ١٩٧٧.

٣- پشتبەستن بە تیکڕای ساڵانەی گەشەی دانیشتوانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی شاری کەرکوك، کە توێژەر بە گەڕانەوە بۆ ئەنجامەکانی سەرژمێرییەکانی دانیشتوان لە ساڵانی(١٩٥٧، ١٩٦٥ و ١٩٧٧)، بەدەستیهێناوون، و خراوەتە نێو خشتەی (٧)، و پێوەرگرتنی وەك ئاماژەیەك بۆ زانینی ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگاکە و ئەو ڕێککارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەسەر پێکهاتە نەتەوەییەکان لەسەر شارەکە، ئەوا ئەمانە بەدی دەکەین:

أ- بەرزبوونەوەی گەورەی تێکڕای گەشەی ساڵانەی کورد و نەتەوەییەکانی دیکە لە شاری کەرکوك لە ماوەی نێوان (١٩٥٧ - ١٩٦٥), کە (٩,٦٪ و ١٧,٢٦٪) دا بووە یەك لە دوای یەك، ئەو ستەم و نادادپەروەریە دەسەلمێنی کە تووشی بوون لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا.

**خشتەی (٧) / ڕێژەی تێکڕای ساڵانەی گەشەی دانیشتوانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی شاری کەرکوك**

| ماوە | کورد | تورکمان | عەرەب | ئەوانی دیکە | شاری کەرکوك |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ - ١٩٦٥ | %٩,٦٠ | %٢,٣٢ | %٦,٢٠ | %١٧,٢٦ | %٦,٦٠ |
| ١٩٦٥ - ١٩٧٧ | %٤,٢٧ | %٠,٨١ | %١٣,٨٢ | - %٥,٥٧ | %٤,٣٦ |
| ١٩٥٧ - ١٩٧٧ | %٨,٣٧ | %١,٥٠ | %١٤,٨٨ | - %١,٠٥ | %٦,٦٤ |


**سەرچاوە : خشتەکە ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی سەرژمێری دانیشتوان بۆ ساڵانی ١٩٥٧, ١٩٦٥ و ١٩٧٧.**

ب – کەمبوونەوەی ڕێژەیی تێکڕای گەشەی ساڵانی هەردوو پێکهاتەی (تورکمان و عەرەب) لە شاری کەرکوك لە ماوەی نێوان (١٩٥٧ – ١٩٦٥)، بە بەراورد بە تێکڕای گەشەی ساڵانەی کورد و پێکهاتەکانی دیکە لە هەمان ماوەدا، سەرلەنوێ ئەو ساختەکارییە دەسەلمێنێ کە لە لەبەرژەوەندی ئەوان ئەنجامدراوە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا.

پ – بەرزبوونەوەی گەورەی تێکڕای گەشە ساڵانەی دانیشتوانی پێکهاتەی عەرەبی لە سەرجەم ماوەکاندا بە شێوەیەکی بنەبڕ ئەوە دووپات دەکاتەوە کە مەبەست لە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگاکە و ئەو ڕێککارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانییان بریتی بووە لە بەعەرەبکردنی شاری کەرکوك و تێکڕای گەشەی بەرزی ساڵانەی ئەم پێکهاتەیە، کە دەگاتە پتر لە (١٣,٨%) لە ماوەی نێوان ١٩٦٥ – ١٩٧٧ و نزیکەی (١٥%) لە ماوەی ١٩٥٧ – ١٩٧٧، کە زیاترە لە (٣,١٦) دوو هێندەی تێکڕای گەشەی ساڵانەی شاری کەرکوك لە ماوەی نێوان ١٩٦٥– ١٩٧٧، و و زیاتر لە (٢,٢٤) دوو هێندەی تێکڕای ڕێژەی ساڵانەی شارەکە لە ماوەی نێوان ١٩٥٧ – ١٩٧٧ باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەمە.

ت – کەمی ڕێژەیی تێکڕای گە شەی ساڵانەی عەرەب لە ماوەی نێوان ١٩٥٧ – ١٩٦٥ دا بەراورد بە تێکڕای گەشەی ساڵانەیان لە ماوەی نێوان ١٩٦٥ – ١٩٧٧ دیسان بەڵگەی ئەو ساختەکارییە گەورەیە دووپات دەکاتەوە کە لە لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب ئەنجامدراوە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا.

شێوەی (٦) / ڕێژەکانی گەشەی دانیشتوانی شاری کەرکوك و پێکهاتە نەتەوەییەکانیي لە نێوان ساڵەکانی سەرژمێریەکانی دانیشتوان , (١٩٥٧ , ١٩٦٥ و ١٩٧٧ )




**دووەم: ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك لەسەر بەرفراوانبوونی ڕووبەری شاری کەرکوك :**

بەرفراوانبوونی ڕووبەڕوی شارەکان دیاردەیەکی جیهانییە و شارەکان بە خۆ یانەوە دەبینن، و ئەویش لە ڕێی جوڵەی ئەرکەکانییەوە ، ئەرکی نیشتەجێکردن بە تایبەتی ، ئەنجام دەدرێت بەرەو شوێنی نوێ و لەم ڕوانگەیەوە ڕووبەری نوێ زیاد دەکرێت بۆ شارەکە . بە زۆری ئەم بەرفراوانبوونەی شارەکان لە گەشەکردنی دیاردەی شارنشینی و گەشەی ئابوورییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو شارانەی ئابوورییەکی باشییان هەیە دەبنە ناوەندی ڕاکێشانی دانیشتوان لە گوندەکانەوە یان تەنانەت لەو شارانەشەوە کە کەمتر پێشکەوتوون. ئەوەی پەیوەست بێت بە پارێزگا و شاری کەرکوکەوە، ئەوا بوونی نەوت و دەرهێنانی لە کێڵگەی (بابەگوڕگوڕ) لە ساڵی ١٩٢٧ و دواتر هەناردەکردنی لە ساڵی ١٩٣٤ بووە هۆی زیادبوونی ڕەوتی گەشەکردنی شارنشینی و بەرفراوانبوونی ڕووبەرەکەی و گەیاندییە چوارەم شار لە عێراق دا دوای (بەغدا، موسڵ، و بەسرە). ئەم جۆرە لە بەرفراوانبونی ڕووبەری شاری کەرکوك دیاردەیەکی ئاسایی قبوڵکراوە لەبەر ئەوەی لە

گەشـــەکردنی شـــارنشـــینی و ئابوورییەکەیەوە ســـەرچـاوەی گرتووە. بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا دەرگیری دەبین جۆرێکی جیاوازی بەرفراوانبوونی ڕووبەری شـــاری کەرکـوکە کە پـاڵـنەرێـکـی ڕەگەزپەرسـتی ناڕەوای لە پشـت بووە کە بریتی بووە لە : " پـاڵپشـتـی حکومەت بۆ کۆچکردنی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی دیاریکراو، (عەرەب) ، لە دەرەوە و ناوەوەی پارێزگاکە بۆ شاری کەرکوك بە ئـامـانجی گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی شـــارەکە لەسـەر حسـابی پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە، بە تـایبەتـی پـێـکـهـاتەی کـورد، ئەویـش لە ڕێـی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە سنورە کارگێڕییەکانی پـارێزگـای کەرکوك و یەکە کـارگێڕییەکـانی و گرتنەبەری ڕێکاری سـتەمەکارانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گۆڕانکارییەکان کە بریتی بوو لە بە عەرەبکردنی شار و پارێزگای کەرکوك ".

ئەوەی پەیـوەســـت بـێـت بە ڕەنـگـدانەوەی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك و ئەو ڕێککـارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیـهێـنـانی ئامانجەکانی لەسەر بەرفراوانبوونی ڕووبەری شاری کەرکوك، ئەوا پـێـدراوەکـانی خشـــتەی (٨) و دابەشـــبـوونـی پـێـکـهـاتە نەتەوەیـیەکـان لە گەڕەکەکـانی شـــاری کەرکوك، ئـامـاژە دەکەن بەوەی کە :

١ – ڕووبەری شـــاری کەرکوك بەرفراوان بوو لە (٦٣٠) هکتـار لە ١٩٥٧ بۆ (٩١٠١) هکتـار لە ١٩٩٧، واتە لە ماوەی (٤٠) ســـاڵدا (٨٤٧١) هکتار بەرفراوان بووە. ئەوەی جێی ســـەرنجە کە بەرفراوانبوونی شـــار لە مـاوەی (٢٠) ســـاڵی یەکەمدا، ١٩٥٧-١٩٧٧، تەنها (١٦٢٠) هکتار بووە ، واتە تێکڕای فراوانبوونی ســـاڵانەی لەو ماوەیەدا (٨١) هکتار بووە. لە ماوەی (٢٠) ساڵی دووەمـدا، ١٩٧٧-١٩٩٧، شـــاری کەرکـوك (٦٨٥١) هکتـار بەرفراوان بووە . واتە تێکڕای فراوانبوونی ســاڵانەی شـاری کەرکوك لە ماوەی (٢٠) ساڵی دووەمدا (٣٤٢,٥٥) هکتار بووە ، کە (٤,٢) هێنـدەی تێکڕای فراوانبوونی ســـاڵانەی ماوەی (٢٠) ســـاڵی یەکەمە ، ئەمە ســـەرباری ئەوەی کە لە مـاوەی (٢٠) ســـاڵی دووەمـدا، ١٩٧٧– ١٩٩٧:

أ- تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کەرکوك لە مـاوەی نێوان ١٩٥٧– ١٩٧٧ زیـاتر بوو لە (٦,٦%) و لە ماوەی ١٩٧٧– ١٩٩٧ کەمتر بووە لە (٣,٣% ).

ب- تێکڕای ساڵانەی بەرهەمی نەوت لە کێڵگەکانی کەرکوك لە مـاوەی نێوان ١٩٥٧– ١٩٧٧ زیـاتر بوو لە تێکڕای ســـاڵانەی ماوەی نێوان ١٩٧٧– ١٩٩٧، کە یەك بە دوای یەك بریتین بوو لە (٤٢,٢) ملیۆن تەن و و (٣٨,٤) ملیۆن تەن .

پ- کەمبوونەوەی ڕووبەری هەرێمی کـارگێڕی شاری کەرکوك بە ڕێژەیەك کە زیاتر بوو لە ٥٠% , کە بێگومان کاریگەری نەرێنی لەســـەر ئەرکە بنەڕەتییەکـانی شـــار هەبووە , کە هۆکـاری گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی شارەکانن وەك لە

بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا ئاماژەی بۆکراوە .
ت- ژمارەیەکی زۆری کورد و تورکمانی شــارەکە ڕاگوێزران.


پشــتبەســتن بەو چوار خاڵەی ئاماژەی بۆکرا دەبوایە " تێکڕای فراوانبوونی ســاڵانەی شــاری کەرکوك لە ماوەی (٢٠) ســاڵی دووەمدا دەبوایە کەمتر بێـت لە تێکڕای فراوانبوونی ســـاڵانەی شــاری کەرکوك لە ماوەی (٢٠) ســاڵی یەکەمدا ". پشــتبەســتن بەو زانیاریانە دەکرێت بڵێین کە تـاکە لێکـدانەوە و شرۆڤەکردنی لۆژیکی بۆ ئەم دیاردەیە بریتیە لە :**" گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پـارێزگـاکەدا و ئەو ڕێککـارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنـانی ئـامـانجەکـان کە بریتی بوون لە هێنـانی ژمـارەیەکی زۆر لە عەرەب بۆ شـــاری کەرکوك، ئیدی لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە بێـت یـان لەو یەکە کـارگێـڕییـانەی زۆرینەی دانیشــتوانەکەیان عەرەب بوو لە خودی پارێزگای کەرکوکدا هۆکاری ســەرەکی فراوانبوونی شــاری کەرکوك بووە لە مـاوەی (٢٠) ســـاڵی دووەمـدا ١٩٧٧- ١٩٩٧ ".** حکومەتی عێراقی کۆمەڵێـك ئیـمـتیـازی دا بە عەرەبە هـاوردە کراوەکـان بۆ کەرکوك، کە پێیان دەووترێت ســوودمەندەکان، ئەویش لە پێناو ئەوەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە کەرکوکدا نیشــتەجێ بن، (وەك دروســتکردنی خانوو و گەڕەکی نیشتەجێبوون، و دروستکردنی وەزیفەی حکومی بۆیان و پڕچەك کردنییان)، و ئێســـتاش لە زۆربەی گەڕەکەکانی شـــارەکەدا بڵاوبوونەتەوە، و ئەوە نییە کە لە شـــوێنێکـدا بوونییان هەبێت و لە شــوێنێکی دیکە نەبن، و ئەوانیش هۆکـاری ســەرەکی بەرفراوانبوونی گەورەی ڕوبەڕی شـــاری کەرکوکن لە مـاوەی نێوان١٩٧٧ – ١٩٩٧دا.

**خشتەی(٨) / ڕوبەری شاری کەرکوك و ژمارەی گەڕەکەکانی لە ماوەی نێوان ١٩٥٧ – ١٩٩٧**

| ساڵ | ڕوبەری شارەکە (هکتار) هکتار = ٠,٠١ کم٢ | ژمارەی گەڕەکەکان | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ڕۆژهەڵاتی خاسە | ڕۆژئاوای خاسە | شاری کەرکوك |
| ١٩٥٧ | ٦٣٠ | ١٥ | ٧ | ٢٢ |
| ١٩٧٧ | ٢٢٥٠ | ١٨ | ١١ | ٢٩ |
| ١٩٩٧ | ٩١٠١ | ٢٦ | ٢٣ | ٤٩ |

**المصدر : محمد شلاش خلف الجميلي، أبعاد التوسع المساحي لمدينة كركوك، اطروحة دكتوراه قدمت إلى مجلس كلية التربية في جامعة الموصل, ٢٠١٣ , جدول (٩)، ص ٥٦.**

شێوەی (٧) / ڕێژەی فراوانبوونی شاری کەرکوك لە نێوان ١٩٥٧ – ١٩٧٧ و ١٩٧٧ – ١٩٩٧دا





٢- هاوشـــێوەی بەرفراوانبوونی ڕوبەری شـــاری کەرکوك، ئەوا زیادبوونی ژمارەی گەڕەکەکـانی شـارەکە لە ماوەی (٢٠) سـاڵی یەکەمدا،١٩٥٧ – ١٩٧٧، ســـنوردارە بە بەراورد بە زیادبوونی لە (٢٠) ســاڵی دووەمدا ١٩٧٧ – ١٩٩٧. تێکرای زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی گەڕەکەکانی شاری کەرکوك لە مـاوەی (٢٠) ســـا ڵی دووەمـدا, ١٩٧٧– ١٩٩٧, (یەك گەڕەکە / بۆ هەر ساڵێك) بووە ، لە کاتێکدا تێکرای ســـاڵانەی زیادبوونی گەڕەکەکانی شـــارەکە لە ماوەی (٢٠) ســـاڵی یەکەمدا ، ١٩٥٧– ١٩٧٧, بریتی بوو لە (٠,٣٥ گەڕەك /بۆ هەر ساڵێك)، واتە زیادبوونی ژمارەی گەڕەکەکانی شـــارەکە لە (٢٠) ســـاڵی دووەمدا دەگـاتە زیـاتر لە (٢,٨٥) هێنـدەی زیـادبوونی ژمارەی گەڕەکەکانی شار لە ماوەی (٢٠) ساڵی یەکەمدا. (شێوەی ٨)

٣- کەمـبـوونەوەی کەلـێـنـی نـێـوان ژمـارەی گەڕەکەکانی نیشـــتەجێبوون لە بەشـــی چەپی ، بەشـــی ڕۆژهەڵاتی، ڕوباری خاســـە کە شـارەکە دەکات بە دوو بەشەوە، کە ئەمەش بەشی کۆنی شـارەکەیە، لەگەڵ ژمارەی گەڕەکەکانی بەشـی ڕاســـتی ، بەشـــی ڕۆژئاوای ڕوبارەکە. ژمارەی گەڕەکەکانی بەشـــی چەپی خاســـە , ڕۆژهەڵاتی کەرکوك , لە ســـاڵی ١٩٥٧ زیاتر بوو لە ژمارەی گەڕەکەکانی بەشـــی ڕاســـتی خاســـە ، بەشـــی ڕۆژئاوای شـــارەکە بە (٨) گەڕەك، ئەم جیاوازییە کەم بۆوە بۆ (٧) گەڕەك لە ســـاڵی ١٩٧٧ و بۆ تەنها (٢) گەڕەکی نیشـــتەجێبوون لە ســـاڵی

١٩٩٧. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە : " زۆربەی گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون کە بۆ عەرەبە هاوردەکراوەکان ، دوای گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان و ئەو ڕێککارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان, دروست کران لە بەشی ڕۆژئاوا و ڕاستی ڕوباری خاسە دروست کران، لەبەر نزیکی لە پارێزگای تکریت و یەکە کارگێڕییەکانی شاری کەرکوك کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی عەرەبن ". زانیارییە کانی نێو خشتەی (٨) و شێوەی (٨) ئاماژە دەکەن بە دروستکردنی (١٢) گەڕەکی نیشتەجێبوون لە بە شی ڕۆژئاوا و ڕا ستی ڕوباری خا سە لە ماوەی نێوان ١٩٧٧ – ١٩٩٧، لە کاتێکدا (٨) گەڕەکی نیشتەجێبوون دروستکران لە بەشی ڕۆژهەڵات و چەپی ڕوبارەکە کە نزیکە لە پارێزگای سلێمانی و ئەو یەکە کارگێڕییانەی پارێزگای کەرکوك کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، ئەمە لە کاتێکدا کە حکومەت هەندێك لەو گەڕەکانەی بۆ عەرەبە هاوردەکان لەم بە شەدا دروست کرد ، بۆ نموونە : گەڕەکانی (عروبە، نەسر، و قادسیە) کە ئامانج لێیان دەوردانی شاری کەرکوك بوو بە نشینگە عەرەبییەکان لە ناو شارەکەدا.

شێوەی (٨) / ژمارەی گەڕەکانی شاری کەرکوك لە ساڵەکانی ١٩٥٧ ، ١٩٧٧ و ١٩٩٧



**سێیەم : ئەو کێشانەی لە شاری کەرکوك سەریان هەڵداوە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك :**

گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك و ئەو ڕێککارانەی گیراونەتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانییان چەندین کێشەیان بۆ شاری کەرکوك و دانیشتوانەکەی دروست کردووە، کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوخت بکرێنەوە:

١- گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك و ئەو ڕێککارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانییان بوونەهۆی ئەوەی شاری کەرکوك نزیکەی (٥٢,٥%)ی ناوچەی دەست ڕۆیشتویی، هەرێمە کارگێڕییەکەی، لەدەست بدات، کە دەوڵەمەند بوو بە توانا کشتوکاڵییەکان، هەروەها نزیکەی (٣٣%) دانیشتوانەکەی لەدەست دا بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥. ئەمە بەو مانایە دێت کە شاری کەرکوك بێبەشکرا لە بزوێنەرێکی ڕاستەقینەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی تەندروست، کە ئەویش بریتی بوو لە هەرێمە کارگێڕییە دەوڵەمەندەکەی کە بە بێ بوونی ئەم هەرێمە و کارلێککردن لەگەڵیدا و دروستکردنی پەیوەندی دوولایەنە لەگەڵیدا، ناکرێت شارەکان بە شێوەیەکی تەندروست بەرەوپێش بچن. لەلایەك هەرێمی شار پێداویستییەکان بۆ شارەکە دابین دەکات (لە خۆراك و کەرەستەی بیناکردن و کەرەستەی خاو بۆ پیشەسازی و هێزی کار) ، لەلایەکی دیکەوە شار خزمەتگوزاری (بازرگانی ، تەندروستی، پەروەردەیی، کارگێڕیی، کات بەسربردن ، هتد) بۆ هەرێمەکەی دابین دەکات. ئەمانە ئەرکی بنەڕەتی شارن کە بێ ئەم ئەرکانە ناکرێت بە شێوەیەکی تەندروست بەرەوپێش بچێت و گەشە بکات، ئەویش لەبەر ئەوەی پارە و دارایی بۆ شارەکە دەستەبەر دەکات و داهاتێکی زیادی بۆ فەراهەم دەکات، و خزمەت بە دانیشتوانی شار و هەرێمەکەی دەکات، لەبەر ئەوە بچووکردنەوەی هەرێمەکە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگاکە و ئەو ڕێککارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کاریگەری نەرێنییان هەبوو لەسەر گەشەی تەندروستی شاری کەرکوك.

٢- گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگاکە و ئەو ڕێکارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی درز و کەلێنێکیان دروست کرد لە نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکانی شاری کەرکوك، ئەویش لەبەر ئەوەی ئامانج لێیان چارەسەرکردنی کێشە کارگێڕییەکان نەبوو، بەڵکو بریتی بوو لە بەعەرەبکردنی پارێزگاکە، و بە تایبەتی شاری کەرکوك، و سەپاندنی ویستی پێکهاتەیەکی ئیتنی بچووك ، واتە پێکهاتەی عەرەبی ، بەسەر پێکهاتەکانی دیکەی

شارەکەدا . ئەوەی هێندەی دیکە بارودۆخەکەی خراپ تر کرد ئەو ڕێکارانە دڕندانە و دڵڕەقانە بوون کە گیرانەبەر، و کە بە ئاسانی لەبیر ناکرێن، لێرەدا وەك نموونە ئاماژە بە هەندێ حاڵەتییان دەکەین:

أ- بێبەشکردنی دانیشتوانی ڕەسەنی شاری کەرکوك، بە تایبەتی کورد، لە مافەکانییان، وەك ئەوەی مافی فرۆشتنی خانوونەبەرەییان نییە تەنها بە عەرەب نەبێت، و ڕێگرلێکردنییان لە کڕینی خانوونەبەرە و لە نوژەنکردنەوەی خانووەکانیان، ئەویش بە ئامانجی ئەوەی ناچار بکرێن بیانفرۆشن.

ب- دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارە کوردەکان و گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆری لە فەرمانبەرانی بچووك و ڕێگەپێنەدانیان بۆ گەڕانەوە بۆ شاری کەرکوك و هێنانی فەرمانبەر و کرێکاری عەرەب بۆ جێگرتنەوەی فەرمانبەر و کرێکارانی کورد و پێدانی ئیمتیازی ماددی و هەلی ئیشکردن پێیان کە تەنانەت نەیاندەتوانی لە ناوچەکانی خۆیاندا خەونیشی پێوەببینن. یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی عەرەبە نیشتەجێکراوەکان بریتی بوو لە سیخوڕی کردن بەسەر دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە و چاودێری کردنییان بە شێوەیەکی هەمیشەیی.

پ- هەڕەشەکردن لە کورد و ترساندنییان و ئاڕاستەکردنی تۆمەتی جۆراوجۆر لە دژیان، ئەویش بە ئامانجی ناچارکردنییان بە جێ هێشتنی شاری کەرکوك و دواتر دەستبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵ و خانوونەبەرەکانییان، ئەمە سەرباری دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری گەنجی کورد لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە، بە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت یان دادگایی بکرێن، هاوشان بە تێکدانی خانووەکانیان و ڕاگواستنی کەسوکارەکانیان لە کەرکوك.

ت- گۆڕینی ناوی گەڕەك و شەقام و قوتابخانەو دووکانەکان..هتد لە شاری کەرکوك و بە ناوی عەرەبی، ئەویش بۆ سڕینەوەی خەسڵەتە کوردییەکەی و پێبەخشینی مۆرکێکی عەرەبی پێیان.

٣- کۆچکردنی عەرەبە هاوردەکان بۆ شاری کەرکوك بووە هۆی دروستبوونی چەند ناوەندێکی دانیشتوانی تایبەت بە خۆیان لە نێو شارەکەدا. بۆ نموونە دروستبوونی ناوچەی دانیشتوانی تایبەت بە هۆزی جبور لە (گەڕەکی عروبە) و ناوەندەکانی دانیشتوان لە گەڕەکی قادسیەی یەکەم و دووەم، کە تەرخانکرابوون بۆ ئەو کەسانەی لە ناوچەکانی باشووری عێراقەوە کۆچیان کردبوو، کە پارچە زەوی و خانوونەبەرە و سلفەی دارایییان پێدرا بۆ دروستکردنی خانوو لە کەرکوکدا. (**الجميلي، ٢٠١٣، ص ٦٩**)

٤- ڕوودانی کردار و کاردانەوەکان لە نێوان

(دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە) و (ئەوانەی بە بڕیارێکی سیاسی هاتبوونە نێو شارەکە)، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی چەند گردبوونەوەیەکی دانیشتوان لە نێو شاری کەرکوك کە ئەم گردبوونەوانەش خەسڵەتێکی نەتەوەییان هەبوو. لە ئێستادا چەند گەڕەکێك لە کەرکوك هەن کە زۆرینەی دانیشتوانەکەیان کوردن وەك (شۆرجە، ئیسکان، ڕەحیم ئاوا، ئازادی، ئیمام قاسم، ئیمام قاسم ٢، و ئازادی)، لە کاتێکدا زۆرینەی تورکمانەکان نیشتەجێی گەڕەکەکانی (تسعین ، موسەڵا ، بولاق و غەرناتە) ن ، و زۆرینەی عەرەبەکانیش لە گەڕەکەکانی (عروبە ، مەنسوڕ ، نەسڕ ، قادسیەو نور) نیشتەجێن.

٥- لە کاتێکدا گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان و ئەو ڕێککارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانییان بوونەتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی ئیتنی شاری کەرکوك و دروستکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی ناتەبا لە شارەکەدا کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و هێنانەئارای کاریگەری نەرێنی لەسەر سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و لەسەر جۆری ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان، ئەمەش بووە هۆی خوڵقاندنی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە نێو دانیشتوانی شارەکە. توێژینەوە مەیدانییەکان کە لەسەر ئەم بابەتە کراون بوونی دیاردەکەیان پشتڕاست کردوەتەوە .

٦- بە هۆی زیاد بوونی هەژموونی دیاردەی شارنشینی لە هەرێمی شارەکەدا و بەرفراوانبوونی گەورەی ڕووبەری شاری کەرکوك ، وەك دەرئەنجامێکی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان، ئەوا شارەکە و دانیشتوانەکەی بەدەست چەندین کێشەوە دەناڵێنن دیارترینییان بریتین لە :

أ- بەهۆی ئەوەی لە هەرێمی شاری کەرکوکدا زیادبوونی دیاردەی جەمسەرگیری بەدی دەکرێت، ئەوا لە ئێستادا و لە داهاتووشدا دووچاری چەندین کێشە دەبێتەوە کە پەیوەستن بە ژینگەی شارەکە و دەبنە هۆی زیادبوونی بارگرانی سەرشانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بەڕێوەبردنی شارەکە. دیارترین ئەم کێشانە بریتین لە : (**الجنابي، ٢٠٠٧، ص ٣٥٢- ٣٥٥ و الجبوري، ٢٠١٨.**)

- کێشەی فراوانبوونی شاری کەرکوك کە دەبێتە هۆی کشانی شارەکە بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری بە مانای پووکانەوەی ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکان و زیادبوونی ڕووبەری شارکە دێت کە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر شارەکە و گوندەکانی دەوروبەری.

- کێشەکانی پیسبوونی ژینگە ، (پیسبوون بە پاشماوە ڕەق و شلەکان ، پیسبوونی ئاو ، ژاوەژاو ، پیسبوونی هەوا و پیسبوونی بینین).

ب- تێکچوونی بەردەوامی دۆخەکە لە (ناوچەی کـارە نـاوەنـدیـیەکـان Central Business District {CBD}) ئـیـدی لە ڕووی جـۆری دامەزراوەکان بێت یان ڕاددەی ناوەندیبوونیان بێـت، کە ئەمەش تێکچوونی ڕوونی بـاری مۆرفۆلۆژییان دەخاتەڕوو.

پ- تێکچوونی خزمەتگوزارییە پەروەردەی، تەندروسـتی، و کۆمەڵایەتییەکان لە شـاری کەرکوك، لەبەرئەوەی دامەزراوە وەزیفییەکـانی نەیانتوانی پێ بە پێی گەشەکردنە شارنشینییە گەورەکەی و زیادبوونی لە ڕادەبەدەری ڕووبەری شـارەکە، بەرفـراوان بـن. واتە دامەزراوە پەروەردەییەکـانی ، نەخۆشـخـانە و کلینیکە تەندروسـتییەکانی و ناوەندەکانی چاودێری کـۆمەڵایەتـی نەیـانـتـوانـی ئەم ژمـارە زۆرەی کەسانی کۆچکردوو بۆ شارەکە لە خۆبگرن.

ت- خراپبوونی ئـاسـتەکـانی خزمەتگوزاری و دامەزراوە گشـتییەکـانی وەك هۆکـارەکـانی گواسـتنەوە و تۆڕەکانی ڕێگا و بان و هاتوچۆ و خزمەتگوزارییەکـانی ئاو و کارەبا و تۆڕەکـانی ئاوەڕۆ. ئەوەی لەم ڕووەوە جێی ئاماژەپێکردنە، کە دەکرێت تەنها وەك نمونەیەك باسی بکەین، ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری گەڕەکەکانی شاری کەرکوك هێشـتا شـەقام و کۆڵانەکانییان نە قیراکراون، و نە چیمەنتۆ. هەروەهـا نەبوونی تۆڕی ئاوەڕۆ لە زۆربەی گەڕەکەکانی شارەکە، و تەنانەت ئەگەر لە هەندێ شوێنیش هەبن، ئەوا وەك پێویسـت نیین بۆ ڕزگارکردنی شـارەکە لە پـاشـماوەکـان، و زۆربەی جـار بـارانبـارین دەبنەهۆی دروستبوونی لافاو لە نێو شارەکەدا. (**الجميلي، ٢٠١٣، ص ٨٢- ٨٣**)

٧- لە پەیوەندیدا بەو کێشـانەی باسـکران، ئەوا جـێـی خـۆیەتـی ئـامـاژە بە تـوێـژینـەوەیەکـی مەیـدانی نوێ بکرێـت لەبـارەی کێشـەی پیسبوونی بینین لە شاری کەرکوك، (پیسبوونی بینینیش هەموو شـتێـك دەگرێتەوە کە ببێتە هۆی زیـانگەیـانـدن بە بینین و شـێوانـدنی دیمەنی شـار و کاتێك چاوی مرۆڤ دەکەوێتە سـەرییان، ئەوا دۆخێکی دەروونی ناڕەحەتییان بۆ دروسـت دەبێت). ئەمەش تەشـەنەکردنی زۆربەی ئەو کێشانە پشتڕاست دەکاتەوە کە لە بڕگەی پێشـوودا بـاسـکران . ئەنجـامەکـانی توێژینەوەکە بەم شێوەیە دەرکەوتووە : (**الجبوري، ٢٠١٨، ص ١٦٩، ١٧٣، ١٧٦، ١٧٨، ٢١٠ و ٢١١**)

أ- بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پیسکەرەکانی بینین کە دەگاتە (٢١) پیسکەری بینین کە لە گەڕەك و شـەقامەکانی شـاری کەرکوك بڵاوبوونەتەوە. (**وێنەکانی پیسبوونی شاری کرکوك**)

ب- بەرزبوونەوەی ڕێژەی پیسـبوونی بینین لە شاری کەرکوك کە لە نێوان (٥٠-٧٥) دا دەبێت بۆ (نموونەکان Samples) ی گەڕەك و شەقامە وەرگیراوەکان .

## چەند دیمەنێکی کێشەی پیسبوونی بینین لە نێو شاری کەرکوکدا



**المصــــدر: رائد احمد عباس الجبوري, تحليل التباين المكاني لمظاهر التلوث البصـري في مدينة كركوك,اطروحة دكتوراه قدمت إلى مجلس كلية التربية للعلوم الأنسانية في جامعة تكريت, ٢٠١٨ .**

پ- (٣٢,٩%) ی گەڕەکان کە بە نموونە وەرگیراون و (٤١,٢%) ی شەقامەکان کە بە نموونە وەرگیراون جوانی و قەشەنگی خۆیان لەدەستداوە.

ت- (١١) گەڕەکی نیشتەجێبوون ڕازی نیین لە دۆخی ئێستای گەڕەکانی شاری کەرکوک لە ڕووی پلاندانان و باری بینین ەوە، هەروەها هەلومەرجی شاری کەرکوک جێی قبوڵکردن نییە لە ڕووی شارنشینی و ژینگەیی و جوانییەوە، و ئەم گەڕەکانەش بەدەست لاوازی خزمەتگوزارییەکانەوە دەناڵێنن.

ج- توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە نزیکەی (٥٣%) لە گەڕەکەکانی کەرکوک هەستێکی لاوازی ئاسودەبوون و دڵنیاییان هەیە لە پەیوەندیدا بە کێشەی پیسبوونی بینینەوە.

چ- بەشداربووانی ڕاپرسییەکەی کە نووسەری تێزی دکتۆراکە ئەنجامی داوە پێیان وایە شارەوانی ڕۆڵێکی باشی نییە لە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتییان لە " نزیکەی (٤١%) ی لە نموونەی گەڕەك وەرگیراوەکان و زیاتر لە (٤٥%) ی لە نموونەی شەقامە وەرگیراوەکان ".

ح- لە ئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکە دەرکەوتووە کە (٥٢,٥%) ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لە گەرەکاندا و (٣٦,٥%) بەشدار بووانی سەر شەقامەکان هەست بە بارێکی دەروونی ئاسوودە ناکەن لە کاتی دەرچوون و گەڕان و بینینی دیمەنی شاری کەرکوك و بازاڕەکانی ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نەبوونی دیاردەی جوانی و قەشەنگی لە شاری کەرکوك و زیادبوونی دیمەنەکانی پیسبوونی بینین، کە هێواش هێواش سەردەکێشێت بۆ تێکدانی سەلیقەی گشتی دانیشتوانی شارەکە و بڵاوبوونەوەی دیاردەی پیسبوونی بینین و نەبوونی هەستی ئاسوودەیی دەروونی لە شاری کەرکوکدا.

**دەرئەنجامەکان:**

١- گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك چەندین دەرئەنجامییان لێکەوتەوە، وەك گۆڕینی سنوری پارێزگای کەرکوك و یەکە کارگێڕییەکانی و لێکردنەوەی چەندین گوند و کەرت لە یەکە کارگێڕییەکانی . گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگاکە دروستکردن و هەڵوەشاندنەوەی یەکە کارگێڕییەکانیشی گرتەوە.

٢- **ئامانجی سەرەکی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان بریتی بوو لە سڕینەوەی کورد ستانییەتی شار و پارێزگای کەرکوك- کە بەڵگەنامە و ڕاستییە مێژویی و جوگرافییەکان پشتڕاستی دەکەنەوە- و بە عەرەبکردنی.** بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کۆمەڵێك ڕێککاری ڕەگەزپەرستانەیان گرتەبەر و تاوانییان دەرهەق (کەرکوك) و دانیشتوانە رەسەنەکەی ئەنجام دا، کە هەندێکیان دەچنە خانەی چەمکی تاوانی کۆمەڵکوژییەوە.

٣- بەرچاوترین ڕەنگدانەوەکانی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك و ئەو ڕێکارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە شاری (کەرکوك) ئەمانەی خوارەوە دەگرنەوە:

A–ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگای کەرکوك لەسەر دیموگرافییای دانیشتیوانی شاری (کەرکوك) کە ئەمانە دەگرنەوە:

أ- کەمبوونەوەی ڕێژەی گەشەی سالانی دانیشتوانی شار بە بەراورد بە دەیەکانی پێش گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگاکە، ئەمە سەرباری نیشتەجێکردنی عەرەبەکان و هێنانی هۆزە عەرەبەکان بۆ پارێزگاکە. کە ئەمانە نزیکەی لە(٢٠% و ١٦%)ی دانیشتوانی پارێزگاکە پێکدەهێنن بە گوێرەی دەرئەنجامەکانی سەرژمێرەکانی سالانی ١٩٧٧ و ١٩٨٧ یەك لە دوای یەك .

ب- ڕێژەی چڕبوونەوەی شــــارنشـــینی شـــاری کەرکوك بەرز بۆوە لە کەمتر لە (٣١%) لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ کەمتر لە (٣٩%) لە ساڵی ١٩٦٥, بۆ نزیکەی (٥٧%) لە ساڵی ١٩٧٧, (٦٩,٥%) لە ساڵی ١٩٨٧ و دواتر بووە نزیکەی (٧١,٥%) لە ساڵی ١٩٩٧.

پ- (بنچینەی پلە - قەبارە Rank- Size Rule) بۆ سێ یەکەم شـــارەکانی پارێزگای کەرکوك لە ماوەی ١٩٥٧-١٩٨٧، و دیـاریکـردنـی ڕێژەکـانییـان، زیادبوونی هەژموونی شـــاری (کەرکـوك) دەخـاتەڕوو، ئەویـش بە بەڵـگەی کەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی شاری دووەم لە (٩,٦%) و (٩,٥%) لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ و ١٩٦٥ یەك لە دوای یەك بۆ (٣,١%) و(٣,٢%) لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٨٧ یەك لە دوای یەك ، واتە دوورکەوتنەوەی بە ڕێـژەی (٦,٣%)، و کەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی شاری سێیەم لە (٧,٦%) و (٦,٧%) لە ساڵانی ١٩٥٧ و ١٩٦٥ یەك لە دوای یەك بۆ (٢,٧%) و (٢,٤%) لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٨٧ یەك لە دوای یەك , واتە دوورکەوتنەوەی بە ڕێژەی (٥,٢%).

ت- کەمبوونەوەی ژمارەی ناوەندە شارنشینەکان لە هەرێمە کارگێڕییەکەی شاری کەرکوك لە (٥) ناوەندی شـارنشـینی، بە پێگەی قەزا، و (١٧) ناوەندی شارنشینی، بە پێگەی ناحیە، لە ساڵی ١٩٦٥ بۆ (٣) ناوەندی شـارنشـینی، بە پێگەی قەزا، و (١٣) ناوەندی شـارنشـینی، بە پێگەی ناحیە, لە ساڵی ١٩٨٧.

ج- باڵادەستی (لە پێشینەی شارنشینی Urban Primacy) شـاری کەرکوك بەسـەر هەرێمە کارگێڕییەکەیەوە، ئەویش بە بەڵگەی :

- زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانی شاری کەرکوك لە (١٠,٤ و ١٠,٥)، هێندەی شـاری دواتر لە ساڵانی ١٩٥٧ و ١٩٦٥, یەك لە دوای یەك بۆ (٣٢,٤ و ٣١,١) هێندەی ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٨٧ ، یەك لە دوای یەك.

- زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانی شاری کەرکوك لە (٥,٨ و ٦,٢)، هێندەی هەردوو شـارەکەی دواتر لە ساڵانی ١٩٥٧ و ١٩٦٥، یەك لە دوای یەك , بۆ (١٧,٣ و ١٧,٧) هێندە لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٨٧ ، یەك لە دوای یەك.

- زیادبوونی ئاماژەی هەیمەنەی (لە پێشـینەی شـارنشـینی) شـاری (کەرکوك) لە (٨٥,٣) لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ (٩٤,٧) لە ساڵی ١٩٨٧.

چ- زیادبوونی هەیمەنەی لایەنی دانیشـتوان لە شـاری کەرکوك لەو چەمکە نوێیەی شـاری سـەرەکی دا کە (مـارك جیفرسـون Mark Jefferson) هێنایە ئاراوە لە ساڵی ١٩٣٩ و لە (یاسـای شـاری سـەرەکی The Law of the Primate City) بە بەڵگەی گۆڕانی ڕێژەی نێوان شاری کەرکوك و شاری دووەم و سێیەم لە (١٠٠ : ٩,٥ : ٧,٦) و (١٠٠ : ٩,٥ : ٦,٧) لە ساڵانی ١٩٥٧ و١٩٦٥، یەك لە دوای یەك , بۆ (١٠٠ : ٣,١ : ٢,٧) و (١٠٠ : ٣,٢ : ٢,٤) لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٨٧ ، یەك لە دوای یەك.

B– ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە

پارێزگای کەرکوك لەسـەر ئیتنۆگرافیای شـاری (کەرکوك) لەمانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:
أ- سـەربـاری ئەوەی کە سـەرژمێر ییەکـا نی دانیشتوان لە ساڵانی (١٩٥٧, ١٩٦٥ و ١٩٧٧)، ئـامـاژە نـاکەن بە کەمبوونەوەی ڕێژەی کورد لە شاری کەرکوك لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٧٧ بەڵـکـو بە پـێـچەوانەوە ئـامـاژە بە بەرزبوونەوەی دەکەن لە (٣٣,٣%) لە سـاڵی ١٩٥٧ بۆ (٣٨,٥%) و (٣٨,٢٤%) لە ساڵەکانی ١٩٦٥ و ١٩٧٧ ، یەك لە دوای یەك ، بەڵام ئەمە بە مـانـای ئەوە نـایەت کە کەر کوك دووچـاری بەعەرەبکردن نەهاتووە و کوردی تێدا ڕانەگوێزراوە و عەرەبی تێدا نیشـتەجێ نەکراوە. ز یادبوونی، نەك کەمـبـوونەوەی , ڕێـژەی کـورد لە سـەرژمـێـریـیەکـانـدا دەگەڕێـتەوە بـۆ هەڵە بە ئە نقەسـتەکـان لە تۆمـاری ڕ ێژەی پـێکهـاتە نەتەوەییەکان لە سـەرژمێری سـاڵی ١٩٥٧، کە ئەگەر وانە بوا ییە ئەوا ڕ ێژەی کورد لە شـاری کەرکوك لە سـەرژمێری سـاڵی ١٩٥٧ زۆر جیاواز نەدەبوو لە ڕێژەیـان لە سـەرژمێری شـارەوانی کەرکوك لە سـاڵی ١٩٣٠ کە گەیشـتە بووە (٦٢,٩%) و بە بـۆچـوونـی ئـێـمە لە کەمـتـریـن خەملاندندا ڕێژەکە زیاتر دەبوو لە (٥٠%) , و ئەو کاتە ڕێژەی دابەزینی ڕاسـتەقینە ڕێژەی کورد لە دانیشـتوانی شـاری کەرکوك وبەرزبوونەوەی ڕاسـتەقینەی پێکهـاتەی عەرەبی لە ئەنجـامی گۆڕا نکـار ییە کـار گێڕ ییەکـان لە پـار ێزگـاکە دەردەکەوتن.

ب – سەرباری ئەوە کە ئەنجامی سەرژمێرییەکانی دانیشتوان لە ساڵانی (١٩٥٧، ١٩٦٥ و ١٩٧٧) ئاماژە دەکەن بە کەمبوونەوەی ڕێژەی تورکمان لە کۆی دانیشـتوانی شـاری کەرکوك بە ڕێژەی لە (١٦,٥٦%) لە نێوان سـاڵانی ١٩٥٧ و١٩٧٧، بەڵام ڕێژەی کەمبوونەوەی ڕاستەقینەیان کەمترە لە ڕ ێژەی ئـامـاژە پـێکراو لەبەر ئەوەی ژمـارەی تورکمانەکان لە شـاری کەرکوك زۆر کەمترە لەو ژمارەیەی بۆ ئەم پێکهاتەیە هەژمار کراوە، لە ڕووی زمانی دایکەوە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا.
پ- سـەربـاری ئەوەی کە ئەنجـامی سـەرژمێری دانیشـتوان لە سـاڵانی (١٩٥٧، ١٩٦٥ و ١٩٧٧)، ئـامـاژە دەکەن بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی عەرەب لە کۆی دانیشـتوانی شـاری کەرکوك بە نزیکەی لە (١٦%) لە نێوان سـاڵانی ١٩٥٧ و١٩٧٧، بەڵام ڕێژەی بەرزبوونەوەی ڕاسـتەقینەیان زیاترە لەو ڕێژە ئـامـاژە پێکراوە ، لەبەر ئەوەی ژمـارەی عەرەب لە شاری کەرکوك زۆر کەمترە لەو ژمارەیەی کە بۆ ئەم پێکهاتەیە هەژمار کراوە، پشتبەستن بە (پرینسیپی زمانی دایك) لە سـەرژمێری سـاڵی ١٩٥٧دا . لەم ڕووەوە جێی خۆیەتی ئـامـاژە بە ئەنجـامەکـانی دەنگدان لەسـەر دا نانی (فەیسـەڵی یەکەم) بە پـاشـای عێراق بـدەین لە سـاڵی ١٩٢١ کە ڕەنگـدانەوەی قەبـارەی ڕاسـتەقینەی عەرەبن لە شـاری کەرکوك لەو کاتەدا، کە تەنها عەرەبەکانی شـارەکە دەنگییـانـدا لە بەرژەونـدی دانـانی (فەیسەڵ) وەك پاشای عێراق کە ڕێژەکەیان ناگاتە (٣%)ی دانیشتوانی شارەکە.

ت - بەرزبـوونەوەی گەورەی رێـژەی تـێـکـڕای گەشەی ساڵانەی (کورد و پێکهاتەکانی دیکە) لە شـاری کەرکوك لە ماوەی نێوان سـاڵانی (١٩٥٧ – ١٩٦٥) سەرلەنوێ ئەو ئەنجامدانی ئەو ستەمە دەســەلمێنی کە ڕووبەڕوی (کورد و پێکهاتەکانی دیکە) بۆوە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا.

ج – کەمبوونەوەی ڕێژەیی تێکڕای گەشـــەی ساڵانەی هەردوو پێکهاتەی (تورکمان و عەرەب) لە شــــاری کەرکوك لە مـاوەی نێوان ســـاڵانی (١٩٥٧ – ١٩٦٥)، بە بەراورد بە تێکڕای گەشەی ســاڵانەی (کورد و پێکهاتەکانی دیکە) لە هەمان ماوەدا ، دووبارە ئەنجامدانی ئەو ســـاختەکارییە دەســەلمێنی کە لەبەرژەوەندی ئەوان ئەنجامدرا لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ دا .

چ - بەرزبـوونەوەی گەورەی تـێـکـڕای گەشـــە ســـاڵانەی دانیشـــتوانی پێکهـاتەی عەرەبی لە ســـەرجەم مـاوەکـانـدا بە شـــێوەیەکی گومـان هەڵنەگەر ئەوە دەســەلمێنی کە : "مەبەست لە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگاکە و ئەو ڕێـکـارانەی گـیـرانەبەر بـۆ بەدیـهـێـنـانـی ئامانجەکانیان بریتی بوو لە بەعەرەبکردنی شاری کەرکوك ". تێکڕای گەشەی بەرزی ساڵانەی ئەم پێکهـاتەیە، کە پتر لە (١٣,٨%) بووە لە مـاوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٥ – ١٩٧٧ و نزیکەی (١٥%) بووە لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٧– ١٩٧٧، کە زیاترە لە (٣,١٦) و (٢,٢٤) هێندەی تێکڕای گەشـــەی ســاڵانەی دانیشـتوانی شـاری کەرکوك ، یەك لە دوای یەك ، لە هەر دوو ماوەکەدا ، (ماوەی نێوان ١٩٦٥– ١٩٧٧ و ماوەی نێوان ١٩٥٧ – ١٩٧٧) ، باشـترین بەڵگەی سـەلماندنی ئەو راسـتییە کە ئاماژمان بۆکرد.

٤ – لە ڕادەبەدەر بەرفراوانبوونی ڕوبەری شـــاری کەرکوك، بە چەشـــنێـك کە ڕێژەی تێکڕای ساڵانەی بەرفراوانبوونی شاری کەرکوك، لە نێوان سـاڵانی ١٩٧٧-١٩٩٧، گەیشـتە پترە لە (٤,٢) دوو هێنـدەی تێکڕای بەرفراوانبوونی لە مـاوەی ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٧٧.

٥- تێکڕای زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی گەڕەکەکانی شــاری کەرکوك لە ماوەی نێوان سـاڵانی ١٩٧٧– ١٩٩٧، گەیشتە (یەك گەڕەك / بۆ هەر ساڵێك)، لە کاتێکدا تێکڕای ســاڵانەی زیادبوونی گەڕەکەکانی لە ماوەی نێوان سـاڵانی ١٩٥٧– ١٩٧٧ بریتی بوو لە (٠,٣٥ گەڕەك / بۆ هەر سـاڵێك), واتە زیادبوونی ژمـارەی گەڕەکەکـانی کەرکوك لە (٢٠) ســـاڵی دووەمـدا دەگـاتە زیـاتـر لە (٢,٨٥)، هـێـنـدەی زیادبوونی ژمارەی گەڕەکەکانی شــاری کەرکوك لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٧٧.

٦- کەمـبـوونەوەی کەلـێـنـی نـێـوان ژمـارەی گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کەرکوك , بەشی چەپی ڕوباری خاسە , کە بەشی کـۆنـی شــــاری کەرکـوکە ، لەگەڵ ژمـارەی گەڕەکەکانی بەشـــی ڕۆژئاوای , بەشـــی ڕاســـتی ڕوبارەکە . ژمارەی گەڕەکەکانی بەشـــی ڕۆژئاوای شـــارەکە لە ســـاڵی ١٩٥٧ زیاتر بوو لە ژمارەی گەڕەکەکانی بەشـــی ڕۆژهەڵاتی شـــارەکە بە (٨) گەڕەك، ئەم جیاوازییە کەم بۆوە بۆ (٧) گەڕەك لە

ســــاڵــی ١٩٧٧ و بــۆ تەنــهــا (٢) گەڕەكــی نیشـــتەجێبوون لە ســـاڵی ١٩٩٧ دا. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی گەڕەکەکـانی نیشـــتەجێبوون , کە بۆ عەرەبە هاوردەکراوەکان دروســـتکران دوای گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان و ئەو ڕێکـارانەی گـیـرانەبەر بـۆ بەدیـهـێـنـانـی ئامانجەکانییان , لە بەشـی ڕۆژئاوای , بەشـــی ڕاســـتی , ڕووباری خاســـە دروســـتکران ، لەبەر نـزیـكـی لە پـارێـزگـای تـكـریـت و ئەو یەکە کـارگێڕییـانەی شـــاری کەرکوك کە زۆرینەی دانیشـــتوانەکەی عەرەبن . لە نێوان ١٩٧٧ – ١٩٩٧ دا (١٢) گەڕەکی نیشتەجێبوون لە بەشی ڕۆژئاوای کەرکوك, بەشی ڕاستی ڕووباری خاسە, دروســـتکران ، لە کاتێکدا لەو ماوەیەدا تەنیا (٨) گەڕەکی نیشـــتەجێبوون لە بەشـــی ڕۆژهەڵاتی شارەکە, بەشی چەپی ڕووباری خاسە, دروستکران , کە نزیکە لە پـارێزگـای سـلێمانی و ئەو یەکە کـارگـێـڕیـیـانەی پـارێـزگـاکە کە زۆریـنەی دانیشتوانەکەی کوردن .

٧ – دیـارتـریـن ئەو گـرفـتـانەی لە ئەنـجـامـی گۆڕانکارییەکارگێڕییەکانی پارێزگای کەرکوك بۆ شـــاری کەرکوک و دانیشـــتووانەکەی هاتوونەتە ئاراوە، ئەمانەی خوارەوەن:

أ- گۆڕانکـارییە کـارگێڕییەکـان لە پـارێزگـای کەرکوك و ئەو ڕێکارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانییان بوونەهۆی ئەوەی شاری کەرکوك نزیکەی لە (٥٢,٥%) ی هەرێمە کارگێڕییەکەی لەدەســـت بـدات، کە دەوڵەمەنـد بوو بە توانـا کشـــتوکاڵییەکان، هەروەها نزیکەی لە (٣٣%) دانـیشـــتـوانەکەی لەدەســـت دا بە گـوێـرەی ســـەرژمێری ســاڵی ١٩٦٥. ئەمە بەو مانایە دێت کە شـــاری کەرکوك بێبەشـــکرا لە بزوێنەرێکی ڕاســـتەقینەی گەشـــەکردن و بەرەوپێشـــچوونی تەنـدروســـت، کە ئەویش بریتی بوو لە هەرێمە کارگێڕییە دەوڵەمەندەکەی کە بە بێ بوونی ئەم هەرێمە و کارلێککردن لەگەڵیدا و دروســـتکردنی پەیوەندی دوولایەنە لەگەڵیدا، ناکرێت شـارەکان بە شـــێوەیەکی تەنـدروســـت بەرەوپێش بچن. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم لەدەســـت دانە ئەرکی ســـەرەکی شـــار لاواز دەکات چونکە دارایی بۆ شارەکە دەستەبەر دەکات، و داهاتێکی زیاتریان بۆ فەراهەم دەکـات، و خزمەت بە دانیشـــتوانی شارەکە و هەرێمەکەی دەکات.

ب- گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پارێزگاکە و ئەو ڕێکارانەی گیرانەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی درز و کەلێنێکیان دروسـت کرد لە نێوان پێکهاتە نەتەوەییە کانی شـــاری کەرکوك، ئەویش لەبەر ئەوەی ئا مانج لێیان چارەســـەرکردنی کێشـــە کـارگێڕییەکـان نەبوو، بەڵکو بریتی بوو لە بەعەرەبکردنی پارێزگاکە، و بە تایبەتی شـــاری کەرکوك، و ســـەپاندنی ویســـتی پێکهاتەیەکی ئیتنی بچووك، واتە پێکهاتەی عەرەبی، بەســـەر پێکهاتەکانی دیکەی شارەکەدا . ئەوەی هێندەی دیکە بـارودۆخەکە خراپ تر کردووە ئەو ڕێکـارە دڕندانە و دڵڕەقانە بوون کە گیرانەبەر کە ئەستەمە لە یاد بکرێن.

پ- کۆچکردنی عەرەبە هاوردەکان بۆ شاری کەرکوك بووەهۆی دروستبوونی چەند ناوەندێکی دانیشتوانی تایبەت بە خۆیان لە نێو شارەکەدا. بۆ نموونە ناوچەی دانیشتوانی تایبەت بە هۆزی جبور لە (گەڕەکی عروبە) و ناوەندەکانی دانیشتوان لە گەڕەکی قاد سیەی یەکەم و دووەم بۆ ئەو کەسانەی لە ناوچەکانی باشووری عێراقەوە کۆچیان بۆ کردبوو.

ت – ڕوودانی کردار و کاردانەوەکان لە نێوان (دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە) و (ئەوانەی بە بڕیارێکی سیاسی هاتبوونە نێو شارەکە)، ئەمەش بووەهۆی دروستبوونی چەند گردبوونەوەیەکی دانیشتوان لە نێو شاری کەرکوك کە ئەم گردبوونەوانەش خەسڵەتێکی نەتەوەییان هەبوو. لە ئێستادا چەند گەڕەکێك لە کەرکوك هەن کە زۆرینەی دانیشتوانەکەیان کوردن وەك (شۆرجە، ئیسکان، ڕەحیم ئاوا، ئازادی، ئیمام قاسم، ئیمام قاسم ٢ و ئازادی)، لە کاتێکدا زۆرینەی تورکمانەکان نیشتەجێی گەڕەکەکانی (گەڕەکی تسعین، موسەڵا، بولاق، و غەرناتە)ن، و زۆرینەی عەرەبەکانیش لە گەڕەکەکانی (عروبە، حەجاج، و نەسر و حوزەیران) نیشتەجێن.

ج - لە کاتێکدا گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان بوونە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی ئیتنی شاری کەرکوك، و دروستکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی ناتەبا لە شارەکەدا کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و هێنانە ئارای کاریگەری نەرێنی لەسەر سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و لەسەر جۆری ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان، ئەمەش بووەهۆی خوڵقاندنی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە نێو دانیشتوانی شاری کەرکوکدا کە توێژینەوە مەیدانی نوێیەکان سەلماندویانە .

چ – خراپبوونی بەردەوامی دۆخی (ناوچەی کارە ناوەندییەکان CBD) و دەرکەوتنی کێشەکانی پەیوەست بە بەرفراوانبوونی شارنشینی، کشانی شاری کەرکوك بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری و کێشەکانی پیسبوون ، (پیسبوون بە پاشماوە ڕەق و شلەکان ، پیسبوونی ئاو ، ژاوەژاو ، پیسبوونی هەوا و پیسبوونی بینین).

ح – دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و دامەزراوە گشتییەکان، وەك هۆکارەکانی گواستنەوە و تۆڕەکانی ڕێگاوبان، و هاتوچۆ و خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و تۆڕەکانی ئاوەڕۆ، تێکچوونی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکدن ، تەندروستی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری کەرکوك، چونکە دامەزراوە وەزیفییەکانی نەیانتوانی پێ بە پێی گەشەکردنە شارنشینییە گەورەکەی و زیادبوونی لە ڕادەبەدەری ڕووبەری ، بەرفراوانبوونی ، شارەکە بەرفراوان بن . واتە دامەزراوە پەروەردەییەکانی و نەخۆشخانە و کلینیکە تەندروستییەکانی و ناوەندەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی نەیانتوانی ئەو ژمارە زۆرەی کەسانی کۆچکردوو بۆ شارەکە لە خۆبگرن.

## لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردیەکان :**

١ – هەرێمی کوردستانی عێراق، لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردن، ئەتڵەسی کەرکوك، هەولێر، ٢٠٠٦ .

٢ - سنوری سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردنی لە پارێزگای کەرکوك ١٩٦٣ – ١٩٩١، هەولێر، ٢٠٠٩.

٣ - جەبار قادر، کەرکوك نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا، مەهاباد، ٢٠٢٣ .

٤ – محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی رەگەزییدا، سلێمانی، ٢٠٠٣ .

**سەرچاوە عەرەبیەکان :**

١ - الأسـتاذ الدكتور خالص حسـني الأشـعب, إقليم المدينة بين التخطيط الإقليمي والتنمية الشـاملة, جامعة بغداد, بيت الحكمة, ١٩٨٩.

٢ – الدكتور نوري طالباني, منطقة كركوك ومحاولات تغير واقعها القومي, لندن , ١٩٩٥ .

٣ – البروفيسـور الدكتور خليل اسـماعيل محمد, الأحزمة العربية حول كركوك تهديد لأمن المدينة, بحوث المؤتمر العلمي الأول حول مدينة كركوك للفترة من ٢٥ – ٢٧ / ٢٠٠٥ , السليمانية.

٤ - وريا الجاف, كركوك – دراسة سياسية واجتماعية, أربيل, ١٩٩٨ .

٥ - الدكتور صبري فارس الهيتي والدكتور صالح فليح حسن، جغرافية المدن، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٦.

٦ – الدكتور شاكر خصباك ، العراق الشمالى ، بغداد، ١٩٧٣.

٧ – الدكتور عبدالرزاق عباس حسين, جغرافية المدن, بغداد, ١٩٧٧.

٨ – كامران ولي محمود, الاسـتقطاب الحضـري وأثره في البيئة الحضـرية لمدينة أربيل,اطروحة دكتوراه قدمت إلى مجلس كليةالآداب في جامعة صلاح الدين, ٢٠١٥ .

٩ – أ.م.د. محمد شـلال خلف, التباعد وأثره على أحجام المدن في محافظة كركوك, مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسـانية, ٢٠١٩ .

١٠ – الدكتور موسى مصطفى الهسنياني, كركوك الواقع الديموغرافي بين الأمس واليوم (دراسة وتوصيات), بحوث المؤتمر العلمي الأول حول مدينة كركوك للفترة من ٢٥ – ٢٧ / ٢٠٠٥, السليمانية.

١١ - رائد احمد عباس الجبوري, تحليل التباين المكاني لمظاهر التلوث البصـري في مدينة كركوك,اطروحة دكتوراه قدمت إلى مجلس كلية التربية للعلوم الأنسانية في جامعة تكريت, ٢٠١٨ .

١٢ - محمد شلاش خلف الجميلي، أبعاد التوسع المساحي لمدينة كركوك، اطروحة دكتوراه قدمت إلى مجلس كلية التربية في جامعة الموصل, ٢٠١٣ .

١٣ - الدكتور صلاح حميد الجنابي, جغرافية الحضر (اسس وتطبيقات)، جامعة الموصل، ٢٠٠٧ .

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان :**

1- James H. Johnson; Urban Geography – An Introductory Analysis, Oxford, 1977. (2nd Edition).

2 -Harold Carter; THE STUDY OF URBAN GEOGRAPHY, London, 1972.

3- Rashid Faridi; Urban Primacy, the Primate City and Rank Size Rule, February 10, 2019.

4 - Bilge Kağan ŞAKACI, Abdel Bais SOUMANOU &Selçuk ÖZKAYA; Benin on the Axis of the Law of the Primate City: The Case of Cotonou, Uluslararası Yönetim Akademisi Dergisi, 2021.

# (Abstract)

## Administrative changes in Kirkuk Province and their reflection on the city of Kirkuk

**Prof. Dr. Azad M.A. Kakashekh Naqshbandi / azad.ameen@mhe-krg.org**

The study aims to: "Identify of administrative changes in Kirkuk Province and their reflection on the city of Kirkuk and proceeds from hypothesis that these changes negatively affected and caused many problems for the city and its residents". The study reached following results:

1 - The administrative changes included changes in the borders of Kirkuk Province and in the borders of the administrative units affiliated to it, and in changing the ranks of the centers of those units.

2 - The aim of the administrative changes was not to serve the residents of the city of Kirkuk and to harmonize the social life of the city with its administrative region and with the natural and human geographical phenomena. The only reason for all the administrative changes is "Arabization of Kirkuk" because of its oil.

3 - Administrative changes caused and contributed to:

A - The city of Kirkuk lost about (52.5%) of its area of influence, its administrative region, and about (33%) of its population, according to the population census of 1965, and weakened its basic functions.

B- It created a rift in the relations between the national components in the city of Kirkuk and created socially heterogeneous environments in it.

C -The decrease in the annual rates of growth of the city's population and the increasing urban dominance represented by:

- Urban concentration rate increased from (31%) to (71.5%) between 1957 and 1997.
- The decrease in the percentage of the population of the second and third city according to the rank-size rule, as they moved away at rates of (6.3%) and (5.2%), respectively, during 1957-1987.
-The index of dominance (urban primacy) for the city of (Kirkuk) increased from (85.3) in 1957 to (94.7) in 1987.
- The increasing dominance of the city of Kirkuk in (The Law of the Primate City).

D - Deterioration of (CBD) and the emergence of problems of urban expansion and pollution problems in the city and the low levels of public services and utilities.

# غازی سروشتی له عێراق..
## چەند سەرنج و لایەنێکی شاردراوە



د.گۆڤەند حسێن شێروانی
مامۆستای زانکۆی و شارەزای کاروباری نەوت sherwanigovand@gmail.com

پێشەکییەکی مێژوویی:

دەرکەوتنی نەوت و غازی سروشتی و سووتانی غاز لەسەر ڕووی زەوی دیاردەیەکی دێرینە و هەر لە ڕۆژگاری کۆنەوە بۆتە سەرنجی عێراقییەکان لە نزیک شاری کەرکوك لە باکووری عێراق. عێراقییەکان بەم ئاگرەیان وتووە (ئاگری ئەزەلی)، وەك بەڵگەیەك لەسەر بەردەوامبوون و درێژەکێشانی و بۆ ماوەیەکیش بە پیرۆزییان زانییوە. غازیش لە پاڵ نەوتدا لە ژێر زەوی بوونی هەیە، ئەویش لە نێو ئەوەی پێی دەووترێت پێکهاتەی جیۆلۆجی (کە چەند چینێکن لە بەردی نیشتوو و پێکهاتەیەکی کانزایی و تەمەنێکی جیۆلۆجی دیاریکراوی هەیە). و لە نێو کەلێن و کونیلەکانی چەند بەردێکی دیاریکراودا هەن کە پێیان دەووترێت بەردی کۆگائاسا، واتە ئەو بەردانەی نەوت یان

**غاز لە خۆدەگرن.**

**یەکەم دۆزینەوەی نەوت لە عێراقدا بیری بابا گوڕگوڕ بوو لە ساڵی ١٩٢٧، و ئەمەش دووەم دۆزینەوەی نەوت بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و سەرباری دەرکەوتنی غازی سروشتی لە کەرکوك لە باکووری عێراق، بەڵام تەنها لە ساڵانی حەفتەکانی سەدەی ڕابردو دەستکرا بە سوودوەگرتنی ڕاستەقینە لەم غازە، بە دیاریکراوی دوای دامەزراندنی چەند وێستگەیەکی وزەی کارەبا لە باشوورو ناوەڕاستی عێراق (ناسرِیە، هاریسە، و خور ئەل زوبیر و نەجەف، و هی دیکە)، لە پاڵ دروستکردنی کارگەی پترۆکیمیاوی و پەیین و ئاسن (النصراوي، ٢٠٢٥).**

**لە ئەدەبیانی زانستیدا، کۆکردنەوەی ئەو غازەی بە شێوەیەکی سروشتی لە نێو زەوییەوە دێتەدەرێ و دەڕژێت (غازی سروشتی) لەگەڵ نەوت و خەڵۆزی بەردین دەچێتە ژێر باری چەمکێکی زانستی کە پێی دەووترێت (سووتەمەنی یان سووتەمەنی بەردینی (Fossil Fuel)، و هەر سێکییان وەك سووتەمەنییەك بە کار دەهێنرێن و مرۆڤ دە یانسۆتێنێت بۆ مەبەستی گەرمکردنەوە و وەك سەرچاوەیەکی وزە بۆ ئامێرەکان. شتێکی دیکە کە ئەم کۆمەڵەیە تێیدا هاوبەشن ئەوەیە کە پێکهاتەیەکی ئۆرگانی کۆنییان هەیە و پێکدێت لە هایدرۆجین و کاربۆن، واتە هاوشێوەی نەوت و غاز، لە کاتێکدا خەڵۆز لە کاربۆن و خڵتەی دیکە پێکدێت.**

**یەدەگی غازی سروشتی لە عێراق**

عێراق دوو جۆر غازی سروشتی هەیە: غازی هاوەڵ کە لە کێڵگە نەوتییەکاندا دەسوتێت و بە فیڕۆ دەچێت، و غازی ئازاد کە لە کێڵگە سەربەخۆکاندا هەیە (کێڵگەی غازی)، وەك عەکاز لە ئەنبار و مەنسورییە لە دیالە و سیبە لە بەسرە و کورمور لە سلێمانی.

وەزارەتی نەوت و وەزارەتی پلاندانانی عێراق مەزەندەی یەك بە دوای یەکییان بڵاوکردۆتەوە لەبارەی غازی سروشتی لە ماوەی ساڵی ٢٠١٢ تاوەکو ساڵی ٢٠٢٥، و دەکرێت هەندێکیان لەم خشتەیەی خوارەوەدا پوخت بکەینەوە:

| ساڵ | یەدەگی غاز (ملیار مەتر سێجا) | یەدەگی غاز (تریلیون پێ سێجا ) |
|---|---|---|
| 2012 | 3694 | 130.3 |
| 2016 | 3172 | 112.0 |
| 2017 | 3744 | 132.1 |
| 2019 | 3820 | 134.8 |
| 2021 | 3529 | 124.6 |
| 2023 | 3713 | 131.1 |
| 2025 | 3597 | 127.0 |

جیـاوازی ژمـارەکـانیش ئەوە دەردەخـات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ســەرچاوەی جیاوازی عێراقی (وەزارەتی نەوت و وەزارەتی پلاندانان)، و هەندێ پێگەی ئەلیکترۆنی و دەزگای ڕاگەیاندنی دیکەوە بـڵاوکـراوونەتەوە. و گـرنـگـتریـن ئەم ژمـارانە و نزیکترینییـان لە واقیعەوە بریتیە لە ژمـارە ڕاگەیەنـدراوەکـان لەلایەن وەزارەتــی نەوتــی ئیتیحادییەوە.

مەزەندەکانی یەدەگی غازی عێراق لە سـاڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازن، لە خشتەی پێشوودا بەرزترین یەدەگ لە ســـاڵی ٢٠١٩ بوو بە بڕی ١٣٤ ترلیۆن پێ سێجا، لە کاتێکدا کەمترینییان لە ساڵی ٢٠١٦دا ئاماژەی پێکرا کە بریتی بوو لە ١١٢,٠ ترلیۆن پێ سێجا. و هەموو ئەم ژمارانەش بەهــای مەزەنــدەکــراون (واتە یەدەگــێــکــی خەملێنراون) نەك (یەدەگێکی جێگیر).

لێدوانێکی بریکاری وەزیرێکی نەوت بۆ کاروباری غاز لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٥ ئاماژە بەوە دەکات کە غازی سروشـــتی عێراق دەگاتە ١٢٧ ترلیۆن پێ ســێجـای پێوانەیی، کە ئەم بڕەش بەشی ١٠٠ ساڵی وڵاتەکە دەکات. ئەم ژمارانەش مایەی خۆشــحاڵیین، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە ســەرباری ئەم یەدەگە گەورەیە کە عێراق دەخاتە ڕیزبەندی ١١ەمینەوە لە جیهاندا، ئەوا هێشـــتا ئەم وڵاتە غازی سروشـــتی لە ئێران بە بڕی ٥٠ ملیار مەتر ســێجا لە ڕۆژێکدا هاوردە دەکات، لەگەڵ بڕە کـارەبـایەك کە بەهـای کڕینەکەی دەگاتە نزیکەی ٥ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا.

بە گوێرەی گرێبەستی کڕینی غازی ئێران، عێراق پابەندە بە کڕینی ئەم بڕە غازە و بۆ ماوەی پێنج ســـاڵ لە کاتی واژووکردنی گرێبەســـتەکەوە لە ســـەرەتای ســـاڵی ٢٠٢٤، لە کاتێکدا خودی وەزارەتی نەوت پلانی ئەوەی هەیە تـا ســـاڵی ٢٠٢٨ خۆبژێوی غاز دەســـتەبەر بکات، هەروەها وەزارەتەکە ئەوەی خســـتۆتەڕوو کە پرۆژەکـانی وەبەرهێنان لە غازی سروشتی هاوەڵ بەردەوامە و گەیشـــتە لە ٧٠% لە کۆتایی ســـاڵی ٢٠٢٥، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٤ ئەم ڕێژەیە لە ٦٠% بوو.

## گرنگترین کێڵگەکـانی غـازی سروشـــتی لە عێراق

زۆربەی غازی سروشـــتی لە عێراق لە پاڵ نەوتدا بوونی هەیە، واتە هاوبەشـــن لە دروســـتبوون و پێکهاتن لە نێو کێڵگە نەوتییەکاندا. و بەم جۆرە غازە سروشـــتییە دەووترێت غازی هاوەڵ (واتە ئەوەی لەگەڵ نەوتدایە لە کێڵگە و بیرەکاندا). لە کـاتێکـدا هەنـدێ لە کێڵگەکـان تەنهـا غـاز لە خۆدەگرن، لەو کاتەدا پێی دەووترێت غازی ئازاد، و بەو کێڵگەیەکیشـــی کە بەرهەمی دەهێنێـت دەووترێت کێڵگەی غازی. لە عێراقدا ژمارەیەکی دیاریکراوی کێڵگەی غازی هەن کە گرنگترینیان بریتین لە:

١- کێڵگەی عوکاز: کێڵگەیەکی غازی سروشتییە و دەکەوێتە بـاشـــووری شـــاری قـائیم لە پـارێزگـای ئەنبـار لە ڕۆژئـاوای عێراق. و بە گەورەترین کێڵگەی غاز دادەنرێت لە عێراقدا

کە یەدەگی ئەم کێڵگەیە بە ٥,٣ ترلیۆن پێ سێجا مەزەندە دەکرێت. بۆ ساڵانێکی زۆر وەبەرهێنان لەم کێڵگەیەدا وەستا، و دوایین بەڵێندەری ئەم کێڵگەیەکیش کۆمپانیاییەکی ئۆکرانی نەناسراو بوو، لە ساڵی ڕابردودا گرێبەستەکە لە کۆمپانیا ئۆکرانیاییەکە کشێندرایەوە و درایە کۆمپانیایەکی ئەمەریکی بە ناوبانگ.

٢- کێڵگەی مەنسورییە: کێڵگەیەکی غازییە و دەکەوێتە ناحیەی مەنسوریە لە پارێزگای دیالە لە ڕۆژهەڵاتی عێراق. کێڵگەکە دەکەوێتە نێو پێکهاتەیەکی جیۆلۆجی بە درێژایی ٢٥ کم و پانی ٥ کم، و یەدەگەکەشی بە نزیکەی ٤,٥ ترلیۆن پێ سێجای پێوانەیی مەزەندە دەکرێت.

٣- کێڵگەی سیبە: دەکەوێتە پارێزگای بەسرە لە باشووری عێراق، و کێڵگەیەکی غازی گەورەیە.

٤- کێڵگەی کورمور: ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری کەرکوك و سلێمانی، و بەرهەمەکە غازییەکەشی ٥٠٠ ملیۆن پێ سێجا پێوانەیی تێپەڕاند.

## سوودەکانی غازی سروشتی

غازی سروشتی (کە ماددەیەکی هایدرۆکاربۆنی هاوشێوەی نەوتە) بە گرنگترین وزەی جێگرەوەی نەوت دادەنرێت، واتە دوای وشکبوونی نەوت لە کێڵگە و بیرەکانی لە جیهاندا وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە جێی نەوت دەگرێتەوە. ئەمەش جێی سەرسورمان نییە، چونکە نەوت و غاز، هەروەها خەڵوزی بەردین هەموویان سەرچاوەی سروشتی سنورداری وزەن (نوێ نابنەوە).

بە بەراورد بە نەوت، غازی سروشتی چەند سوودێکی هەیە:

- غاز هەرزانترە لە ڕووی نرخەوە، و پێویستی بە پاڵاوگەی گەورە نییە پێش بەکارهێنانی.
- غاز زۆر کاراترە لە کاتی بەکارهێنانی لە وێستگەکانی وزەی کارەبادا
- سەرجەم جۆرەکانی غاز لە کاتی سووتاندا کەمتر ژینگە پیس دەکەن بە بەراورد بە نەوت
- غاز وەك کەرەستەیەکی سەرەتایی لە پیشەسازییەکانی پترۆکیمیای و پەیبندا بەکار دەهێنرێت.

گرنگی غازیش لە عێرا قدا ز یادی کردووە لەبەر ئەوەی وزەی هەرە لەبارە (باشترە لە سووتەمەنی دیزڵ و لە نەوتی ڕەش) لە بەگەڕخستنی وێستگەکانی وزەی کارەبا: ناوچەکانی ناوەڕا ست و باشووری عێراق بەدەست کەمبوونەوەیەکی توندی کارەباوە دەناڵێنن، کە بەرهەمی وێستگەکانی ئێستا لە ٢٨ هەزار میگاوات تێناپەڕێنێت لە کاتێکدا خواستی ناوخۆیی ٥٠ هەزار میگاوات تێدەپەڕێنێت.

## بۆچی وەبەرهێنان لە غازی عێراق دواکەوتووە

وەزارە تی نەوت لە ماوەی دوو دەیەی ڕا بردودا هەوڵەکانی لەسەر نەوت چڕ کردۆتەوە و و چەند

گرێبەســـتێکی ئەنجام داوە بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاســـتی بەرهەمییان، بۆ ئەوەی تێکڕای بەرهەم لە عێراق زیاتر بکات بە چەشــنێك کە بەرهەمی ئێســـتا تێپەڕێنێـت کە دەگـاتە ٤,٢ ملیۆن بەرمیـل لە ڕۆژێـکـدا. ئەك هەوڵانەش لە چەنـد گەڕێـکـی مۆڵەتی نەوتیدا (لە یەکەم بۆ چوارەم) چڕ بوونەوە. لە کاتێکدا لە گەڕی مۆڵەتی پێنجەمدا دەســتکرا بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە غازی سروشـــتی کە لە ساڵی ٢٠٢٢ دەستی پێکرد، و گەڕی شەشەم کە لە ساڵی ٢٠٢٤ دا ڕاگەیەندرا.

لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانانی عێراق، ئاماژە بە هۆکاری جیاواز کراوە بۆ دواکەوتنی وەبەرهێنان لە غـازدا، لە نـێـویـانـدا ئەو زیـانـانەی دووچـاری دامەزراوەکانی غاز بوونەوە لە میانەی ئەو شـەڕانەدا کە وڵاتەکەیان پێدا تێپەڕی، هەروەها ئاڵۆزییەکانی پەیوەســـت بە تەکنەلۆژیـای غـاز بە بەراورد بە تەکنەلۆژیای نەوت و کەرەســـتەکانی، ســـەرباری تێچوونە زۆرەکانی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی تایبەت بە پیشەسازی غاز (وەك ئامێرەکانی جیاکردنەوەی غاز و پاڵەپەسۆتی غازو هتد).

ســـەرباری ســـوودەکانی غاز بە بەراورد بە نەوت، چاوەڕوان دەکرا چەندین ســـاڵ پێش ئێســـتا گرنگی و بـایەخێکی زیـاتر بە وەبەرهێـنـان لە کەرتی غازدا بدرێت، لە کاتێکدا هیچ پاســـاوێکی ڕوون نییە بۆ ئەم خەمســـاردییەی حکومەت (هەردوو وەزارەتی نەوت و کارەبا) بۆ سوودوەرگرتن لە ســـامانی سروشـــتی کە جیهان هەڵپەیەتی لەســـەری. و هەندێ لە چاودێران پێیان وایە کە دۆسیەی غازی سروشتی، بە چە شنی دۆسیەی کـارەبـا، نـاشـــەفـافییەت و دەســـتێوەردان و ئەجێندای سیاسی لەخۆدەگرێت.

ڕەنگە لایەنی دەسـتڕۆیشـتویی نێو جومگەکانی دەوڵەت هەبن کە هەوڵی دواخستن و ئاستەنگ دروســـتکردن بدەن بۆ پرۆگرامەکانی وەبەرهێنان لە غـازی سروشـــتـی بـۆ ئەوەی عـێـراق وەك هـاوردەکـاری غـاز بمێنێتەوە، و دراوســـێکەی ڕۆژهەڵاتیشـی بەردەوام بێت لە سـوودوەرگرتن لە ملیاران دۆلاری عێراق کە ســـاڵانە دەیدات لە بەرامبەر هاوردەکردنی غاز و کارەبا لێیەوە.

## غازی ڕوسی

لەبەر ئەوەی غاز ســـەرچاوەیەکی گرنگی وزەیە، چونکە ســـووتەمەنییەکی کواڵیتی بەرزە بۆ ســـووتـانـی نـاووەکی ئـامێرەکـان، لە نێویـانـدا ئۆتۆمۆبێل و کارگەکان، هەروەها لەبەر ئەوەی ســـووتەمەنییەکی هەرە لەبارە بۆ وێســـتگەکانی وزەی کـارەبـا، ســـەربـاری بەکـارهـێـنـانـی بۆ گەرمکردنەوەی باڵەخانەکان نیشـــتەجێبوون و باڵەخانە بازرگانییەکان، ئەوا بۆتە ســـەرچاوەی خـــوازراوی وزە لە زۆربەی دەوڵەتە پیشـەســازییەکاندا، و لە چەند ڕوویەکیشـــەوە نەوتی تێپەڕانـدووە، ئەمە جگە لە تێچوونەکە کەمەکەشی.

گەورەترین هاوردەکاری غاز بریتیە لە کیشـوەری ئەوروپا کە نزیکەی ٣٥٠ ملیار مەتر ســێجای لە

غازی ڕوســی هاوردە دەکرد لە ڕێی ئەو هێڵانەی بۆرییەوە کە درێژییەکەیـان ســەدان کیلۆمەتر دەبـوو و بە چەنـدیـن دەوڵەتـی ئەوروپـیـدا تێدەپەڕین. بەڵام دوای هەڵگیرســانی شــەڕی ڕوســیا و ئۆکرانیا لە شــوباتی ٢٠٢٢، ئەوروپا کۆمەڵێك ســزای نێودەوڵەتی بەســەر ڕوســیادا ســەپـانـد، کە گرنگترینییـان بریتی بوو لە بایکۆتکردنی کەرتی غاز و نەوتی ڕوســی. و ئەم ســزایانەش زیانی ئابووری گەورەیان بە وڵاتانی ئەوروپا گەیاند، کە کەمی غاز بووەهۆی ئەوەی بەهاکەی ســێ تا چوار هێندەی نرخی پێشــووی بەرز بێتەوە.

بۆ جێگرتنەوەی غازی ڕوســیش، ســێ ســاڵە دەوڵەتانی ئەوروپا هەوڵی بەدەســتهێنانی غاز لە نـاوچەکـانی دیکەی جیهـانەوە دەدەن. ئەوەبوو خواســـت لەســـەر هـاوردەکردنی غـاز لە وڵاتە هەنـاردەکـانی دیکەوە هەڵکشـــا، وەك قەتەر و ئێران و جەزائیر و وڵاتـانی دیکە. و دەکرێـت لە ئایندەدا عێراقیش ببێتە یەکێك لە هەناردەکارانی غـاز، ئەویـش دوای تەواوکـردنـی پـرۆژەکـانـی وەبەرهێنان لەو غازەی لە ئێســتادا لە ئارادایە، و تێپەڕاندنی قۆناغی خۆبژێوی لە غاز.

### داهاتی غاز و ئابووری عێراق

فرۆشـــی نەوت پێشـــەنگی داهاتی گشـــتییە لە عێراقـدا، کە ڕێژەی لە ٩٠% داهـاتی وڵاتەکە پێکدەهێنێت، لەبەرامبەردا داهاتی نانەوت تەنها لە ١٠%یە. و ئەمەش ئاماژەیە بە بوونی کێشــە و گرفتی گەورە لە پەیکەربەندی ئابووری عێراقدا، کە ئـابوورییەکی ڕەیعییە، نەك بەرهەمهێنەر. بڕیار بوو حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە ســاڵی ٢٠٠٣وە چارەســەری ئەم کێشــەیە بکەن لە ڕێی گرتنبەری پلانێـك جیـددی کە قـابیلی جێبەجێکردن و پێوانەکردن بێـت و بنیاتنراو بێت لەســەر بنەمای پێدراو و داتای واقیعی و زانســتی و خشــتەئامێز بۆ ئەنجامدانی چاکسازی ئابووری.

بە هۆی بەرزبوونەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت بە بەراورد بە داهاتەکانی (نەوت و نانەوتی) بودجەی گشــتی ئیتیحادی دووچاری کورتهێنانی دارایی پێشبینیکراو بۆوە لە ساڵانی ٢٠٢٣، و ٢٠٢٤، و ٢٠٢٥، کە بە ٤٨ ملیـار (زیـاتر لە ٦٠ ترلیۆن دینـار) بۆ هەر ســـاڵێـك مەزەنـدە دەکرێـت، و حکومەتی عێراقیش (کـابینەکەی ســودانی) بە نیازی گرتنەبەری چەند ڕێککارێکە لە نێو یاندا زیـادکردنی داهـاتە گشـــتییەکـان (نـانەوتی) بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی پشــتبەســتن بە نەوت لە ٩٠% بۆ ٨٠%. هەروەها دەبێت ئەم ڕێککارانە پـاڵپشـــتیکردن لە پـایەکـانی دیکەی ئـابووری لەخۆبگرن، لە نێویاندا کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، کە ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونێکی بەرچاو بۆ داهاتی گشــتی، هەروەها دەبێت ئەم پـاڵپشـــتییە لە چوارچێوەی پلانێکی زەمەنی بۆ ئەنجامدانی چاکســازییەکی گشــتگیری ئابووری بەرنامەی بۆ دابڕێژرێت (**یاســای بودجەی گشــتی ژمارە ١٣ بۆ ساڵی ٢٠٢٣**).

پەرەپێدانی ســا مانی نەوتی عێراق کارێکی نەبوو حکومەتی عێراق فەرامۆشـــی کردبێـت. ئەوەبوو نووســـینگەی ســەرۆک وەزیران ڕاگەیـانـد کە دە یانەو ێت تا ســـاڵی ٢٠٣٠ ڕێژەی لە ٤٠%ی بەرهەمی نەوت (نزیکەی ملیۆنێـک و ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا) بگۆڕێت بۆ موشـــتەقاتی بەها بەرزی نەوت (بە بەراورد لەگەڵ نەوتی خـاو)، کە ئەمەش پێویسـتی بە دروسـتکردنی پاڵاوگەی نوێی نەوت هەیە کە توانـای بەرهەمهێنـانی بەرچـاو یان هەبێت. لەم ڕووەوە وەزارەتی نەوتی عێراق دەتوانێت هەمـاهەنـگــی لەگەڵ وەزارەتــی ســـامــانە سرووشـتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و پاڵاوگە ســـەرەکییە کانی هەرێم بکات، کە توانای ئەوەیـان هەیە زیـاد لە پێویســـتی هەرێم بەرهەم بهێنن کە دە گاتە ٢٠٠ هەزار بەرمـیل لە ڕۆژێکدا (**فەرمانگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران، ٢٠٢٥**).

پەرەپێـدانی ســـەرچـاوە نەوتییەکـان لایەنێکی دیکەش لەخۆدەگرێـت، وەك پیشـــەســـازییە پترۆکـیـمیـا ییەکـان ( پلا نی بۆ دا نراوە، بەڵام جێبە جێکردنەکەی زۆر دواکەوتووە)، هەروەهـا وەبەرهێنانی غازی سروشـــتی کە هێشـــتا عێراق ساڵانە ١٨ ملیار مەتر سـێجای لێ دەسـوتێنێت (بە گوێرەی ڕاپۆرتی بـانکی نێودەوڵەتی)، بەڵام داتـاکـانی وەزارەتی نەوت ئـامـاژەیـان بەوە کرد وەبەرهێـنانی غازی هاوەڵ لە کۆ تایی ســـاڵی ٢٠٢٥دا لە ٧٠%ی تـێـپەڕانـد. و بە گـوێـرەی وەزارەتی پلا ندا نان، ســـو تانی غاز لە ســـاڵی ٢٠٢٨دا ڕادەوەســـتێت. پەلەکردن لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی غازی سروشـــتی ســاڵانە نزیکەی ٥ ملیار دۆلار دەستەبەر دەکات کە ئەم بڕە پارەیە بۆ هاوردەکردنی غاز و کارە با لە ئێرانەوە تەرخان دە کرێـت. هەروەهـا بەرهە می زیـادەی غـازی سروشتی بۆی هەیە سووتەمەنی پێویست بۆ ئەو وێســـتگانەی وزە دەســـتەبەر بکات کە بە غاز کار دەکەن، و بەو پـێـیـە بەشـــدار دەبـن لە کەمـکـردنەوەی کـێشـــەی گەورەی کـارەبـا لە ناوەڕا ست و با شووری عێراق، کە کورتهێنانەکەی ٢٠ هەزار میگاوات تێدەپەڕێنێت.

ئەگەر بەرنـامەکـانــی وەبەرهـێـنـان لە غـازی سروشـتیدا بەردەوام بن، ئەوا دوور نییە لە سـاڵی ٢٠٣٠ یـان دوا تردا، عێراق بچێتە قۆنـا غی هەناردەکردنی غازەوە. و ئەگەر نرخەکانی غازی سروشـــتیش بەو شـێوەیەی ئێســتا بەردەوام بن، ئەوا ڕەنگە داهاتی ســاڵانەی پێشــبینیکراو بگاتە چەند ملیار دۆلارێك، ئەویش بەندە بەو بڕە غازەی عێراق دەتوانێت هەناردەی بکات.

## گرێبەســـتی فەڕەنســـی بۆ وەبەرهێنان لە نەوت و غازدا

لە نێو گرێبەســـتە جیاوازانەی بۆ وەبەرهێنان لە نەوت و غـازدا ئەنجـام دراون، گرێبەســـتێکی گەورەیە لەگەڵ کۆمپـانیـای تۆتـاڵ ئێنێرجی فەڕەنســـی کە لە ســـاڵی ٢٠٢٣ واژوو کرا، و لە ساڵی ٢٠٢٤دا چووە بواری جێبەجێکردنەوە و بە تێکڕای تێچوونی ٢٧ ملیار دۆلاری ئەمەریکی. پرۆژەی گرێبەســـتەکەش نـاوونراوە بە (پرۆژەی

تەواوکاری غاز) کە پرۆسەکانی پەرەپێدانی بەرهەمی نەوت و غاز لە چەند کێڵگەیەکی نەوتی لە ناوچەی بەسرە لە خۆدەگرێت، و لە چوار بەش پێکدێت: وەبەرهێنانی غازی هاوەڵ و بەرهەمهێنانی ٦٠٠ ملیۆن پێی سێجا، پەرەپێدانی بەرهەمی نەوت لە ٩٠ هەزارەوە لە رۆژەکدا بۆ ٢١٠ هەزار بەرمیل لە کێڵگەی رەتاوی، و دروستکردنی وێستگەی سازگارکردنی ئاوی دەریا بۆ بەکارهێنانی لە بیرە نەوتییەکاندا، هەروەها دروستکردنی وزەی خۆر بە بڕی ١٠٠٠ میگاوات. هەرچەندە زیادکردنی ٦٠٠ ملیۆن پێ سێجا بەس نییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆیی غاز، بەڵام هەنگاوێکی باشە بە ئاڕاستەی وەبەرهێنان لە تێکڕای غازی هاوەڵ، هاوشان بە کەڵەکەبوونی زیادەکانی دیکە لەلایەن کۆمپانیاکانی دیکەوە کە گرێبەستییان لەگەڵ وەزارەتی نەوتدا کردووە لە چوارچێوەی گەڕی ئەم دواییەی مۆڵەتپێدانەکاندا.

کۆمپانیاییەکی نەوتی قەتەری بەشدارە لە دەستەبەرکردنی دارایی بۆ ئەم پرۆژەیە. و هیچ هەوڵێکیش بۆ لەمپەڕدانان یان دواخستنی ئەم پرۆژەیە لەلایەن دەستەوقامەکانی نزیك لە ئێران و لایەنە دەسترۆیشتوییەکانی لە نێو حکومەتی عێراقدا بەدینەکرا، و ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوەبێت کە دەوڵەتی قەتەر پەیوەندی بەتین و باشی هەیە لەگەڵ ئێراندا، و شتێکی نالۆژیکی دەبوو ئەگەر ئێران ئاستەنگ بۆ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتێکی دۆستی لە نێو عێراقدا دروست بکات.

## وەبەرهێنانی غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان

سەرەتای وەبەرهێنان لە غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ نزیکەی ١٨ ساڵ بەر لەئێستا(واتە بۆ ساڵی ٢٠٠٧) دەگەڕێتەوە، ئەویش بە ئامانجی دەستەبەرکردنی سووتەمەنی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە ناوخۆدا. مەزەندەکانی پەیوەست بە یەدەگی بەردەستی غازی هەرێمیش لە نێوان ٤-٥ ترلیۆن پێ سێجادایە، و ڕێژەی هەر زۆری ئەم غازەش لە کێڵگەی کۆرمۆ کۆبۆتەوە، و بە ڕێژەیەکی کەمتر لە کێڵگەی چەمچەماڵ و کێڵگەکانی دیکەدا هەن. و دامەزراوە جیهانییەکانی وزە مەزەندەی جیاواز دەخەنەڕوو بۆ یەدەکی پشتڕاستنەکراوی غازی هەرێم کە زۆر لەم ژمارانە زیاترن. غازی کێڵگەی کۆرمۆریش بە بۆرییەکی ١٧٦ کیلۆمەتری دەگوازرێتەوە بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەولێر و سلێمانی و خورمەڵە. لە ساڵی ٢٠٢٥ هێڵێکی بۆری کرایەوە کە غاز دەگەیەنێتە دهۆك، کەواتە بەم نزیکانە تۆڕی بۆرییە لۆکاڵییەکانی غاز تەواو دەبێت، کە زامنی ئەوە دەکات بە ئاسانی سووتەمەنی غازی بگاتە وێستگەکانی وزە (**سایتی ڕووداو، ٢٠٢٥**).

لە ئێستادا لە ٨٠%ی کارەبای هەرێم، بەهۆی غازی سروشتییەوە بەرهەم دەهێنرێت، و وەزارەتی کارەبا هەوڵدەدات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا لە ساڵانی داهاتوودا ئەم ڕێژەیە بگەیەنێتە لە ١٠٠%.

ئەوەبوو لە پێناو بەرفراوانکردنی وەبەرهێنـان لە غازی سروشتیدا، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٢٥ بە جیا گرێبەستی لەگەڵ دوو کۆمپـانیـای ئەمریکی و کەنەدی دا ئەنجام دا بۆ وەبەرهێنـانی غـاز لە دوو کێڵگەی نەوتی لە پارێزگای سـلێمانی. و بەهای هەردوو گرێبەستەکەش ١٠٠ ملیار دۆلاری تێپەڕاند.

سەرباری ئەوەی ئەزمونی هەرێمی کورد ستان لە وەبەرهێنـانی غـازی سروشـتی، ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسـەر تێکڕای عێراق هەیە، بەڵام دامەزراوە و کێڵگەکـانی غـازی هەرێم ڕوبەڕوی هێرشە تیرۆریستی بوونەتەوە، کە گروپە چەکدارە لە یاسـا دەرچووەکـان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشـیان کردە سـەر کێڵگەی کۆرمۆری غازی، ئەویش بە ئامانجی تێکدانی ژێرخانی ئەم سامانە سروشـتییە و شـکسـتپهێنـانی ئەزمونە نوێ و سـەرکەوتووەکەی هەرێم لە وەبەرهێنان لە غاز و چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەی کارەبا کە تروپکی چارە سەرەکەش بریتی بوو لە پرۆژەی (ڕووناکی) کە کارەبای ٢٤ کاتژمێری دەستەبەر کرد.

شـارەزایان و شرۆڤەکارانی سـیاسـی پێیان وایە هێرشـە یەك لە دوا یەکەکان بۆ سـەر کێڵگەی کۆرمۆری غازی لە هەرێمی کوردسـتان هەڵگری پەیامی ڕوونن کە غازی سروشتی هێڵێکی سورەو نابێت تێپەڕێنێت، واتە ناوەڕۆکی ئەم پە یا مانە ڕوون بـوون و ئەم کـردەوە تـێـکـدەرەکـانەش دامەزراوەکانی نەوت و غازییان کردە ئامانج، کە هەردووکییـان موڵکی گەلی عێراقن بە گوێرەی ماددەی ١١١ لە دەسـتور، ئەم کارانەش تەنها خزمەت بە ئەجێندا دەرەکییەکان دەکەن و زیان بە تواناکانی گەلی عێراق دەگەیەنن و دەیانەوێت عێراق کۆتوبەنـد بکرێـت بە گرێبەسـتەکـانی هاوردەکردنی غاز کە ملیاران دۆلاری بودجەی گشتی دەبات (**شيرواني، ٢٠٢٥**).

بەرهەمی کێڵگەی کۆرمۆ گەیشـتە زیاتر لە ٥٠٠ ملیۆن پێ سێجای پێوانەیی (مقمعق)، و ئەمەش بڕێکی باشـە بۆ کێڵگەیەکی تا ڕاددەیەك نوێ، و ئەو کۆمپـانیـا ئیماراتییەی ئەم کێڵگەیە بەگەڕ دەخات پلانێکی گەورەی گرتۆتەبەر بۆ زیادکردنی بەرهەم لە سـاڵانی داهـاتوودا کە ئـامـانج لێی دەسـتەبەرکـردنـی پـێـداویسـتـیـە گەشـەسـەندووەکانی وێسـتگەکانی کارەبایە (**العربية العراق، ٢٠٢٥**).

لە ناوەڕاسـتی مانگی ڕابردودا و لەسـەر بنەمای پێشـنیـارێکی وەزارەتی کـارەبـای ئیتیحـادی سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق ڕەزامەندیدا لەسەر کـڕیـنـی چەنـد بـڕێـکـی دیـاریـکـراوی غـازی کێڵگەکـانی هەرێم کە لە پـارێزگـای سـلێمانی بەرهەم دەهێنرێن، بە دیـاریکراوی بە بڕی ١٠٠ ملیۆن پێ سـێجای پێوانەیی لە کێڵگەی کۆرمۆر، ئەمەش دانپێـدانـانێکی پەنهـانی حکومەتی ئیتحادییە بەوەی هەرێم گەیشـتۆتە ئاسـتێك کە سەرکەوتووتر و پێشکەوتوترە لە عێراقی ئیتیحادی لە بواری وەبەرهێنان لە غازدا، سـەرباری ئەوەی هەرێم ئەزمونێکی کورت و شـارەزاییەکی سنورداریشی هەیە.

سەرباری ئەوەی چەند ساڵێك بوو ئەم پێشنیارە لە ئارادا بوو، بەڵام ئاستەنگی بۆ دروست ببوو بەهۆی لاوازی هەماهەنگی نێوان هەردوو وەزارەتی نەوت و کارەبا و ڕەتکردنەوەی کڕینی غاز لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە، کە ڕەنگە لەبەر ئەوەبووبێت ئەمە ئاماژەی ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە خەمساردی و دواکەوتن هەیە لە وەبەرهێنانکردن لە گردبوونەوە گەورەکانی غاز لە عێراقدا (یەدەگێك کە ١٢٧ ترلیۆن پێ سێجا تێدەپەڕێنێت) و پە نابردنەبەر هەرێم کە کەمتر لە ١٠٪ی یەدەگی عێراقی هەیە، و ئەم دژبەیەکییەش شایستەی سەرنجدان و هەڵوەستەلەسەرکردنە.

لە دزەپێکردنەکانی پەیوەست بە دیداری نێوان شاندی وەزارەتی نەوتی ئیتیحادی لەگەڵ شاندی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم، سەرچاوەیەك لە شاندی ئیتیحادی ئاماژەی بە خواستی وەزارەتی نەوت کرد بۆ کڕینی چەند بڕێك لە غازی هەرێم، بەڵام نەك بە هەمان نرخی غازی ئێرانی!! و ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە غازی ئێران بە نرخی دوو هێندە(زیاتر لە نرخی جیهانی غاز) بە عێراق دەفرۆشرێت، و عێراقیش ئامادە نییە هەمان ئەو نرخە بە هەرێم بدات، کە بەشێکە لە خاکی وڵاتەکەی ، بە گوێرەی ماددەکانی دەستوری ساڵی ٢٠٠٢٥!!

نەوت و غاز و تێکڕای سامانە سروشتییەکان لە عێراقدا بەخششێکی خودایین و یەزدان وڵاتەکەمان لێ بەهرەمەند کردووە، و شایستەی ئەوەن بە شێوازێکی پیشەیی و بەدەستپاکی و بە جیددی داهاتەکانی بخرێتە خزمەت و خۆشگوزەرانی سەرجەم چین و توێژەکانی گەلی عێراق لە تێکڕای پارێزگا و هەرێمەکاندا.

**سەرچاوەکان :**


١- النصراوي، علي (٢٠٢٥). استثمار الغاز الطبيعي في العراق. مقالة، موقع جامعة كربلاء. تاريخ النشر ١-٦-٢٠٢٥ .

٢- القانون رقم (١٣) لسنة ٢٠٢٣ (قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنوات المالية ٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥. الوقائع العراقية، العدد ٤٧٢٦ .

٣- المكتب الاعلامي لرئيس الوزراء (٢٠٢٥). رئيس الوزراء محمد شياع السوداني يؤكد المضي في المشاريع الستراتيجية لانتاج المشتقات النفطية. بيان اعلامي. تاريخ النشر ٢٥-١٠-٢٠٢٥ .

٤- موقع دراو (٢٠٢٥). (باللغة العربية). من النفط الى الغاز.. احتياطي الغاز في اقليم كوردستان. تاريخ النشر ٢٠-٥-٢٠٢٥.

٥- عمر احمد (٢٠٢٥). بە هاى راستە قينە ى ريككە وتنى ١١٠ مليار دولارى كاز. موقع روداو. تاريخ النشر ٢٧-٥-٢٠٢٥.

٦- كوفند شيرواني (٢٠٢٥). أسباب الهجمات بالدرونات على حقل كورمور الغازي. مقابلة تلفزيونية، قناة الشرق بلومبيرغ، تاريخ العرض ١-١٢-٢٠٢٥.

٧- العربية العراق (٢٠٢٥). حقل كورمور الغازي يشهد تقدما ملحوظا في أعمال توسعة الطاقة الانتاجية. موقع العربية العراق.

# ستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان

## بۆ گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا



پ. ی. د. بێستون عومەر نوری
مامۆستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان / بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و دیبلۆماسی

پێشەکی:

سەرچاوە سروشتییە کان یەکێک لەو پایە بنەڕەتییانە پێکدەهێنن کە گەشەپێدان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا لەسەری دامەزراوە، پێشەنگ بۆ بناغەیەکی ئابووری دەکات کە ئەگەر بە دروستی و بەرهێنانی تێدا بکرێت دەتوانێت پشتگیری لە کەرتە بەرهەمدارەکان بکات و سەقامگیری ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرز بکاتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە خێرای ژینگەیی و ئابوورییەی کە جیهانی هاوچەرخ بەخۆیەوە دەبینێت، بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان بەتایبەت نەوت بەتەنها لە گەیشتن بە گەشەی ئابووریدا سنووردار نییە، بەڵکو پەیوەست بووە بە توانای بەڕێوەبردنیان بە شێوەیەک کە

**بەردەوامییان مسۆگەر بکات و هاوسەنگی لەگەڵ گەشەپێدان لە درێژخایەندا بپارێزێت. لەم ڕوانگەیەوە پێویستی بە گرتنەبەری ستراتیژی کاریگەر بۆ بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان بەگوێرەی پێداویستییەکانی ئاسایشی ژینگە و ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام سەریهەڵداوە.**
**هەرێمی کوردستانی عێراق لەنێو ئەو ناوچانەدایە کە بەهرەمەندە لە هەمەجۆرییەکی بەرچاو لە سامانە سروشتییەکان، بەتایبەتی لە بوارەکانی وزە، نەوت، غاز، سەرچاوە ئاوییەکان، زەوییە کشتوکاڵییەکان، کانزاکان ئەمەش توانای بەرچاوی پێدەبەخشێت بۆ گەیشتن بە گەشەسەندنی ئابووری بەردەوام. بەڵام ئەو ئالینگاریانەی پەیوەستن بە میکانیزمەکانی وەبەرهێنان لەم سەرچاوانە، و لاوازی پلاندانانی ژینگەیی درێژخایەن، هۆکاربوونە لە سەرهەڵدانی ناسەقامگیری ئابووری. هەروەها تەنها پشتبەستن بە سەرچاوە سروشتییەکان، بەتایبەتی نەوت، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی مۆدێلی ئابووری کە لە هەندێک لایەندا هەمەچەشنی و بەردەوامیی نییە. ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوە بەو سیاسەت و ستراتیژیانە هەیە کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سەرچاوانە پەسەندکراون.**
**بۆیە بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان پێداویستییەکان بۆ گەشەپێدانی ئابووری و گەشەپێدانی بەردەوام پێویستی بە پەسەندکردنی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان هەیە کە لەسەر بنەمای بەردەوامیی و بەکارهێنانی کارا دەبێت. ئەمەش پاڵپشت دەبێت لە کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر گەشەی ئابووری و لەهەمان کاتدا بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام بەرز دەکاتەوە.**

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی سەرچاوە سرووشتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت وەک بەردی بناغە بۆ گەیشتن بە گەشەسەندنی ئابووری و سەقامگیری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی زیادبوونی ئاستەنگە ژینگەییەکان کە لە ئەنجامی ئیستغلالکردنی ناپایەدارانەی ئەو سەرچاوانە دروست دەبن. هەروەها توێژینەوەکە گرنگە لە تیشک خستنە سەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییە دروستەکان دەتوانن بیگێڕن لە بەدەستهێنانی ئاسایشی ژینگەیی لە ڕێگەی کەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان و بەرزکردنەوەی کارایی بەکارهێنانی سەرچاوەکان بەگوێرەی پێداویستییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام. جگە لەوەش، توێژینەوەکە چوارچێوەیەکی شیکاری لە خۆ دەگرێت بۆ پشگیری بڕیاردەران لە گرتنەبەری سیاسەت و ستراتیژی کاریگەر بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان، بەمەش هاوسەنگییەک لە نێوان داواکارییەکانی گەشەی ئابووری و پاراستنی ژینگەدا بەدەستبهێنرێت.
گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەو ڕۆڵە گرنگە سەرچاوە دەگرێت کە سەرچاوە سروشتییەکان لە

پشـــتیوانیکردنی ئـابووری وبەدەســـتهێنـانی ســەقـامگیری وگەشــەپێـدان لە وڵات و نـاوچە دەوڵەمەنـدەکـان بە ســەرچـاوە سروشـــتییەکـان دەیگێڕن. هەرێمی کوردســـتانی عێراق خـاوەنی ســامانی سروشـــتی جۆراوجۆرە، وەک نەوت، غاز، ئاو،و زەوییە کشـــتوکاڵییەکان. و کانزاکان, بەڵام بەڕێوەبردنی ئەم ســەرچـاوانەی بەردەوام خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەندین ئالینگاری دەبینێتەوە، لـە هەمەچەشــنکردنی ئـابووری و پلانـدانـانی ستراتیژی درێژخای کە لە ئاستی خوازراو دا نییە. بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە شــیکردنەوەی دۆخی ئێســتای بەڕێوەبردنی ســامانە سروشـــتییەکانە لە ناوچەکەدا و هەڵســەنگاندنی تواناکان بۆ گەیشـتن بە گەشــەپێدانی بەردەوام کە پێداویســـتییەکانی ئێســتا دابین بکات بەبێ ئەوەی ســازش لەســەر مافەکانی نەوەکانی داهاتوو بکات. جگە لەوەش، تـوێـژینەوەکە هەوڵـدەدات دیـدێکـی زانســـتـی پێشــکەش بکـات بۆ یـارمەتیـدانی بڕیـاردەران لە پەرەپێـدانی ســتراتیژی کـاراتر بۆ وەبەرهێنـان لە ســامانە سروشـــتییەکان و گۆڕینی بۆ بزوێنەرێکی بنەڕەتی گەشەسەندنی ئابووری بەردەوام.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە ئـامـانجی گەیشـــتن بە چەنـد ئامانجێکە، دیارترینیان:

١- شـیکردنەوەی دۆخی ئێســتای ســتراتیژیەتی بەڕێوەبردنی ســەرچاوە سروشـــتییەکـان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- دەستنیشانکردنی بەرچاوترین ئاستەنگەکان کە لە ئەنجـامی هـەولـدان بۆ ســود وەرگرتن لـە سەرچاوە سروشتییەکان لە ناوچەکەدا دروست دەبن.

٣- ڕوونکردنەوەی پەیوەنـدی نێوان بەڕێوەبردنی ســامـانە سروشــتییەکـان و گەیشـــتن بە گەشەپێدانی بەردەوام .

٤- دیاریکردنی ڕۆڵی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی بەردەوام لە پێشخستنی گەشەپێدانی بەردەوام.

٥- دیـاریکردنی گرنگترین میکـانیزمـەکـان بۆ بەرێوبردنی ســـتراتیجیەتی هەمەچەشــنکردنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە ڕێبـازێکی وەســفیی- شــیکـاری بەکاردەهێنێت، کە بە گونجاوترین شێواز دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەنـدی نێوان بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان و گەیشتن بە گەشەسەندنی بەردەوام لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەمەش لە ڕێگەی شیکاری سامانە سروشتییەکانی ناوچەکە و ئاســتەنگە ژینگەییەکانی پەیوەســت بەوەوە بەدی دێت، هەروەها پشـکنینی ئەو ســتراتیژیانەی کە بۆ بەڕێـوەبـردنـی ئەم ســەرچـاوانە گـیـراونەتەبەر و بەشـــداریـکـردنـیـان لە جـێـبەجـێـکـردنـی پێداویستییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.

**گرفتی توێژینەوە**

سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستانی عێراق لەڕووی ســامانە سروشــتییە هەمەچەشــنەکان

دەوڵـەمـەنـدە ، بـەڵام لاوازی بەڕێـوەبـردنـی بەردەوامی ئەم سـەرچاوانە یەکێکە لە ئاسـتەنگە هەرە بەرچاوەکانی بەردەم گەشەسەندنی هەرێم. پشتبەستنی زۆر بە کەرتی نەوت وەک سەرچاوەی سـەرەکی داهـات بووەتە هۆی دروسـتبوونی مۆدێلێکی ئابووری خراپ کە کاریگەری نەرێنی لەسـەر کەرتە بەرهەمـدارەکـانی تر هە بووە و بەشـداری کـردووە لە زیـادبـوونـی فشـارە ژینگەییەکان کە لە ئەنجامی کارەکانی گەڕان و دەرهێنان و گواستنەوەدا دروست بووە، کە بووەتە یەکێـک لە هۆکـارەکـانی تێکچوونی ژینگە و بەرز بوونەوەی ئـاسـتی پیسـبوون. لێرەدا توێژینەوەکە لەم پرسیارە سەرەکییەی خوارەوەدا سەرچاوە دەگرێت: ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی سـامانە سروشـتییەکان لە هەرێمی کوردسـتانی عێراق تـا چەنـد بەشـدارن لە گەیشـتن بە گەشـە پێدانی بەردەوام و چ ئـاسـتە نگێـک کاریگەریی ئەو ستراتیژیانە سنووردار دەکات؟

**گریمانەکانی توێژینەوە**

سـتراتیژیەتی بەڕێوەبردنی بەردەوامی سـامانە سروشـتییەکان لە هەرێمی کوردسـتانی عێراق دەتوانێت بەشـدارییەکی بەرچاو لە گەیشـتن بە گەشـەپێـدانی بەردەوام و هەمەچەشـنکردنی سەرچاوەکانی داهاتی ئابووری هەبیت ، هاوکات نەبوونی ئـاسـتی پلانی سـتراتیژی خوازراو و بەڕێـوەبـردنـی بـاش دەبـێـتە هـۆی خـراپ بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەی و سنووردارکردنی گەیشتن بە گەشەپێدانی درێژخایەن.

**پەیکەری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەرە سەرچاوە دەگرێت و لـە تـەوەری یـەکـەم تیشـك دەخرێتە سـەر چوار چیوەیـە کی تیۆری و سـترا تیجیـە تی بەرێوبردنی نەوت ، بەشـیوەیەك چەندین مۆدیل لەخۆدەگرێت، لەتەوەرەی دووەم دا زیاتر قسـە لەسـەر واقع و ئاستەنگەکانی تایبەت بە سامانە سروشـتییەکان لە هەرێمی کوردسـتان دەکات، تەوەری سـێیەم سـتراتیژی هەمەچەشـنکردنی ئابووری و کەمکردنەوەی پشـتبەسـتن بە نەوت و غـاز لـە خۆدەگرێـت. بـەشـیویـەك گرنگترین میکانیزمەکانی دەخرێنە بەرباس و لیکۆلینەوە.

**١- سـتراتیجیـەتی بـەرێوەبردنی نـەوت لـە چوارچیوەی گەشەپێدانی بەردەوام**

بەمەبەسـتی زیاتر ڕونکردنەوەی و تێگەیشـتی زیـاتر لـە کرۆکی تـەوەرەکـە چـەنـد چـەمکێکی تایبە تمە ند بە باسـە کە دە خەینە ڕوو، دواتر سـتراتیجیەتی بەرێوەبردنی نەوت بەشـێوەیەکی گشتی باس دەکەین لەگەڵ ئاماژەدان بەهەندێ نمونەی زیندووو گرنگترین چەمکەکان ئەمانەن:

**١-١: ناساندنی چەمکەکان**

**١-١-١-چەمکی سامانە سروشتییەکان**

سـامانە سروشـتییەکان ئەو سـەرچاوانەیە کە خـراوەتە بەردەسـتـی مرۆڤـایەتـی بـۆ ئەوەی گۆرانکاریی تێدا بکات و بیگۆرێت بۆ سـەرچاوەی ئابووری گرنگ کە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کاڵا و خـزمەتـگـوزاریـیـانە لـە پـێـنـاو تـێـرکـردنـی

پێـداویســـتییەکـانی  مرۆڤ بەکـاردێـت. ئەم سەرچاوانە بریتین لە  وزرە ، زەوی، ئاو، دارستان، لەوەڕگە، ئاژەڵ، تیشکی خۆر، هەوا، کەشوهەوا و شـوێن و پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکەوە هەیە. لەسەر زەوی، شوێنی نیشتەجێبوون و ئیمکاناتی جۆراوجۆر دروسـت دەکرێن، دارسـتان و لەوەڕگە گەشە دەکەن و ئاژەڵەکان دەژین، پێویستیان بە تیشکی خۆر و ئاو و هەوا هەیە. لەناو زەویدا کانزاو ســـووتەمەنـی بە هەمـوو جـۆرەکـانـیەوە هەیە. ســەرچـاوە سروشـــتییەکـان  بۆ  مرۆڤـایەتی  گرنگییەکی ســـەرەکییـان هەیە، بەو  پێیەی سەرچاوەی کەرەستەن(**عبداللطيف، ٢٠٢٢**).

بـەگوێرەی  لێژنـەی  ئیسـکوا (ESCWA)  کـە یەکێکە لە لێژنە هەرێمایەتییەکانی  پەیوەندیدار بـە لایـەنی ئـابووری و کۆمـەڵایـەتی ســـەر بـە ڕێکخاوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێناســـەکردنی بەڕێوەبردنی ســـامانە سروشـــتییەکان بریتییە لە (بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکانی وەک زەوی و ئـاو و خـاک و ڕووەک و ئـاژەڵ، لەگەڵ گرنگیـدانێکی تـەواو بە کـاریگەرییەکـانی ئەم بەڕێوەبردنە لە سەر دابینکردنی پێداویستەکان و چـاودێریکردنی کوالیتی ژیـان بۆ هەردوو نەوەی ئێسـتا و داهاتوو (**موقع رسـمي للجنة ايسـكو طابع لمنظمة الأمم المتحدة**) .

**١-١-٢- چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام**

مێژووی سـەرهەڵدانی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ هەشـــتاکانی ســـەدەی ڕابردوو، وەك لە ڕاپۆرتی یەکێتی جیهانی بۆپارێزگاریکردن لەســـەر چاوە سروشـــتییـەکـانـدا هـاتووە  لـەســـاڵی ١٩٨١ بە ناونیشـــانی (ســـتراتیجیەتی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاریکردن لە ژینگە) بەم شـێوەیە پێناســەی دەکـات ( بـریـتـیـە لـە هـەوڵـدانـی بـەردەوام بەمەبەسـتی باشـترکردنی چۆنیەتی ژیانی مرۆڤ بـە لـەبـەرچـاوگرتنی تواناکـانی سـیسـتـەمی ژینگـە(**عبـداللـە, سـعیـد،٢٠٢٥،" ل٢٠٩-٢١٠**.).

پێناســـەی دیکەش بۆ ئەم چەمکە  هەن، بەڵام گشـتگیرترین پێناسە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپۆرتەکەی لێژنەی جیهانی بۆ ژینگە و پەرەپێدان (برونتلاند لەســاڵی ١٩٨٧) کە بەناونیشـــانی (داهاتوومان هـاوبـەشـــە) (Our Common Future) بـەم شـێوەیە پێناســـەی گەشـــەپێدانی بەردەوامی کردەوەی (بریتیـە لـە پرۆســـەی دابینکردنی پێداویسـتییەکانی ئێسـتا بەبێ ئەوەی کاریگەری بخاتە  سەر پێداویستییەکانی نەوەی داهاتوو واتا بیر لـە داهـاتوو ی ئـابووری و کۆمـەڵایـەتی و ژینگـەیی دەبێـت بکرێتـەوە، ئـەمـەش لـە پێنـاو هەوڵدان بۆ گەیشتن بە  گە شەپێدان و باشترین شیوازی ژیان(**سماقەیی،٢٠٢٥، ص١٨٢**) .

نووســەران و توێژەران ئـامـاژە بەوە دەکەن کە گەشـــەســـەندنی بەردەوامی مرۆڤ بە چەندین تـایبەتمەنـدی وابەســـتە، دیـارترینیـان(**شريف، نوری،٢٠٢٥،ص٢٤٧**)

١- گەشـــەپێدان پرۆســـەیەکی ئامانجدارە کە ئـامـانجی بەرزکردنەوەی  خۆشـــگوزەرانی کۆمەڵگایە لەڕێگەی باشـــترکردنی کارایی و

ئەنجامدانی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی.
٢-پـرۆســـەیەکـی دیـنـامـیـکـی و بەردەوامە. گەشـــەســـەنـدن کەڵەکەبووە و لە خـاڵێکی دیـاریکراودا کۆتـایی نـایەت، بەڵکو بەهۆی پێویســـتی و پێداویســـتییە بێشـــومارەکانی مرۆڤایەتییەوە بەردەوامە لە پەرەسەندن.
٣- پرۆسەیەکی بە ئەنقەست و پلان بۆ دارِێژراوە، نەک پرۆســـەیەکی هەڕەمەکی. دەبێت بەپێی ســـتراتیژی و پلان و بەرنامەی ڕوون جێبەجێ بکرێت کە ئامانج و ئەولەویەت و ئامرازەکانی دیاری بکات.
٤- بەکـارهێنـانی ســـامـانە سروشـــتییەکـان بە شـــێوەیەک ڕێکـدەخـات کە خۆشـــگوزەرانی نەوەکانی داهاتوو مسۆگەر بکات.
٥- هەوڵ دەدات بۆ بەدەســـتهێنانی هاوســـەنگی ئیکۆلۆژی. پـاراســـتنی ژینگە بە پێوەرێکی بنەڕەتی بۆ گەشـەپێدانی بەردەوام دادەنرێت، دڵنیابوون لە ســـەلامەتی ژیانی سروشـــتی و بەرهەمهێنانی ســـەرچاوە نوێبووەکان لەگەڵ بەکـارهـێـنـانـی دادپەروەرانەی ســـەرچـاوە نوێنەبووەکان.
٦- چەمکەکە ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ هەم ئامانجی کۆتاییە و هەم ئامرازی ســـەرەکی پرۆسەی گەشەپێدانە. هێزێکی کاری ڕاهێنراو و ڕێکخراو ڕۆڵی ســـەرەکی دەگێڕێـت لە بەرهەمهێنـان و بەکـارهێنـانی ســـەرچاوە سروشـــتـیـیەکـان بـۆ بەدەســـتـهـێـنـانـی گەشـــەپێدانگەشـــەپێدانی بەردەوام چەندین ڕەهەند لەخۆدەگرێت، دیارترینیان (ئابووری، کۆمـەڵایـەتی، ژینگـەیی)، چەمکی نەوت وابەستەیە بەم پرسە سەرەکیانە، چونکە خراپ بەڕێوەربدنی پرۆســـەی بەهەمهێنانی نەوت کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر ئەم ڕەهەندانە.

### ١-٢-: مۆدێلەکانی ســـتراتیجیەتی بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان

نەوت و غاز(وزە) پایەکی ئابووری ســـەرەکیە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهان، کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی نیشتمانی و داهاتی حکومەت پێکدەهێنێت. بەڵام پشـــتبەســـتنێکی زۆر بەم ســـەرچاوە لە زۆر حاڵەتدا بووەتە هۆی ئەوەی کە لە ئەدەبیـاتی ئـابووریـدا بە "نەفرەتی ســـامـانە سروشـــتیەکـان "( لعنـة الموارد)( Curse of Resource) "نەخـۆشـــی هـۆڵەنـدی"(مـرض الـهـولـنـدي)(Dutch Disease ) نـاسراوە، کە ئاسـتی گەشـەسـەندنی گشـتی سـەرەڕای زۆری سـەرچاوە سروشـتییەکان کەم دەبێتەوە( **Sachs, Waner, 1995,P6.**).

بۆ نـاســـانـدنی بـەڕێوەبردنی نـەوت دەکرێ وا پێناســـەی بکەین کە ســـتراتیژی نەوت وەک سیستمێکی یەکگرتووی سیاسەت و چوارچێوەی دامەزراوەیی و یاســا یيە کە گەڕان و دەرهێنان و هەناردەکردن و دابەشـــکردنی داهاتی نەوت بە شێوەیەک ڕێکدەخات کە خزمەت بە ئامانجەکانی گەشـەپێدانی نیشـتمانی لەماوەیەکی مامناوەند و درێژخایەندا بکات ( Stevens,2008,P8,)، ئەم

ستراتیژە بە گشتی سێ ئاستی سەرکەوتوو لەخۆدەگرێت:
ئاستی یەکەم – سیاسەتی یاسایی و ڕێکخستنی: ئەمەش یاساکانی نەوت و غاز، ڕێککەوتنی ئیمتیاز و سیستمی هاندانی باج دەگرێتەوە.
ئاستی دووەم – سیاسەتە داراییەکان: ئەمە پەیوەندی بە میکانیزمەکانی دابەشکردنی داهات و دامەزراندنی سندوقەکانی سامانی سەروەری و یاساکانی خەرجکردنەوە هەیە.
ئاستی سێیەم – سیاسەتەکانی گەشەپێدان: ئەمەش گرنگی بە ئاراستەکردنی سامانی نەوت دەدات بەرەو بەدەستهێنانی هەمەچەشنی ئابووری و بنیاتنانی توانای مرۆیی .
بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم بابەتە چەند نمونە(مۆدێلێکی) سەرکەتوو دەهێنینەوە، کە وەك دەروازەیەك دەبێت بۆ شیکردنەوەی زیاتری سیاسەت و ستراتیجیەتی بەرێوبردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان -عیراق. مۆدێلەکان ئەمانەی خوارەوەن:

### ١-٢-١ مۆدێلی نەرویجی: گرەوکردن لەسەر نەوەکانی داهاتوو

نەرویج مۆدێلێکی ناوازەیە بۆ بەڕێوەبردنی دروستی سامانی نەوت. لە ساڵی ١٩٩٠ سندوقی خانەنشینی حکومەتی جیهانی دامەزراند کە بە شێوەیەکی گشتی بە "سندوقی نەوت" ناسراوە، بە ئامانجی پاشەکەوتکردنی داهاتی نەوت بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەمڕۆ ئەم سندوقە گەورەترین سندوقی سەروەت و سامانی سەروەرییە لە جیهاندا، بەهاکەی لە یەک تریلیۆن دۆلار زیاترە. ستراتیژی نەرویجی لە سەر بنەمای "یاسای گەڕانەوەی ڕاستەقینە" دامەزراوە، کە ڕێگە بە حکومەت دەدات ساڵانە لە ٤%ی بە های بازاڕی سندوقەکە زیاتر خەرج نەکات، بەمەش پاراستنی سەروەت و سامانە ڕاستەقینەکانی لە درێژخایەندا مسۆگەر دەبێت. جگە لەوەش، بەڕێوەبردنی سندوقەکە بە سەربەخۆیی تەواو لە دەستوەردانی سیاسی بەهرەمەندە و کەوتۆتە ژێر چاودێری توندی پەرلەمانییەوە کە گەرەنتی شەفافیەت و لێپرسینەوە دەکات (**أنور،٢٠٢٥**).

### ١-٢-٢- مۆدێلی ئیمارات: هەمەچەشنکردن بەرەو ئابوورییەکی دوای نەوت

ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، بەتایبەتی میرنشینی ئەبوزەبی، ستراتیژییەکی گەورەی گرتۆتەبەر بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و گواستنەوە بەرەو ئابوورییەکی زانستی دوای نەوت. ئیمارات بە درێژایی گەشتی گەشەپێدانی، کە ئێستا زیاتر لە نیو سەدە درێژەی کێشاوە، بەردەوام پەرەی بە توانای خۆی داوە بۆ هاندانی گۆڕانکاری و بەرزکردنەوەی هەمەچە شنی ئابووری. ئیمارات سەرکەوتوو بووە لە زیادکردنی بەشداریی کەرتە جیاوازە کانی غەیرە نەوت، کە گەیشتووەتە ٧٦,٥%ی بەرهەمی ناوخۆیی، لە کاتێکدا کەرتی نەوت لە ساڵی

٢٠٢٤دا ٢٣,٥% بەشـــداری کردووە، ئەمە جگە لەوەی ڕێژەی گەشەی ئابووری لە ساڵی ڕابردوودا ٣,٨% بـووە. هەروەهـا ئـیمارات کـار لەســەر پەرەپێدانی ســەرچاوەی وزەی پاک دەکات کە پابەند بێت بە ستانداردەکانی پارا ستنی ژینگە و دەتـوانـرێـت بـۆ بەرهەمـهـێـنـانـی کـارەبـا بەکـاربهێنرێـت. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی ئابووری کە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ دەرچووە، بەشـــداریی کەرتە ئـابوورییە غەیرە نەوتییەکان بەم شـێوەیە دابەش کراوە: چالاکییە دارایی و بیمەییەکان لەســەدا ١٢,٥، چالاکی گواستنەوە و عەمبارکردن لەسەدا ٨,٤، بیناسازی لەســـەدا ٥,٣، گەشـــــتـوگـــوزار لەســـەدا ١٢,١ (**التميمي، ٢٠٢٥**).

**١-٢-٣- مۆدێلی کازاخســتان: بەڕێوەبردنی نەوت لە دەوڵەتێکی تازەپێگەیشتودا**

لە ساڵی ٢٠٠٠ کازاخستان سندوقی نیشتمانی نەوتی کۆماری کازاخســتانی ( National Fund of the Republic of Kazakhstan) دامەزراند بە ســێ ئامانجی ســەرەکی: پاشــەکەوتکردن، ســەقامگیری ئابووری و گەشــەپێدان. ســاڵانە پێویســـتە بەلایەنی کەم هەشــت ملیار دۆلار لە ســـندوقەکەوە بگوازرێتەوە بۆ بودجەی دەوڵەت، لەکاتێکدا بانکی ناوەندی ســەرجەم ســەروەت و ســـامانەکانی لە دەرەوەی وڵات وەبەردەهێنێت. ئەزموونی کـازاخســـتـان جێگەی ســەرنجی شـــیکـارییە، چونکە مۆدێلی دەوڵەتێکی بەرهەمهێنەری نەوتی گەشەسەندوو بەرجەستە دەکات کە هەوڵدەدات هاوســەنگی لە نێوان پێداویستییەکانی گەشەپێدانی ئێستادا لەگەڵ پێویســتی پاشــەکەوتکردن بۆ داهاتوو- ڕابگرێت، هـاوســەنـگـیـیەک کە زۆرێـک لە وڵاتـانـی بەرهەمهێنەری نەوتی گەشەسەندوو ڕووبەڕووی تەحەدا دەبنەوە(**Springg, 2019,P17** ).

**٢- ســا ما نە سروشـــتییە کان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان واقع و ئاستەنگ دا**

**٢-١-واقعی سامانە سروشتییەکان**

هەرێمی کوردســـتانی عێراق یەکێکە لە نـاوچە دەوڵەمەنـدەکـان بـە ســـامـانـی سروشـــتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت. زەوییەکەی لە دەشـــتە بەپیتەکانەوە دەســـت پێدەکات تا دەگاتە چیای زاگرۆس و لە ڕێگەی تۆڕێکی ڕووبارەوە خۆراکیان پـێـدەدرێـت کە لـقە گەورەکـانـی دیـجـلە لەخۆدەگرێـت. ئەم هەرێمە خـاوەنی یەدەگی بەرفراوانی نەوت و غاز و زەوییە کشتوکاڵییەکان و ســەرچـاوە ئـاوییەکـانە کە لە هەر نـاوچەیەکی دیکەی عێراق زیاترە. بۆیە بەئاســـایشـــکردنی سامانە سروشتییەکان لە گشت بوارەکاندا مانای جیاواز دەبەخشـێت، بەواتای مامەلە یان پلانێکە بۆ ئـەوەی مـامەلەکردن لـەگـەل ئـەم پرســـە بەشـــێوەیەکی هەســـتیار بێت بەواتایەکی دیکە بەئاســـایشــکردن بریتییە لە پرۆســەی گۆڕینی پرسێک بۆ پرسێکی خۆرسکی ئابووری و ژینگەیی ئاســـایشـــیی، دانانی لە کایەی ئەمنی یان لە

کارنامەی ئەمنیدا بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت( **Abdulrahman, Evcan,2023**).

**٢-١-١-یەدەگی نەوت لە هەرێمی کوردستان**

بوونی ڕاو بیروبۆچوونی جیاوا سەبارەت بە یەدەکی نەوتی هەرێمی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ لێك جیا نە کردنەوەی سەرچاوە( Resource) یە لە یەدەگ(Reserve)، مەبەست لە "سەرچاوە" كانی نەوت و غاز یان خەڵوز بریتیە لە هەموو ئەو ماددە سەرەتایی و کانزایانەی کە دۆزراونەتەوەو نەدۆزراونەتەوە (سەرچاوەی سەرەتایی زانراو و نەزانراوە لە ژێر زەوی) کە ئەشێت لە ڕووی ئابورییەوە بەکاربخرێت یان نا، بە پێچەوانەوە "یەدەگ" سەرچاوەی زانراوی وزەیە لە هەر کێڵگەیەکدا دوای ئەوەی بە فلتەری ڕێککارە ئەندازەیی و جیۆلۆجیەکاندا تێپەڕیوە( **جعفەر، ٢٠٢٥**).

لێرەدا هەر ئەو ئامارە وەردەگرین کە لە سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی یەدەگی نەوتی هەرێم خراوەتەڕوو کە بە (٤٥) ملیار بەرمیل خەمڵێندراوە، ئەوا بە پێی داتاکان هەرێمی کوردستان خۆی دەخزێنێتە نێو ڕیزبەندی (١٠) لە گەورەترین وڵاتانی خاوەن یەدەگی نەوت لە جیهاندا بۆ ساڵی (٢٠٢١)، لەدوای هەر یەک لە (فەنزویلا، سعودییە، کەنەدا، ئێران، عێراق، کوێت، ئیمارات، ڕوسیا و لیبیا)ەوە دێت و پلەی دەیەم دەگرێت و پێش هەریەک لە وڵاتانی (نێجیریا بە (٣٧,١) ملیار بەرمیل، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە (٣٦,٥) ملیار بەرمیل، کازاخستان بە (٣٠) ملیار بەرمیل و چین بە (٢٥,٥) ملیار بەرمیل) دەکەوێت لە یەدەگی نەوتدا. بڕوانە چارت و خشتەکە(پێگەی فەرمی سامانە سروشتییەکان/نەوت).

**٢-١-٢-یەدەکی غاز لە هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان بڕی ٢٠٠ تریلیۆن پێ سێجا (٥,٧ ترلیۆن مەتر سێجا) یەدەگی غازی سروشتی هەیە، کە بریتیە لە ٣% ی تێکڕای یەدەگی جیهان. ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگ دەدات بە پێگەی کوردستان لە بازاڕە هەرێمیەکانی غازدا ، لەگەڵ هەبوونی ٢٠٠ ترلیۆن پێ سێجا (٥,٧ ترلیۆن مەتر سێجا) لە غازی سروشتی زانراو کە هاوسنووری تەوەری وزەی ئۆراسیایە، هەرێمی کوردستان کەوتوەتە سەر چوارڕیانی وزە. هەر کاتێک پێویستیی ناوخۆ لە کارەبا و پرۆسەکانی پیشەسازی هاتنە دی، ئەو غازەی دەمێنێتەوە ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە بۆ بازاڕ لە ڕێگەی هێڵی بۆری و تۆڕی گواستنەوەی گشتگیرەوە(پێگەی فەرمی سامانە سروشتییەکان/غاز).

لە لایەکی دیکەوە بریکاری نەوتی عێراق عیزەت سابر لە چاوپێکەتنەکی لەگەڵ کەنالی ڕووداو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/٤ ئەنجام دراوە قسە لەسەر بارودۆخی غازی هەرێمی کوردستان دەکات و دە لێت خۆشبەختانە هەرێمی

کوردســتان خاوەنی یەدەگی غازی بەرچاوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئێمە بوارێکمان هەیە بە ناوی چەمچەماڵ نەک کور مۆر. چەمچەماڵ گەورەترین کێڵگەی غازی عێراقە، هەروەها گەورەترین و پاکترین کێڵگەی غازیشە. دوو جۆر غاز هەیە: غازی پەیوەندیدار، کە لەگەڵ نەوتدا دێتە دەرەوە، غازی ئازاد، یان غازی سەربەخۆ، کە لە بیرێکەوە دێت کە تەنها غاز بەرهەم دەهێنێت. هەرێمی کوردســتان دەوڵەمەندە بە غازی ئازاد کە غازی پاکە. ئەو غازە ئازادەی کە بەرهەم دەهێنرێت ٩٧%ی کۆی غازی خاو کە بەرهەم دەهێنرێت پێکدەهێنێت؛ بەرهەمێکی ڕاستەوخۆیە و پێویستی بە پرۆسێسکردنی زیاتر نییە. بەڵام ئەو غازەی بە نەوت بەرهەم دێت ٨٢%ی کۆی بەرهەمی غاز پێکدەهێنێت و ١٨%ی دیکەش لە گۆگرد و کۆندێنسێت و پێکهاتەکانی دیکە پێکدێت. بۆیە کوالیتی غاز لە هەرێمی کوردســتان لە باشترینەکانە و ئەم کێڵگانە هەم غازی پەیوەندار و هەم غازی سەربەخۆیان تێدایە. لە هەرێمی کوردســتان بڕێکی زۆر غاز هەیە(**روداو عربیە**(٢٠٢٥).

**٢-١-٣-کانزاکان**

سەرچاوە کانزاییە دەوڵەمەندەکانی هەرێمی کوردستان کە هێشتا سوودیان لێوەرنەگیراوە دەتوانن یارمەتی هەمەچەشن کردن و پاڵپشتیکردنی ئابووری عێراق و هەرێمی کوردســتان بدەن. پەرەپێدانی سامانی کانزایی کوردســتان هانی وەبەرهێنان دەدات و دەبێتە مایەی دروستبوونی داهات و هەلی کار. هەروەها کاریگەری بەسوودیشی دەبێت لەسەر بواری تری ئابووری، وەک کەرەستەی بیناسازی و پیشەسازی کانزاگەری و کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازییە ناوخۆییەکان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان کە لەسەر ئەو پشتێنە شاخاویە کە پانیەکەی ١٥ بۆ ٢٥ کیلۆمەترە، توانستێکی زۆری مەکۆی کانزا پۆڵاکان هەیە وەکو ئاسن و کرۆم و نیکل و پلاتین و زێڕ و مس و باراێت و زینک. لەوانەیە ناوچەی تری هەرێمی کوردســتان لە بەردی جیری و گەچ و لم و قوڕ و چەو و بەهەڵمبووەکاندا دەوڵەمەند بێت (پێگەی فەرمی سامانە سروشتییەکان/کانزاکان).

زانایانی جیۆلۆجی مەزەندە دەکەن کە هەرێمی کوردســتان دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی کانزای جۆراوجۆر، لەوانە زێڕ و کانزا بەنرخەکان، فیروزە، مەڕمەڕ، بەردی لیمۆ، جبس، گۆگرد، ئاسن، هەندێک کانزای پیشەسازی. بەرچاوترین نەوت و کانزاییە ئەگەرییەکان لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر چڕبوونەتەوە. بەڵام سەرەڕای پێوەرە جیۆلۆجییە ئەرێنییەکان، کەرتی کانزاکان لە قۆناغی سەرەتاییدایە بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە، لەوانە تەحەددیاتی لۆجستی لە زەوییە نارێکەکاندا، بۆشایی وەبەرهێنان و دواکەوتن لە دەرکردنی یاسای ڕێکخراوەیی کانزاکان(**Nadaka,2025,p12-14**).

**٢-١-٤-کشتوکاڵ:**

ڕووبەری گشتی زەوی لەهەرێمی کوردستان کە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆك، سلیمانی" هەلەبجە) لە خۆدەگرێت بریتیەلە (٧،٨٣٣،٧٨٦) دۆنم بەڵام لەم ڕووبەرەدا نزیکەی (٢،٣٥٩،٧٢٩) گونجاوە بۆ کشتوکال کردن، لە کۆی گشتی ئەمەش نزیکەی (٢،٠٢٤،٤٨١) دۆنم پشتاوە، وە نزیکەی (٢٣٥،٢٤٨) دۆنم بەراوە ، واتە ریژەی زەوی بەبەراورد لە نێوان ڕووبەری بەراو و پشتاو بریتیەلە ریژەی (١٤،٢٠%) بەراو (٨٥،٨٠%) پشتاو، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بەبەراورد لەگەڵ کۆی گشتی زەوی هەرێمی کوردستان ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی زەوی پشتاو (٢٥،٨٥%) یە، وە ریژەی بەراو بریتیە لە (٤،٢٨%) " بەڵام ساڵانە زەوی شیاو بۆ کشتوکال ناچێنرێت، چونکە جوتیارانی کورد تا ئێستا نزیکەی (٥٠%) ئەم زەویانەی کە شیاون بۆ کشتوکالی بەکاردەهێنن(**اسماعیل، ٢٠١٩، ل٢٣**).

**٢-٢-: ئاستەنگەکانی بەردەم کەرتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان**


**٢-٢-١ گرفتی دەستوری**

دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ چوارچێوەی یاسایی دامەزراندووە کە پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم سەبارەت بە سامانە سروشتییەکان بەڕێوەدەبات. لە مادەی ١١١دا هاتووە کە نەوت و غاز "ملّکی هەموو گەلی عێراقە لە هەموو ناوچەکان و پارێزگارەکان"، لە کاتێکدا مادەی ١١٢ بەڕێوەبردنی هاوبەشی ئەو سەرچاوانەی لە کێڵگەکانی ئێستا دەرهێنراون دادەمەزرێنێت. مادەی ١١٥ دەسەڵاتی فراوان دەداتە هەرێمەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان بەپێی یاساکانی خۆیان (**دستور العراق،٢٠٠٥**). بەڵام ناکۆکی لەسەر لێکدانەوەی ئەو ماددانە بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی زۆر لە نێوان هەولێر و بەغدا، کە لە مانگی ئازاری ٢٠٢٣دا گەیشتە لوتکە کاتێک ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی رێککەوتنی هەناردەکردنی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیای بە نایاسایی زانی. ئەمەش بووە هۆی ڕاگرتنی پەمپکردنی نەوت لە ڕێگەی بۆری کەرکوک - جەیهانەوە و ڕاگرتنی درێژخایەنی زۆرینەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان. تا لە ساڵی ٢٠٢٥ کراوە **( Ndaka,. (2025).**

دادگای فیدراڵی بڕیاری خۆی لە دۆسیەی ژمارە ٥٩/فیدراڵی/٢٠١٢ و ژمارە یەکگرتووەکەی ژمارە ١١٠/فیدراڵی/٢٠١٩ لە ٢٠٢٢/٢/١٥ دەرکرد، کە بڕیارێکی لەخۆگرتبوو کە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ نادەستوورییە و هەڵیوەشاندەوە بەهۆی سەرپێچیکردنی برگەکانی مادەکانی (١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٥، ١٢١ و ١٣٠) ٢٠١٩). دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥. هەروەها بڕیارەکە حکومەتی هەرێمی پابەند کرد

بە ڕادەستکردنی سەرجەم بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نەوتی لێ دەرهێناو، و ڕادەستی حکومەتی فیدراڵی، کە نوێنەرایەتی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی دەکات و سەبارەت بە گەڕان و دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت. وەزارەتی نەوت مافی ئەوەی هەیە بەدواداچوون بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستە نەوتیانە بکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەن و وڵات و کۆمپانیا بیانییەکان سەبارەت بە گەڕان و دەرهێنان و هە ناردەکردن و فرۆشتنی نەوت ئەنجامی داوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بەوەی وەزارەتی نەوتی عێراق و دەستەی باڵای وردبینی فیدراڵی بتوانێت پێداچوونەوە بە سەرجەم گرێبەستە نەوتییەکاندا بکات کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون سەبارەت بە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت و غاز، بە مەبەستی وردبینیکردنیان و دیاریکردنی ئەو مافە داراییانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزارن لە ئەنجامدا. دەبێت پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی بە شێوەیەک د یاری بکرێت کە مافی هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەبێ دواکەوتن لە بودجەی گشتی فیدراڵیەوە ڕادە ست بکرێت و بەو پێیەش حکومەتی فیدراڵی و دەستەی وردبینی باڵای فیدراڵی ئاگادار بکرێنەوە(**موقع ارسمی لمحکمه الاتحاد العلیا، ٢٠٢٣**)

٢-٢-٢-نەوت و غاز وەك تاكە سەرچاوەی داهات پشتبەستنی نزیکەی تەواوی هەرێم بە نەوت بۆ دابینکردنی بودجەی گشتی، نموونەی ئەوەیە کە لە ئەدەبیاتی ئابووری سیاسیدا بە "نەفرەتی سەرچاوە" ناسراوە، دیاردەیەک کە بۆ یەکەمجار لەلایەن Richard Auty (١٩٩٣) لە کتێبیك بە ناونیشانی ( ustaining Development in Mineral Economies: The Resource Curse Thesis )دواتر و لەلایەن Jeffrey Sachs and Andrew Warner لەساڵی (١٩٩٥)ەوە بە شێوەیەکی فراوانتر ئەم چەمکەیان پشتڕاستکرایەوە. ئەم نەفرەتە ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نەرێنی نێوان سەرچاوە سروشتییە زۆرەکان و هەمەچەشنی ئابووری لاواز بوونی



دامەزراوە دیموکراسیەکان. بەڵام ئەزموونی وڵاتانی وەک نەرویج و بۆتسوانا دەریانخستووە کە دەتوانرێت ئەم "نەفرەت"ە لە ڕێگەی حوکمڕانی باش و وەبەرهێنانی ستراتیژی دا هاتە کانەوە بگۆڕدرێت بۆ نیعمەتێک( Sahes, Warner,1995)

**نەخشەی ژمارە(١)** دابەشکاری جوگرافی بۆ کێلگە نەوتییەکان و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان( **الكاكائي ،٢٠٢٠، ص٧٦٦**).

نەخۆشی هۆڵەندی لە ساڵانی ١٩٥٩ دوای دۆزینەوەی کێڵگەیەکی غازی سروشتی لە هۆڵەندا سەریهەڵدا. گیلدری هۆڵەندی کە دراوی وڵاتەکەیە، دوای هەناردەکردنی غازی سروشتی بۆ ئەوروپا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا دروستکراوەکانی دیکە کە بڕیارە هەناردە بکرێت. ئەمەش لە بەرامبەردا قەبارەی هەناردەکردنی هۆڵەندای کەمکردەوە و کاریگەری لەسەر کەرتە ئابوورییەکانی دیکە هەبوو. نەفرەتی سەرچاوەکان یەکێکە لە ئاستەنگە هەرە بەرچاوەکان کە ڕووبەڕووی وڵاتانی دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی دەبێتەوە. زیادبوونی داهاتی سامانە سروشتییەکان دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر کەرتەکانی تری ئابووری هەبێت، بەتایبەتی ئەگەر هەڵاوسانی بەرز یان دابەزینی بەهای دراوی ناوخۆیی لەگەڵدا بێت. کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەخۆشی هۆڵەندی دەتوانێت بۆ ساڵانێک یان تەنانەت دەیان ساڵ بەردەوام بێت ئەگەر بەپەلە چارەسەر نەکرێت. ئەو وڵاتانەی لە سەدەی ڕابردوودا تووشی کاریگەرییە وێرانکەرەکانی نەفرەتی سەرچاوەکان بوون، بریتین لە ئێران، عێراق و ڤەنزوێلا(Mien, Goujon, p357)

**٢-٢-٣- ناسەقامگیریی سیاسی**

بەهۆی بوونی هۆکارە جیۆپۆلیتیکییەکانەوە ناجێگیرییەکی زۆر لە نرخی نەوتدا هەیە، پێشبینی دەکرێت هەر گۆڕانکارییەک لە داینامیکی بازاڕدا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێشکەوتنی ئابووری هەبێت بەم پێیە پێشبینی دەکرێت پلاندانانی ئابووری وڵاتانی وەک عێراق بەهۆی بەرزی ناجێگیری و نادڵنیاییەوە قورس بێت. تەنانەت داڕێژەرانی سیاسەتیش ناتوانن هیچ گۆڕانکارییەکی ئایندەیی لە ئابووریدا هەڵسەنگێنن یان بە بڕیاردانی گونجاو و خێرا وەڵامیان بدەنەوە. ئەگەر ئەمە بێت، ئەوا سەقامگیری ئابووریش کاریگەری نەرێنی لەسەر دەبێت ( Al-Abadi ,2025,p479).

ئێران و میلیشیا عێراقییەکانی چەند هێرشێکی ئاشکرایان بۆ سەر کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەست پێکرد (بێدەنگی ڕووسیا سەبارەت بەم هێرشانە ئاماژەیە بۆ هۆشیارییەکەی). لە نێوان مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ تا مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٣، سێ جار بە موشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کاتیۆشا هێرش کرایە سەر کێڵگەی غازی کۆر مۆر. لە ١٣ی ئازاری ٢٠٢٢. (جعفر،٢٠٢٣).

بۆیە بەهۆی پێگە جیۆپۆلیتیکیەکەی هەرێمی کوردستان لە هەر بارودۆخێکی ناسەقامگیر لەناوچەکە کەرتی سامانە سروشتییەکان بەتایبەتی نەوت و غاز ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە ئەم گرفتە ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر داهاتی نێوخۆیی حکومەتی هەریمی کوردستان دەکات. شەری نێوان ئیسرائیل و ئەمەریکا لەگەڵ ئێران ئەم ڕاستیەمان زیاتر بۆدەردەخات کە بوونی ناسەقامگیریی سیاسی لەناوچەکە هەرەشەی جدی دەبیت لەسەر کەرتی سامانە سروشتییەکان بۆیە لە ئەگەری بەردەوام بوونی ئەم سیاسەتەی ئێستا دەبێت چاوەروانی بارودۆخی نەخوازراو بکەین، چونکە دابەزینی و بەرزبوونی نرخەکان وابەستەن بە بارودۆخە سیاسییەکانی ناوچەکە ، ئەو ناوچەیەی کە هەرێمی کوردستان تیدا خۆی دەبینیتەوە، هەمیشە نادڵنیایی وجودی هەیە .

**٢-٢-٤-پیس بوونی ژینگە**

دەرهێنانی نەوت و غاز سەرچاوەیەکی سەرەکی پیسبوونی ژینگەیە لە ناوچەکەدا. سووتانی غازی پەیوەندیدار- کە کۆکتێلێک لە پیسکەرەکانی وەک میتان، دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و پێکهاتە ئۆرگانییە هەڵاوەکان فریدەداتە هەوا- دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرچاوی نەخۆشییەکانی هەناسەدان و پێست لەنێو ئەو دانیشتووانەی کە لە نزیک کێڵگەکانی دەرهێنان دەژین. دامەزراوەی پێین- هۆشداری دەدات لەوەی ئەو دەردانی غازە ژەهراوییانە سنووره جوگرافییەکان تێدەپەڕێنن، ئەمەش بەشدارە لە دروستکردنی قەیرانی کەشوهەوای ناوچەیی و جیهانی(**Peri-Khan,2025,P2-4**).

پێوەرەکانی ND-GAIN و پێوەرەکانی دیکەی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیان لە ڕیزبەندی پێنج وڵاتی زیاترین بەشدار وڵاتی جیهان لە بەرامبەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوادا داناوە. پلەکانی گەرما لە عێراق بە ڕێژەی دوو بۆ حەوت هێندەی تێکڕای جیهانی بەرز دەبنەوە؛ لە کاتێکدا پلەی گەرمی جیهان لە سەدەی ڕابردووەوە نزیکەی ٠,٧٥ پلەی سەدی بەرزبووەتەوە، عێراق بەرزبوونەوەی ٢,٣ پلەی سەدی تۆمارکردووە. ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ڕێژەی بارانبارین و وشکەساڵی زۆرتر و توندتر، کە زیانێکی زۆر بە ڕووەک و بەرهەمی کشتوکاڵی دەگەیەنێت(**Arif,2023,P12**) ئەم پیسبوونەش هەم عێراق و هەمیش هەرێمی کوردستان تێدا بەشدارە بەهۆی دەرهێنانی نەوت و غاز .

## ٣- ستراتیژی هەمەچەشنکردنی ئابووری و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت و غاز

ئابووری هەرێمی کوردستان زۆر پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە، ئەمەش وایکردووە کاریگەری ناجێگیری نرخی نەوت و قەیرانە سیاسییەکان لەسەری زیاد بێت. لە ڕوانگەی گەشەپێدانی بەردەوامەوە، هەمەچەشنکردنی ئابووری فەرمانێکی ستراتیژییە، نەک تەنها بژاردەیەکی گەشەپێدان. ئەم ستراتیژە گرنگی بە پەرەپێدانی

کەرتە بەدیلەکانی وەک کشتوکاڵی مۆدێرن، بەرهەمهێنان، ئیکۆتۆریزم و گەشتیاری شاخاوی، و وزەی نوێبووەوە دەدات. هەروەها پشتگیریکردنی کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان و باشترکردنی کەشوهەوای وەبەرهێنان لەخۆدەگرێت. هەمەچەشنیکردن بەشدارە لە کەمکردنەوەی مەترسییە داراییەکان، دروستکردنی هەلی کاری بەردەوام و بەدەستهێنانی سەقامگیری ئابووری درێژخایەن. هەروەها ئاسایشی ئابووری بەرز دەکاتەوە و دیاردەی ئابووری کرێچی کەم دەکاتەوە. لە درێژخایەندا یارمەتی بنیاتنانی ئابوورییەکی بەرهە مدار و زانیاری دەدات، نەک ئابوورییەک کە تەنیا پشت بە هەناردەکردنی کەرەستەی خاو ببەستێت.

جیبەجێکردن و گەیشتن بەخاڵی دروست لەم ستراتیجیەتە پێویستی بەگرتنەبەری چەند هەنگاوێك و میکانیزمێك دەبێت، لێرەدا گرنگترین میکانیزمەکان دەخەینە ڕوو:

**٣-١-١- دانانی سندوقی سامانی سەروەری**

یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکان بۆ بەردەوامیی دارایی بریتییە لە دامەزراندنی سندوقێکی سامانی سەروەری بۆ وەبەرهێنانی زیادەی نەوت لەبری ئەوەی بە تەواوی لە بودجەی کارکردندا خەرج بکرێت. مۆدێلی جیهانی سندوقی خانەنشینی حکومەت، کە نموونەیەکی جیهانییە بۆ بەڕێوەبردنی داهاتی نەوت بۆ بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوو، کە بە مۆدێلی نموونەی نێودەوڵەتی سەرکەوتووی وەک سندوقی خانەنشینی حکومەتی نەرویج جیهانییە، کە بەشێکی جێگیر لە داهاتی نەوتی بۆ تەرخان دەکرێت- کە پێشنیار دەکرێت ٣٠% بێت. ئامانج لێی پاراستنی ئەم داهاتانە دەبێت بۆ نەوەکانی داهاتوو، هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی داهاتی نیشتمانی، و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی هەڵاوسانی نرخ لەسەر بودجەی گشتی ئەزموونی نەرویجی کاریگەری ئەم مۆدێلەی لە گۆڕینی سامانی نەوت بۆ سەروەت و سامانی دارایی هەمەچەشن و بەردەوام نیشانداوە ( Arif,2023,P12) .

عێراق ئەزموونی پێشووی هەیە لە دامەزراندنی سندوقی سەروەت و سامانی سەروەری، لە ڕێگەی دروستکردنی سندوقی عێراقی بۆ گەشەپێدانی دەرەکی، کە بەپێی یاسای ژمارە (٧٧)ی ساڵی ١٩٧٤ دامەزراوە، بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، کارەکانی ئەم سندوقە سنووردار بوو بە بەڕێوەبردنی بەشدارییە داراییەکانی عێراق بۆ ڕێکخراو و ئۆرگانە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان. هەروەها هەوڵی دامەزراندنی دوو سندوقی سەروەت و سامانی سەروەری بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ درا، بەڵام ئەمانە تەنها بە تیۆری مانەوە و هەرگیز جێبەجێ نەکران. بە شیکارکردن دەرکەوتووە کە زیادەی کەڵەکەبووی بودجەی گشتی عێراق لە ماوەی (١٦) ساڵدا بڕی (١٠٧) ترلیۆن دینار بووە واتا تا ساڵی ٢٠٢٢، هاوکات کورتهێنانی کەڵەکەبوو بۆ هەمان ماوە گەیشتووەتە

(٣٢) ترلیۆن دینار. ئەمەش بەو مانایەیە کە نزیکەی (٧٤) تریلیۆن دینار نوێنەرایەتی زیادەیەکی پاک دەکات کە دەکرا وەبەرهێنان بکرایە ئەگەر عێراق سندوقی سامانی سەروەری هەبوایە (**العبودي، ٢٠٢٠،ص١١**).

ئەم میکانیزمە لەسەر تەرخانکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە داهاتی نەوت بۆ وەبەرهێنان لە سەروەت و سامانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی درێژخایەن دامەزراوە. ئامانج لێی پاراستنی ئابوورییە لە ناجێگیری نرخ و دەستەبەرکردنی بەردەوامیی سەرچاوەکان دوای کەمبوونەوەی یەدەگی نەوت. بۆ هەرێمی کوردستان، سندوقی سامانی سەروەری دەتوانێت وەک گەرەنتییەکی دارایی بۆ نەوەکانی داهاتوو بێت و سەقامگیری دراو بەرز بکاتەوە و پرۆژەکانی گەشەپێدانی ستراتیژی دارایی بکات بەبێ ئەوەی تەنها پشت بە داهاتی ئێستا ببەستێت.

**٣-١-٢کەرتی سەرچاوە کانزاییەکان**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەنجامدانی توێژینەوە و ڕووپێوی جیۆلۆجی مۆدێرن بۆ دەستنیشانکردنی پاشماوەی کانزا جۆراوجۆرەکان، وەک ئاسن، مس، کرۆم، ....هتد سەرچاوە کانزاییەکانی خۆی بەکاربهێنێت. پاشان دەتوانێت دەرهێنانی ئەو کانزایانە ڕێکبخات لەڕێگەی هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی و دانانی یاسای ڕوون بۆ بەڕێوەبردنی بەردەوامی کەرتی کانزاکان، بەمەرجی دڵنیابوون لە پاراستنی ژینگە و ڕێگریکردن لە زیادەڕۆیی لە ئیستغلالکردنی سەرچاوەکان. جگە لەوەش دەتوانێت پیشەسازیی پرۆسێسکردن دابمەزرێنێت کە پەیوەستە بەو کانزایانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی بەهای ئابووریی سامانە سروشتییەکان و ڕەخساندنی هەڵی کار و بەرزکردنەوەی داهاتی ئابووری هەرێم.

**٣-١-٣-گرنگیدان بە وزەی خۆر و با**

جوگرافیای هەمەچەشنی هەرێمی کوردستان توانای وزەی نوێبووەوەی هەیەلە زۆربەی ناوچەکە ساڵانە کاتژمێر ی زۆر تیشکی خۆر بەدەرەوەیە، لەکاتێکدا ناوچە شاخاوییەکانیش بای بەردەوامیان هەیە کە گونجاوە بۆ وەبەرهێنانی وزەی با، هەروەها لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە ئاو کە کاریگەرییەکی کەمی لەسەر ژینگە هەبێت. زیادکردنی پشکی وزەی نوێبووەوە لە تێکەڵەی وزەی گشتیدا بۆ ٣٠% تا ساڵی ٢٠٣٥، لەڕێگەی وەبەرهێنانی و چوارچێوەیەکی گرنگ لە خۆ دەگرێت.

هەرێمی کوردستان پێویستە تا ئاستێکی زۆر لەناوخۆدا پشت بە وزەی پاك ببەستێت، بۆ ئەو مەبەستەش بە هاوکاری شارەزایان و پسپۆڕان بەردەوام پرۆژەی نوێ بخاتە گەڕ بۆ بەرهەمهێنانی وزە لە ڕێگەی (با) ، لە ڕێگەی (خۆر)، لەڕێگەی پەیینی کیمیاییەوە. بۆ ئەوەی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کەمترین بڕی غازی

سروشـــتی ســـەرف بکەن لە ناوخۆدا.کۆمپانیا نـەوتییـەکـان چـەنـدین گرفتی گـەورەتریـان دروســتکردووە، لەوانە: لە ڕووی فەلســەفییەوە جیاوازی چینایەتیان لە کۆمەڵگەی کوردیی دا دروست کردووە، بۆ نمونە: ئەندازیارو کارمەندیان لە وڵاتانی دەرەوە دامەزراندوە لەگەڵ خۆیان، بەڵام بە هەزاران دەرچووی زانکۆکانی کوردستان کـە خۆیـان خـەڵکی سـنوری نـاوچـەو کێڵگـە نـەوتییـەکـانن وەکو پێویســـت ســـوودیـان لێوەرنـەگرتوون و دایـان نـامـەزرێنن، کۆمپـانیـا نەوتییەکان بە گشـــتی تێچوویان زۆرە، تێچووی دەرچونی تیمـەکـان و دابین کردنی خۆراك و ســەکیۆرتی بە میکانیزمێك نەهێڵدرێت. لەمەش سەیرتر ئەوەیە لە هەموو جیهاندا وڵاتی خانەخوێ کرێی هێڵی بۆری بۆ دەرەوەی خـاکی جوگرافی خۆی ئەدات، هەرێمی کوردســـتان کرێی هێڵی بۆری بۆ ناوخۆی خۆی ئەدات بە کۆمپانیای بیانی (ڕووس نەفت) وەك نمونە دەستبەجێ پیاچوونەوە بە پارەی پرۆگرامە کۆمەڵا یەتییە کان (CSR) بکرێت، کە کۆمپانیا کانی بواری نەوت و غازی سروشــتی بە پێی گرێبەســتەکان پێویســتە ڕۆڵ ببینن لە ئاوەدانکردنەوەو چاککردنەوەی ڕێگاو بان و پاراســتنی ژینگەو کردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشـــخانەو... تادوایی لە بودجەی(CSR) ، بەڵام بەشـــێکیان نە ئەمەیان کردووە، نە باج ئـــەدەن، نـــە پـــارەی پـــێـــترۆ-دۆلاریـــش ئەدەن(**جوعفەر،٢٠٢٢**).

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت کارەبا بە شـــێوەیەکی بەرچاو زیادبکرێت بە پشت بەستن بە بەنداوەکان و خۆر و با، چونکە ژینگەی هەرێمی کوردســـتان زۆر لەبارە، ئەمەش وادەکات کەمتر پشـــت بە ســـەرچاوەکانی نەوت و غاز ببەســـترێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، لەلایەکی دیکە دەکرێت لەئەگەری زیادبوونی ڕێژەی کارەبا ئەوە وەک کارتێك بەرامبەر حکومەتی فیدرال بەکار بهێنرێت و بە حکومەتی ناوەندی بفرۆشـــێت، دووەمیـان کـەمتر پشـــت بـەغاز ببـەســـتێت، هەرچەندە ئەمە کاتێکی درێژخایەنی دەوێت، بەڵام هەنگاوێکی ئەرێنی دەبێت بۆ دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی دیکە بەشـــێوەیەکی یەکجارەکی لە هەر بارودۆخیکی ناســـەقامگیر و مەترسیدار، لەلایەکی دیکە دەچێتە چوارچیوەی ســـیاســـەتی گەشـــەپێدانی بەردەوام، کە نەوەی داهاتوو دەتوانێت ســـود لە ســـامانی سروشـــتی وەربگرێت.

### ٣-٢-٣ کەرتی کشتوکاڵ

لە نێوان خۆبژێوی و کەمی بەرهەمهێنان دا، تاوەکو ئێســـتا حکومەتی هەرێمی کوردســـتان نـەگـەیشـــتوتە قۆنـاغی خۆبژێوی لـە هـەنـدێـك بەربووم دا، لەگەڵ ئەوەی خاکەکەی زۆر لەبارە بۆکشتوکاڵ ، بەڵام هەرێمی کوردستان بەدەست کەمی بەرهەمهێنانی ئەو بەروبوومانە و گەیشـــتن بە دۆخی بژێوی دەنالێنێت" بۆ پرکردنەوەی ئەم کورتهێنـانـە لـەســـەر هـاوردەکردن لـە دەرەوە بەرێژەیەکی زۆر بەتایبەت بەرووبومی بنەرەتی

بەهۆی خوا ستی ناوخۆیی یان جیهانی ، ئەمەش بـۆتە هـۆی فـراوانـبـوونـی ریـژەی کـەلـێـن و کـە مـبوونـەوەی ر ێژەی خۆ بژ ێوی. هـەر ێمی کورد ستان خاوەنی توانایەکی بەرفراوانە کە بگاتە دۆخی خۆبژێوی، بـەڵام بـەهۆی ئـازادی بـازارو کرانـەوەی بـازارەکـانی هـەرێم بـەڕووی کـاڵای هـاوردە دا بـەتـایبـەت لـەدوای ٢٠٠٣ و لاوازی پـالپشـــتی حکوت بۆ جوتیـاران بۆ زیـادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی، بازاری هەریم نوقمی کاڵا هـاوردەکـان بووە (**کریم ، صـــالح،٢٠٢٤،ص١٩**). حکومەت دەتوانێـت پەرەی پێبـدات بە کەڵـک وەرگـرتـن لە زەویـیە بەپـیـتەکـانـی هەرێـم و کەشـــوهەوای لەبـار، لەڕێگەی بەکـارهێنـانی تەکنەلۆژیای کشـــتوکاڵی مۆدێرن لە ئاودێری و بەرهەمهێنان و پێشـــکەشـــکردنی پاڵپشـــتی بۆ جـوتـیـاران لەڕێـگەی قەرزی کشـــتـوکـاڵـی و کەرەســـتەو بـاشـــترکردنی تۆو و پەرەپێـدانی پیشــەســازی خۆراکی پەیوەســت بە کشــتوکاڵ، وەکو قوتوکردنی ســـەوزە و میوە و بەرهەمهێنانی شیرەمەنی. پەرەپێدانی کشتوکاڵ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەدەستهێنانی ئاسـایشـی خۆراک و کەمکردنەوەی پشـــتبەســـتن بە هاوردەکردن و زیـاد کرد نی بەشـــداری کەرتەکە لە ئـا بووری ناوخۆییدا (**شالی،٢٠٢٤**).

تا ئێستا لەهەرێمی کوردستان سیاسەتێکی ئاستی خوازراو بۆ بـەر ێوە بردنـی کـەرتی کشـــتوکـال پەیرەونەکراوە، بەشــێوە یەك ببیـتە ها نداـنێك بۆ جوتیاران کە وەبەرهێنان لەکەرتی کشـــتوکاڵی بکە ن، چونکە نەتوانراوە هاوســەنگی بازار ڕابگیرێت لە نێوان خوا ست و خـستنە ڕوو، بۆیە جوتیار هەمیشـە لە چاوەڕوانی پاڵپشـــتی حکومەت دایە، ئەگەر ئەم پالپشـتییە هەبێت هەنگاوێك دەبێت بۆ زیاتر بوونی ویـست لە سەر کەرتی کـشتوکاڵی ، لەلایەکی دیکە دەکرێ حکو مەت خۆی خاوە نداریـەتی چەنـدین پرۆژە بکـات وەك (دروســتکردنی کـارگـەی ئـاوی تە ما تە، بەخێوکردنی هە نگ، حەوزی ماســی، کـارگـەی رســـتن و چنین، پرۆژەی بـەخێوکردنی ئاژەڵ....) لەگەڵ ئەمەشـــدا لەگەڵ جوتیاران دا گرێبەسـت ئەنجام بدرێت بۆ سـاغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانیان ، ئەمەش لێکەوتەکەی دوو لایەنە دەبیت؛ **یەکەمیان** دەبێتە هۆی زیاتر دورکەوتنەوە لەوەی کە تەنها حکومەت پشـت بەداهاتی نەوت و غاز ببەسـتێت وەك سـەرچاوەی داهات، **دووەمیان** ڕێژەی بیکاری کەمدەکاتەوە لەبەرامبەردا هەڵی کار زیاتر دەرەخســێت ، لە هەردوو حاڵەت دا ئابووری هەرێم بەرەو قۆناغێکی باش هەنگاو دەنێت. چونکە حکو مەت ناکرێ تەنها پشـــت بە کەرتی تایبەت بـبـەســـتێـت بـەڵکو دەبـیـت خۆی خـاوەنـداریـەتی بەشـــێك لە پرۆژەکان بکات بۆئەوەی دا هاتەکەی ڕاستەخۆ بۆ حکومەت بگەڕێتەوە.

**٤-٢-٣ پرسی ئاو وەك سەرچاوەی داهات**

حکومەتی هەرێمی کورد ستان لە کابینەی نۆیەم هەنـگاوی دروســـت و ئەرێنی گر تە بەر بۆ دوو مەبە ستی دیار و سەرەکی؛ یەکەمیان پارا ستنی ژینگە و رووبەرووبونەوەی گۆرانی کەش و هەوا،

دووەمیان چارەسەرکردنی کەم ئاوی لە هەرێمی کوردستان لەگشت شارەکاندا وەك پرۆژەی (ئاوی خێرا) لە هەولێر بە تێچووی (٣٠٠) ملیۆن دۆلار کە لەسالّی ٢٠٢٤ بەردی بناغەی دانرا کەئەمەش بە وتەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەرێز مسرور بارزانی کێشەی بێئاوی بۆماوەی (٣٠) سالّ چارەسەرکرا، بەهەمان شێوە لە سلێمانی بە بری (٤٢٣)ملیۆن بەردی بناغەی پرۆژەی ئاوی خیرای شاری سلیمانی داندرا. هاوتەریب لەگەلّ ئەمەشدا پرۆژەی چەندین بەنداو جێبەجێکراوە لە هەرێمی کوردستان کە نزیکەی (١٨) بەندا و پۆندی دروستکردوە لە شارەکانی (هەولێر دهۆك ، سلیمانی " ئیدارەی سەر بەخۆی گەرمیان)(**خلیل، نوری، عبدالله، ٢٠٢٥،ص١٤١-١٤٢**)

دەکرێت حکومەتی هەرێم سود لە سەرچاوە ئاوییەکان وەربگرێت وەك سەرچاوە بۆ زیادکردنی داهاتی حکومەت :

١-لەرووی بەدەستهێنانی وزەی کارەبا لەریگەی ئاو(الطاقة الكهرومائية)، هەرچەندە لە ئێستادا بەشێوەیەکی ( جزئی) ئەم ستراتیجیەتە هەیە، بەلاّم دەکرێ ئەم ستراتیجیەتە فراوان بکرێت، بۆئەوەی ئەوەندە پشت بەسەرچاوەی غاز نەبەسترێت بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی هاووڵاتیان لەڕووی کارەباوە.

٢-لەڕووی گەشتیارییەوە، حکومەتی هەرێم دەکرێ سوود لەسەرچاوەکانی ئاو وەربگرێت و بەکاریان بهێنیت شوێنی گەشتیاری لێدروست بکات، لێرەدا دوو ڕیگا یا هەیە بۆئەوەی ئەم سەرچاوانە بەگەربخرێت وەك سەرچاوەی داهات " یەکەمیان وەرگرتنی باج لەو شوێنە گەشتیاریانەی کە خاوەنداریەتی هاولاتیانە، دووەمیان حکومەتی هەرێم دەتوانێت لە رێگەی فەرمانبەرانی شوێنەگەشتیارییەکان بەکاربخات و سودی زۆری لێوەربگرێت ، ئەمەش وادەکات گەشتیاری زۆر بێنە هەرێمی کوردستان هەم هەلی کار زیاتر دەبێت هەمیش سەرچاوەی داهاتی حکومەتی هەرێم بەرەو فرەیی دەچێت.

## دەرەنجامەکان:

١- هەرێمی کوردستان خاوەنی سامانە سروشتییە بەرچاوەکانی وەک نەوت، غاز، سەرچاوە کانزاییەکان، زەوییە کشتوکاڵییەکان، ئاوە، ئەمەش توانایەکی بەرچاوی پێدەبەخشێت بۆ گەشەسەندنی ئابووری ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی و بەردەوام بەڕێوەبچێت.

٢- هەرێم بە پلەی یەکەم پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، ئەمەش وایکردووە کە تووشی هەڵاوسانی نرخی وزە و قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان بێت. ئەمەش وایکردوە هەمیشە لە چاوەروانی بریارەکانی حکومەتی فیدرالی بێت، بەلایەنی کەم بۆ پێدانی مووچە.

٣-هەمەچەشنکردنی ئابووری لاواز،بەشداری کەرتەکانی دیکە، وەک کشتوکاڵ،

پیشەسازی، کانگا و گەشتیاری، بە بەراورد لەگەڵ کەرتی نەوت سنووردار دەمێنێتەوە، ئەمەش هەلەکانی گەیشتن بە گەشەسەندنی ئابووری هاوسەنگ کەمدەکاتەوە.

٤- بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە پلاندانانی ستراتیژی لاواز و سیاسەتی ئابووری ناسەقامگیر و هەندێک کێشەی کارگێڕی و دارایی دەبێتەوە.

٥- سەرەڕای ئاستەنگەکان، هەرێم هەلی ڕاستەقینەی هەیە بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام ئەگەر سیاسەتی ئابووری لەسەر ستراتیجیەتی هەمەچەشنکردنی ئابووری و بەڕێوەبردنی دروستی سەرچاوە سروشتییەکان پەسەند بکرێت. خۆی خاوەنداریەتی بەشێك لە پرۆژەکان بگرێتە ئەستۆ ، وە فەرمانەبەری میری لەم پرۆژانە دا کاربکەن.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان**


- دەستوری عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥، مادەی (١١١) و (١١٢) .
- اسماعیل خلیل حسن محمد(٢٠١٩) ، کشتوکاڵ، چاپخانەی سارا، ل٢٣.
- پێگەی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان/نەوت ، لەم بەستەرە بەردەستە:
https://gov.krd/mnr/publications/%D9%86%DB%95%D9%88%D8%AA/
- پێگەی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان/غاز(٢٠٢٦) لەم بەستەرە بەردەستە:
https://gov.krd/mnr/publications/%D8%BA%D8%A7%D8%B2/
-پێگەی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان/کانزاکان(٢٠٢٦) ، لەم بەستەرە بەردەستە:
https://gov.krd/mnr/publications/%DA%A9%D8%A7%D9%86%D8%B2%D8%A7%DA%AF%DB%95%D8%B1%DB%8C/
-- پێگەی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان/ کانزاگەری(٢٠٢٦) لەم بەستەرە بەردەستە:
https://gov.krd/mnr/publications/%DA%A9%D8%A7%D9%86%D8%B2%D8%A7%DA%AF%DB%95%D8%B1%DB%8C/
- پێگەی فەرمی ریکخراوی ئیسکۆ لەم بەستەرە: https://www.unescwa.org/ar
- جەعفەر :بەهرۆز(٢٠٢٥) ، مەترسییەکانی بەردەم یەدەگی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی بازاڕی ئابوری جیهانیەوە، ناوندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، ٢٠٢٥/٧/٢٥، لەم لینکە بەردەستە:
https://rudawrc.net/sorani/article/metrsyiekan-berdem-iedeg-newt-u-xaz-srwsht-herem-kwrdstan-le-songe-bazar-abwr-cihanyewe
- جەعفەر: بەهرۆز(٢٠٢٢) ، نەوت و غاز لە نێوان بەغداد و هەرێمی کوردستان دا: مەترسیی و بژاردەکانی ڕووبەڕووبونەوە، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە لە پەیمانگای میدیتریانە بۆ تویژینەوەی هەرێمایەتی، میژووی بلاوکردنە 4/15/2022، لەم لینکەی خوارەوە بەردەستە : https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=236
- عبدالله : ریبین عبدالخالق ، سعید: کامران طاهر (٢٠٢٥)، ڕۆلی گەشتوگوزاری ژینگەیی بۆ پەرەپێدانی بەردەوام لە

چوارچێوەی ئامانجە گشتییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، بەرگی(١٢) ژمارە(٣).

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

- أنور: عيده ، هجريس: سهيلة (٢٠٢٥٩)، التجربة النرويجية كنموذج رائد في التنويع الاقتصادي، مجلة الاقتصاديات الاعما والتجارة، المجلد (١٠) ، العدد(١)
- العبودي:على عبدالرحيم(٢٠٢٠،) هل يجب التفكي رمجدداً في إنشاء الصندوق السيادي في العراق؟, سلسلة إصدرات في مركز ابيان للدراسات والتخطيط٠.
- التميمي: عامر ذياب(٢٠٢٥) ، نموذج الإمارات الاقتصادي... دروس في التنويع والابتكار والتنمية، مقال منشور في موقع المجلة بتاريخ ٣٠ يونيو٢٠٢٥، متاح على الربط التالي:https://h1.nu/1qczC
-جعفر: بهروز(٢٠٢٣)، انخراط روسيا في قطاع الطاقة في العراق وإقليم كردستان: تداعياته الاقتصادية والإقليمية، مقال منشور في موقع موؤسسة متوسطي للدراسات الإقليمية بتاريخ ١١/١٢, متاح على الربط:
https://www.mirs.co/AR/details.aspx?jimare=148
-جعفر: بهروز(٢٠٢٣)، انخراط روسيا في قطاع الطاقة في العراق وإقليم كردستان: تداعياته الاقتصادية والإقليمية، مقال منشور في موقع موؤسسة متوسطي للدراسات الإقليمية بتاريخ ١١/١٢, متاح على الربط:
https://www.mirs.co/AR/details.aspx?jimare=148
- خليل :أ.م. د.هيوا مجيد ، نوري:د.بيستون عمر. عبدالله: م.م.تحسين وسو ، اليات مواجهة التحديات البيئية في إقليم كوردستان العراق ، مجلة كلية الإمام الجامعة / العلوم الإنسانية، المجلد٢، العدد خاص بوقائع المؤتمر العلمي السنوي اتلثاني لكلية الحضارة الجامعة٢٠٢٥، ص١٤١-١٤٢.
- سماقيي(٢٠٢٥) ايوب أنور حمد ، تحليل العلاقة بين المالية و هدف القضاء على الفقر في إقليم كوردستان العراق، Journal Port Science Research، المجلد٨، العددخاص.
- شالي: د. سامان(٢٠٢٤) , **تطوير الصناعة الزراعية في إقليم كورد ستان، مقال منشور في موقع كورد ستانبتاريخ ٤،٢٤/٢٧، متاح على الرابط: https://www.kurdistan24.net/ar/opinion/328516**
-شريف:أ.م.د. امين فرج شريف، نوري: د. بيستون عمر نوري(٢٠٢٥)، التنمية البشرية المستدامة في كوردستان العراق(دراسة في المعوقات التربوية٢٠٠٣-٢٠٢٣٩)، مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانسة، المجلد١٥، العدد٤.
- عبداللطيف: اياد عباس(٢٠٢٢) ، الموارد الطبيعية مفهومها واهميتها وتصنيفها، مقال منشور في موقع جامعة الانبار /كلية الزراعة بتاريخ ٢٠٢٢/٥/١٧، متاح على الربط:
https://agriculturecollege.uoanbar.edu.iq/News_Details.php?ID=1271
- الكاكائي: د. وحيد انعام (٢٠٢٠)، جيوسياسية النفط والغاز ف[ إقليم كوردستان العراق والفواعل الإقليمية والدولية ، مجلة ديالى، العدد(٨٦) .
- كريم:گەزەنگ خالد ، صالح: توانا فاضل (٢٠٢٤) تحليل واقع الفجوة والإكتفاء الذاتي لبعض المحاصيل الزراعية المختارة في إقليم كوردستان العراق خلال(٢٠٠٥-٢٠٢١)، بحث منشور في مجلة زانكو للعلوم الإنسانية، تصدر من قبل جامعة صلاح الدين، المجلد ٢٨، العدد خاص، ،ص١١٩.
- موقع رسمي لمحكمة التحاد العليا(٢٠٢٣) ، المحكمة الاتحادية العليا تحكم بعدم دستورية قانون النفط والغاز لحكومة اقليم كردستان والغاءه، ، لمزيد من التفاصيل انظر: https://www.iraqfsc.iq/news.4805/
- وكيل وزير النفط: احتياطي الغاز في العراق وإقليم كوردستان يكفي لـــ ١٠٠ عام أخرى، موقع روداو عربيه، ٢٠٢٥/٣/٤" متاح على البط التالي: https://www.rudawarabia.net/arabic/interview/04032

-موقع الرسمي للجنة ایسکو طابع لمنظمة الأمم المتحدة، متاح على الرابط" https://h1.nu/1le4-

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- Al-Abadi :Dr: Nassif Jassim Ali(2025) , concept of economic diversification address oil rent dependency in Iraq. An analytical study, Lex localis Journal of Local Self-Government 23(S5), August 2025, P479.
- Arif: Lara)٢٠٢٣(,. In the Midst of the Riparians: Kurdistan’s position at the center of an impending water crisis in the Tigris-Euphrates River Basin,." February 15, 2023. Available at: https://dckurd.org//02/15/kurdistans-position-at-the-center/
--Furaha Emmanuel Ndaka, A Comprehensive Survey on the Natural Resources of Iraq: Insight into Possible Regional Development, Journal of Knowledge-based Engineering and Sciences (2025), p12-14.
- Peri-Khan: Aqrawi-Whitcomb,. (2025). "From Black Gold to Green Growth: Kurdistan's Energy Opportunity at a Crossroads." Payne Institute for Public Policy, Colorado School of Mines, May 2025. Available at: https://payneinstitute.mines.edu/from-black-gold-to-green-growth-kurdistans-energy-opportunity-at-a-crossroads/ (p2--4)
- Sachs : Jeffrey D. Warner :.Andrew M (1995)Natural Resource Abundance and Economic Growth", " .NBER Working Paper No5398,Cambridge: National Bureau of Economic Research) ,.
- Sprigg:Joanna Clifton(2019)Resource Wealth and Development: Lessons fro Kazakhstan, London: , ,Chatham House2019,.
-J.D., & Warner, A.M. (1995). "Natural Resource Abundance and Economic Growth." NBER Working Paper No. 5398, Cambridge, MA. DOI: 10.3386/w5398
- Stevens Paul -(2008)National Oil Companies and International Oil Companies in the Middle East", " Journal of World Energy Law and Business, Vol( .1 ,) .No(1) , ,Oxford University Press,
National Bureau of Economic Research,available at: https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/articles/PMC8609513/
Ndaka: Furaha Emmanuel (2025). "A Comprehensive Survey on the Natural Resources of Iraq." Kurdistan Basra Environmental Studies Journal (KBES). Available at: https://kbes.journals.publicknowledgeproject.org/index.php/kbes/article/download/14045/10719 .
-Dr: Nassif Jassim Ali Al-Abadi, concept of economic diversification address oil rent dependency in Iraq. An analytical study, Lex localis - Journal of Local Self-Government 23(S5), August 2025,
-Abdulrahman :Salam Abdulqadir ، Evcan: Nusret Sinan(2023) , Securitization Concept and Its Application to Environmental Problems in the Kurdistan Region: Prospects and Obstacles, . Journal of Environmental and Public Health, available at: https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/articles/PMC10019975/.
- Mien :Edouard, Goujon: Michaël(2021) , 40 Years of Dutch Disease Literature: Lessons for Developing Countries.. National Bureau of Economic Research 23 Novemberp357, available at:
https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/articles/PMC8609513/
-Ross, M.L. (1999) — "The Political Economy of the Resource Curse." *World Politics*, 51(2).

# هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت وەک ئامرازێکی سیاسەتی ستراتیژی بۆ فەراهەم کردنی هەلی کار، وەبەرهێنان و گەشەپێدانی بەردەوام

## وانەکان لە نەرویجەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق



د. نورەدین ساڵح خۆشناو

**پێشەکی:**

دابینکردنی هەلی کاری گەنجان لە هەرێمی کوردســـتان یەکێکە لە چەڵەنجە گەورەکان کە کاریگەری لەسەر ئابووری، باری کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە. لە هەمان کات، چەندێتی و چۆنێتی خزمەتگوزارییە گشـتییەکانی وەک پەروەردە، کارەبا، خزمەتگوزاری خاوێنکردنەوە پێویسـتیان بە پەرەپێدانی بەردەوام و ڕوانگەی حوکمڕانی مۆدیرن هەیە لە دەرەوی بیرۆکەی : حکومەت تاکە بەرپرسی بەڕێوەبردنی دارایی و دامەزراوەییە. چونکە ئەم ڕوانگەیە ناتوانێت بەرپەرچی ئاڵەنگاریەکان بداتەوە.

ئەم ڕاپۆرتە، توێژینەوەیەکە لە ســـەر چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆدێلی هاوبەشـــی کەرتی گشـــتی-تایبەت PPP، وەک ئامرازێک بۆ وەبەرهێنان، بەڕێوەبردنی کارا، دروســـتکردنی هەلی کار. بە ســـوود وەرگرتن لە ئەزموونی نەرویج، بەریتانیا، کۆڵۆمبیا، چیلی، مەغریب، ئوردن، ڕاپۆرتەکە هەول دەدات هەم ســـوود و هەم مەترسییەکان ئەم مۆدێلە بخاتە ڕوو.

**بەشی یەکەم – پێشگەر و چوارچێوەی تویژینەوە**

**١,١ پێشگەری توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆدێلی هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت PPP وەک ئامرازێکی ستراتیژی ئابووری و سیاسی بکۆڵێتەوە بۆ گەشەپێدانی بازاڕ و دروستکردنی هەلی کار بۆ گەنجانی هەرێمی کوردستان.

هەرێمی کورد ستان لە سالانی ٢٠٠٠ەکان و بە تایبەتی پاش ٢٠١٠، بە سەر ئالەنگاریەکی ئابووری و دیمۆگرافی تێپەڕ بوو: بەرزبونەوەی تێچووی گەنجان(بە مانا ئابووریەکەی پەیوەست بە ئاستی ژیان و خواست) ، کەمبوونی هەلی کار، پەیوە ست کردنی ئابووری بە یەك سەرچاوە - نەوت. ئەم سەرچاوەیە بۆتە هۆکار کە بازاڕ بە شێوەی نائاسایی گەشە بکات و بە هاوتەریبی بێکاری بگاتە ئاستێکی بەرز. گەشەپێدانی بازاڕو دروستکردنی هەلی کار لە ناو چوارچێوەی هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت PPP دەتوانرێت وەک ئامرازێکی کارا و کاریگەر بەکاربهێنرێت بۆ بەرەنگار بونەوەی ئەم ئالەنگاریانە.

مۆدێلی نەرویج، دانمارک و ڕێکخراوی هاوکاری و گە شەپێدانی ئابووری OECD هەم بە بەڵگە وبە تویژینەو دەیخەنە ڕوو کە کاتێک حکومەتەکان و کەرتی تایبەت هاوبەشی پێکدەهێنن، فەراهەم کردنی هەلی کار و کارا کردنی سەرمایەگوزاریی بە ڕێژەی زیاتر و بە شێوەیەکی کاریگەرتر ئەنجام دەدرێت.

**ئەم توێژینەوەیە پەنجە دەخاتە سەر پرسیارێکی سەرەکی:**

چۆن دەتوانرێت مۆدێلی هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت PPP بە شێوەی سیستماتیک بۆ دروستکردنی هەلی کار، پەرەپێدانی ئابووری و بەهێزکردنی کوالێتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەکاربهێنرێت؟

**١,٢ پەیوەندیی نێوان هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت PPPو ئابووریی گەنجان**

ئابووریی گەنجان و دابینکردنی هەلی کار، پەیوەستە بە تیۆرییەکانی ، وەک «Human Capital Theory»و«Keynesian Employment Approach».

ئەم تیۆرییانەش لەسەر تێگەیشتنی: ئەگەر سەرمایەگوزاری و پەرەپێدانی کارامەیی گەنجان بە هاوتەریبی وەک تەواکاری یەکدی دابین بکرێت، دەتوانرێت ببێتە هۆکاری سەرەکیی گەشەی ئابووریی درێژخایەن و دروستکردنی هەلی کاری بەردەوامی بنیات نراون..

لە کاتێکدا لە کوردستان ژمارەی گەنجان لە هەڵکشانە و لە هەمان کاتدا ڕێژەی بێکاری لەنێوانیاندا لە زیادبوندایە، ئەم دۆخە بە شێوەیەکی بەرچاو چالاکییەکان و توانا کانی بازاڕی کاری سنووردار کردووە. بۆیە پێویستە سیاسەتێکی گشتی و سەردەمیانەی

سەرمایەگوزاریی دارێژرێت کە لەسەر بنەمای هاوبەشیکردنی سەرچاوەکان لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتی، زیاتر هاندانی کەرتی تایبەت و بەکارهێنانی مۆدێلی گەشەپێدانی بەردەوام بنیات بنرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی درێژخایەن و بەردەوام بێکاری کەم بکرێتەوە و گەشەی ئابووریی هاوسەنگ و پایدار بەهێز بکرێت.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک نەرویج و سویسرا، مۆدێلی هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت PPP بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردەهێنرێت:

- دروستکردنی هەلی کار لە قۆناغی بنیاتنان (Construction Phase)
- بەردەوامبوونی درفەتی کار لە قۆناغی بەڕێوەبردن(Operation Phase)
- گەشەپێدانی کارامەیی و توانای ناوخۆیی لە ڕێگە وبۆ خزمەتی مۆدێلی هاوبەشی کەرتی گشتی - تایبەت.

ئەم مۆدێلە لە دەتوانرێت لە کوردستان بەکار بهێنرێت بۆ فێرکردن وپەرەپێدانی کارامەیی گەنجان، دروستکردنی هەلی نوێ و بەهێزکردنی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی.

## ١,٣ دۆخی ئابووریی کوردستان

هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ئابووریی نەوت پەیوەستە. ئەم پەیوەستبوونە بۆتە هۆکاری سەرەکی فەراهەم کردنی هەل و جۆری کار و پەیوەست کردنی گەنجان بە بازاڕی کار.

**سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات پێکدێن لە:**

١. (نەوت) نزیکەی ٨٠٪ی داهاتە گشتییەکان
٢. باج و گومرگ.
٣. بودجە و سەرچاوە داراییەکان کە لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە دابین دەکرێن.

بەڵام ئەم سەرچاوە داراییانە، هەرچەندە گرنگن، بە تەنیا ناتوانن هەلی کاری بەردەوام فەراهەم بکەن و ببنە هۆکاری گەشەپێدانی ئابووریی ناوخۆیی، بۆیە پێویستە سیستەمێکی نوێ و درێژخایەنی سەرمایەگوزاریی جێبەجێ بکرێت، لەسەر بنەمای هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت PPP .

## ١,٤ تیۆرییە ئابوورییەکان

لە تیۆری سەرمایەداری کلاسیک بنچینە سەرەکیە کان پێکدێن لە بیرۆکەی حوکمڕانی ئابووری دەبێ بە پلەی یەکەم پشت بە بازاڕی ئازاد ببەستێت و دەوڵەت ڕۆڵێکی سنووردار بگێڕێت. ئەوەی لە حکومەت چاوەڕوان کراوە پێکهێنان و جێبەجێکردنی چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیە کە لە ڕێگەیەوە بازاڕەکان کارا ببن، لە هەمان کاتدا مافی خاوەندارێتی سەرمایە و موڵکداری و سەروەری یاسا بپارێت.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت PPP بە شێوەیەکی فەرمی بەکار بهێنرێت وەک دامەزراوەی خاڵی پەیوەندی نێوان دەوڵەت وەک دابینکاری سیاسەی (policy provider) و کەرتی تایبەت وەک جێبەجێکاری سەرمایە. (capital implementer) .

بە بەکارهێنانی هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت PPP، دەوڵەت دەتوانێت توانای بونیادنان و ڕیچکەی کارگێڕی پارە بەهێز تر بکات و لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆر لە مەترسی دارایی (ڕسک) و ڕێچکەی گەشەپێدانی بازاڕ بگوێزێتەوە بۆ کەرتی تایبەت. بەوەش توانای خۆ بەرەوپێشبردنی لە دروستبوونی هەلی کار، هاندانی بازاڕ، پاراستنی کوالێتیی خزمەتگوزاری بەهێز تر دەبێت.

## بەشی دووەم – تیۆرییە ئابوورییەکان و پەیوەندیی نێوان هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت PPP و هەلی کار

### ٢,١ چوارچێوەی تیۆری ئابووری

تیۆر ییە کلاسیکییەکانی ئابووری، وەک بیرۆکەکانی **Adam Smith** و **David Ricardo**، لەسەر بنەمای ئابووریی بازاڕی ئازاد بنیات نراون. لە دیدگای ئەم قوتابخانانەوە، ئەگەر سەرمایە و هێزی کار ئازاد بن و دەستوەردانی حکومەت لە بازاڕدا سنووردار بێت، ئەوا بازاڕ خۆی خۆبەخۆ ڕێک دەکەوێت و دەتوانێت گەشەی ئابووریی و دروستکردنی هەلی کار دابین بکات.

بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەم تێڕوانینە بە شێوەیەکی زانستی لەلایەن **John Maynard Keynes** ڕەخنەی لێگیرا و بەشێکی بەرپەرچ درایەوە. لە دیدگای ئەو، بێکاری و کەمبوونی هەلی کار نەک تەنیا کێشەی کاتی نین، بەڵکو ئەگەر حکومەت بە سیاسەتی گشتی و دارایی گونجاو و بە دەستوەردانی ڕێکخراو لە بازاڕدا، چارەسەریان نەکات، دەتوانن ببنە هۆکاری لاوازبوون و ناپایەداری ئابووری.

بە پێی ئەم تیۆرییە، هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەتPPP وەک سیاسەتی گشتی و ئامرازی بەڕێوەبردن بەکار دەهێنرێت بۆ :

- لێکۆڵینەوە لە بەردەستی توانا و هەبوونی بۆشایی و هەلەکانی وڵات پێش ئەوەی PPP وەک ئامرازێکی سیاسەت بەکاربهێنرێت.
- فێرکردنی گەنجان بە مەبەستی زیادکردنی هەلی کار.
- بەرهەمهێنانی درێژخایەن و بەردەوام.

بەپێی ئەو تیۆریە، هەلی کار نەک تەنیا پێوانە یەکی ئابووری نییە ، بە ڵکو نیشانە ڕێی سیا سی و کۆمە ڵایە تییە . ڕەنگدانەوەی ئاستی ڕەزامەندی گشتی و متمانە بە حکومەت و کاریگەریی حوکمڕانییە.

### ٢,٢ تیۆریی سەرمایەی مرۆیی (Human Capital Theory)

تیۆریی سەرمایەی مرۆیی کە لەلایەن Theodore W. Schultz(١٩٦١) و Gary Becke (١٩٦٤) پێشکەش کرا، داکۆکی کارە لەوەی کە فێرکردن، ڕاهێنان و پەرە پێدانی توانا کانی مرۆڤ، بە تایبەتی گەنجان، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە زیادکردنی بەرهەمهێنان. بەم پێیە، کارامەییە کان لە دەسکەوتی کەسیەوە

دەبن بە سەرمایەیەکی گرنگی ئابووری.
لەسەر ئەم بنەمایە، ئەگەر کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی چالاک بەشداری پێ بکرێت لە سەرمایەگوزاری لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لە ڕێگەی هاوبەشی کەرتی گشتی- تایبەتPPP ئەوا دەتوانرێت کۆمەڵگە لە ئابوریەک کە تێیدا پارە تەنیا بە تاک دەدرێت بگوێزرێتەوە بۆ ئابووریەک کە تێیدا داهات لە فێرکردن، شارەزایی و دروستکردنی توانا بەدەست دێت.
ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێت شێوازی سەرمایەگوزاریی هاوبەشی کەرتی گشتی- تایبەتPPP بۆ بونیادنانی قوتابخانە و پەیمانگەکان و پرۆژەی فێرکاری بەکار بهێنێت، ئەوا بە پێی ئەم تیۆرییە بەرهەمدار دەبێت. ئەوەش واتە:

- هاوبەشی کەرتی گشتی - تایبەت وەک سیاسەتی ڕێکخەری فێرکردنی گەنجان بەکار بهێنرێت.
- وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت دەتوانێت ئاستی پەروەردە بەرز بکاتەوە لە ڕێگەی باشترکردنی بەکارهێنانی سەرچاوەکان و هاوئاهەنگی ڕاهێنان لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کار.
- ئەنجام: هەلی کاری زیاتر و بەرزبوونی بەهرەی فێرکراو.

### ٢,٣ تیۆریی پەیوەندیی حوکمڕانی و بازاڕ

تیۆرییەکانی وەک «Institutional Economics» و «Public Choice Theory» ئەوە دەخەنە ڕوو کە بێ پەیوەندیی دروستی نێوان بازاڕ و حکومەت، هیچ سەقامگیری ئابوری ناتوانرێت بەردەوام بێت.
ئامانجی هاوبەشی کەرتی گشتی - تایبەت PPP ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییە بە شێوەیەکی فەرمی بخرێتە چوارچێوەی هاوبەشی ڕاستەقینە.
لە نەرویج، PPP بە شێوەیەکی بەرچاو بەکار دەهێنرێت بۆ:

- پاراستنی کوالێتیی خزمەتگوزاری.
- بەرزکردنەوەی ئاستی کاریگەری بەکارهێنانی بودجەی گشتی.
- دروستکردنی هەلی کاری درێژخایەن.

هەمان مۆدێل دەتوانرێت بکرێتە بنەمای گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان، بەتایبەتی لە کەرتەکانی: پەروەردە، وزە، و بەرهەمهێنان.

### ٢,٤ نێکسوسی (یەکتربڕی) سەرمایەگوزاری و هەلی کار (Investment–Employment Nexus)

لە توێژینەوە ئابوورییەکاندا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان سەرمایەگوزاری و فەراهەم کردنی کار. بە پێی ڕاپۆرتی OECD (٢٠١٩)، هەر ١٪ زیادبوون لە سەرمایەگوزاریی گشتی دەتوانێت ببێتە هۆی ٠,٣ تا ٠,٥٪ زیادبوونی. ئەم داتایە نیشان دەدات کە سەرمایەگوزاری ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کەمکردنەوەی بێکاری و بەهێزکردنی بازاڕی کار.
لەگەڵ ئەوەی هاوبەشی کەرتی گشتی - تایبەت PPP تەنیا ڕێکار نییە بۆ پەرەپێدانی ئابوری وەک

ڕێگا، پیل یاخود کارەبا، بەڵکو دەتوانێت ببێتە هۆکار بۆ زیادکردنی هەلی کار و چالاککردنی ئابووریی ناوخۆیی.

لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر پرۆژەیەکی هاوبەشی کەرتی گشتی- تایبەت PPP بۆ دروستکردنی پارکی وزەی خۆرەکی Solar) (Energy Park جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەتوانێت لە هەمان کاتدا ئەنجامە ئابووریی و کۆمەڵایەتییە گرنگەکانیش بپێکرێت.

## بەشی سێیەم- ئەزموونی نەرویج

### ٣,١ سەرچاوەی مۆدێلی نەرویجی

نەرویج لە نێوان وڵاتە OECD ـیەکان، بە یەکێك لە سەرکەوتووترین نموونەکانی بەکارهێنانی مۆدێلی هاوبەشی کەرتی گشتی- تایبەت PPP بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتییەکان.

دەستپێکی ئەم مۆدێلە لە نەرویج دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٨ کە حکومەتی نەرویج سیاسەتێکی نوێیان سەبارەت بە بەکارهێنانی فینانسی(دارایی) تایبەت لە پرۆژەی ژێرخانی پەسند کرد. ئەمەش بە هۆی هەبوونی فشارێکی زۆر لە سەر بودجەی نیشتمانی و لەهەمان کاتدا هەبوونی پێویستی بە پەرەپێدانی ژێرخان .

لە نەرویجدا، لە چوارچێوەی پەیوەندییە فەرمییەکانی نێوانStatens Vegvesen دەستەی فەرمیی ڕێگا وبان و کەرتی تایبەتی، مۆدێلی Design–Build–Finance–Operate (DBFO) (دیزاین – دروستکردن - دارایی- کاراکردن) وەک یەکێک لە شێوازە بنەڕەتییەکانی هاوبەشی کەرتی گشتی – تایبەتیی بەکار هاتووە. ئەم مۆدێلە ڕۆڵی کەرتی تایبەتی لە سنووری دیزاین و بونیاتنان تێپەڕاندووە و بۆ سەرمایەگوزاریی دارایی و بەڕێوەبردنی درێژخایەنی پرۆژەکان فراوانتر کردووە.

لە ئەنجامدا، لایەنی کەرتی تایبەتی لەم جۆرەی هاوبەشی کەرتی گشتی - تایبەت بەرپرسیارێتی تەواوی دیزاین، دروستکردن، دابینکردنی دارایی و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ یان زیاتر لەخۆ دەگرێت، ئەمەش بە شێوەیەکی زانستی و پلان داندراوی پێشوەختە دەبێت، وەکو لە تیۆریەکان ئاماژەی پێدراو و لە جێبەجێکردنیش درکی پێکرا، بووە هۆکاری بەرزکردنەوەی کاریگەرییەتی، کەمکردنەوەی تێچوو و مەترسییە داراییەکان لەسەر حکومەت و باشترکردنی کوالێتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان .

### ٣,٢ کاریگەریی مۆدێلی نەرویج لەسەر زیادکردنی هەلی کار و گەشەپێدانی ناوخۆیی

بەپێی ڕاپۆرتی Norwegian Public Roads» Administration و توێژینەوەکانی (٢٠١٨)، کارپێکردنی مۆدێلی هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت بووە هۆکاری دروستبوونی زیاتر لە ٨٠٠٠ هەلی کار لە ماوەی سێ ساڵدا، لە پرۆژەکانی گواستنەوە وەک ڕێگا، پرد و *هێڵە ژێر* زمینییەکان .

ئەم مۆدێلە نەک تەنیا لە دروســـتکردنی هەلی کاردا کاریگەر بووە، بەڵکو هۆکارێکی گرنگیش بـووە بـۆ پەرەپـێـدانـی کـارامەیـی گەنـجـان و ئەنـدازیـاران، لە ڕێگەی ڕاهێنـانـیـان لەســەر فەرهەنگی کـار، ڕێنماییەکـانی پـاراســتنی تەنـدروســتی و ســەلامەتی لە هەلی کـار و جێبەجێکردنی ڕێکاری کۆنترۆڵە جۆریەکان.

## ٣,٣ ئەزموونی وڵاتی نەرویج لە تواناســازی و کەرتی پەروەردە

لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ – ٢٠٢٠، وڵاتی نەرویج مۆدێلی هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت PPP لەکەرتی پەروەردە و تواناسازی گەشە پێ دا.

نمونەیەکی زەق، پرۆژەی «Bjørnsveen School PPP Project»بـوو لە Lillehammer کە بە هاوبەشـــی «Skanska ASA» و «Statsbygg» بەرهەمهێندرا.

**ئەنجامەکەی:**

- ٣٠ هەلی کار لە قۆناغی بونیادنان.
- ٢٠ هەلـی کـاری بەردەوام لە قـۆنـاغـی بەڕێوەبردن.
- **بەرز بوونی ئـاســـتی زانســـتی** بە هۆی بەکـارهێنـانی ســیســـتمە دیجیتاڵییە تایبەتییەکانەوە.

هۆکـاری ســەرەکەی پەیرەو کردنی مۆدێلی هـاوبەشـــی کەرتی گشـــتی- تـایبەت PPP لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکاندا ئەوە بوو تا هەل بدا بە حکومەت سیستمە فێرکاریە نوێ و جیاوازاکان ئەزموون بکات بە مەبەســـتی بەدەســـت هێنانی ئـاســـتی توانـای بەرزتر، بەڵام لە هەمـان کـات ڕووبەڕووی هەڵکشـــانی زیادە بەدەر لە بودجەی پەروەدە نەبێتەوە.

## ٣,٤ گەشـەپێدانی توانای گشــتی (Public Capacity Building)

ئەم ئەزموونە نیشانی دەدات کە بە سوود وەرگرتن لە مۆدێلی هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت PPP بەدەر لە بەدەســتهێنـانی ســەرمـایەی کەرتی تایبەت، پەرەســەندنی تواناکانی کارمەندانی کەرتی گشتیش لە خۆ دەگرێت.

بەپێی تاقیکردنەوەی «OECD, 2021»، لە نەرویج و دانمارك، بەکارهێنانی هاوبەشـی کەرتی گشـتی - تایبەت PPP بۆ ١٠ ساڵ بوە هۆی زیادبوونی ٣٥٪ کـارامەیی کـارمەنـدانی کەرتی گشــتی و ٢٢٪ دابەزین لە کورتەی کاریگەری دارایی.

ســەرکەوتنی نەرویج لە مۆدێلی هاوبەشــی کەرتی گشتی و تایبەت (PPP) لەسەر بنەمای هاوسەنگیە لە نـێـوان یـاســـا ڕوونەکـان، بەشـــداری پێکردنیکۆنترۆڵکراوی کەرتی تایبەت، و پاراســتنی خزمەتگوزارییە گشـــتیەکـانە. ئەم هـاوســەنگییە یـارمەتـی دامەزراوەکـانـی داوە بـۆ فـێـربـوون و باشترکردنی سیاسەتەکان بە تێپەڕبوونی کات.

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت ئەم مۆدێلە بە هەمان شێوە کارا بکات، بەتایبەتی لە:

- پەرەپێـدانی ئـاســـتی کەلتووری فێرکـاری و فێربوون.

- گەشــەپێـدانــی کەرتـی پەروەردە بە زیـاتـر تێهەڵکێشـــانی لە کەرتی تایبەت و دانانی ڕێـنـمایـی کـارا بـۆ هەمـاهەنـگـیـی نـێـوان دامودەزگاکانی پەروەردە و حکومەت.

ئەوا دەبێتە بنەمای نوێ نەک تەنها بۆ زیادکرنی هەلی کـار بەڵکو بۆ بەرزکردنەوەی ئـاســتی کارامەیی و گەشەپێدانی پایەدار و بەردەوام.

### ٣,٦ فێرکردنی گەنجان و بەرهەمهێنانی نوێ

شانبە شانی ئەم مۆدێلە، نەرویج ڕێبازی فێربوون بە ئەنـجـامـدانــی Learning-by-Doing» «Scheme بەکـارهێنـا، کە ڕێگەی بە گەنجـان دەدا ڕاهێنـانی پراکتیکی بەدەســتبهێنن لە هەمان کاتدا تێچووی پرۆژەکان کەمبکەنەوە.

نمـونەیەکـی دیـکە، لە پـرۆژەی E39 PPP، لە قۆناغی بونیادناندا نزیکەی ١٠%ی وەبەرهێنانی کەرتی تـایبەت بەشـــداربوو لە پرۆژەکەدا بۆ پەرەپێـدانی پەروەردە و ڕاهێنـانی کـارمەنـدان وپەیمانگە ناوخۆییەکان تەرخانکرا. ئەم نموونەیە ئەوە دەردەخات کە PPP دەتوانێت نەک تەنها بەشـــدار بێـت لە پەرەپێـدانی ژێرخـانی بەڵکو دەبێتە هۆی پەرەپێدانی کارامەیی درێژخایەن بۆ گەنجان و بەهێزکردنی بازاڕی کاری ناوخۆیی.

## بەشی چوارەم– ئەزموونی نێودەوڵەتی

### ٤,١ ئەزمــوونــی – Colombia لە ئــاو و تەندروستی

کۆڵۆمبیـا یەکێکە لە وڵاتە ســەرکەوتووەکـان لە بە کارهێنانی مۆدێلی (PPP) بۆ گەشــەپێدانی خزمەتگوزاریی ئاو کە تێیدا ئەم هاوبەشـــیە بە شێوەی ڕێکخراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی World Bank (2017) ، کۆڵۆمبیا ئەزمونێکی تایبەتی بۆ هاوبەشـی کەرتی گشـتی و تایبەتی بۆ فەراهەم کردنی خزمەتگوزاریی ئاو پێک هێنا.

**ئەنجامەکەی:**

- زیـادبوونی دەســـتگەیشـــتنی ئـاو بە ٨٥٪ی خێزانەکان.
- فەراهەم کردنی ١٢٠٠ هەلی کار بە شــێوەی ڕاستەوخۆ.
- ٥٠ هەلــی کــاری بەردەوام لە قــۆنــاغــی بەڕێوەبردن.

کۆڵۆمبیـا ڕەوشــێکی بەرهەمهێنــانی بە نـاوی گرێبەســـت لەســـەر بنەمای ئەدای کارکردن. **"Performance-Based PPP Contracts"** کە تێیدا پێدانی شـایسـتە دارایەکان پەیوەسـتە بە ئەنجام و کوالێتیی کار، نەک بە قەبارەی پرۆژە.

ئەم مۆدێلە توانای کەرتی گشــتی و تایبەت بۆ هەمـاهەنگی درێژخـایەن نیشـــان دەدات، بە مەرجــێــک شـــەفـافـیەت و داهـێـنـان لە جێبەجێکردندا لە پێشینەدا بێت.

### ٤,٢ ئەزموونی – Chile پەیوەندیی سەرمایە و یاسا

چیلی یەکێکە لە پێشـــکەوتووترین وڵاتـانی ئەمریکات لاتینی لە بەکارهێنانی مۆدێلی PPP. چیلی لە سـاڵی ١٩٩٤، یاسـای Concession»

«Law ـی خستە بواری جێبەجێکردنەوە، کە ڕێگا خۆشـــکەرە بۆ کۆمپانیا کانی کەرتی تایبەت تا بتوانن بە شێوەی یا سایی لە کێبرکێ بۆ فەراهەم کردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەشدار بن.
بەپێی OECD (2020) ، چیلی بە هۆی پەیڕەو کردنی ئەم یاسـایە توانایەکی تایبەتیی بەدە ست هێناوە لە:

- بە دەسـتهێنانی سـەرمایەی کەرتی تایبەت بە گوژمی نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلار.
- فەراهەم کردنی زیاتر لە ٢٥٠٠٠ هەلی کار لە پرۆژەی ڕێگا و فڕۆکەخانە.

شـــیلی لە نێو وڵاتـانی پێشـــکەوتوودا بە نموونە دادەنـرێـت، بە هـۆی دامەزرانـدی یەکەیەکـی ڕێکخستنی ئیمتیازی "Concession Regulation Unit" کە بەرپرســیـارە لە ســەرپەرشــتیکردن و چاودێریکردنی هاوبەشە بەشدار بوەکان لە کەرتی تایبەت لە پەرەپێدانی ژێرخان و وەبەرهێنان . لە ڕێگەی ئەم ڕێکخســـتنە دامەزراوەییەوە، مۆدێلی شـــیلی شــەفافیەت و چاودێری یاســـایی بەهێزی پاراســـت. لە ئەنجـامـدا، PPP کـان توانیـان بە شێوەیەکی کاریگەر لە چوارچێوەی تۆڕێکی خاوەن پێکهاتە و ڕێکخراودا کاربکەن.

**٤,٣ ئەزموونی – Jordan کەرتی وزەی خۆر**

ئوردن بە ســـەرکەوتوویی مۆدێلی هـاوبەشـــی کەرتی گشـــتی-تایبەتی (PPP) لە کەرتی وزەی نوێبووەوەدا بەکارهێنا. لە نێوان ســـاڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٩، بە بەکـارهێنـانی مۆدێلی ڕێککەوتنی کـڕینـی کـارەبـا PPA (Power Purchase Agreement) ، ئوردن وەبەرهێنـانی بەرچـاوی کەرتی تایبەتی بۆ خۆی ڕاکێشا و نزیکەی ٣٠٠٠ هەلی کاری ڕەخساند. پارکە خۆرییەکەی مەعان Ma’an Solar Park یەکـێـکە لە نمـوونەکـانـی مۆدێلی PPP. پڕۆژەکە توانـای ٥٠ مێگـاوات هەیەو نزیکەی ٤٠%ی ســـەرمـایەی دارایی لە کەرتی تایبەتەوە بۆ دابین کراوە.
ئەم مۆدێلە بە ڕوونی یارمەتیدەر بووە لە زیادکردنی بەرهەمـهـێـنـانـی وزەی پـاک. لەوەش گـرنـگـتر، یـارمەتیـدەر بووە بۆ دروســـتکردنی هەلی کـار بۆ گەنجان. لەنێو ئەوانەی بەشـــدارییان لە پرۆژەکاندا کردووە، نزیکەی ٢٥%یـان ڕاهێنـانی تەکنیکییـان وەرگرتووە بۆ ئەوەی بتوانن کارە کانیان بپارێزن و کارامەیی درێژخایەن لە بازاڕی کاردا بنیات بنێن. بەهۆی ئەم ئەنجامانەوە ئەم مۆدێلە دەتوانێت ببێتە بنەمـایەک بۆ پرۆژەی ســـتراتیژی لە هەرێمی کوردســـتـان بەتـایبەتی لە بواری وزەی پـاک و نوێبووەوە. پرۆژەکانی وەک سیســتمی وزەی خۆر و بـای گەورە دەتوانن هەلی کـار دروســـت بکەن و گەنجـان ڕابهێنن و پشـــتبەســـتن بە ســـەرچـاوە تەقلیدییەکانی وزە کەم بکەنەوە.

**٤,٤ ئەزموونی – Morocco گەشـــەپێـدانی ئابووریی ناوخۆیی و کواڵێتی ژیان**

مەغریب یەکێکە لەو وڵاتە گەشـــەســـەندووانەی ئەفریقا کە بە فەرمی مۆدێلی هاوبەشـــی کەرتی گشـــتی-تایبەت (PPP) لە کەرتەکانی وەک ئاو،

بەڕێوەبردنی ئـاوی پیس (زێراب) و کۆکردنەوە و چارە سەرکردنی پا شماوە بەکاردەهێنێت. پڕۆژەی پاشـــماوەی کازابلانکا Casablanca Waste «PPP» نموونەیەکی سەرکەوتووی هاوکاری نێوان حکومەت و کەرتی تایبەتە، کە وەبەرهێنانەکەی نزیکەی ٥٠ ملیۆن یۆرۆیە.

دەســتکەوتە ســەرەکییەکانی پڕۆژەکە بریتین لە باشـترکردنی کارایی لە سیسـتمی کۆکردنەوە و چارە سەرکردنی پا شماوە، درو ستکردنی نزیکەی ٤٠٠ هە لی کـاری فەرمی و هە میشــە یی، و ســتـانـداردی بەرزتر لە پـاراســتنی ژینگە و تەندروسـتی گشـتی. هەروەها پڕۆژەکە بارگرانی دارایـی لەســەر حـکـومەت کەمـکـردەوە لە بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکان و یارمەتیدەر بوو لە دامەزراندنی چوارچێوەی یاســایی و چاودێری بۆ پـاراســتنی ژینگە. جگە لەوەش پەروەردە و ڕاهێنـان بۆ کـارمەنـدانی وەک خزمەتگوزارانی ژینگە و شۆفێران، بە نزیکەی ٢٨% زیادی کرد. ئەم دەرەنجا مانەش ئا ماژەن بەوەی کە مۆدێلی PPP تەنهـا ئـامرازێـک نییە بۆ بـاشــترکردنی کوالیتی و کارایی خزمەتگوزارییە گشــتیەکان، بەڵکو چوارچێوەیەکی کـاریگەرە بۆ ڕاهێنـان، پەروەردەکردن و بەهێزکردنی گەنجان.

**٤,٥ ئەزموونی – South Africa**

ئەفریقای باشـــوور توا نایەکی بەهێزی لە وزەی پـاک و درووســـتکردنی هەلی کـار لە ڕێگەی REIPPP (Renewable Energy Independent Power Producer Procurement Programme) (بەرنـــامەی دابینکردنی سـەربەخۆی بەرهەمهێنەری کارەبای وزەی نوێبووەوە) پەرە پێـداوە. بە پێی ئـامـاری ســـندوقی دراوی نێودەوڵەتی IMF (٢٠١٩) ئەم بەرنـامەیە نزیکەی ٣٢٠٠ هەلی هەلی کـاری ڕاســتەوخۆ و نزیکەی ١٠ هەزار هەلی کـاری ناڕاستەوخۆی ڕەخساندووە.

ئەم نموونەیەش ســەلمێندراوێکی ترە کە دەوڵەت چۆن دەتوانێت بازاڕ بە گەشـەپێدانی نیشـتمانی ببەســتێتەوە بە بە کارهێنانی یاســـای ڕوون و سیستمی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کاریگەر.

**٤,٦ خاڵی هاوبەش**

لە ســـەرانســـەری ئەم وڵاتانەدا دەتوانرێت دوو بنەمای سەرەکی وەک خاڵی هابە شی پێویست بۆ سەرکەرتن دەستنیشان بکرێت:

١. چوارچێوەی یاســـایی بەهێز و شـــە فافیەت پێویستە بۆ سەرکەوتن.

٢. لێرەدا پەیوە ندییەکی ڕوون لە نێوان گەنجان و هەلی کار و دەســـتڕاگەیشـــتن بە هەلە کانی خوێندن و ڕاهێنان هەیە.

ئەگەر هەرێمی کوردســـتـان بتوانێـت ئەم دوو پرەنسـیپە وەک پێداویسـتی سـیاسـی و ئابووری ناوخۆییە کانیەوە کارا بکات، دەتوانێت ڕێبازێکی سـتراکتۆر بۆ گەشـەپێدانی بازاڕ دروسـت بکات و وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت بەهێز بکات.

**بەشـــی پێنجەم – دۆخی هەرێمی کوردســـتان و ستراتیژیی ناوخۆیی بۆ بەکارا کردنی PPP**

**٥,١ دۆخی ئابووری و بازاڕی هەلی کار**

**هەرێمی کوردســـتان** لە مـاوەی دوو دەیەی دووەمی ســـەدەی بیســـت و یەکدا، بە تایبەتی دوای ساڵی ٢٠١٤، ڕووبەڕووی کێشە و قەیرانی ئابووری و ژێرخانی بوو. ئەم قەیرانە لە کۆمەڵێک هۆکـاری ســـەرەکی پێکهـاتوە، لەوانە کێشـــە داراییەکان لە بواری نەوت و دواخستنی پێدانی شـایستەی بودجەی حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا بۆ هەرێم.

لەم مـاوەیەدا داهـاتی نەوت نزیکەی ٨٠%ی بودجەی هەرێمی کوردســـتـانی پێکهێنـاوە، ئەمەش ئاســـتێکی بەرزی پشـــتبەســـتن بە یەک ســـەرچـاوەی داهـات نـیشـــان دەدات. ئەم پشتبەستنە بە نەوت کە سەرچاوەیەکی ناجێگیر و هەمەچەشن نییە، پێکهاتەی دارایی لاواز کرد و توانای هەرێم بۆ پلاندانانی درێژخایەنی سنووردار کرد. لە ئەنجامدا، هەڵاوســـانی نرخی نەوت لە جـیـهـانـدا وایـکـردووە کە نـاوچەکە بەرەوڕووی قەیرانی دارایی و ناسەقامگیری ئابووری ببێتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی چـاکســـازی ئـابووری حکومەتی هەرێمی کوردسـتان KRG Economic Reform (٢٠٢٣)، حکومەتی هەرێم نزیکەی ٧٢٠ هەزار کرێکار و مامۆســـتای لە کەرتی گشـــتی هەیە، لەکاتێکدا کەرتی تایبەت لەڕووی بەرهەمهێنان و ڕەخســـاندنی هەلی کارەوە هێشـــتا لاوازە. لە هەمـان کـاتـدا، بێکـاری- بە تـایبەت لە نێوان گەنجان و دەرچوانی ئاســـتی جیاوازی خوێندن- بە نزیکەی ٢٧% مەزەندە دەکرێت.

ئەم دۆخە دەری دەخـات کە هەرێم ڕووبەڕووی مەترسـیی دارایی بەرچاو و توانای گەشـەپێدانی سـنووردار دەبێتەوە، هەربۆیە پێویسـتی بە مۆدێل و چوارچێوەی نوێی گەشـــە پێـدان هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، دەتوانرێـت مۆدێلی هـاوبەشـــی کەرتی گشـــتی و تایبەت (PPP) وەک ئامرازێکی کـاریـگەر بـۆ فەراهەم کـردنـی وەبەرهـێـنـان، دروســـتکردنی هەلی دامەزراندن و چالاککردنی بازاڕی کار بەکاربهێنرێت.

**٥,٢ توانای یاسایی**

بەپێی هەڵســـەنگاندنەکانی OECD و UNDP (٢٠٢٢)، هەرێـمـی کـوردســـتـان هـێـشـــتـا چوارچێوەیەکی یـاســـایی تـایبەت و فەرمی بۆ پڕۆژەکانی هاوبەشـــی کەرتی گشـــتی و تایبەت (PPP) پەســـەند نەکردووە. لە ئێســـتادا زۆربەی پڕۆژەکـانی هـاوبەش لە ڕێگەی ڕێککەوتنی تـاکەکەســـی یـان ڕێـنـمـایـی حـکـومەتەوە بەڕێوەدەبرێن، نەک یاسایەکی یەکگرتوو.

بەڵام لە دوای ســـاڵی ٢٠٢٠ گفتوگۆ و هەوڵی فەرمی لە نێوان پەرلەمان و وەزارەتی پلاندانان بۆ پەرەپـێـدانـی یـاســـایەکـی تـایـبەت بە PPP دەستیپێکرد. ئامانج لەم یاسایە دیاریکردنی ڕۆڵ و ماف و بەرپرسیارێتی کەرتی تایبەت بە ڕوونی و دیاری کردنی ڕێکاری بەشـــداری کەرتی تایبەتە لە پلانـدانـان و جێبەجێکردن و چـاودێریکردنی

پرۆژەکاندا. ئەمەش بە مەبەستی بەهێزکردنی شەفافیەت و میکانزمی لێپرسینەوە و زیادکرنی ئاستی کاریگەریی پرۆژەکانە.
لە ئەگەری پەسەند کردنی ئەم یاسایە - کە چاوەڕوان دەکرا بۆ ساڵی ٢٠٢٦- بناغەی یاسایی بۆ جێبەجێکردنی دروستی مۆدێلی PPP لە هەرێمی کوردستاندا دابین دەکرێت.

### ٥,٣ سیاسەتی دارایی و ڕەوشی بەرەو پێشچوون

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان، لاوازی پەیوەندی نێوان سیاسەتی دارایی و بانکی و وەبەرهێنانی کەرتی تایبەتە.
لە هەمان کاتدا پێویستە زۆرێک لە بانکە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی ڕێک تر و سیستمی تر کاربکەن. لە لایەکی دی بەهۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی ڕوون، ناتوانن پشتگیری لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی بەردەوام و درێژخایەن بکەن بە شێوەی خوازراو.
جگە لەمەش دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکانی وەک IFC، EBRD، و بانکی نێودەوڵەتی World Bank ئارەزووی بەهێزیان بۆ کارکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێم نیشانداوە. بەڵام ئەم جۆرە هاوبەشییانە پەیوەستن بە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی یاسایی فەرمی PPP، هەروەها باشترکردنی شەفافیەت، لێپرسینەوە و ڕێکخستنی دارایی.

**پێویستە حکوومەت:**

١. دامەزراندنی یەکەیەکی تایبەتی بۆ PPP (Unit) لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی دارایی، بۆ پلاندانان، هەڵسەنگاندن، چاودێری و ڕێکخستنی پرۆژە هاوبەشییەکان.
٢. دروستکردنی مەرج و میکانیزمی ڕوون و ستاندارد بۆ هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی پرۆژەی کەرتی تایبەتی، بۆ دڵنیابوون لە کارایی، گونجاوی دارایی و کاریگەریی ئابووری.
٣. ڕێکخستنی چوارچێوەی یاسایی و دارایی بۆ گەشەپێدانی سەرمایەی بانکەکان، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی کارا و دروست پرۆژەی گەشەپێدانی درێژخایەن و هاوبەشییەکان پشتگیری بکەن.

### ٥,٤ دۆخی کۆمەڵایەتی و کەلتووری

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەوە، جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان هەڵوێستی گەنجان و پراکتیزە کردنی کلتووری کارکردنی ئێستادا هەیە، بە تایبەت پەیوەست بە هەڵبژاردنی بازاڕی کاردا. بەپێی SMERI (٢٠٢٤)، تەنها نزیکەی ٢٠-٣٠%ی تاکی خوێندەوار ئارەزووی کارکردنیان لە کەرتی تایبەتدا هەیە.
ئەم ئاستە نزمە پەیوەستە بە باوەڕێکی کۆمەڵایەتییەوە کە دامەزراندن لە کەرتی گشتی سەلامەتتر و جێگیرتر و دڵنیاترە. ئەم تێڕوانینە بە تێپەڕبوونی کات لە نێو گەنجاندا چەندین جار بەهێزتر بووە.

ئەم دۆخە پێویستییەکی ڕوون بە گۆڕانکاری لە پەروەردە و کولتووری کاردا نیشان دەدات. پێویستە ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە لە ڕێگەی سیاسەتی پەروەردەی یەکگرتوو و بەشداریکردنی زیاتری کەرتی تایبەت و پەرەپێدانی دامەزراوە و بەرنامەکانی ڕاهێنان کە گەنجان ئامادە بکات و هانیان بدات بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەتدا.

مۆدێلی هاوبەشی کەرتی گشتی-تایبەت (PPP) دەتوانرێت وەک ئامرازێکی ستراتیژی بەکاربهێنرێت بۆ:

- گۆڕینی تێڕوانینی کلاسیکی بۆ کار لە "دامەزراندن لە دەوڵەتدا" بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە بازاڕی کار و کەرتی تایبەتدا.
- بەستنەوەی کەرتی پەروەردە بە بازاڕی کارەوە لە ڕێگەی ڕاهێنانی کارامەیی و پەیمانگەی پیشەیی و پرۆگرامی پراکتیکی.
- پاراستن و دابینکردنی بەرژەوەندیی درێژخایەن بۆ گەنجان لە بازاڕی کاری پێشکەوتوو و ڕێکخراو (competitive) .

**٥,٥ ستراتیژیی پەیوەستکردنی PPP لە هەرێمی کوردستان**

بە سوودمەند بوون لەو توێژینەوانەی کە لەسەر نەرویج، چیلی و ئوردن ئەنجام دراون، هەرێمی کوردستان دەتوانێت چوارچێوەیەکی سێ قۆناغی بۆ جێبەجێکردنی مۆدێلی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت (PPP) بەکاربهێنێت، وەک بنەمایەکی گونجاو بۆ گەشەپێدانی درێژخایەن؛

| قۆناغ | پێناسە | ئامانج | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| **قۆناغی ١** | چوارچێوەی یاسایی و بە دامەزراوەیی کردن | دانانی یاسایPPP و دامەزراندنی یەکەی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردن | دروستبوونی پەیوەندییەکی ڕێکخراو و شەفاف لەنێوان دەوڵەت و کەرتی تایبەتی |
| **قۆناغی ٢** | فێرکاری و بەشداریی گەنجان | دامەزراندنی پەیمانگەی فێرکاری، ڕاهێنان | فێرکردن و توانابەخشینی گەنجان و دروستکردنی هەلی کار |
| **قۆناغی ٣** | میکانزمی پاراستن، چاودێری و هەڵسەنگاندن | پێوانەکردنی کوالێتی، شەفافییەت و پاراستنی ژینگە | دڵنیابوون لە بەردەوامی لە جێبەجێکردندا، پەیڕەوکردنی لێپرسراوەیی وپاراستنی بەرژەوەندیی گشتی |

**٥,٦ دۆخی ڕاگەیاندن**

حکومەتی هەرێم، بەتایبەتی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان، پێویستە ڕاگەیاندنی فەرمی بۆ دام ودەزگا نێودەوڵەتی و تایبەتەکان دەربکەن، کە ئاماژە بێت بۆ هەبوونی هۆشیاری دامەزراوەیی و توانا و ئامادەیی بۆ بەکارهێنانی مۆدێلی PPP.

دانپێدانانی پەرلەمانی و بە فەرمیکردنی ڕاگەیاندنی گشتی سەبارەت بە "دیدگای دامەزراندنی هاوبەشی کەرتی گشتی - تایبەتی ٢٠٣٠" "PublicPrivate Employment Vision 2030" دەتوانێت ببێتە ڕەهەندی پاڵنەر جێبەجێکردنی ئەم مۆدێلە.

**٥,٧ پێشنیار**

- هەرێمی کوردستان پێویستی بە چوارچێوەی یاسایی بانکی و فێرکاریە بۆ جێبەجێکردنی PPP هەیە.
- دەتوانێت پەیوەست بە ئەزموونی نەرویج و ئوردن، مۆدێلی تایبەتی ناوخۆیی دروست بکات.
- پەیوەستکردنی فێرکردن و هەلی کار بە هاوبەشیی کەرتی گشتی - تایبەتی دەبێتە بنەمای گەشەپێدانی ئابووریی بەردەوام.

**بەشی شەشەم – ستراتیژی و چوارچێوەی جێبەجێکردنی مۆدێلی هاوبەشی نێوان سێکتەری گشتی و تایبەتی (PPP) لە هەرێمی کوردستان**

**٦,١ پێشگەری ستراتیژییەکان**

بە پشتبەستن بە توێژینەوە و ئەزموونی نێودەوڵەتی، جێبەجێکردنی مۆدێلی PPP لە هەرێمی کورد ستان پێویستی بە ستراتیژییەکی هەماهەنگ و باش داڕێژراو هەیە کە لە سەر سێ بنەمای سەرەکی بنیات نراوە:

١.چوارچێوەی دامەزراوەیی و یاسایی (Institutional & Legal Framework)

٢. تواناسازی و میکانیزمی جێبەجێکردن (Capacity & Implementation Mechanisms)

٣. چوارچێوەی ژینگەیی و شەفافیەت و بەردەوامیی (Sustainability & Governance Framework)

ئەم سێ بنەمایە پێویستە بە شێوەیەکی فەرمی لە ڕێگەی یەکەیەکی تایبەت بە PPP جێبەجێ بکرێت، کە لە ژێر چاودێری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی دارایی کاردەکات.

**٦,٢ بنەمای یاسایی و دامەزراوەیی**

پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی فەرمی بۆ هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت (PPP) دابین بکرێت تا بە ڕوونی ڕۆڵ، بەرپرسیارێتی و پرۆسەکان لە سەرانسەری هەموو قۆناغەکانی خولی پرۆژەکەدا پێناسە بکرێت، لەوانەش پلاندانان، ئامادەکاری تەکنیکی، دارایی، بیناسازی و بەڕێوەبردن (مۆدێلی DBFO). ئەم چوارچێوەیە دەبێت ڕوونی یاسایی، لێپرسینەوەی دارایی و چاودێریکردنی کاریگەرانەی پرۆژەکان مسۆگەر بکات.

- به ڕوونی ڕۆڵ و ئەرک و بەرپرسیارێتی هەردوو حکومەت و کەرتی تایبەت لە چوارچێوەی یاساییدا دیاری بکەن.
- ڕوونکردنەوەی میکانیزمەکانی گەرەنتی دارایی و تەرخانکردنی مەترسییە داراییەکان لە نێوان هاوبەشەکاندا.
- دامەزراندنی سیستەمێکی یەکگرتوو بۆ چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە لە هەموو قۆناغەکانی پڕۆژەکەدا.

لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، پێویستە یەکەیەکی تایبەت بە جێبەجێکردنی PPP لە ژێر چاودێری وەزارەتی دارایی دابمەزرێت، کە خاوەن دەسەڵاتی فەرمی بێت و بە شێوەیەکی سیستماتیکی هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتە سەرەکییەکانی وەک پەروەردە، وزە، ژینگە، و پلاندانان بکات لە مەڕ جێبەجێکردنی کاریگەر، هاوئاهەنگی لەگەڵ سیاسەتە نیشتمانییەکان، و بەڕێوەبردنی بەردەوامی پڕۆژەکان.

**مەبەستی یەکە:**

- پێشنیارکردن، هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بە پڕۆژەکانی PPP بەپێی ستانداردە یاسایی و داراییەکان.
- دڵنیابوون لەوەی کە گرێبەستاکانی کەرتی تایبەت هاوتەریبن لەگەڵ چوارچێوەی یاسایی و بڕیارە فەرمییەکانی حکومەت.
- به بەردەوامی پێداچوونەوە بە پێشکەوتن و کوالیتی و کارایی پڕۆژەکان بکەن بە درێژایی هەموو قۆناغەکانی جێبەجێکردن.

**٦,٣ تواناسازی**

**١ تواناسازی کارمەندان**

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی هاوبەش کەرتی گشتی و تایبەت (PPP) ڕاهێنان و بنیاتنانی توانایە. زۆرجار ئەمە بە پرۆگرامی توانا بۆ هاوبەشی Capacity for Partnership Programme (CPP) ناودەبرێت، کە گرنگی بە بەهێزکردنی توانای کەرتی گشتی دەدات بۆ پلاندانان، دانوستان و بەڕێوەبردنی پڕۆژەکانی PPP. مەبەست لەم تواناسازیە ڕاهێنانی تاکەکانە لە کەرتی گشتی لە سەر چوارچێوە یا ساییەکان، و بنیاتنانی لێهاتوویی لە هەڵسەنگاندنی پڕۆژە، دارایی و بەڕێوەبردنی مەترسیەکانە. ئامانج لێی دڵنیابوونە لەوەی کە حکومەت دەتوانێت وەک هاوبەشێکی بەهێز وکارا مامەڵە بکات، کە دەبێتە هۆی گرێبەستی باشتر و هاوبەشکردنی مەترسی دادپەروەرانە و خزمەتگوزاری گشتی بەردەوامەکان.

**٢ . دامەزراندنی پەیمانگەی فێرکاری**

پێویستە پەیمانگایەکی پەروەردەیی و پیشەیی دابمەزرێت و بە هاوبەشی لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەبچێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی بنەمای PPP یە بۆ بنیاتنانی توانای گەنجان کە بە بەستنەوەی ڕاستەوخۆی پەروەردە وتواناسازی، بە پێداویستییەکانی بازاڕی کار و دروستکردنی ڕێگایەکی ڕوون بۆ بەدەست

هێنانی هەلی کاری درێژخایەن دەپێکێنرێت.
دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکان بریتین لە:

- بەستنەوەی پەروەردە بە هەلی کار لە ڕێگەی ڕاهێنان و فێربوونی پراکتیکی.
- دابینکردنی هەلی کاری درێژخایەن و سەقامگیر بۆ گەنجان
- زیادکردنی بەشداری کەرتی تایبەت لە پەروەردە و پەرەپێدانی کارامەییەکان بۆ بنیاتنانی هێزێکی کاری لێهاتوو و کێبڕکێکار.

## ٦٣ . هەماهەنگی ناوچەیی

پێویستە حکومەت سیستمێکی یەکگرتوو دابمەزرێنێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی PPP لە سەرانسەری ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی دامەزراندی لیژنەی PPP ناوچەیی Regional Committee

که دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێیەکان بە حکومەتی هەرێمەوە دەبەستنەوە و پەیوەندی و هەماهەنگی ڕوون و کاریگەر مسۆگەر دەکات.

**ئەرکی ئەم یەکە ناوچەییانە:**

- ناردنی ڕاپۆرتی مانگانە بۆ حکومەت سەبارەت بە پێشکەوتن وکێشەو و پێداویستییەکان
- بەستنەوەی ڕاهێنانی ناوچەیی و پەرەپێدانی کارامەییەکان بە پێداویستییەکانی پرۆژەکانی PPP .
- هەماهەنگی کارکردن لە نێوان ناوچە جیاوازاکان و دڵنیابوون لە پێکانی ستانداردە هاوبەشەکان.

## ٦,٤ شەفافیەت، چاودێری، و ژینگە لە PPP

### ١. شەفافیەت و چاودێری

پێویستە حکومەت سیستمێکی یەکگرتوو بۆ ڕاپۆرتکردن و چاودێریکردنی هەموو پرۆژەکانی PPP دابنێت بۆ دڵنیابوون لە شەفافیەت، لێپرسینەوە و فەراهەم کردنی زانیاری بۆ هەر کەسێک یان لایەنێک کە خوازیاری بەدەست هێنانی زانیاری بێت.

هەروەها پێویستە ڕاپۆرتکردنی بەردەوامی وردبینی سەربەخۆ بۆ میدیا و لایەنی تری چاودێری فەراهەم بکرێت. لە هەمان کاتدا پابەند بوونی پرۆژەکان بە ستاندارد و ڕێنماییە نێودەوڵەتییەکان، وەک ئەوانەی ڕێکخراوی OECD و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی باوەڕی زۆرتر بە پرۆسەکە دەبەخشێت.

### ٢. ژینگەیی و بەردەوامیی

گشت پرۆژەکانی PPP پێویستە پێش جێبەجێکردنیان ستانداردە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان بپێکن. هەر پرۆژەیەک دەبێت هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی و کۆمەڵایەتی **Environmental & Social Impact Assessment** (ESIA) بە سەرکەوتووی تێپەڕێنێت، بەتایبەتی لە کەرتەکانی وەک وزە و ئاو و ژێرخانی هاتووچۆ. لەم ئەم پرۆسەیەدا مەترسییەکان دەستنیشان دەکرێت و ڕێوشوێنی کەمکردنەوەی کاریگەرییە

نەرێنییەکان دیاری دەکرێت. پەسەندکردن و چاودێریکردن ئەم بارە پێویستە لەلایەن دەسەڵاتە بەرپرسیارەکانی ژینگەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ناوخۆییەکان ئەنجام بدرێت بە پابەند بوون بە شەفافی و فەراهام کردنی زانیاری بۆ میدیا، بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی درێژخایەن و پابەندبوون بە بنەما ژینگەییەکان.

### ٦,٥ قۆناغە ستراتیژییەکانی جێبەجێکردنی PPP لە هەرێمی کوردستان

لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێویستە هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی سێ قۆناغی ستراکتۆرکراو بگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی مۆدێلی هاوبەشی گشتی و تایبەت (PPP) بە شێوەیەکی ڕوون و پلان دارێژراو.

**چوارچێوەی سێ قۆناغی جێبەجێکردن:**

| قۆناغ | ماوە | ناوچەی فۆکوس | ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان |
|---|---|---|---|
| **قۆناغی ١** | ٢٠٢٥–٢٠٢٧ | کەرتی پەروەردە، وزەی نوێ بووەوە، بانک. | دروستکردنی یاسایPPP /PPP ، دامەزراندنی یەکەی جێبەجێکردن، جێبەجێکردنی ٢ پرۆژەی نمونەیی |
| **قۆناغی ٢** | ٢٠٢٧–٢٠٣٠ | وزە، پەروەردە و پاراستنی ژینگە | جێبەجێکردنی ١٠ پرۆژەی پەیوەست بەم کەرتانە و زیادکردنی هەلی کار (+٥٠٠٠) |
| **قۆناغی ٣** | ٢٠٣٠–٢٠٣٥ | گۆڕانکارییە ئابوورییەکان و هاندانی سەرمایەی ناوخۆیی | پاراستنی گەشەی درێژخایەن، جێبەجێکردنی ٢٠ پرۆژە و زیادکردنی GDPنزیکەی ٣٪ |

### ٦,٦ ئامانجە درێژخایەنەکان

ئامانجی سەرەکی ئەم ستراتیژە دامەزراندنی PPP وەک ئامرازێکی فەرمی بۆ پشتگیریکردن لە گەشەپێدانی درێژخایەنە. ئەمەش بریتییە لە:

- ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ماوەیەکی درێژخایەن و پاڵپشتیکردنی گەشەپێدانی گەنجان
- زیادکردنی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی
- دڵنیابوون لە بەردەوامیی ئابووری و ژینگەیی.

# گرنگی ستراتیجی پاراستنی فرەیی کلتوری لە هەرێمی کوردستان

## تێڕوانینێکی تیۆرسازی



د. عەبدولرەحمان کەریم دەروێش

**یەکەم: پێشەکی**

خویایە کە کوردستان وڵاتێکی کلتورە ونەخشی رەنگینە، چەندەها نەتەوە وئاین وئاینزا وکلتوری جیاواز لەناویدا دەژین، هەرێمی کوردستان یەکێکە لە ناوچە فرەکلتوریە دیارەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، فرەیی لە کوردستان لە چەندین ئاست وچەشن وشێوازی جۆراوجۆرە، فرەیی نەتەوەیی وئاینی وئاینزایی وکلتوری وناوچەیی وکلتوری وهتد. دوژمنانی گەلی کوردستان لە هەموو هەنگاوەکانیان کاریان کرد بۆ ئەوەی پەیوەندی لەنێوان پێکهاتەکان تێکبچن وگرفت وتەنگەشە لەنێوانیان دروست بکەن. دەستی رەشی پیلانگێرییان تەنها لەو ئاستە نەوەستا بەڵکو پەلی کێشا بۆ ئەوەی توخم ورەگ وشوناسی پێکهاتەکان تێکبدەن وتایبەتمەندیەکانیان بکەنە هۆیەك بۆ ئەوەی لە جەستەی کوردستانی بوونییان دابماڵێندرێن.

**لەم بابەتە هەوڵدەدەین ماهیەت وچەمکی فرەیی کلتوری بخەینە روو و بۆ ئەم چەمکە لە سیاسەتی هاوچەرخدا ئێکجار گرنگە؟، دواتر دەروازەباسێکی پوخت دەکەین لەسەر فرەکلتوری کوردستانی باشور، مەبەستی سەرەکی گریمانگیریی ئەم نووسینە چڕ دەبێتەوە لەسەر چۆنێتی پاراستن وگەشەکردنی سیاسەتی فرەیی کلتوری لەکوردستان کە بەسەرکەوتنیدا دەبێتە ستوونێکی زۆر چارەنووسساز بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان، وهەنگاوێکی ستراتیژی گرنگ دەبێت بۆ دامەزراندنی سەقامگیری سیاسی وبتەوکردنی دیموکراسی ویەکانگیری کۆمەڵایەتی، وکردنەوەی دەروازە نێودەوڵەتییەکان بەرەورووی کوردستان، ئامانجی ئەم بابەتە وروژاندنی گرنگی گەلألەکردنی ستراتیجیەتێکی گشتگیرە بۆ پاراستنی وپێشخستنی سیاسەتی کلتوری فرەیی لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی رۆڵیان لە بتەوکردنی سەقامگیری سیا سی وبەهێزکردنی کلتوری دیموکرا سی، وپێشخستنی گەشەپێدانی ئابووری کۆمەڵایەتی وهەنگاونان بۆ دۆزینەوەی دەروازەیەکی بەرفراون لە جیهاندا. ئەمە جگە لە پاراستنی بنەماکانی ئاسایشی نیشتیمانی. ئەم بابەتە بەپێی بنەماکانی تیۆری فرەیی کلتوری میتۆدسازی شیکاری بۆ کراوە، پشتگیری شرۆڤەیی بە پێی تیۆری شوناسی سیاسی وکلتوری ئەنجامدراوە. بەپێی ئەم تیۆرە ئەزموونی کوردستان خراوەتە ژێرمەبنای شیتاڵی گشتی بۆ دەرخستنی بە نەمای ئەزمونگەرایی بەراوردکاری بۆ ئەوەی بتوانین گەنگەشەی چۆنێتی بەدامەزراوەیی فرەیی کلتوری بکەین نەك وەکو هەنگاویەکی بەرجەستەکاری لە ئاکاری گشتی بکات بەتەنها بەڵکو وەکو پێویستیەکی ستراتیجی بۆ ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان.**

## چوارچێوەی تیۆری و بنەمای تیۆرسازی:

بۆ گەلاڵەکردنی ستراتیجیەتێکی نیشتیمانی بۆ پاراستنی فرەیی کلتوری پێویستیمان بە چوارچێوەیەکی تیۆری دەبێت لەگەڵ دانانی بنەماکانی تیۆر سازی نیشتیمانی کورد ستانی بۆ ئەم پرسە، ئەمەش بەم دوو خاڵە روون دەکرێتەوە:

### چوارچێوەی تیۆری:

چوارچێوەی تیۆری گونجاو بۆ ئەم مەبەستە بە سێ چوارچێوەی تیۆریی نزیك لەیەکتری گەلاڵەدەکرێت، کە پێکەوە دەتوانن سیاسەتی فرەیی کلتوری Cultural Diversity Policies لە دوتۆی ستراتیجیەتێکدا گەلاڵە بکەن. ئەم سێ تیۆرە بەپێێ گرنگی رۆڵی بریتین لە:

**یەکەم: تیۆری فرەیی کلتوری Multiculturalism**: ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ناکرێت باس لە دیموکراسی بکرێت بەبێ ئەوەی مافی کەمینەکان نەپارێزرێت وگرەنتی نەکرێت ولەهەمان کاتیشدا ئەو مافە بەدامەزراوەیی نەکرێت، بۆیە وەکو بنەمایەکی نەگۆر بەپێی ئەم تیۆرە دیموکراسی بەتەواوی گرێدراوە بە فرەیی کلتوری ولەهەمان کاتیشدا فرەیی کلتوری بەتەواوەتی گرێدراوە بە دیموکراسی. بەمەش دەردەکەوێت فرەیی کلتوری دەرخستەی ناوخنی تێگە

سەرەکییەکانی هزری سیاسی هاوچەرخدایە، بەتایبەتی لەناو هزری سیاسی کۆمەڵگە فرە چەشنەکانە.

**دووەم: سیاسەتی شوناس Identity Politics:** ئەم تیۆرە شرۆڤەی چەندی وچۆنێتی کاریگەری شوناسی ئیتنی وئایینی وزمانەوانی لەسەر رەفتاری سیاسی دەکات لەهەمان کات کاریگەری هەیە لەسەر یەکانگیری کۆمەلایەتی ویاسایی وئابووری.

**سێیەم: تیۆری دیپلوماسی کلتوری وهێزی نەرم:** لەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە فرەیی کلتوری تەنها پرسێکی ناوخۆیی نییە بەڵکو پاڵنەرێکی ستراتیجیە لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا، وێناو روخساری دە،ڵەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەکێشێت، وکاریگەری تەواو دەکاتە سەر یەکانگیری وبابەتیبوونی سیاسی.

## بنەمای تیۆرسازی:

**بنەمای تیۆرسازی بە گەلاڵەکردنی تێروانینی تیۆری هزری کوردستانی بۆ پرسی فرەیی کلتوری چەکەرەدەگرێت بەپێ پاشخان وەرگی فەلسەفی** فرەیی کلتوری کە یەکێکە بە گرنگترین وپاقژترین خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتوو وجێگیر وسەقامگیرەکانە، رەنگدانەوەی دەوڵەمەندی ئەزموون وبالا یی مرۆڤدۆستی وفرەچەشنی چەشنی گوزەراو لەهزر ورێساکانیان، ودەرخستەی دەوڵەمەندی مێژووی وکەڵەکبوونی ژیارییە. **کە دەکرێت لەسەر بنەمای ئەم تیۆروانینە هزریە بونیادبنرێت** (گەلی کوردستان ئاواتخوازی بەهێزکردنی پێگەی سیاسی خۆبەرێوبردن ودامەزراندنی شەرعیەت ومەشروعیەتی بەردەوامییەکانێتی ودەیەهەوێت خۆ ناساندنێتی بەجیهانەوە لەم سونگەیەشەوە بێت. گەلی کوردستان لەمەودای سەدەیەك رووبەرووی هەموو جۆرە هەوڵێك وسیاسەتێك بۆتەوە کە ئەنجامدراوە بۆ لەناوبردنی کوردستان وئاسەوار وبرینێکی زۆری لەجەستەیدا دروست کردوە، تێکۆشاندەکات بۆ سڕینەوەی ئەو ئاسەوارە وسارێژکردنی برینەکانی. ئەم گەلە بەخورسکی شوناسی خۆی دروستکردوە وبونیاد وگەشەی پێکردوە، ودەشزانێت لەچەند پێکهاتە پێکهاتووە وبیروباوەرەکانی خۆی دەناسێتەوە ودەشزانێت چۆن بیپارێزێت، هەرگیز سیاسەتی تێکدانی یەکانگیری نیشتیمانی کوردستانی پێ قبول نییە) لەسەر ئەم بنەمایە، سیاسەتی فرە کلتوری بۆ کوردستان دەستپێشخەرییەکە بۆ گەلاڵە کردن وپێشخستنی بۆچوون وتێروانینی ستراتیجی کوردستان بۆ پاراستنی یەکانگیری نیشتیمانی کوردستان.

ئەم بنەمایە تیۆرسازییە و چوارچێوە تیۆرییانەی سەرەوە ئاماژەی پێدرا، رێگامان بۆ خۆش دەکەن بتوانیین هەڵسەنگاندن بۆ فرەیی کلتوری بکەین نەك تەنها وەکو بەرجەستەکاری ئاکاری مرۆڤایەتی بەڵکو سەرەرای ئەوەش وەکو سیاسەتێکی ستراتیجی گرنگ وکارا بۆ مانەوە وبەردەوامی بوون ومانەوەی هەرێمی کوردستان.

بوونی فرەیی کلتوری هەلێکی ســتراتیجییە بۆ بونیادنانی شــارســتانیەتێکی پێشــکەوتوو خاوەن پێگەیەکی گەشەسەندوو بەردەوام.

**فرەیی کلتوری لەناو هەرێمی کوردستان:**

**١. مەبەســـتـی زاراوەیــی لە هەرێـمـی کوردستان:**

هەرێمی کوردســـتان مەبەســـت لەو ناوچەیە کە لەدوای راپەریـــنـــی مەزنـــی بەهـــاری ١٩٩١ رزگارکراو دامەزرا کە لـ ٤٩٪ خاکی کوردستانی عیراق پێکدێت" و٥٩٪ دانشــیتووی کوردســتان دەگرێتەوە. لە لێکۆڵینەوەکەمـان تەنهـا جە خت دەکەینەوە لەســـەر ئەم هەرێمە، کە مەودای ٦٪ لەخاکی تەواوی کوردستانی گەورە دەگرێتەوە.

**٢. رەگی مێژووی فرەیی کلتوری لەهەرێمی کوردستاندا:**

بەدرێژایی مێژوو، کوردستان وڵاتی فرەچەشنی و فرە کلتوری بووە. کورد کە زۆرینەی دانیشــتوانی کوردســتانی پێکدەهێنیت، لە ســەردەمانی هەرە کۆنەوە لەنــاوچەی زا گرۆس و تۆرۆس لە رە گی هەمە جۆر دروســـت بوون وخۆیـان وەکو کورد نـاســیوەتەوە، چەنـدەهـا میلەتی ئیتنی دیکە بە هۆی جۆراو جۆر لەنــاو کورد تێکەڵ بوونە و هەندێکی بەجیا خۆی دەناسێتەوە و هەندێکیشی بوونەتە بەشـــێك لە گیانی کوردبوون. لەمەودای مێژووی نوێ و هاوچەرخدا چەندین ئیتنی نوێ لەناو کوردســـتان جێگیر بوونە. فرەیی زمان وئاین و بیروبـاوەر لەکوردســـتـان بەپێ مێژوو چەنـدەهـا گۆرانکاری بەســـەردا هاتووە وچەندەها ئاین و جۆرەها زمان وبنزار لەکوردســـتان بوونی هەیە هەندێ دەگەرێتەوە بۆ ســـەردەمانی کۆن وەکو زمـــانـــی کـــوردی وهەنـــدێـــکـــی دیـــکەش لەســەردەمەکانی ناوەراستەوە تاوەکو ســەردەمی هـاوچەرخ بەجیـا لەنـاو کوردســـتـان بوونیـان پەیداکردوە. جگە لە بوونی فرە رەنگی کلتوری و رۆشنبیری ناوچەجیاجیاکان.

**٣. جوگرافیـایی مێژوویی فرە کلتوری لە هەرێمی کوردستاندا:**

بەگشـــتی هەموو خاکی هەرێمی کوردســـتان بەرجەســـتەی فرەیی کلتوری تیایدا دەکرێت، و هەمیشـە فرەرەنگی لەناو شـاروشـاروچکە وناوچە جیاجیاکانی هەســـت پێیدەکرێت، بەڵام لەهەر نـاوچەیەك زاڵ بوونی کلتورێـك بەرجەســـتە دەکرێـت و پێکهـاتەکـان لەنـاوچەیەك زۆرترن لەناوچەکانی دیکە. بەگشتی دەتوانرێت پۆلێنێك بکرێت بۆ فرەیی کلتوری لەسـەر بنەمای ئیتنی و ئاینی لە کوردستان بەم شێوەیە:

**فرەیی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا:**

**کـورد نەتەوەی زۆریـنەیە لەکـوردســـتـان، سەرەرای ئەوەی هەموو هەولێك درا بۆ ئەوەی کورد لەســـەر خـاکی خۆی نەمێنێت، بەڵام کورد هێشـتا لەســەر خاکی خۆیەتی، لەگەل کورد بەهۆکـاری جیـاواز چەنـدین نەتەوەی دیکە لەناو خاکی کوردستان جێگیر بوونە.**

١. تورکمانی کە لەســـەردەمی نوێ جێگیربوونە،

هەرچەنـدە وەکـو نەتەوە لەنـیـوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەم شـوناسـی خۆیان گەلاڵە کردوە، لەوکەسـانەی کە خاوەن کلتور و زمانی تورکی عوسمانی بوونە و لەناو ئوروومەی ئۆگزی تێکەڵ ببوون، وتوانیـان چەگەرە بکەن وەکو نەتەوەیەکی یەکگرتوو کە لەسـەر ئـایـنی موسـڵمانن وچەنـدین ئـاینزای مەزهەبییـان پەیرەو دەکرد ئێستا بەتەنها سوونە وشیعەیان لـێ مـاوەتەوە، و بەزۆریـی لەنـاوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەژین.

٢. کلـدانی و سریـانی کە لەبنەمـادا ئیتنی بـیـروبـاوەڕن، و لەنـاوچەی جیـاواز لەنـاو هەرێمی کوردسـتـان جێگیر بوونە، لە سـەدەکـانی سـەرەتـای سـەرهەڵـدانی مەسـیحیەت کەنیسـەی کلدانی وسریانی سەریان هەڵدا، وچەندەها ئاینزای مەسیحی دواتر لەکوردستاندا جێگیر بوون.

٣. ئاشوورییەکان یان نەستورییەکان یان پێیان دەگوترا (تیـاریی) کە یەکێکە لە کۆنترین گروپە مەسـیحیەکان کە لەناو کوردسـتـان سـەریـان هەڵـداوە وگەشـەیـان کردوە و بەچەندین قۆناغ وئاسـتی جیاجیا ناسراون کە لەکۆتـاییـدا وەکو نەتەوەیەکی جیـاواز دەنـاسرێن، بەگشـتی مەسـیحیەکـانی هەرێمی کوردسـتان وەکو کلدو ئاشـور و سریانی شـوناسـێکی کۆکراوە لەناوخۆیان دەردەخەن لەسەر بنەمای ئاینی مەسیحی.

٤. ئەرمەن: نەتەوەیەکی هاوبەشن لەگەڵ کورد لەزۆرێك لەناوچەکانی کوردسـتان، بەڵام لە هەرێمی کوردسـتان وەکو پەنابەر لەترسـی جـیـنـۆسـایـد هەڵاتـبـوون، ولەنـاو شـاروشـاروچکەکانی هەرێمی کوردسـتان بڵاوەیان پێکرد. لەسـەر ئاینی مەسـیحیین و خاوەن کەنیسەی تایبەتی خۆیانن.

٥. جوو، نەتەوەی بیروباوەڕن، کە هەر لەسەردەمی کۆنەوە لە ناو کوردسـتان جێگیر بوونە، بەڵام بەهۆی دۆخی سـیاسـی بەشـێکی زۆر یان لەلایەن عیراقەوە دەرکران بۆ ئیسـرائیل، بەڵام بەشێکیان هێشتا هەر ماون.

٦. عەرەب، بەهۆی ململانێ داگیرکارانە عەرەب لەسـەر خاکی کوردسـتان پەیدابوون کە هاوبەشـی ئاینی ئیسـلام جێگیربوونیانی لەناو کورد ستاندا سەپاند، دیارە سیا سەتی تەعریـب وکۆلینیـالیسـتی عروبی عەرەبی لەچەندین ناوچە لەناوچەکانی کوردسـتانی جێگیر کرد. سـەرەرای ئەوەی عەرەب وەکو میلەتێك دراوسێی با شوری کورد ستانبوونە" بەڵام لەدوای ئەوەی دەوڵەتی عیراق دروست دەکرێت وعەرەب دەبێتە خاوەن ئەو دەوڵەتە هەڵدەسـتن بەئەنجامدانی شـاڵاوی تەعریب و بەو هـۆیەوە بـوونـی عەرەب وەکـو نەتەوە لەنـاوکوردسـتـان دروسـت بوون" بەزۆری لەسـەردەمی بەعس شـەپۆلی عەرەبی زۆر لەکوردسـتـان جێگیرکران بەتـایبەت لە نـاوچەکـانی کەرکوك وچەنـدین نـاوچەی دیکە.

٧. مەندائی، میلەتێکی بچووکن لەسـەر ئاینی مەندائی سـابیئەن لەبنەچەدا دەگەڕێنەوە سـەر کـوردسـتـان وناوچەی شـامـێ بەهـاوبەشـی،لە نـاوچەکـانی بـاشـوری کوردستان دەژیان لەنزیك زەلکاوەکان, بەڵام بەهۆی نـاجێگری ئێسـتـا لەنـاو شـارە گەورەکانی کوردستان جێگیر بوونە.

**فرەیی ئاینی لە هەرێمی کوردستاندا**

لە هەرێمی کوردسـتان چەندەها ئاین وئاینزا دەژین کە هەڵقوڵاوی ناوهزری وتێگەی باوەری کوردستانن وهەندێکیشیان لە ناوچەی دەرەوە بۆ کوردستان هاتوون ودواتر جێگیربوونە.

بۆیە دەکرێت ئاینەکان لە کوردستان بە دوو شێوە پۆلین بکەین:

**ئاینە کوردستانیەکان:**

ئاینی ئێزیدی:

ئاینی یارسانی:

ئاینی زەردەشتی:

**ئاینی ئیبراهیمی کە لە دەرەوەی کوردسـتان هاتوون و لەناو کوردستان جێگیر بوونە:**

ئاینی جوو:

ئاینی مەسیحی:

ئاینی ئیسلام:

ئاینە کانی دوو رەگ کە رەگیێکیان لە دەرەوەی کوردسـتان بوونە ورەگێکی دیکەیان لە ناوەوەی کوردستان دروست بوونە:

ئاینی مەندائی:

ئاینی بەهائی:

**فرەیی ئاینزایی لە هەرێمی کوردستاندا:**

هەر ئاینێك لە ئاینەکانی کوردسـتان چەندەها ئـاینزای هەڵێنـاوە، وچەنـدەهـا رێبـازی ئـاینی تێکەڵ لەناو کوردسـتاندا سـەریهەڵداوە، لەناو موسـڵمان چە ندە ها ئاینزای ئیسـلامی هەیە وچەندەها رێبازی سـۆفیگەری ..هتد. بەهەمان شـێوە لە ناو کریسـتیانە کا ندا و ئایینە کانی دیکەش.

**فرەیی زمانەوانی لەهەرێمی کوردستان:**

د یارە زمان یەکێکە لە گەورەترین دەرخسـتەی فرەیی لەکورد ستان کە چەندەها زمان وزار وبنزار لە کورد ستاندا هەیە، هەندێکی بەخۆ شی شرینی و پێویستی ژیان بلاوبۆتەوە وهەندێکی بەزەبری زۆر وسـتەمکاری. جگە لەزمانی کوردی کە چەندین بنزاری جیاواز لەخۆی دەگرێت، چەندەها زمانی دیکە لەناو کوردستاندا هەیە.

**ئـا ینگـارییەکـا نی بەردەم فرەیی کلتوری لە کوردستاندا:**

**فرە یی کلتوری لە کوردسـتـان رووبەرووی چەندین جۆر وسـائت لە ئالێنگاری بۆتەوە لە ئاستی ناوخۆیی ودەرە کی، جگە لە مێژوویەك کە هەندێ لایەنی ئالۆزی دەگرێتە خۆی.**

**بەگشتی گەورەترین هەرە شە لە سەر فرەیی کلتوری لە هەرێمی کوردسـتان دەگەرێتەوە بۆ سـیاسـەتی ناوچەکانی** دەوروبەری هەرێمی کوردستان، کە کاریگەری نەرێنیان هەبووە وهەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی سیاسەتی فرەیی کلتوری لە هەرێمی کوردسـتان، ئەم کاریگەرییە نەرێنیە

مێژوویەکی دوور ودرێژی هەیە، وترسناکترینیان ئەو سیاسەتەیە کە وڵاتان ئەنجام دەدەن لەدژی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان و ئەو ستراتیجیانەی کە بەکاردێت لەدژی شوناس ونا سنامەی کلتورە جیاجیاکان لە هەرێمی کوردستاندا. لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان جینۆساید دەرحەق کوردستانیەکان ئەنجامدراوە لەسەر بنەمای نەتەوەیی وئاینی وئاینزایی وکلتوری، جگە لە جینۆساید دەرهەق زمان وکلتوری کوردستانیەکان بەهەموو پێکهاتەکانی ودەرکردن و راگواستن و ئاوارەکردن وهاوردەکردن، وپەیرەوەکردنی سیاسەتی پەرتکردن وتێکدانی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان. هاوشان لەگەڵ سیاسەتی تەعریب و تەفریس وتتریك، وتوقاندن، لەهەمانکاتیشدا دەوڵەتانی دەوروبەر کاریان کردوە لەسەر تێکدانی شوناسی پێکهاتە ئاینی ونەتەوەییەکان بۆ ئەوەی لە مۆرکی کوردستانییان دایانبڕێت، و پەنایان بردوە بۆ ئەوەی ئاین وشوناسی نەتەوەیی ئێزیدی بگۆڕن وئاینی کاکەیی تێکبدەن وشەبەك لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان هەڵگەڕێننەوە، ولەهەمانکاتیش ئەم کارەیان کردوە بەرامبەر بە فەیلییەکان وپێکهاتەکانی دیکە. دیارە ئەم سیاساتانە کاریگەری زۆر نەرێنی و مەترسیداری کردوە لەسەر خودی ئەو پێکهاتانە و تەواوی کوردستان. دیارە ململانی ئاڵۆز و فرەرەهەندی لەناو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا و کاریگەری جیهانگیری یەکسانکردنی کلتووری Globalization and cultural homogenization. بۆتە گرفتێکی دیکەی گەورەو مەترسیدار لەبەردەم فرەیی کلتوری لەناو هەرێمی کوردستاندا.

**لەهەمان کاتدا بەهۆی کاریگەری وئاسەواری ستەمکاری دەرەکی ئاستەنگ وئالینگاری ناوخۆیی لەبەردەم فرەیی کلتوری لەکوردستان سەری هەڵداوە. دەکرێت** سیاسەتی کورتهێنانی تێگەیی بە گەورەترین ئاستەنگی بەردەم سیاسەتی فرەیی کلتوری لەناو هەرێمی کوردستان هەژمار بکەین بەم شێوەیە:.

١. فشاری سیاسی عیراقی وبنەما سیاسی و یاسایی وستراتیجیەتییان بەرامبەر بە کوردستان.
٢. کاریگەری هزری توندرەوی وبەربڵاوبوونەوەی دا خراوە یی عەشیرە تی وسەرهەڵدا نی ململانی چینایەتی.
٣. کورتهێنانی تۆوی پەرەسندنی ناوخۆیی
٤. ئاستەنگی پەرەسندنی ناوخۆیی لەبواری رۆشنبیری وزمانەوا نی ودامەزراوە یی و پەروەردەیی.
٥. گەندەڵی بەپێی پیوەرەکانی هزری سیاسی یەکێکە لە مەترسیدارترین هەرەشە لەسەر فرەیی کلتوری نەك لە کوردستان بەڵکو لە هەموو ناوچەیەکی دیکە لە جیهان.
٦. دۆخی دەستوری وکارگێری ودانپێنانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان:
٧. ئاستەنگە کانی بەردەم فرەیی کلتووری لە هەرێمی کوردستان:

٨. لاوازی داکۆکیکاری بۆ مافی پێکهاتەکان لەسەر ئاستی نێشتیمانی وئاستی ناوخۆیی، لەگەڵ بەردەوامی گرفتی بەشداری و هاوبەشی سیاسی.
٩. کەموکورتی ودواکەوتنی بنەماکانی یەکانگیری زمانەوانی وکلتوری وڕۆشنبیری پێکهاتەیی لەناو سیستمی فێرکاری و پەروەردەیی.
١٠. بوونی جیاکاری شاراوە وهەستپێکراو لەئاستی جیاجیادا.
١١. گرفت لە وتاری میدیایی بەتایبەت بەرامبەر پێکهاتە ئاینی ومەزهەبیەکان
١٢. کورت هێنان لە بەرگری لە کلتور و ڕۆشنبیری پێکهاتەکان وەکو یەك وبەیەك چاو بۆیە پێکهاتە لاوازەکان ڕووبەڕووی فشارێکی گەورە دەبنە بەتەنها بەرامبەر بە هێرشی کلتوری دەرەکی. و پێکهاتە بەهێزەکان پەنا دەبەن بۆ توندرەوی و داخراوەیی بۆ پاراستنی خۆیان.

**پایە گشتیە گرنگەکانی ستراتیجیەتی سیاسەتی فرەیی کلتوری لە هەرێمی کوردستاندا:**

١. سەقامگیری سیاسی Political Stability
٢. بونیادی ئاشتی Peacebuilding نێوخۆیی لەئاستی گشتگیردا بە هەموو ڕەهەندەکانی
٣. نەهێشتن ورێگریکردنی بەردەم تێکهەڵچوونی ئاینی وئیتنی Prevents ethnic/religious tensions
٤. بەهێز کردنی یەکانگیری ناوخۆیی strengthens internal unity
٥. بتەوکردنی شەرعیەتی دیموکراسی Democratic Legitimacy

بە شێوەیەکی گشتی ئەم پایە گشتییانە پەناگیرییەکی توند دەبەستێت لەسەر ئەوەی چەند فەرەییەکلتوریەکان دەتوانن بە ئاسوودەیی دەربرینی ژیانی خۆیان بکەن لەهەموو رووپەکەوەو بەهەموو ئاستێکەوە لەناویاندا ئاستی سیاسیی" بەمەش پیودانگی پاراستنی مافی مرۆڤ دەرخستەی بۆ دەکرێت. لەدوای ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا: بەپەیرەوکردنی ستراتیجیەتی فرەیی کلتوری چەندین ئەنجامان بۆ دەردەکەوێت کە بنەما سەرەکیەکانی سەرەوە جێبەجێ دەکەن لەگەڵ ئەوەش دەبێتە بنەمایەك بۆ دامەزراندنی قۆناغێکی نوێ بۆ دەرکەوتنێکی کارا و سەرەنجراکێش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وبنەماکانی دیپلوماسیەتی کلتوری Cultural Diplomacy لەخۆ دەگرێتەوە، کە وێناگیری ئەرێنی وکارا وبەهێز بۆ هەرێم دەکات. لەهەمان کاتدا دەتوانێت ببێتە بنەمایەکی گرنگ وکارا بۆ چەندین سەکتەری ئابووری وببێتە پاڵنەری سەرەکی گەشەپێدانی ئابووری Economic Development بەتایبەت بۆ گەشەکردنی بواری وبەرهێنانی گەشتوگوزار و بەرهێنان وبواری خزمەتگوزاری دارایی و پیشەسازی داهێنەرانە. وستوونی سەرەکی

پاراستنی رەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی National Security Dimension گرەنتی دەکات کە تەواوی دەرگاکانی بەردەم دەستتێوەردانی دەرەکی دەگیرێت بەهۆی ئەو بەهێزبوونەی یەکانگیری ناوخۆییدا.

**پایە تایبەتە گرنگەکانی ستراتیجیەتی سیاسەتی فرەیی کلتوری لە هەرێمی کوردستاندا**

بۆ دیاری کردنی پایە تایبەتەکانی ستراتیجیەتی سیاسەتی فرەیی کلتوری لە هەرێمی کوردستاندا، دەکرێت بەپێی چوار چێوە تیۆریەکان وبونیادی تیۆرسازی کە ئاماژەی پێدرابوو، کە دەبێ ئەوە بزانرێت کە فرەیی کلتوری پابەندبوونێکی ئەخلاقی نییە بەتەنها بەڵکو پێویستییەکی ستراتیجییە بۆ گەشەپێدان و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان. بۆیە دەبێ بە پناگیری بۆ تێگەیشتن لە بوونی بونیادی رێسای گشتی کەڵەکەبوو، کە رێخستنی سنورەکانی نێوان کلتورەکان دەکات بۆ ئەوەی هیچ کلتورێك نەبێتە قوربانی کلتورەکانی دیکە. ئەمەش رێگا خۆش دەکات بۆ بوون وسەرهەڵدانی رێسای نوێ دەرخستەی پەرەسەندنی پێکەوە ژیان ودەیسەلمێنت کە ئەو میراتە لە پێکەوە ژیان لەناو مێژوو نەچەقیوە ورێساکان لەناو بونیادی وتاریی مێژووییدا ناهەوێندرێتەوە. بەڵکو بەردەوام بەپێی پێداویستی سەردەم پەرەسەندن بەخۆیەوە دەبینێت. بەمەش رێگایەکی تەندروست بۆ ئەم ئاستانە دەکاتەوە:

١. پەرەسەندنی تەونی یاسایی ورێکاری بۆ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندیانە وسەپاندنی و پەرەسەندنی.
٢. پەرەسەندنی سیستمی فێرکاری وپەروەردەی گشتی وتایبەت.
٣. پەرەسەندنی بوونی هاوبەشی بەشداری سیاسی.
٤. پەرەسەندنی سیاسەتی پاراستنی کلتوری بۆ هەموان لەدژی کاریگەریەکانی جیهانگیری و کاریگەریە هەرێمیەکان
٥. شۆڕبوونەوەی سیاسەتی پاراستنی فرەیی کلتوری لەسەر ئاستی جەماوەری، ومۆرکی خوانواندنی دەستەبژێری لێی دەتەکێت.
٦. سەرهەڵدان وپەرەسەندنی دامەزراوەی فەرمی ومەدەنی بۆ پاراستنی فرەیی کلتوری وپێشخستنی.
٧. بەدامەزراوەیی کردنی دەستپێشخەرییەکان لەرووکەشی وهەنووکەیی رزگاری دەبێت.

**بەتێکرایی پایەی گشتی وتایبەتی ستراتیجیەتی سیاسەتی فرە کلتوری لە کوردستان بنەماکانی روون دەبنەوە بەپێی ئەم پێوەرانە:**

- **بەشداری کارا وجێبەجێکردنی** رێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان تایبەت بە فەرەیی کلتوری.
- **دەوڵەمەند کردنی شوناسی گشتی هەرێمی کوردستان بە رەگی کلتوری**

**نەتەوەیـی وئـایـنـی بەرجەســـتەکـراوی کوردســـتانی.** بەمەش فرەیی کلتوری دەبێتە رەگەزی ســەرەکـیـی لە دروســـتـکـردنـی شـوناسـێکی نیشـتیمانی کۆکراوە کە لەسـەر بنەمای دانپێنان وڕێزگرتنی هەمەلایەنە.

- **بو نیـادی هەســـتی نیشـــتیما نی بە بەرجەســـتەی فرەیی کلتوری دەبێـت.** وهەل لەبەردەم گفتوگۆی کلتوری ورۆشنبیری دەکاتەوە.
- پەیوەندی نێوان دانپێنان بەمافی کەمینە و پێکهاتەکان وئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بەرروونی دەردەکەوێت، وئەگەری ململانی وپێکدادان کەمـدەکـاتەوە. ســەقـامگیری ســیـاســی وکۆمەڵایەتی بونیاد دەنێت

**بەرجەستەبوونی لە ئاستی سیاسیدا:**

**یەکەم:** هاوبەشـــی جەژنە کلتوری و ئاینیەکانیان و بۆنە وســـاڵیادە تاڵەکان، تیایدا هەموو کۆمەڵگە بەشـــداری لەو جەژنـانە دەکەن، نەك تەنـهـا دەســـتەبژێرێکی تـایبەت" بەمەش میللەت بەگشتی یەکتری دەناسن لەو بۆنانە وهەستەکان لەگەڵ یەك هـاوبەش دەبن. بەمەش پێویســـتە سـیاسـەتێکی تایبەت دابڕێژرێت بۆ ئەوەی گەلی کوردســـتان بەگشـــتی لەناو بۆنە خۆشـــەکانی یەکتری بەشـــداری بکەن. لەهەمان کاتیشـــدا پەرەســـەندنی بنەمـای ئـابووری کلتوری بۆ فرەییەکـان لەرێگـای ڤیســـتیڤـاڵ ومیوزیـک و گەشتیاری شوێنەواریheritage tourism .

**دووەم:** هاوبەشی زمانەوانی، بەزانین وبەئاشنایی وبەکارهێنان و وەرگرتن لەزمانی یەکتری کە وەها دەکات بونیادی تێگەیشـتنی گشـتی لەیەکتری زۆرتـر دەبـێـت. بە بەهـێـزکـردنـی فـێـرکـردن ورۆشـــنبیری بەزمـان وئەدەبی پێکهـاتەکـان بۆ هەموان.

**ســێیەم:** هاوبەشـــی کلتوری، بەزانینی کلتوری یەکتری وبەکـارهێنـانی وڕێزگرتن وتەنـانەت بە خۆدۆزینەوە لەنـاو ئەو کلتورە بەتـایبەت لەهونەر وێژە ورۆشـــنبیری ولایەنەکـانی دیکە. ئەمەش دەتوانرێت بەرجەسـتە بکرێت لە پشـتیوانی زیاتر بۆ هونەر ومیدیای وبراند وسونبلی کلتوری کلتورە جیاوازەکان.

**چوارەم:** دارشـــتنەوەی بونیـادی هـاوبەشـــی سیاسی، لەرێگای بەشداری گشتی پێکهاتەکان بە بڕیار وەرەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانیان لەبواری کلتوری ورۆشنبیری وسیاسی وتەنانەت یاسایی.

**پێنجەم:** نەهێشتنی هزری توندرەوەی ودژایەتی هەموو ئەو سیا سەت و ستراتیجیەتە دەرەکیانەی کە پەیوە ندی نێوان پێکـهاتە کان لاواز دە کات. لەرێگای دامەزراوە سـیاسـی ویاسـایی وکارگێری وکۆمەڵایەتی وئاینیەکاندا.

**شـــەشـــەم:** کردنەوەی گرێکۆنەکـانی مێژووی ئازاربەخش، وەدەرخســـتنی راســـتیەکان ودانـنان بەهەڵەکـان. کە لەرێـگـای ئەکـادیـمـی وئـیـپـســـتـمـۆلـۆجـی یەکـلایـی بـکـرێـتەوە. بەدامەزرانـدنی ســەنتەری توێژینەوەی هزری تایبەت بە پاراستن وبەهێزکردنی فرەیی کلتوری.

**حەوتەم:** پاراستنی دەستکەوتی دەستپێشخەرییەکان کە پێشتر کراون و پشتیوانی بەردەوامبوونیان. بەڵام دەبێت ئەم دەستپێشخەرییانە دامەزراوەیی زیاتر بکرێن و بەردەوامییان هەبێت وگرێبدرێن لەگەڵ پلانی گەشەپێدانی نێشتیمانی گشتگیر.

**ئەنجامگیری:**

ئەوەی لەناوەرۆکی بابەتەکە بۆمان دەرکەوت کە بونیادی زانستی لە زانستە سیاسیەکان بەتایبەت لە بواری هزری سیاسی، پاراستنی مافی کلتور وزمان وئاین هەمیشە دەرخستەی ئەوەیە کە نیشانەی سەرەکی حکومەتێکی دیموکراسی وئاشتی خوازە. بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کردنی ستراتیجیەتێکی گشتگیر بۆ فرەیی کلتوری ئەم بۆچوونە پڕ بە پێست دەگرێت" و فرەیی پێناسە دەکات وەکو کارەکتەری سەرەکی سیاسەتی نیشتیمانی. بەمەش دەبێ سیاسەتەك بێت زۆر زیندووبێت بۆ پاراستنی مافی فەرەییەکان و پەلبهاوێژێت بۆ ئەوەی سەقامگیری بەهێز بکات، ورێگری بکات لەبەردەم هەرئەگەرێت لە تێکهەڵچوونی نێوخۆیی، وهەموو هەوڵەکانی دەستتێوەردانی دەرەکی پووچەڵ بکاتەوە. چونکە ئەگەر سیاسەتی فرەیی کلتوری ئەگەر بە کارایی و کارامەیی بەدامەزراوەیی بکرێت ئەوە دەتوانێت ببێتە هۆیەکی بنەچەیی بۆ ئەوەی کوردستان سوود وقازانج وەرگرێت لەو یەکانگیرییەی کە ئەو سیاسەتەی دا یدەمەرزرێنێت ودەیکاتە مۆدێلی فرەیی لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

بۆمان روون بوویەوە کە فرەیی کلتوری پرسێکی جیهانییە ولەهەمانکاتیشدا ناوخۆییە، دەبێ هەر ستراتیجیەتێك کارابێت هەردوو رەهەند بە دینامیکیەت بجوڵێنێت ئەگینا هەردوو لایەنی پرسەکە دەدۆڕێنێت. دەرخستنی کوردستان وەکو وڵاتێکی فرە کلتور چەندین نامەی بەهێز دەنێرێت بەوەی میلەتی کورد توانای دامەزراندنی پێکەوە ژیان هەیە کە نمونەیەکە دەوڵەتی نەتەوەو دەوڵەتی ئاینی لە عیراق لە هەموو قۆناغەکانی نەیتوانیبوو دایمەزرێنێت. وروانگەی عیراقی لە رووی تیۆری وپراکتیکی لە فرەیی کلتوری وەکو سەرچاوەی لاوازی و چاوکی هەرەشە ومەترسی دادەنرێت بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێ دەستپێشخەریەکانی کوردستان هەڵقولاوی هزر وتێگەیشتنی ژیاری کوردستانی بێت، وبە بەپراکتیکی و تیۆری کار بکات لەوەی فرەیی کلتوری وەکو سەر چاوەی بەهێز و یەکانگیری تەماشا بکات و وچاوکی پێشکەوتن وئارامی هەژمار بکات وکاریش بکات لەسەر جێگیرکردنی ئەم روانگەیە دروست وتەندروستە. رەهەندی ستراتیجی ئەم روانگەیە پشتیوانی جێگیرکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دەکات وشەرعیەتی سیاسی بەهێز دەکات و باشترین هاندانە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی. ولەهەمان کاتیشدا تاکی کوردستانی بەگشتی گەشە دەکات چونکە ئەو کەسانەی لەناو ژینگەیەکی فرەکلتوری دەژین

زۆر کراوە وتێگەیشتوو وسەرکەوتوو دەبن.
روونیش بوویەوە کە چەند گرنگ وپێویستە، پەرەسەندنی بنەما دامەزراوییەکانی کلتوری ورۆشنبیری وپەروەردەیی ومیدیایی وکارگێری گشتی فرەیی کلتوری لەکوردستاندا دوا نەخرێت وبە پێچەوانەوە پەلەی لێ بکرێت، هاوشان لەگەڵ بەهێزکردنی بەما یاساییەکانی مافی فرەیی کلتوری کوردستانی، وجەختکردنەوەی جیبەجێکردنی یاسایی. وبەهێزکردنی پەیوەندی و گفتوگۆی نێوان فرەییەکان لەرێگای بەرنامەرێژی ئاست بەرز بۆ تێگەیشتن لەناوخنی کلتوری ودۆزینەوەی هاوبەشی وتێگەیشتنی هەمە لایەنە. هەروەها ئەوەمان بۆ روونبوویەوە کە بونیادنانی هاوبەشی لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەکو UNESCO, EU, وهەموو ئەو رێکخراو نێودەوڵەتیە پەیوەندیدارەکان بە پرسی فرەیی کلتوری تاوەکو بتوانرێت بونیادی سیاساتی پێشکەوتوو لەکوردستان بهێتە جێبەجێکردن.
هاوکات بۆمان ئاشکرا بوویەوە کە پێویستە بە ستراتیجیەتێکی توکمە و زۆر بەهێز هەیە کە ئەو ستراتیجیەتانە یوچەڵ بکرێنەوە کە لەهەرێمەوە ئاراستەی تێکدانی فرەیی کلتوری دەکرێت لەکوردستان، وئاسەوارەکانی بسڕێندرێتەوە. ئەمەش وەکو ئەرکێکی ئەخلاقییە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان چارەسەری بکات وە نەخرێتە ئەستۆی خودی پێکهاتەکان.

**راسپاردە:**

**لێرە دەکرێت هەندێ راسپاردە بخرێتە روو بۆ بەهێزکردن وجەخت کردنەوە لە گرنگی ستراتیجی رۆڵی فرەیی کلتوری لە هەرێمی کوردستان. بەجەخت کردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ستراتیجیەتە تەنها لایەنی ئەرکگەرایی مۆراڵی ناگرێتەوە بەڵکو پێویستیەکی سیاسیە. بەدەستپێشخەری بونیادی ئەم ستراتیجیەتە کوردستان دەبێتە مۆدێڵێکی بەهێز بۆ فرەیی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا.**

**سەرچاوەکان:**

**بەزمانی کوردی:**


- عبدالرحمن کریم درویش، جیۆستراتیجیەتی ئاشتەوایی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستانی عیراق، چوارچێوەیەکی تیۆری، ٢٠١٠.
- عبدالرحمن کریم درویش، جیۆپۆلیتیکی فرەیی کلتوری لە هەرێمی کوردستانی عیراق، ٢٠١٢.
- کەریم زەند، ئایینستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- محمد خلیل اسماعیل، دابەشبوونی جوگرافی ونەتەوەیی کورد لە عیراقدا، ١٩٩٣.
- موستەفا شوکر" سەرچاوەکانی بیروباوەری کوردەواری، ٢٠٠٦.

**بەزمانی ئینگلیزی:**


- Kymlicka, W. (1995). Multicultural Citizenship: A Liberal Theory of Minority Rights. Oxford: Oxford University Press.
- Nye, J. (2004). Soft Power: The Means to Success in World Politics. New York: Public Affairs.
- Trimikliniotis, N., & Bojicic-Dzelilovic, V. (2021). Mapping Cultural Diversity in Post-Conflict Societies. Routledge.
- Romano, D. (2006). The Kurdish Nationalist Movement: Opportunity, Mobilization and Identity. Cambridge University Press.
- Gunter, M. (2011). The Kurds Ascending: The Evolving Solution to the Kurdish Problem in Iraq and Turkey. Palgrave Macmillan.
- United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO). (2017). Cultural Diversity and Sustainable Development.
- Hennerbichler, Ferdinand, (20١1) The Origin of The Kurds, Borsdorf,.
- Izady, Mehrdad R. (2005) The Kurds: A Concise Handbook, Washington,.


**بەزمانی عەرەبی:**


- وثيقة اتفاقية اليونسكو لحماية وتعزيز تنوع أشكال التعبير الثقافي.(2005)
- الدستور العراقي الدائم ٢٠٠٥.
- جمال رشيد، تاريخ ظهور الكورد، ج١،ج٢،ج٣، ٢٠٠٥.
- عبدالرحمن كريم درويش، إشكالية التعددية الثقافية في إعادة بناء الدولة العراق نموذجا، ٢٠٢٠.
- عبدالرحمن كريم درويش، الفكر السياسي للأحزاب السياسية الكوردستانية، دراسة مقاربات فكرية، ٢٠٠٩.
- ئيزدي، ميهرداد، الطوائف الالهية في كردستان، السليمانية، ١٩٩٩.
- ميرزويف، كنياز ابراهيم، موسوعة الكرد الصغرى، السليمانية، ٢٠١٠.
- عبدالرحمن كريم درويش، الكاكائية في كردستان العراق وايران، في: الأديان في كردستان العراق، ابوظبي، ٢٠١٨.

## پۆلێنکردنەوەی ئەرکگەرایی شارە عێراقییەکان :

# چوارچێوەیەکی پانتایی و دامەزراوەیی بۆ گۆڕینی لە لۆکاڵییەوە بەرەو هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی



پ. د. ئەمین محەمەد سەعید ئەلئدریسی

ئاواتەخوازم شاری هەولێر کە جێگەیەکی تایبەتی هەیە لە دڵ و ڕۆحمدا، و باشترین ساڵەکانی ژیانم بە وانەوتنەوە لە زانکۆی سەلاحەدین بەسەر بردووە، لە شارێکی هەرێمایەتییەوە بگۆڕم بۆ شارێکی نێودەوڵەتی. پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەکەوە، داوا لە خوێنەرە بەڕێزەکانم دەکەم کە ئەم ئاوات و ئامانجەی منییان پێ زۆر نەبێ، چونکە پێش چەند ساڵێکی کەم داهێنەرە زانستییەکانی وەك کارەبا و ئۆتۆمۆبێل و فڕۆکە و ئەنتەرنێت وەك خەیاڵێکی سەیروسەمەرە دەهاتنەبەرچاو، و ڕەنگە هەڵگرانی ئەم بیرۆکانەش بە شێتی تۆمەتبار بکرانایە. گرنگە ئەوەیە من یەکەم هەنگاوی ئەم ڕێگەیە هەڵدەگرم بە ئومێدی ئەوەی توێژەرانی دیکەش بەشدار بن لە نووسین و پلاندانان بۆ ئەم بابەتە، بۆ ئەوەی دواتر بڕیاربەدەستان هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی بگرنەبەر.

خاڵی دەستپێک ئاشنابوونە بە چەمکەکانی شارە لۆکاڵی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان و دۆزینەوەی ئەو تایبەتمەندیانەی کە پێویستە لێی تێبگەین و پەرەیان پێبدەین بۆ ئەوەی هەوڵێر لە شارێکی هەرێمییەوە بگۆڕێت بۆ شارێک کە خەسڵەتێکی نێودەوڵەتی هەبێت.

**لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا ئەم پرسیارانە سەرهەڵدەدەن:**

ئایا تایبەتمەندی شارە لۆکاڵی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان چین؟ جیاوازییەکانی نێوانیان چیین کە بوونەتەهۆی ئەوەی هەندێ شار لە چوارچێوەی لۆکاڵی بمێننەوە؟ و شارەکانی دیکەش هەنگاو بەرەو هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بگرنەبەر؟ و ئایا ڕێککارە پێویستەکان چیین بۆ ئەوەی هەولێر بەرەو شارێکی نێودەوڵەتی بگۆڕێت؟ بایەخی تیشک خستنە سەر ئەم لایەنە گرنگە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە گۆڕینی شارێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی لۆکاڵییەوە بۆ چوارچێوەی نێودەوڵەتی سوود و قازانجی ئابووری بۆ شارەکە دەستەبەر دەکات، لە نێویاندا ڕەخساندنی هەلی نوێی کار، و داهاتی نوێ، بە چەشنێك کە کۆی داهاتی بەدیهاتوو بەرەو هەڵکشان دەبات.

بۆ گۆڕینی شارێک لە چوارچێوەیەکی لۆکاڵییەوە بۆ چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی، باشترە سەرنجەکان چڕ بکرێنەوە لەسەر ئەو خەسڵەتانەی کە دەکرێت وەك نیشاندەرەکانی گۆڕانکاری پوخت بکرێنەوە.

پێش چوونە نێو باسەکەوە هەوڵمداوە پێداچوونەوەیەك بە پۆلێنکردنی شارەکاندا بکەم، کە زۆرن و لەسەر بنەمای چەندین پێوەر ئەنجامدراون، بەڵام نزیکترینییان بۆ بابەتی توێژینەوەکە بریتیە لەو پۆلێنەی کە سێ توێژەر ئەنجامیان داوە بۆ ٥٥ شاری جیهانی و لەسەر سێ ئاستی سەرەکی: ئەو شارانەی لە ئاستێکی بەرزی جیهانیدان، شارە هەرێمایەتییەکان کە درێژبوونەوەیەکی جیهانییان هەیە، ئەوانەی کەمتر بە نێودەوڵەتییەوە گرێدراون. و ئەم پۆلێنکردنە پشت دەبەستێت بە ڕۆڵی شارەکان لە خزمەتگوزارییە دارایی، یاسایی، ئابوورییەکاندا کە و لە نێو تۆڕەکانی جیهانگەراییدا پێشکەش کردووە.

(J.V.Beaverstock,R.G.Smith&Taylor,1999,P.445-458) و ئێمە پەرەمان بەم پۆلێنکردنە داوە بۆ ئەوەی زیاتر بگونجێت لەگەڵ توێژینەوەکەدا، و بە شێوەیەکی سادەتر شارەکانمان پۆلێن کردووە بۆ:

یەکەم: شارە لۆکاڵییەکان. دووەم: شارە هەرێمایەتییەکان. سێیەم: شارە نێودەوڵەتییەکان.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم پۆلێنکردنەی شارەکان بە مانای جیاکردنەوەی توند و لێکدابڕیانی نێوانییان نییە، واتە دەکرێت بە پشتبەستن بە چەند نیشاندەرێکی دیاریکراو

خەسڵەتی لۆکاڵی بدرێتەپاڵ شارێك، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە پێیان وابێت دەکرێت ئەم شـــارە ڕەهەنـد ێکی هەر ێمایە تی هە بێـت، هەروەهـا دەکرێـت بەرگی هەرێمایەتی بکرێتەبەر بـاڵای شـــارێکی دیاریکراو، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە بە شـــــارێکی نێودەوڵەتی لە قەڵەمی بـدەن، هەروەها هەر پۆلێنێکیش خۆی لە خۆیدا ئاستێك نییە، بەڵکو لە نێو هەر پۆلێنێکدا چەند ئاســتێك هەیە.

**یەکەم: شارە لۆکاڵییەکان**

بر یتین لەو شـــــارانەی چـالاکییە ئـابووری و کۆمەڵایەتی و ســـیاســـییەکـانییـان ئـاســـۆی دانیشتوانە لۆکاڵیەکەیان تێناپەڕێنێت. بۆ نموونە، شـــارە کانی پارێزگا کانی وەك موســـەننا، یان دیـوانـیە، یـان زیـقـار یـان مـیســــان، یـان سەڵاحەددین، یان دیالە، یان وا سیت، بە شاری لۆکـاڵی دادەنرێن، کە ســـەرجەمییـان هەڵگری خەســـڵەتی شـــاری لۆکاڵین. تایبەتمەندی ئەم شارانە ئەوەیە کە زۆربەی دانیشتوانەکەی خودی خەڵکی شـــارەکەن، و ڕەنگە ڕێژەیەکی کەمی خەڵکانی شـــارەکانی دیکەی عێراق بەشـــێکی دانیشـتوانەکەی پێکبهێنن، کە کۆمەڵێك پرس و بـابەت هەن ڕۆڵـی بەرچـاویـیـان هەیە بـۆ بەســـەرخـۆداداخـرانـی ئەم شـــــارانە، ڕەنـگە گرنگترینییان خەسڵەتی خێڵایەتی دانیشـتوانی ئەم شارانە بێت، لەگەڵ کەمی هۆکارەکانی کات بەســـەربردن، و نزمی ئـاســـتی خزمەتگوزارییە پەروەردەیی و تە ندروســـتییە کان، و سروشـــتی چالاکییە ئابوورییەکان کە پتر پشـتبەسـتوون بە کاری کشـــتوکاڵی لە گوندەکانیاندا، ســـەرباری هەنـدێ لەو خزمەتگوزارییـانەی پێـداویســـتییە بنەڕەتییە کانی دانیشـــتوانی ئەم شـــارانە دابین دەکەن، لەگەڵ ئەو پیشـــە و پیشـــەســـازییانەی داهاتێکی سنوردارییان هەیە.

لەبەر ئەوەی کشـــــتوکـاڵ پـیشـــەیەکە و بـۆتە خەســـڵەتی ئەو پارێزگایانەی تایبەتمەندییەکی لۆکاڵییان هەیە، ئەوا زۆرینەی دانیشتوانەکانییان گوندنشینن. سنورداری چالاکییە ئابوورییەکان و کەمی داهـاتی بەدەســـتهـاتوو لە شـــــارێکـدا و خەســـڵەتە خێڵایەتییەکەی کە لە پەنـابردنەبەر نەریتە خێڵەکانییاندا، نەك یاســـا، بەرجەســـتە دەبێت، پەیامی نەرێنین لەبارەی ئەم شـــارانەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی ســـنورداربوونی چڕبوونەوەی دانیشـــتوان پارێزگا لۆکاڵییەکان، و بگرە هەندێ لەوانەی دامەزراندنییان لە حکومەتدا ناچارییان دەکات کار لەم شـــارانەدا بکەن، هەل دەقۆزنەوە بۆ گواســـتنەوەیان بۆ پایتەخت یان پارێزگاکانی دیکە.

هەروەها تایبەتمەندی زاڵی ئەم شـــارانە بریتییە لە کەمی ئاســتی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی وەك کارەبا، و ئاو و ئامرازە نوێیەکانی گواسـتنەوە و پەیـوەنـدیـکـردن، و پەروەردە و ڕاهـێـنـان و تەنـدروســـــتـی. و ڕەنـگە لەو کـارانەی کە

بڕیاربەدەستانی دەیکەن و شایستەی ستایشن لە هەر ماوەیەکی زەمەنیدا بریتی بێت لە هەنگاوهەڵگرتنییان بوو بۆ کاڵکردنەوەی خەسڵەتی لۆکاڵی هەندێ لەم شارانە، بە چەشنی ئەوەی لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردودا بەدیمان کرد بە دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٦٨، و دامەزراندنی زانکۆکان لە پارێزگا لۆکاڵییەکانی وەك قادسیە و میسان و زیقار لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو و دواتردا، و دامەزراندنی زانکۆی دهۆك لە ساڵی ١٩٩٢، لە شاری دهۆك، و زانکۆی کۆیە لە کویسنجەق لە ساڵی ٢٠٠٣، کە ئەمانە نموونە خواستی بەدیهێنانی جۆرێك لە کرانەوەی ئەم شارانەن کە دەبنەهۆی کاڵکردنەوەی بەسەرخۆداداخرانییان، و زیادکردنی سەرچاوەکانی داهاتییان. کە دامەزراندنی ئەم زانکۆیانەش بۆی هەیە بەهای کۆمەڵایەتی نوێ و کراوەتر بهێنێتەئاراوە، لەگەڵ دروستکردنی هەلی نوێی کارکردن بۆ هاووڵاتییانی ئەم شارانە، و خوڵقاندنی خواستی نوێ بۆ نیشتەجێبوون و کردنەوەی بازاڕی جۆراوجۆر، بە تایبەتی بازاڕی بەکاربردن.

ڕەنگە بایەخدان بە ژێرخانی ماددی وەك دروستکردنی ڕێگای خێرا و هێڵەکانی شەمەندەفەر تێیدا هاوکار بن بۆ ئەوەی ئەم شارانە ڕەهەندی لۆکاڵیبوون تێپەڕێنن. دروستکردنی فڕۆکەخانەکان لەم شارە لۆکاڵییانەدا دەبێتەهۆی ئەوەی لە تایبەتمەندی لۆکاڵییەوە بەرەو هەرێمایەتی هەنگاو هەڵبگرن، هەر نەبوونی فڕۆکەخانە و ڕێگای خێرایە کە وامان لێدەکەن ئەم شارانە بە لۆکاڵی ناوزەد بکەین.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بەم شێوەیە خوارەوە خەسڵەتەکانی شارە لۆکاڵییەکان پوخت بکەینەوە:

١- زۆربەی دانیشتوانەکەی لۆکاڵیین، و ڕێژەیەکی کەمی خەڵکی ڕوو لەم شارانە دەکەن.

٢- ئابوورییەکەیان پشتبەستووە بە کشتوکاڵ، کارکردن لە ناو حکومەتدا، خزمەتگوزارییە پەراوێزییە ناپەیوەندیدار یان ناهاوتەریبەکان بە هەر پەرەسەندنێکی ئابووری، و بازرگانی ناوخۆییەوە.

٣- دامەزراوەی پەروەردەیی و تەندروستی سنوردارن لە ڕووی کاریگەرییەوە، و هەڵگری خەسڵەتی لۆکاڵین و نامەرجەعین .

لێرەدا پرسیارێکی دێتەئاراوە کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا مەبەست لە دامەزراوەی مەرجەعی چییە؟ و ئایا ئەو خەسڵەتانە چین کە دەبنە بنەمای ئەوەی بتوانین بڵێین دامەزراوەیەکی پەورەردەی یان تەندروست مەرجەعییە یان نا مەرجەعی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە، کە دامەزراوەی مەرجەعی بریتیە لەو دامەزراوەیەی تەنها خزمەت بۆ دەوروبەرە جوگرافییەکەی دەستەبەر ناکات، بەڵکو

خزمەتگوزارییە کانی چەند ناوچەیەکی بەرفراوان دەگرنەوە، و لە ڕووی فەرمی یان واقیعییەوە وەك سەنتەرێکی باڵای پسپۆڕی دانیانپێدادەنرێت. بەو واتایەی کە خەڵکییان بۆ ڕەوانە دەکرێت، لەبەر ئەوەی دامەزراوەیەکی دیکە نییە هەمان خزمە تگوزاری یان بە هەمان کارامە یی ئەم خزمەتگوزارییانە دابین بکات. لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوەی مەرجەعی بە قەبارەکەی ناپێورێت، بەڵکو بە ژمارەی ئەو کەسانەی ناتوانن دەستەبەرداری بەهرەمەندبوون لە خزمەتگوزارییەکانی بن. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دامەزراوەی نامەرجەعی پەروەردەی بێت یان تەندروستی وەك سە نتەرێکی خزمە تگوزاری لە چوار چێوەی دانیشتوانی پارێزگا لۆکاڵییەکە کار دەکات. بۆ نموونە، لە شارە لۆکاڵییەکاندا، نەخۆشخانەی لەدا یکبوون هەن کە تە نها خزمە تگوزاری بە دانیشتوانە لۆکاڵییەکە دەستەبەر دەکەن، لە کاتێکدا شارە هەرێمایەتییەکان، یان ئەوانەی لە سەر ڕێی بە نێودەوڵەتیبوونن، خزمەتگوزاری بۆ تێکڕای دانیشتوانی وڵاتەکە فەراهەم دەکەن، بۆ نموونە، نەخۆشخانەی ئیبن بەیتار بۆ نە شتەرگەری دڵ، و نەخۆ شنانەی ئیبن سینا لە بەغدا، کە پسپۆڕی ورد لە خۆدەگرێت وەك نەشتەرگەری بڕبڕەی پشت و دڵ، سەرباری لەخۆگرتنی پسپۆڕس پزیشکی دیکە. و ئەوەی جێی خۆشحاڵییە کە لە شاری هەولێر هەندێ سەنتەری تەندروستی هەن کە خەسڵەتی لۆکاڵییان تێپەڕاندووە، و خزمە تگوزاری بە کواڵیتی لەسەر ئاستی عێراق دابین دەکەن، و نەخۆش لە تێکڕای عێراقەوە ڕووی تێدەکەن، وەك سەنتەری (بەحرانی) بۆ چاو و تۆڕی چاو و سەنتەری نەشتەرگەری دڵ لە هەولێر. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە پارێزگاکانی د یکە لەلایەن ئەم سە نتەرە تەندروستی و پەروەردەییانەوە بۆی هەیە بێتەهۆی برەوپێدانی خزمە تگوزارییە جۆراوجۆرەکانی دیکەی وەك ئوتێل و موتێل و سەنتەرە کانی بازاڕکردن و گواستنەوە و پەیوەندیکردن. و لێرەوە دیارە کە ڕەنگە هەڵبژاردنی وردی ئەم سەنتەرانە سەربکێشن بۆ هێنانەئارای چەند چالاکییەکی جۆراوجۆر کە داهات بۆ هەرێم دەستەبەر بکەن.

٤- نەبوونی فرۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان

لە سەر بنەمای ئەم خە سڵەتانە هەندێ پارێزگای دیکە عێراق هەن، وەك کەرکوك، و ئەنبار، و بابل، کە سەرباری ئەوەی دەتوانرێت بووترێت هێشتا شارەکانیان خەسڵەتی لۆکاڵییان هەیە، بەڵام پاڵێوراوێکی بەهێزن، بە بەراورد بە شارەکانی پارێزگاکانی دیکە، بۆ ئەوەی ببنە شارێکی هەرێمایەتی، ئەویش لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی جیاوازییان هەیە. دەکرێت کەرکوك بەهۆی سامانی نەوت و فرۆکەخانەکەیەوە- کە دەتوانرێت لە داهاتوودا پەرەییان پێبدرێت- بگاتە ئاستێکی نێودەوڵەتی، و بەم شێوەیە هەلومەرج

دەڕەخسێت بۆ ئەوەی خە سڵەتێکی هەرێمایەتی وەربگرێت، ئەگەر بێتوو پێگە دامەزراوەییەکەی جێگیر بێت و دۆخی بە گوێرەی ماددەی ١٤٠ یەکلا بکرێتەوە. بە هەمان شێوە شاری رمادی لە پارێزگای ئەنبار، کە ڕووبەرێکی بەرفراوانی هەیە، و گەورەترین پارێزگای عێراقەوە لە ڕووی ڕووبەرەوە، هەروەها زانکۆیەکی حکومی و ئەهلیشی تێدایە، و چاوەڕێی تەواوبوونی پرۆژەی فڕۆکەخانەکەشی دەکرێت بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی نێودەوڵەتی. بەڵام کێشەکەی ئەوەیە کە هێشتا چالاکییە ئابورییەکان تێیدا سنوردارە. بەڵام شاری حللە لە پارێزگای بابل کە خەسڵەتێکی کشتوکاڵی هەیە، و زانکۆی حکومی تێدایە، و میراتێکی مێژویی و گەشتیاری هەیە، بەڵام تا ئێستا بە شێوەیەکی پلاندابۆدارێژراو وەبەرهێنان لە هەموو ئەمانەدا نەکراوە بۆ ئەوەی سوود لەم تایبەتمەندییانە وەربگیرێن بۆ ئەوەی ببێتە شارێکی هەرێمایەتی.

**دووەم: شارە هەرێمایەتییەکان**

ڕەنگە ئاشنابوون بە خەسڵەتەکانی شارێکی لۆکاڵی بەس بن بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر لە پەیوەندیدا بە ئاشنابوون بە خەسڵەتەکانی شارە هەرێمایەتییەکانەوە، کە پێگەی ئەم شارانە لە نێوان شاری لۆکاڵی و شاری نێودەوڵەتیدایە. و دەکرێت ئاماژە بە هەندێ نموونەی زیندوو بکەین، کە ئەم شارانە بە ئاست و ڕاددەی جیاواز و بە گوێرەی ڕۆڵی هەرێمایەتییان، بە شاری هەرێمایەتی دادەنرێن: قاهیرە، ڕیاز، عەممان، بەغداد، هەولێر، بەسرە، کەربەلا، و نەجەف. دەکرێت گرنگترین خەسڵەتەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە پوخت بکرێنەوە:

١- خەسڵەتەکانی ئەم شارانە بە چەشنێکن کە دەبنەهۆی دانیشتوانی شارەکانی دیکە ڕووی تێبکەن، ئەویش بەهۆی بوونی هەندێ لە وەزارەت و دامەزراوە حکومییەکانی دیکە تێیاندا. بۆ نموونە، هەولێر بەهۆی ئەوەی پایتەختی هەرێمە، ئەوا ئەم پێگە تایبەتمەندەی لە نێو شارەکانی هەرێم و عێراقدا بۆتەهۆی ئەوەی بە شێوەیەکی سروشتی ببێتە ڕوگەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم، و تەنانەت پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش، کە خزمەتگوزارییەکانی ئەم شارەش خەسڵەتێکی مەرجەعییان وەرگرتووە و سنوری پارێزگاکەیان تێپەڕاندووە، و بە ڕاددەیەکی باڵا بۆتە شارێکی هەرێمایەتی و ئەگەر هەلومەرجەکانی پەرەپێدانی ئابووری و شارستانیشی بۆ بڕەخسێنرێت، ئەوا لە توانایدایە لە داهاتوودا ببێتە شارێکی نێودەوڵەتی. هەروەها شاری بەغداش، کە سوودی لە پێگەی وەك پایتەختە جوگرافییەکەی وەرگرتووە و هاوڵاتییان بۆ خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی ڕووی تێدەکەن، ئەمە سەرباری بوونی نەخۆشخانە تایبەتمەندەکان و زانکۆکان کە خزمەتگوزارییەکانییان بە شێوەیە مەرجەعی

پێشــکەش دەکات بۆ کەســـانی دەرەوەی پایتەخت.

٢- ئـابوورییەکی هەیە کە تەوەربەنـدە لەســەر پیشــەســـازی و پیشــەســـازی خۆراك، و خزمەتگوزارییەکـانی گرێـدراوون بە بوونی چەندین چالاکی ئابووری، و بوونی بانك و کۆمپانیای نێودەوڵەتی تەئمین، و بازرگانی نـاوخۆیی و دەرەکییەوە. بۆ نموونە، شـــاری بەســـڕە ســـەنتەرێکی ئابووری گرنگە بەهۆی ســـامـانی نەوت و کۆمپـانیـا نەوتییەکـان و بەندەری هاوردەکردن و هەناردەکردنەوە. لە کاتێکدا هەولێر کە سەرباری ئەوەی پایتەختی هەرێمە، و فرۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی هەیە، ئەوا پێگەیەکی سەرنجڕاکێشی گەشتیاریشی هەیە. لە کاتێکدا هەردوو شـــاری کەربەلا و نەجەف نـاوەنـدی ئـاینین و بوونەتە ڕوگەی گەشـــتیـاری ئاینی، ســـەربـاری ئەوەی کە نەجەف فـڕۆکەخـانەیەکـی نـێـودەوڵەتـی تایبەتمەندی هەیە.

٣- دامەزراوەی پەروەردەیی و تەنـدروســـتی کە کـاریگەری ڕوونییـان هەیە (مەرجەعین) و خزمەتگوزارییەکانی بەرفراوانن و پارێزگاکانی دیکەش دەگرنەوە. و پێشـــتریش ئاماژەمان کرد بەوەی دامەزراوە تەنـدروســـتییەکـان لە شـــاری هەولێر و بەغـدا هێنـدە گرنگن کە بوونەتەهۆی ئەوەی ئەم دوو شارە وەك شارێك پۆلێن بکرێن کە خەســـڵەتی هەرێمایەتییان هەیە.

**سێیەم: شارە نێودەوڵەتییەکان**

ئەو شارانەن کە لەسەر ئاستی جیهانی کاریگەری گەورەی ئابووری و سـیاســی و کەلتورییان هەیە. ڕەنگە نموونەی زینـدو لەم ڕووەوە بریتی بن لە: نیویۆرك، لەندەن، تۆکیۆ، پاریس، هۆنگ هۆنگ، ســـەنگـافورە، دوبەی، شـــەنگهـای، لۆس ئەنجەلۆس. و ڕەنگە لە یەکەم تێڕوانین بۆ ئەم شـــارانەوە بگەینە ئەو دەرئەنجـامەی کە هیچ شـــارێکی عێراق لە ئێســـتادا نەگەیشـــتۆتە ئەم ئاســتە. هەندێ لە خەســڵەتە هاوبەشـەکانی ئەم شـــارانە بریتین لەوەی بوونەتە ســـەنتەرێکی ســـەرەکی دارایی، و دامەزراوەی جیهـانییـان تێـدایە، و بە تـۆڕی فـڕۆکەوانـی و بـارزرگـانی جیهانییەوە گرێدراون.

لەســـەر بنەمای ئەوەی خرایەڕوو، ئەو پرســـیارە دێتەئـاراوە کە چۆن ڕێبەرە ســـیـاســـییەکـان و داڕێژەرانی ســـتراتیژییەت لە عێراقدا دەتوانن ئەو دامەزراوە پەروەردەی و تەنـدروســـتییـانەی لە ئێستادا خزمەتگوزاری ئاسایی پێشکەش دەکەن بگۆڕن بۆ دامەزراوەیی مەرجەعی؟ لە ڕاســـتیدا دەبێت نەخشـــەڕێگایەکی پەیوەســـت بە ڕەوتی پەروەردە و تەندروســـتییەوە هەبێت، و پێویســـتە تەوەربەند بێت لە سەر پسپۆڕی و تایبەتمەندێتی نەك هەمەچەشـــنییەکی ڕواڵەتی، و بنیاتنرابێت لەســـەر بنەمـای پـاڵپشـــتیکردنی توێژینەوە و پەرەپێدان، و پەرۆشـی بۆ ڕاکێشـانی مامۆسـتای تایبەتمەند بۆ وانە وتنەوە و توێژینەوەی زانسـتی،

هەروەها پرۆگرامی ڕاستەقینەی خوێندنی باڵا هەبێت. و لەم ڕووەوە ئا ماژە بە گرنگی ڕاگرتنی بەرفراوانبوونی هەڕەمەکی زانکۆ و پەیمانگا زانستییەکان دەکەین، لەگەڵ بوونی چوارچێوەیەکی ستراتیژی بۆ گۆڕینی خوێندنی باڵا لە عێراق، بۆ ئەوەی تەنها پەیوەست نەبێت بە پرسی بڵاوکردنەوەی ئەکادیمییەوە، بەڵکو کاریگەری هەرێمی و نێودەوڵەتیشی هەبێت. لە بواری تەندروستیشدا پێویستە نەخۆشخانەی تایبەتمەند هەبێت و یەك پسپۆڕی تێچوو بەرز لە خۆبگرێت، و ئامێر و کەرەستەی پزیشکی کواڵیتی بەرز بێت بۆ دابین بکرێت، و ڕاهێنان و ڕەوانەکردنی فەرمی هەبێت بۆ نەخۆشخانەکە، و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش باوەڕپێکراو بێت.

دەستەواژەیەکی ئابووری هەیە کە ڕۆڵێکی ڕوونی هەیە لەم ڕووەوە، ئەویش بریتییە لە سوودەکانی کەمکردنەوەی تێچوون(الوفورات الخارجیە)، واتە تا چەند شارەکان لە لۆکاڵییەوە بەرەو هەرێمایەتی و دواتر بەرەو نێودەوڵەتی بچن، دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکە بریتیە لە هاتنەئارای سوودی دوولایەنە لە نێوان کۆمەڵگە و حکومەتدا. بەڵام چۆن ئەمە بەدی دێت؟ وەڵامەکە بە سادەیی بریتیە لەوەی کە ئەوەی چێشتخانەیەك لە شەقامێکی قەڵەباڵغ بەدەستی دەهێنێت، یان دووکانێك پوشاك فرۆشتن دەستی دەکەوێت، هەمان ئەم چێشتخانەیە یان دووکانە لە گوندێکی دوورەدەست بەدەستی ناهێنێت. هۆکاری ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ پەرەپێدانی شارستانی و جیاوازییەکەی لە نێوان سەنتەرەکانی شار و گوندە دووردەستەکاندا. هەروەها جیاوازی لە نێوان خودی شارەکانیشدا ڕوودەدات. ئەوەتا سەنتەری شاری بەغدا یان هەولێر جیاوازن لە سەنتەری شاری زیقار، و ئەمەش هۆکاری کۆچکردنی خەڵکە بۆ پایتەخت و نیشتەجێبوونیانە تێیدا. سوودەکانی حکومەت چیین لەو ئاڵوگۆڕە بەرەو نێودەوڵەتیبوون؟ چەندین چین و توێژی نێو کۆمەڵگە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سوودمەند دەبن، هەروەها دامەزراوە پەروەردەیی و تەندروستییە نێودەوڵەتییەکانیش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودمەند دەبن، بە هەمان شێوە ئوتێل و هۆکارەکانی گواستنەوە و چێشتخانەکانیش، هەروەها حکومەت سوود لە زیادبوونی باج و ڕسومات وەردەگرێت. واتە ئەمە ئەڵقەیەکی یەکترتەواوکارە، سوودەکانی کۆمەڵگە بە سوودی حکومەت دەشکێنەوە، بەڵام چەقبەستی ئابووری زیانە بۆ حکومەت.

پرۆسەی گواستنەوە لە لۆکاڵییەوە بەرەو هەرێمایەتی و دواتر نێودەوڵەتی بەرجەستە دەبێت لە تەواوکردنی بنیاتنانی ژێرخانی ماددی تۆڕەکانی ئاو و کارەبا، و گرێدانەوەی ڕێگە دەرەکییەکان، بۆ نموونە لە هەولێر: گرێدانەوەی ڕێگەی سەڵاحەددین، ڕێگەی

کۆیە، ڕێگەی کەرکوك.. هتـد، بە نـاوەنـدی شارەوە لە ڕێی هێڵی شەمەندەفەرەوە. ئەمەش دە بێتە هۆی زیـاد بوو نی داهـات لە ڕ ێگەی وەرگرتنی ڕســومـات لەســەر ئەو موڵکـانەی ڕاسـتەوخۆ دەڕواننە سـەر ڕێگاکە، لەبەر ئەوەی نرخی زەوییەکـان بەرز دەبنەوە و خواســـت لەســەر نیشـــتەجێبوونی تێیاندا زیاد دەکات، لەگەڵ بە کرێـدا نی پـا نتـا یی نێوان هێڵی شەمەندەفەر و باڵەخانەکانی نیشتەجێبوون لە شــێوەی دووکان و چێشـــتخانەدا. و ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونی هەلی کار.

لە نێو ئەو پرسـانەی دەبنەهۆی سـەرقاڵکردنی حکومەتەکان، و بە دڵنیاییەوە ئەمە بۆحکومەتی هەرێمیش ڕاســتە، بریتیە لە دروســتکردنی ســەرچـاوەی داهـاتی پێویســـت لە پێنـاو پەرەپێـدانی هەولێر بۆ ئەوەی بە ئـاڕاســتەی نێودەوڵەتی هەنگـاو هەڵبگرێـت. لەم ڕووەوە چەندین سـەرچاوە هەن، بەڵام دەمەوێت ئاماژە بە یەکێکییان بکەم، پێویســتە حکومەت تێچوو و سوود پێکەوە گرێبدات. ڕاستە باجی ڕاستەوخۆ لە داهات و سەرمایە دەسەپێنرێت و لە کەسانی خاوەن توانای دارایی وەردەگیرێت بۆ ئەوەی لە دامەزراوە گشـتییەکاندا یان بۆ پاڵپشـتیکردنی چینە هەژارەکـانی نێو کۆمەڵگە خەرج بکر ێت کە ڕایەڵێکی ڕا ستەوخۆ نییە لە نێوان باجدەر و ســـوودمەندەکەدا، بەڵام گرنگە لە ڕێی ئامرازی دارایی دیکەوە، لە نێویاندا ڕســومات، ڕایەڵی پەیوەندی دروست بکەین لە نێوان سوودمەندی ڕاســـتەوخۆ لەو خزمەتگوزارییەی حکومەتی پێشـکەشــی دەکات و ئەو کەسـەی ڕسـوماتی لێوەردەگیرێت، بەم شێوەیە حکومەت دەتوانێت خەرجی بوارێـك دەســـتەبەر بکـات لە ڕێی بەدەستهێنانی دارایی لەو کەسانەی ڕاستەوخۆ ســـوودیـان لێوەرگرتووە. بۆ نموونە کـاتێـك حکومەت ڕێگایەکی خێرای وەك ١٥٠ مەتری لە هەولێر دروســـت دەکات، ئەوا بەم شـــێوەیە خزمەتگوزاری بۆ تێکڕای هـاوڵاتییـان دابین دەکـات، هەروەهـا شـــاری هەولێریش بەرەو ڕەهەنـدی نـێـودەوڵەتــی دەبـات کە ئەمەش خواســـت و داوا کاری ئێمەیە. بەڵام چینێکی کۆمەڵایەتی هەن- واتە ئەوانەی زەوەییەکانیان ڕاسـتەوخۆ دەڕوانێتە سـەر ئەم ڕێگا خێرایە- کە بە شێوەیەکی خێراتر و ڕاستەوخۆ سوودمەندن لە دروســـتکردنی ئەم ڕێگـا خێرایە، ئەویش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی زەوییەکـانییـان. پێویســـتە خاوەنی ئەم زەوییانە بەشـــێك لەم ســـوودمە ندبوونە وەك ڕسـو مات بدەنەوە بە حکومەت، کە پێی دەڵێین ڕســـومـا تی ئەو زەوییانەی بەســـەر ڕێگای خێرادا دەڕوانن، واتە ئەوانەی زەوییەکانیان ڕاســتەوخۆ بەســـەر ئەم ڕێگایەدا دەڕوانێت، هەمان شـت ڕاسـتە بۆ ئەو زەوییـانەی بەســـەر ڕێگـا خێراکـانی دیکەدا دەڕوانن.

بەڵام خواســـت و داواکاری بۆ ئەوەی شـارەکان

بەرەو هەرێمایەتی و دواتر نێودەوڵەتی هەنگاوهەڵبگرن، بە مانای پشتگوێخستنی دەوروبەری شارەکان و بانگەوازکردن بۆ پەرەپێدانێکی ناهاوسەنگ نییە، بەڵکو بە مانای کارکردنی جیددی دێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو توخم و ڕەگەزانەی نێو شارەکانمان کە دەکرێت هەوڵ و کۆششەکانییان لەسەر چڕ بکرێنەوە لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئاڵوگۆڕەدا. ئەوە تا بواری گەشتیاری و ئوتێلگەری هەن کە دەکرێت بەرەو نێودەوڵەتی بچن، کە شاری هەولێریش قۆناغی باشی بڕیوە بەم ئاڕاستەیەدا. دامەزراوەی پەروەردەی و تەندروستیمان هەن کە دەکرێت کۆششەکان لەسەر هەندێکیان چڕ بکرێنەوە، و کەشێکی گونجاو بڕەخسێنرێت بۆ کێشکردنی هەر کارێکی نوێ و داهێنانکارانە بۆ ئەوەی شارەکە بگاتە ئاستی هەرێمایەتی و دواتر نێودەوڵەتی.

بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ لە هەرێمایەتییەوە بۆ نێودەوڵەتی بەدی بێت، پێویستە حکومەت سیاسەتێکی مرونەتئامێزی هەبێت و بڕیاری گونجاو لە کاتی گونجاودا بدات. پرسەکە پەیوەست نییە بە قەبارەی سەروەت و سامانەوە، ئەگەرچی ئەمە کارێکی خوازراوە و ئاسانکاری بۆ بڕیارەکان دەکات، بەڵکو گرێدراوە بە توانای حکومەتەوە بۆ ڕەنگرێژکردنی سیاسەتەکانی. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرسە، ئەوا دەوڵەتان لە چوار پۆلێندا ڕێکخراون:

- ئەو دەوڵەتانەی سەروەت و سامانییان هەیە بەڵام سیاسەتێکی مرونەتئامێزییان نییە (نەفرەتی سەرچاوەکان). ئەمانە دەوڵەتی ڕەیعین، خەرجییەکی بەرفراوانی نابەرهەمداریيان هەیە، بە دەست گەندەڵییەوە گیرۆدەن، هەستیارییەکی زۆرییان هەیە لە ئاست شۆکی نرخەکاندا. ئابووری عێراق، و ئابووری نەیجیریا، و ئابوری جەزائیر، و ئابووری لیبیا نموونەی بەرچاون لەم ڕووەوە. **(طه،٢٠١٦:لا٤٥-٧٨)**.

- ئەو دەوڵەتانەی سەروەت و سامانییان نییە، بەڵام سیاسەتی مرونەتئامێزییان هەیە (موعجیزەی سیاسەتەکان). ئەو دەوڵەتانەن کە سەرچاوەی سروشتی زۆرییان نییە، بەڵام بە وەبەرهێنان لە مرۆڤ و پەروەردە و گرتنەبەری سیاسەتی ژیرانەی پیشەسازی و بازرگانی، و مرونەتێکی زۆری خۆگونجاندن لەگەڵ ئاڵوگۆڕە جیهانییەکاندا، قەرەبوویيان کردۆتەوە. لە نموونە زەقەکانی ئەم حاڵەتە، یابان و کۆریای باشوور، و سەنگافورەن. .(**عبد اللطيف، ٢٠٢١:لا ٦٧-١٠٣**)(**أمين،٢٠٠٩:لا٣٣-٨٩**).

- ئەو دەوڵەتانەی سەروەت و سامانییان هەیە و لە هەمان کاتدا سیاسەتێکی مرونەتئامێزێش دەگرنەبەر (مۆدێلی زێڕین). خەسڵەتە گشتییەکانیشی بریتین لە کەڵکوەرگرتنێکی ژیرانەی سەرچاوەکان، سندوقی سەروەری و وەبەرهێنانێکی درێژخایەن، شەفافییەت و دامەزراوەی بەهێز، هەمەچەشنکردنی پێشوەختەی ئابووری. نموونە بەرچاوەکانی بریتین لە نەرویج، کەنەدا، ئوسترالیا، ئیمارات.

لەم مۆدێلەدا سەرەوەت و سامانی وڵاتەکە دەبێتە سەرمایە بۆ نەوەکانی داهاتوو نەك خەرجکردنێکی کاتی. (**علي،٢٠١٧:ص٥٥-١١٢**).

- ئەو دەوڵەتانەی نە سامان و نە سیاسەتێکی مرونەتئامێزییان هەیە (تەڵەی پەرەپێدان). و بەدەست نەبوونی سەرچاوەکان، و دامەزراوەی لاواز، و ناکۆکی سیا سی درێژخایەنەوە دەناڵێنن، و پشت بە هاوکاری و یارمەتییەکان دەبەستن. نموونەی ئەم وڵاتانە بریتیە لە هایتی، یەمەن، سۆماڵ، بەنگلادیش.

سیاسەتی مرونەتئامێز بریتیە لە خێرایی لە دەرکردنی بڕیاری دروست لە کاتی گونجاودا. واتە دەکرێت بڕیارێکی حکومەت ڕاست و دروست بێت، بەڵام زۆر درەنگوەخت بێت. ئەمە حاڵی تاکەکەسەکانیشە، چەند بڕیار هەیە کە درە نگوە ختن و نا توا نین سوود لە هەلەکە وەربگرین.

زۆر پێویستە درك بەوە بکەین کە هەلومەرج و بارودۆخەکە بە بەردەوامی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، و ئەوەی هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵناگرێت لە کاروانەکە دادەبڕێت، و ئەوەی دوێنی بە نوێگەر و سەرسوڕهێنەر دادەنرا، ڕەنگە ئەمڕۆ ببێتە شتێکی ئاسایی، و ئەوەی لە دوێنێدا شتێکی دەگمەن بوو، ڕەنگە خستنەڕوی لە ئێستادا شتێکی زیاد، و بگرە چەقبەستوو بێت.

پێویستە شاری هەولێر بە شێوەیەکی زانستی وەبەرهێنان لە خاڵە بەهێزەکانیدا بکات بۆ هەنگاوهەڵگرتن بە ئاڕاستەی نێودەوڵەتیبوون، چونکە سەرباری ئەوەی پایتەختی هەرێمە و فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی، و چەندین بانك و پێگەی گەشتیاری لێیە، ئەوا لە هەمان کاتدا تێچووی ژیان و گوزەران تێیدا کەمترە بە بەراورد بە بەغداد یان پایتەختی دەوڵەتە هەرێمایەتی یان نێودەوڵەتییەکان، و دەکرێت هەلومەرجێکی نوێی تێدا بخوڵقێنن بۆ ئەوەی ببێتە ڕوگەی گەشتیاری خانەنشینان. کە بریتیە لەوەی خانەنشینان شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی جێبهێڵن و ڕووبکەنە شارێك یان دەوڵەتێکی دیکە بە ئامانجی بەسەربردنی قۆناغی خانەنشینی تێیدا. چونکە خانەنشین کار ناکات و ڕکابەری هاووڵاتییانیش ناکات لەسەر هەلی کار، و بەدوای پشوودان و ئاسودەیی و گەشت و گەڕانەوەیە، و داهاتێکی هەیە کە بۆ خەرجی خۆی و نیشتەجێبوون و هاتوچۆ و چاودێری تەندروستی بەکاری دەهێنێت، ئەمەش جوڵە و بزاوتێکی ئابووری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، و زەمینە بەرەو نێودەوڵەتیبوون ساز دەکات، ئەگەرچی سەرنجی ڕاگەیاندنیش لەسەر گەشتیارانی دەوڵەتانی ئەوروپی و دەوڵەتە پێشکەوتوو و دەوڵەمەندەکانی دیکەیە. لەم ڕووەوە کەموکوڕی هەیە لە پەیوەندیدا بە ڕاگەیاندنی گەشتیارییەوە. لەبەر ئەوە دەبێت هەلومەرجی پێویست بۆ بەدیهێنانی فاکتەرەکانی ڕاکێشانی گەشتیاری بۆ خانەنشینان بخوڵقێنرێت.

گەشتیاری خانەنەنشینان جیاوازە لە جۆرەکانی

دیکەی گەشتیاری، کە تێیدا خانەنشین شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی خۆی جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی لە شارێك یان دەوڵەتێکی دیکە نیشتەجێ بێت بە مەبەستی بەسەربردنی قۆناغی خانەنشینی و بە ئامانجی بەهرەمەندبوون لە کوالێتی ژیانێکی باشتر، و تێچوونێکی گونجاوی گوزەران، و خزمەتگوزاری باشی پەروەردەیی و تەندروستی، و ژینگەیەکی سەلامەت و ئاسودە، و ژێرخان و خزمەتگوزاری پێشکەوتوو، کەلتور و بەسەربردنی کات، و یاسای کۆچبەری مرونەتئامێز بۆ خانەنشینان، و سروشت و کەشێکی لەبار و گونجاو. واتە ئەمە تەنها سەردان و سەفەرێك نییە، بەڵکو بڕیاری بەسەربردنی ژیانێکی کاتی یان هەمیشەییە تێیدا.

لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە حکومەتی هەرێم کار و کۆششی سەخت بکات لەسەر ئەم تەوەرانە بکات بۆ ئەوەی گەشتیارییەکی جیددی بۆ خانەنشینان فەراهەم بکات کە بەشدار بێت لە خوڵقاندنی سەرچاوەی جۆراوجۆر و نوێی داهات.

با بزانین گەشتیاری خانەنشینی چی دەوێت: تێچوونێکی گونجاوی ژیان کە بەرجەستە دەبێت لە نیشتەجێبوون و خۆراك و خزمەتگوزاری هۆکارەکانی گواستنەوە، و چاودێریەکی پێشکەوتویی تەندروستی کە بە هۆی نەخۆشخانە و سەنتەرە پزیشکییە کوالێتی بەرزەکانەوە بەدی دێت، و سەلامەتی کەسی و سیاسی لە ڕێی هێنانەئارای سەقامگیرییەکی کۆمەڵایەتی و یا سایییەوە، و ژێرخان و خزمەتگوزاری پێشکەوتوو کە هۆکارەکانی گواستنەوە و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن لە خۆدەگرێت، لەگەڵ بوونی کەلتور و ڕۆشنبیری و هۆکارەکانی بەسەربردنی کات و هەلی کۆمەڵایەتی کە بەرجەستە دەبێت لە بوونی یانە کۆمەڵایەتی و تەرفیهییەکان، و یاسای مرونەتئامێز بۆ خانەنشینان بۆ ئەوانەی تەمەنییان ٥٥ ساڵی تێپەڕاندووە، و پێدانی مۆڵەتی مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، و باجی گونجاو. ئەوەی پەیوەندی بە کەشوهەوای لەبار و گونجاوەوە هەبێت، ئەوا یەزدان سروشتێکی سەرنجڕاکێش و ژینگەیەکی زستانە و هاوینەی گونجاوی پێداوە، و بۆتە شوێن و ڕوگەیەکی گونجاوی گەشتیاری و مانەوە لە زستان و هاوین و بەهار و پاییزدا.

ئەو وتارە زیاتر لە پرۆژەیەك لە خۆ دەگرێت، و دەرگا بە ڕووی گفتوگۆیەکی زیاتردا دەکاتەوە. بەڵام ئەگەر بێتوو بە زمانی ژمارە تیشك بخەینەسەر یەکێك لەو تەوەرانەی بەهۆیەوە هەولێر لە ئاستی هەرێمایەتییەوە بۆ هەرێمایەتییەکی پێشکەوتوو و دواتر بۆ ئاستی نێودەوڵەتی هەنگاو بنێت، ئەوا ئەم تەوەرە بریتیە لە گەشتیاری خانەنشینان، کە لەم ڕووەوە گرنگی بنەڕەتی هەولێرمان بۆ دەردەکەوێت بە بەراورد بە شاری نێودەوڵەتی دیکە، لەگەڵ قەبارەی ئەو داهاتە ئابوورییانەی ئەم شارە بەدەستی دەهێنێت.

Global Retirement Report 2025(Global Citizen Sloutions) ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی تایبەت بە خانەنشینان پۆلێنی باشترین دەوڵەتان دەکات بۆ بەسەربردنی ژیان تێیاندا دوای خانەنشین بوون، ئەویش لەسەر بنەمای چەند ئاماژەیەکی گرنگ وەك بەدەستهێنانی ئاسانی ڤیزا و کواڵیتی ژیان و سەلامەتی کەسی و چاودێری تەندروستی و ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

پورتوگال، مورشیوس، ئیسپانیا، ئۆرۆگوای، نەمسا، ئیتاڵیا، سلۆڤینیا، ماڵتا، لاتڤیا، چیللی.

هەروەها ڕاپۆرتێك هەیە دەوڵەتان لەسەر بنەمای چەند فاکتەرێك پۆلێن دەکات، بۆ نموونە: (Global Citizen Solutions, Global Retirement Report 2025)

کواڵیتی ژیان، خزمەتگوزارییەکان، تەندروستی، نیشتەجێبوون بە ئاسانی. کە بەم ڕیزبەندییەی خوارەوە ئاماژەی بەم دەوڵەتانە کردووە: ئیسپانیا، پورتوگال، کوستاریکا، ئیتاڵیا، یۆنان، فەڕەنسا.

لە خشتەی (١ )دا کە بەراوردێکی سادەییە لە نێوان هەولێر و یەکێك لە دەوڵەتانی ئەوروپا کە کار و کۆششی سەخت دەکات بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر تێیدا نیشتەجێ بن و بگرە ڕەگەزنامەش بەو کەسانە دەدات کە خانووبەرەی تێدا دەکڕن، کە بریتیە لە وڵاتی پورتوگال، ئەوا ئەمانەی خوارەوە بەدی دەکەین:

**خشتەی (١ ) بەراورد لە نێوان فاکتەرەکانی گەشەکردنی گەشتیاری خانەنشیان**

| فاکتەرەکان | هەولێر | پورتوگال |
|---|---|---|
| ئارامی شەوانە | ئاستێك زۆر بەرز | مامناوەند تا ئاستێکی نزم |
| تاوان دژی بە ساڵاچووان | نزیکە لە نەبوونەوە | تا ڕاددەیەك بڵاوە |
| تێچوونی ژیان | کەمە | بەرزە |
| کەشوهەوا | تا ڕاددەیەك لەبارە | لە ڕووی دەریاییەوە لەبارە |
| خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان | مامناوەندە | بەرزە |

**خشتەکە کاری توێژەرە**

**ستوونی تایبەت بە شاری هەولێر لە کاری توێژەرە.**

**ستوونی تایبەت بە پورتوگال لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوە:**

**(Global Citizen Solutions, Global Retirement Report 2025)**

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شاری هەولێر ئاسایش تێیدا باڵادەستە و تێچوونی ژیان تێیدا کەمە بە بەراورد بە پورتوگال، و کەشوهەوا هاوتایە لەگەڵ پورتوگال و هەرێمدا، ئەوەی بۆ سیاسەتدارێژەران دەمێنێتەوە بریتیە لە چڕکردنەوەی کۆششەکانیان لەسەر خزمەتگوزاری و چاودێری تەندروستی و بابەتی تەئمینی تەندروستی بە تێچوونێکی گونجاو، بە تایبەتی بۆ بەساڵاچووان بۆ ئەوەی هەرێم ببێتە ڕووگەیەکی گە شتیاری تایبەتمەند بۆ خانەنشینان، و دروستکردنی چەند سەرچاوەیەکی دارایی تێیدا، تاوەکو بەرفراوان بێت و لە شارێکی لۆکاڵییەوە بۆ شارێکی گەشتیاری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی هەنگاو بنێت، ئەمە کارێکی مەحاڵ نییە، بەڵکو فەراهەمە و بەدیهێنانیشی خزمەت بە کەشە سروشتی و مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکەی دانیشتوانی هەولێر دەکات، بە تایبەتی بارە ئەمنییە لەبارەکەی شارەکە.

**سەرچاوەکان:**


- أمين،د.سمير،التنمية بدون موارد:التجربة الاسيويه،دارإبن خلدون،بيروت،٢٠٠٩.
- طه،د. حسن علي، لعنة الموارد الطبيعيه وأثرها على التنمية الإقتصاديه في الدول الناميه، مجلة العلوم الإقتصاديه، بغداد،٢٠١٦.
- عبد اللطيف،د. نادر، النمو الإقتصادي في الدول العربيه: الموارد الطبيعيه أم السياسات الإقتصاديه؟ مجلة كلية الإقتصاد والعلوم السياسيه، القاهره، ٢٠٢١
- علي،د.علي عبد القادر،إدارة الثروة النفطية والتنمية المستدامة/دروس من التجارب الدولية،مركزدراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠١٧.
- Expatra Global Retirement Index,2025.
- Global Citizen Solutions, Global Retirement Report 2025
- J.V.Beaverstock,R.G.Smith&Taylor,Aroster of worid cities,Journal of cities, volum 16, Issu 6,1999.

# وەهمی جیهانگەرایی

## بۆچی ئەمریکا پێویستی بە بنیاتنانی سیستمێکی نوێی هەڵسوڕاندن هەیە



نووسینی: نادیا شادلۆ وەرگێڕانی: د.هێمن غەنی

هیچ کات ئاڵوگۆڕی هێز کارێکی ئاسان نەبووە، کە لە ئێستادا پرۆسەیەکی مەزنی لەم چەشنە لە ئارادایە، بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕی هێزە لە نێوان دەوڵەتە ڕکابەرەکاندا نییە، بەڵکو لە نێوان ڕێچکە ناکۆك بە یەکەکانی پەیوەست بە سیستمی نێودەوڵەتیدایە. کە دەکرێت بە پێکدادانی نێوان دوو سیستمی هەڵسوڕاندن ناوزەدی بکەین. تێڕوانینی یەکێکییان ئەوەیە کە تەنها لە ڕێی گرتنەبەری چوارچێوە دامەزراوەییە جیهانی و سەروو-نەتەوەییەکان و ڕێسا فرەلایەنەکانەوە دەتوانرێت پرس و کێشە هاوچەرخە هەرە گرنگەکان یەکلابکرێنەوە. ئەوەی دیکەیان پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی هێشتا دەوڵەتی نەتەوەیی بریتیە لە بناغەی دەسەڵاتی شەرعی و ئەنجامدانی کردارە کاراکان، و جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە

دەرئەنجامەکانیش لە کۆتاییدا بەندن بە بڕیار و توانا و بەرپرسیارێتی دەوڵەتەکانەوە.
دەکرێت بووترێت لە زۆربەی ڕۆژگاری شەڕی سارددا، ڕێچکەی "ئەولەویەتدان بەجیهانگەرایی" زاڵبوو بەسەر بیرکردنەوەی نێودەوڵەتیدا. حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، و کاراکتەرە نا-حکومییەکان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی ئاڵنگارییەکانی پەیوەست بە ئاسایش، و شڵەژانی ئابووری، و کۆچبەری، و پەتاکان، و گۆڕانی کەشوهەوا پێویستیان بە چارەسەری جیهانگەرایی هەیە. داڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت و بە ئەندامبوونی چین لە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی ڕەوتی جیهانگەرایی ئابووریيان خێراتر کرد، و بوونەهۆی تۆخکردنەوەی ئەو بۆچوونە لای سەرکردەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە کە دامەزراوە جیهانییەکان گونجاوترینین بۆ بەرخورکردنی لەگەڵ ئاڵۆزییەکان و پاراستنی ئاشتی. بۆ چەندین دەیە، ئەم دامەزراوانە (و حکومەتەکان و ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوە ناحکومییانەی پشتیوانییان دەکردن) برەویان بە دیدگایەکی هاوبەش دەدا: تەنها دامەزراوە جیهانییەکان دەتوانن کێشە بنەڕەتییەکانی ڕۆژگارەکە چارەسەر بکەن.
بەڵام لە باشترین حاڵەتدا دەرئەنجامەکانی ڕێچکەی ئەولەویەتدان بە جیهانگەرایی جۆراوجۆر بوون. سەرباری دەیان ساڵ لە گفتوگۆ، هێشتا دەردانی غازی قەتیسبوونی گەرما لە هەڵکشان و زیادبووندایە، و هیچ ئابوورییەکی گەورە لە ئارادا نییە کە لەسەر ڕێگەی ڕاست بێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی ڕێککەوتنامەی پاریسی ساڵی ٢٠١٥ دیاری و دەستنیشانیکردن. ژمارەیەکی پێوانەیی خەڵك دەربەدەر بوونە، و پرسی کۆچبەری سیاسەتی ناوخۆیی چەندین وڵاتی ناسەقامگیرکردووە، و لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە هیچ کاتێك بە ئەندازەی ئێستا ناکۆکییە چەکدارییەکان هێندە بێشوومار و درێژخایەن نەبوونە. پەتای کۆڤید-١٩ پەردەی لەسەر شکستەکانی ئیدارەی تەندروستی جیهانی هەڵماڵی، لە کاتێکدا بەرەوپێشچوونی پەیوەست بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی بەردەوام لە ئاستی خواست و ئاواتەکاندا نەبوون.
لە هەمان کاتدا، لە نێو ئەم سیستەمە جیهانییەدا، توانای وڵاتی چین بە خێرای بەرەو هەڵکشان چوو، و ئەم وڵاتە هێزی ئابووری و تەکنەلۆژی و سەربازی کەڵەکە کرد، و بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو کەڵکی لە ڕێسا و ڕێککارە نێودەوڵەتییەکان وەرگرت. لە ئێستادا، چین بۆتە مەترسیدارین ئاڵنگارییەك کە ئەمریکا لە دوای شەڕی ساردەوە ڕووبەڕوی بۆتەوە، ئەمەش ئەو بۆچوونە پوچەڵ دەکاتەوە کە هێنانە ئارای ئاوێتەبوونی قووڵتر و بەشداری

هەمەلایەنە سیستمێکی نێودەوڵەتی هاریکارتر و سەقامگیرتر بەدی دەهێنێت.

لەبری هەڵسەنگاندنی ئەوەی بۆچی دەیان ساڵە هەوڵە جیهانییەکان شکستیان هێناوە، کەچی زۆرێك لە سەرکردەکان پێداگری لەسەر دەستهەڵنەگرتن لە هەڵوێستەکانییان دەکەن. سکرتێری گشتی -ئێستای- نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گوتەریز، بەردەوام گوزارشت لە حەسرەتی خۆی دەکات کە فرەلایەنی ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند و "سەخت دەبێتەوە،" و هۆشداری دەدات لەوەی کە "هیچ ڕێگایەکی بەرەوپێشچوون نییە جگە لە گرتنەبەری کاری بە کۆمەڵ و لۆژیکی لە پێناو چاکەی گشتیدا. "بەڵام ئەوەی ئەم بۆچونە بە ڕاددەیەکی گەورە نادیدەی دەگرێت بریتیە لەو کەموکوڕییەی لە خودی ڕێچکەی ئەولەویەتدان بە جیهانگەراییدا هەیە.

لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکدا، ئەو گومانانەی بۆ ڕۆژگارێکی دوورودرێژ لە گەڵاڵەبووندابوون لە بارەی سیستمی جیهانی دوای شەڕی ساردەوە، سەریانهەڵدا و هاتنەئاراوە. بڕیاری بەریتانیا بۆ جێهێشتنی یەکێتی ئەوروپا لە ساڵی ٢٠١٦، هەروەها کەمبوونەوەی ئارامی و دانەبەخۆداگرتن لە ئەوروپا و شوێنەکانی دیکە لە ئاست دامەزراوە سەروو-نەتەوەییەکان بوونەهۆی بنکۆڵکردنی زۆرێك لەو گریمانانەی ڕەنگڕێژی سیاسەتی حکومەتە ڕۆژئاواییەکانییان دەکرد لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە. سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ هۆکاری هێنانەئارای ئەم هەلومەرجە نەبوو، بەڵام بە گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات لە ساڵی ٢٠١٧دا، ڕەوتی ئەم ئاڵوگۆڕەی خێراتر کرد.

His clear priority, in places such as Iran and Venezuela, is to act on the basis of national interest and collective defense without first deferring to global bodies.

لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیەکەیدا، ترەمپ لە گوتارەکەیدا لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەیلولی ٢٠٢٥دا، مشتومڕی ئەوەی کرد کە سەرباری " ئەوەی ئەم ڕێکخراوە توانای زۆر و زەوەندی هەیە،" بەڵام "تەنانەت نزیك نەبۆتەوە لە بەدیهێنانییاندا." ستراتیژییەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠٢٥ ئەوە دەخاتەڕوو کە" لە ئێستادا دەوڵەتی نەتەوەیی یەکەی سیاسی بنەڕەتی جیهان پێکدەهێنێت و لە ئایندەشدا هەروا دەمێنێتەوە." کشانەوەی ترەمپ لە دەیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، و بانگەوازەکەی لە مانگی کانوونی دووەمدا بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاشتی-" کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگوێ دەخات-، و کەمکردنەوەی کۆمەکە نێودوەڵەتییەکان و تەحەدداکردی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی بواری بازرگانی و کۆچبەری

ڕووبەڕووی سەرکۆنە و سەرزەنشتی بەربڵاو بوونەتەوە، بەڵام کار و کردەوە کانی سەرۆکی ئەمریکا ڕەنگدانەوەی ڕەتکردنەوەیەکی بەرفراوانی پرەنسیپی ئەولەویەتدانە بە جیهانگەرایی. ڕوونە کە کاری لە پێشینەی دۆناڵد ترەمپ لە وڵاتانی وەك ئێران و ڤەنزویلا، کارکردنە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی و بەرگری دەستەجەمعی بێ ئەوەی لە هەنگاوی یەکەمدا پەنا بۆ دامەزراوە جیهانییەکان بەات.

بەڵام لە پشت نمایشەکانی ترەمپەوە، بانگەشەیەکی لۆژیکی هەیە: تەنها دەوڵەتان کێشەی جیهانی دەخوڵقێنن (پیشە سازییەکانییان کە شوهەوا پیس دەکەن)، و دەوڵەتانیش ڕووبەڕووی ئەم کێشانە دەبنەوە (هاوڵاتییەکانیان بەدەست ئەم کێشانەوە دەناڵێنن)، و هەر ئەوانیش هەڵگری ئامرازەکانی چارەسەرکردنییان (لە ڕێی داهات و ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانییەوە). تەنها دەوڵەتان کار بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانییان دەکەن-دەرئەنجامەکانی هەرچییەك بن لەسەر سیستمە نێودەوڵەتییەکەی و نۆرمەکانی-، و هەر ئەوانیش ئەو کێشانە چارەسەر دەکەن کە تا ئێستا دامەزراوە و پرۆسە جیهانییەکان شکستییان هێناوە لە یەکلاکردنەوەیاندا.

تا ڕاددەیەکی زۆر چوارچێوە جیهانییەکە هاوشێوەی بکەر نادیارە لە ڕێزمانی ئینگلیزیدا: چونکە کارایی لە کێشەکان دادەبڕێت و هۆکارە ڕاستەقینەکان پەردەپۆش دەکات. هەروەها پرۆسەی ڕێکخراوەیی ئاڵۆز دەخوڵقێنێت کە ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنی ڕاستەقینەدا دروست دەکات. تەنانەت پشتیوانکارانی ڕێچکەی جیهانگەراییش دانبەوەدا دەنێن کە زۆرجار گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان بەرپرسەکان گیرۆدە و گرفتاری تۆڕێکی چڕی کۆبوونەوە و ڕێککار و ڕێساکان دەکەن. ئەم ئاڵۆزییە چەند چینەش دەبێتەهۆی خاوکردنەوەی هەڵگرتنی هەنگاوەکان یان پەکخستنییان بە یەکجاریی.

ناکۆکی پەیوەست بەم ڕێچکە ڕکابەرانەی هەڵسوڕاندنەوە، بایەخی خۆی هەیە. چونکە ئەم پرسە بارگرژی بۆ هاوپەیمانێتییەکان دروست دەکات، و هاوبەشییەکان ئاڵۆز دەکات، و تۆمەتەکانی پەیوەست بە گۆشەگیربوونەوە تۆختر دەکاتەوە، بەڵام نابێتەهۆی باشترکردنی بارودۆخی ئەو کەسانەی لە باری لەرۆزکی و لاوازیدان. لە ڕێی تەحەددیکردنی چوارچێوە جیهانییە شکستخواردووەکانەوە، ڕێچکەی تەوەربەند لەسەر دەوڵەت دەتوانێت گۆڕانکاری ئەرێنی ڕاستەقینە بخوڵقێنێت- و دەوڵەتانیش بگەڕێنێتەوە نێو چەقی کار و کرداری ڕاستەقینە.

## هەڵکشانی جیهانگەرایی

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دارشتن و ڕەنگرێژکردنی سیستمە نێودەوڵەتییەکەی سەدەی بیستدا بەشدار بوو، هەروەها پێشی

کاریگەر بوو. پەرەسەندنە مەترسیدارەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، کە تێیدا جەنگە بە پیشەسازیکراوەکان بوونەهۆی کوژرانی نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس، بە ڕاددەیەکی گەورە متمانەیان بە دەوڵەتی نەتەوەیی، وەك بناغەی سیستەمە نێودەوڵەتییەکە، لاواز کرد. دواتر کۆمەڵەی گەلان وەك ئەزموونێکی گەورەی سەروونەتەوەیی لە بواری ئاسایشی بە کۆمەڵدا هاتەئاراوە.

سەرۆکی ئەمریکا، وودرۆ ویلسۆن کۆمەڵەی گەلان ی بە"کۆمەڵگەی هێز،" ناوزەد کرد، و مشتومڕی ئەوەی کرد کە لە پێناو پاراستنی ئاشتیدا پێویستە دەوڵەتان دەستبەرداری ئازادی هەڵوێست وەرگرتن بن و ئەم دەسەڵاتە ڕادەستی ئەنجومەنێکی هاوبەش بکەن. ڕوومانسنوس ئێچ. جەی. وێلز هەنگاوێك لەوە زیاتر دەڕوات، و دەڵێت "ناتوانین بە ڕاددەیەکی گەورە ئەو شەڕانگێزییە کەم بکەنەوە کە لە ئێستادا ژیانی مرۆڤایەتییان تاریککردووە و هەڵگری هەڕەشەی لە ناوچوونی یەکجارەکین، ئەگەر بێتوو تێکڕای گەلە شارستانی و ئاشتیخوازەکانی جیهان بەڵێن نەدەن و لە سایەی یاسایەکی هاوبەش و سیاسەتێکی جیهانی هاوبەشدا یەکنەگرن."

بەڵام کۆمەڵەی گەلان شکستیهێنا لە بەرگرتن بە پشێوییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، و تەنانەت ئەگەر ئەمریکاش بچووایەتە نێو ئەم کۆمەڵەیە شەوە، ئەوا هێشتا گومان هەیە لەوەی کە لە ئەرکەکەیدا سەرکەوتوو بوایە. دوای ئەو جەنگە، دووبارە وڵاتان هەوڵی هێنانەئارای ئاشتییەکی درێژخایەنتریان دا. ئەوەبوو ئەمریکا وەك ئەندازیاری سەرەکی سیستەمە نێودەوڵەتییەکەی دوای ساڵی ١٩٤٥ دەرکەوت، و هێز و توانا ئابووری و سەربازییە بێهاوتاکەشی بەکارهێنا بۆ بنیاتنان و دروستکردنی دامەزراوەی نوێی جیهانی. ئەمەش سەریکێشا بۆ دروستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان، و سندوقی نێودەوڵەتی دراو، و ڕێککەوتنی گشتی تایبەت بە ڕسوم و بازرگانی، کە بۆ نزیکەی پەنجا بازرگانی جیهانی ڕێکخست، پێش ئەوەی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بێتەئاراوە.

بە تێپەڕبوونی کات، دەوڵەتانی ئەندام دەستبەرداری هەندێ لە سەروەری خۆیان بوون- و دەسەڵاتییان بە ئەنجومەنی ئاسایش دا بۆ دەستنیشانکردنی هەڕەشەکانی سەر ئاشتی، و توانادارییان کرد بۆ ئەوەی ناکۆکییە بازرگانییەکان یەکلا بکاتەوە و مۆڵەتیان دا بە سەپاندنی ڕسوماتی سزائامێز، و بواریان دا بە سندوقی نێودەوڵەتی دراو بۆ پێدانی بڕە پارەیەکی زۆر بەو وڵاتانەی دەناڵێنن بەدەست بالانسی پارەدانەوە- هەموو ئەوانە لەبەرامبەر بەڵێنی بەدیهاتنی جیهانێکی پتر سەقامگیردا. و نەك هەر تەنها دەستووری وڵاتەکە، بەڵکو

یاســـای نێودەوڵەتی و ڕێســـا کانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکـانیش، دەســـەڵاتی دەوڵەتیـان سنوردار کرد.

لە ئەوروپادا، کە ناســـیۆنالیزم ئاگری هەندێ لە کاولکارترین شـــەڕەکانی ســـەدەی بیســـتەمی خۆشـــکرد، گوشـــارەکـان زیـادییـان کرد بۆ دۆزینەوەی جێگرەوەیەك بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی. کۆمەڵەی ئـابووری ئەوروپی، کە لە ســـاڵی ١٩٥٧ دامەزرا و دواتر بەرفراوان بوو و بووە یەکێتی ئەوروپا، لەســـەر بنەمای ئەو باوەڕە هەڵچنرابوو کە پشتبەیەکبەستنی ئابووری بۆی هەیە بەر بە ناکۆکییەکـان بگرێت. ســـەرکردە ئەوروپییەکـان مشـــتومڕی ئەوەیـان کرد کە قووڵکردنەوەی ئـاوێتەبوون و ســـنوردارکردنی ســـەروەری نەتەوەیی دەتوانن نەك هەر شـــەڕ بکەنە پرســـێکی نەخوازراو، بەڵکو بکەینە بژاردەیەکی مەحاڵیش.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، هەوڵە سنوربڕ و سەروو نەتەوەییەکان بۆ تێپەڕاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی تین و تاوی سەند، و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بە شـــێوەیەکی بەردەوام دەســـەڵاتی خۆیـان بەرفراوان کرد. لە ئێستادا نەتەوە یەکگرتووەکان دەیان سندوق و پرۆگرام و ئاژانســـی تایبەتمەند لە خۆدەگرێت. ســـندوقی نێودەوڵەتی دراو لە بایەخدانێکی بەرتەسکەوە بە باڵانسی پارەدانەوە پەرەیســـەند بۆ گرتنەبەری ڕۆڵێکی بەرفراوانتری پشـــتیوانیکردن لە پەیوەنـدیـدا بە چـاودێری ئـابووری هەمـووەکـی و پـێـدانـی قەرز لە ســـەروەخـتـی قەیـرانەکـان، و چـاکســـازی پەیکەربەندی، لە کاتێکدا ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی بووە ســـیســـتمێکی گشـــتگیری پەیوەندیدار بە خزمەتگوزارییەکان و موڵکدارێتی هزری، و یەکلاکردنەوەی نـاکۆکییەکـانەوە. لە هەمـان کـاتـدا، زۆرێـك لەم دامەزراوانە کەمتر کەوتنە ژێر بەرپرســـیارێتی دەوڵەتانەوە. زۆربەی جـار دەوڵەتە کۆمەکبەخشـــەکـان دووچـاری نـائومێـدی بوون لەبەر ئەوەی ئـاژانســـەکـانی پەرەپێدان خۆیان بە سەربەخۆ دەزانی لە ئاست ئەو حـکـومەتـانەی دارایـیـان بـۆ دەســـتەبەر کردبوون، تەنانەت کاتێك ئەو حکومەتانە داوای وردبـیـنـیـیـان دەکـرد لەبـارەی چـۆنـیـیەتـی خەرجکردنی ئەو پـارانەوە. دەوڵەتـانی ئەنـدام کۆنترۆڵێکی کەمییـان هەیە بەســـەر بـانکی جـیـهـانەوە. ئەم دامەزراوانەش پـێ بە پـێـی زۆربـوونـی کـارمەنـد و گەورەبـوون بـودجە و بەرفراوانبوونی ئەرکەکـانییـان، لە ئـامرازێکی دەســـتی دەوڵەتانەوە پەرەیانســـەند بۆ چەند دامەزراوەیەك کە کارنامەی تایبەت بە خۆیان هەبێت.

داڕووخانی یەکێتی ســـۆڤییەت و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد بەشداربوون لە خولقاندنی باوەڕو و بـۆچـوونـێـکـی بەربـڵاو بەوەی کـۆمەڵـگەیەکـی نێودەوڵەتی نوێ لە سەروبەندی سەرهەڵداندایە و هەڵـکشـــانـی ویـلایەتە یەکـگـرتـووەکـانـی

ئەمریکـاش وەك تـاکە هێزی بـاڵا زەمینەخۆش دەکات بۆ هێنانەئارای سـیسـتمی ئاسـایشـی دەسـتەجەمعی و زۆنێکی دیموکراسـی بەردەوام گە شەکردوو کە ئا شتی باڵبکێشێت بە سەریدا. دوای ڕووخـانی دیواری بەرلینیش، سـەرۆکی ئەمریکا، جۆرج ئێچ دەبلیو بوش، بانگەشـەی هاتنەئارای سەروەخت و سەردەمێکی نوێی کرد. و دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان سـەرکۆنی سـەرۆکی عێراق، سـەدام حوسـێن ی کرد لە بەرامبەر داگیرکردنی کوەیت لە ساڵی ۱۹۹۰دا، ئاماژەی بەوە کرد کە "لە ئێستادا وڵاتان دەتوانن هەلەکە بقـۆزنەوە بـۆ بەدیهـێـنـانـی بەڵـێـنـی لەمێژینەی هێنانەئارای سـیسـتمێکی جیهانی نوێ، کە تێیدا توندوتیژی پاداشـت ناکرێتەوە، و دەسـتـرێـژکـاریـش ڕوبەڕوی بەرهەڵسـتـی دەستەجەمعی دەبێتەوە."

بە ئەنـدامبوونی چین لە ڕێکخراوی بـازرگـانی جیهانی لە ساڵی ۲۰۰۱ لەسەر بنەمای کۆمەڵێك گریمانەی هاوشێوە بنیاتنرابوو. سیاسەتدارێژەرانی ئەمریکا و ئەوروپا باوەڕیان وابوو کە ئاوێتەکردنی چین لە بازاڕ و دامەزراوە جیهانییەکاندا هانی ئەو وڵاتە دەدات دەسـت بۆ ئازادکردنی ئابوورییەکەی ببـات، و دەبێتە هۆی ئەوەی پەکین بەرکەوتەی هەبێت لەگەڵ ڕێسـا و نۆرمە نێودەوڵەتییەکان، و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی وردە وردە خاوبێتەوە لە گرتنەبەری ئامانجە سـتراتیژییەکانی. لەگەڵ زیاتر دەوڵەمەندتربوونی چین و ئاوێتەبوونی زیاتری لە ئابووری جیهانیدا، زۆر کەس پێشـبینی ئەوەیان دەکرد کە ببێتە لایەنێکی بەرپرسـیـار لە نێو سـیسـتمە لیبراڵییە نێودەوڵەتییەکەدا. نەك هەر ئەمە ڕوویـنەدا، بەڵـکـو لەبـری ئەوە چـیـن دەستڕاگەیشتنی بە ئابووری جیهانی بەکارهێنا بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و هەڕەشەکردن لەو سیستمە.

هاوشان بە هەڵکشانی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان، کە زیـاتر و زیـاتر وەك کـاراکتەرێکی جیهـانی مـامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکـرا، ئەم عەقـڵە جیهـانگەراییەش پتر قووڵبوونەوەی بەخۆوە بینی. و هەرچەنـدە لە ڕووی فەرمییەوە ئەم کۆمپانیانە لە ژێر باری یاسـا نیشـتمانییەکاندا بوون، بەڵام قەبارە و دەسـتڕۆیشـتوییان بواری پێدان بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسـەر ڕەفتاری دەوڵەتـان هەبێـت. کۆمپـانیـا تەکنەلۆژییەکـان دەسـتڕۆیشـتوییان هەیە بەسـەر دەرئەنجامی بڕیـارەکـانی پەیوەسـت بە ڕێکخسـتنی بە سـەپـانـدنی بـاج، و تـایـبەتمەنـدێـتـی، و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕەوە، کۆمپانیاکانی نەوت دەکەونە گـفـتـوگـۆی ڕاسـتەوخـۆوە لەگەڵ حکومەتەکاندا لەبارەی پرسەکانی پەیوەست بە وەبەرهێنان، و سزاکان، و سیاسـەتی ژینگەوە، هەروەهـا کـۆمـپـانـیـا دارایـیەکـان، کە سـەرمایەکانییان لە تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی زۆرێـك لە وڵاتـان زیـاتـرە، مـومـارەسـەی دەسـتڕۆیشـتویی دەکەن لە ڕێی تەرخانکردنی سەرمایە و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە

ڕێكخەر و بانكە ناوەندییەكاندا. هەموو ئەمانە بوونەهۆی قوولبوونەوەی عەقڵییەتی بیركردنەوەی بە كۆمەڵ.
سكرتێری گشتی پێشووی نەتەوە یەكگرتووەكان برەو یدا بە بیرۆكەی ئەو " كێشانەی سنوور ناناسن،" و مشتومڕی ئەوەی كرد كە زۆرێك لە ئالنگارییەكان هێندە پەرش و بەربڵاون كە دەوڵەتان ناتوانن بە تەنیا چارەسەرییان بكەن. بۆ نموونە، ڕاگەیاندنی هەزارەی ڕێكخراوەكە لە ساڵی ٢٠٠٠، برسێتی،و هەژاری، و شەڕ، و نادادی كۆمەڵایەتی وەك كێشەی جیهانی ناوزەد كرد، ئەم تێڕوانینەش تێكهەڵكێشی ئامانجەكانی پەرەپێدانی بەردەوام بۆ ساڵی ٢٠١٥ كرد. و هەرچەندە ئەم ڕێكخراوە دانبەوەدا دەنێت كە ئامانجە بنەڕەتییەكانی بەدی نەهاتوون. كەچی بەم دواییە، هانی گرتنەبەری ڕێچكەیەكی جیهانیدا بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ مەترسییەكانی ژێری دەستكرددا. هەروەها عەقڵێكی جیهانگەرایی بەسەر بەشێكی زۆری كۆمەڵگەی مەدەنی و دەستەبژێرە ڕۆشنبیرییەكاندا زاڵ بوو.
لە ساڵانی حەفتاكانی سەدەی ڕابردودا، لە پاڵ دامەزراوە فەرمییەكاندا، بزوتنەوەیەكی حوكمڕانی جیهانگەرایی سەریهەڵدابوو، و مشتومڕی ئەوەی دەكرد كە پشتبەیەكبەستن پێویستی بە هاوكارییەكی بەهێزتری فرەلایەن یان "بەڕێوەبردنێكی هاوبەش" هەیە، و ئەمە ئەو دەستەواژەیە بوو كە لیژنە سێ قۆڵییەكە بەكاریهێنا، كە یەكێك بوو لەو دەستە سەروونەتەوەییانەی لەو سەردەمەدا دامەزرێنرا.
لە ساڵانی نەوەتەكانی سەدەی ڕابردودا، ئەم بیرۆكانە بوونە باوەڕێكی پتەو و چەسپیو. شرۆڤەكارە كاریگەرەكانی وەك تۆماس فریدمان ستایشی جیهانگەراییان كرد وەك هێزێكی باڵای دارێژەری سیاسەتە ناوخۆیی و پەیوەندییە دەرەكییەكان، و بە هەزاران ڕێكخراوی ناحكومی بە چەشنێكی فەرمی بە نەتەوە یەكگرتووەكانەوە گرێدران، بەم شێوەیە كاراكتەرە نا-دەوڵەتییەكان تێكهەڵكێشی دامەزراوە جیهانییەكان كران.
چوارچێوەی جیهانییەكە ڕۆچووە نێو چەندین دەستپێشخەری ئەمەریكی و ئەوروپییشەوە. دەستپێشخەرییەكەی ئیدارەی بایدن كە بریتی بوو لە -بنیاتنانەوەی باشتری جیهان-، ڕەگ و ڕیشەی لە "دیدگایەكی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی جیهانی" دا هەبوو. و ئامانجی پرۆژەی دەروازەی جیهانی یەكێتی ئەوروپا بریتی بوو لە "چارەسەركردنی ئالنگارییە جیهانییە هەرە بەپەلەكان"، لە نێویاندا، گۆڕانی كەشوهەوا، و پەتاكان، و ئاسایشی پەیوەست بە زنجیرەی دابینكردنەوە. بوونی بونیادێكی بەهێزی جیهانگەرایی خەسڵەتێكی بەرچاوی سیستمی دوای شەڕی سارد بوو. بەڵام دواتر دەركەوت كە ئەم سیستمە بە ئەندازەی بەرزەفڕییەكەی،

لەرزۆك و لاواز بوو.

**سنوربەندییەکانی جیهانگەرایی**

دوای ٧٥ ساڵ لە بەرەودان بە ڕێچکە جیهانگەراییەکان لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیەوە، ئێستا واقیعێکی بەهۆشهێنەرەوە جێی ئەو گەشبینییەی گرتۆتەوە کە پاڵنەری پشتیوانیکردن بوو لەم دامەزراوانە. ڕاستە مەودا و پەیکەربەندی حوکمڕانی جیهانگەرایی بەرفراوان بوو، بەڵام ئەمە هاوشان نەبوو بە زیادبوونی کارایی ئەم حوکمڕانییە. چاوەڕوان دەکرا سیستەمە جیهانییەکە هێزێکی بەکۆمەڵ بخوڵقێنێت: گریمانەکە ئەوە بوو کە دەوڵەتان بە پێکەوەکارکردنییان دەتوانن کاری زیاتر بکەن و سەرچاوەکانیش بە شێوەیەکی باشتر بەکار بهێنن. بەڵام، لە واقیعدا، چەند ئاستێکی بیرۆکراتی دروستکرد و بووە هۆی بەهەدەردانی سەرچاوەکان بە دوور لە بەکارهێنانییان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی لە ئارادا بوون. واتە بایەخدان بە پرۆسە جێی سەرنج چڕکردنەوە لەسەر دەرئەنجامەکانی گرتەوە.

بۆ ماوەی زیاتر لە سێ دەیە، و بە چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان، و بە شێوەیەکی بنەڕەتی چوارچێوە جیهانگەراییە فرەلایەنەکان گیرانەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گۆڕانی کەشوهەوا. بەڵام سەرباری هۆشدارییە یەك لە دوای یەکەکانەوە لە بارەی هەڕەشە وجودییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، کەچی دەردانی دووانەم ئۆکسیدی کاربۆن لەسەر ئاستی جیهانی گەیشتە ترۆپکی خۆی لە ساڵی ٢٠٢٥دا. سەرجەم وڵاتانی جی-٢٠ دواکەووتون لە بەدیهێنانی ئامانجی ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ دابەزاندنی قەتیسبوونی گەرما بۆ کەمتر لە دوو پلەی سەدی لە کۆتاییدا سەدەدا. ڕوونە کە ڕێگاچارەی جیهانگەرایی بۆ کەمکردنەوەی دەردانی کاربۆن، ڕێچکەیەکی ناکارایە.

لە بواری مافەکانی مرۆڤیشدا وەڵامدانەوە فرەلایەنەکان سەلماندییان کە ناکاران یان دەرئەنجامی پێچەوانەییان لێدەکەوێتەوە. ئامادەیی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی وەك بەشداریکارێکی شەرعی مامەڵە لەگەڵ ڕژێمە تاکڕەوەکان دا بکات ئەم دەوڵەتانەی لە سەرزەنشت و سەرکۆنەکردن پاراست. ڕوونترین بەرجەستەبوونی ئەم شکستەش لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤدا بەدی دەکرێت، کە بەردەوام پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ دەستیان بەسەردا گرتووە، لە کاتێکدا ئەم ئەنجومەنە بڕیار دەردەکات و بوار بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ دەڕەخسێنێت، کەچی موسڵمانانی ئویگور ڕووبەڕووی سیستمێکی سەرکوتکاری و دووچاری ڕێککاری هەڕەمەکی و چاودێریکردن دەبنەوە لە وڵاتی چین دا. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا میکانیزمەکانی مافەکانی مرۆڤ بوونە قەڵغانێك بۆ پاراستنی پێشێلکاران نەك

بەرپەرچدانەوەیان.

لە بواری گەشەپێدانیشدا، زۆربەی جار ئەو کارنامە تیورییانەی ئاواتی بەرزەفڕانە لە خۆدەگرن، و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش برەویان پێدەدەن، ئەو هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە نادیدە دەگرن کە ئەوە یەکلادەکەنەوە ئایا ئەم کۆمەکانە سەرکەتوو دەبن لە بەدیهێنانی ئامانجەکان یان نا. سەرباری جیاوازی گەورەی نێوان توانای دەوڵەت و بارودۆخە لۆکاڵییەکان، ئەوا دەستپێشخەرییەکانی وەك ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتنراون کە سەرجەم وڵاتان و تێکڕای لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن هەر دەرئەنجامێك کە بیانەوێت بەدەست بهێنن، هەر لە کۆتاییهێنان بە پەتاکەوە تا ڕیشەکێشکردنی هەژاری توند لە ساڵی ٢٠٣٠. کەچی هێشتا بە سەدان ملیۆن کەس بێبەشن لە خزمەتگوزاری کارەبا، و نەبوونی ئاسایشی خۆراك خراپتر بووە، و لە زۆر ناوچەشدا قەیرانی ئاو قووڵتر بۆتەوە.

لە کاتێکدا کە نەتەوە یەکگرتووەکان تیشك دەخاتەسەر داکشانی هەژاری لە جیهاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ و ٢٠١٥، بەڵام لە هەمان کاتدا دانبەوەدا دەنێت کە بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی جیهان تا دوای ساڵی ٢٠٢٣یش بە دەست هەژارییەوە دەناڵێنن. بە هەمان شێوە، بانکی جیهان ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کە بەرەوپێشچوون لە پرسی کەمکردنەوەی هەژاری دا دووچاری چەقبەستن هاتووە، و ئەگەر بێتوو بەم ڕەوتەی ئێستا کاربکرێت، ئەوا باشترکردنی بارو گوزەرانی هەمووان بۆ ئاستێکی مامناوەند و بە بڕی نزیکەی شەش دۆلار لە هەر ڕۆژێکدا، سەدەیەکی پێویستە. هەروەها ڕوون نییە ئایا دووبارە پابەندبوونەوە بە هەمان پرۆسە جیهانگەراییەکان، وەك ئەنجامدانی کۆبونەوەی زیاتر لەسەر ئاستی لوتکە و زیادکردنی هاوکاری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، دەرئەنجامێکی باشتری لێدەکەوێتەوە.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، بۆچوونێکی بەربڵاو لە ئارادا بوو کە بازرگانی ئازاد سەردەکێشێت بۆ کەمکردنەوەی هەژاری لەسەر ئاستی جیهان، بە چەشنێك کە هەمووان بەهرەمەند دەبن لە بازرگانی ئازاد، و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی وەك لایەنێکی نێودەوڵەتی داڕێژەری ڕێسا کان، زامنی گەشەکردنێکی بەردەوام دەکات. بەڵام ئەم ڕێکخراوە دووچاری تەنگوچەڵەمە بۆوە لەوەی بە ڕاستی بازرگانی ئازاد بکاتە واقیعێکی بەرجەستە و ڕاستەقینە. بەڵام بەردوامبوونی ڕێککارە شێوێنەرەکان، وەك هاوکارییەکانی حکومەتی چین و ڕەفتارە بازرگانییە ناڕەواکان و سیاسەتی ئەوروپی هاوبەش بۆ بواری کشتوکاڵی (پاراستنی بەرهەمهێنەرە ئەوروپییەکان لە ڕێی دەستەبەرکردنی هاوکاری و پاڵپشتیکردنی

نرخه کانەوە )، تیشـــك دەخەنەســـەر بێتوانایی بـازرگـانی ئـازاد له ســـنووردارکردنی ڕێککـارە جێگیرەکـانی پـارێزگـاریکردن لە بەرهەمە نـاوخۆییەکـان. شـــکســـتهێنـانی ڕوون لە جیـاوازیکردن لە نێوان کۆمپـانیـا دەوڵەتی و کۆمپـانیـا تـایبەتییەکـانـدا، هێنـدەی دیکە ئەم لاوازییەی قووڵتر کردۆتەوە. ئەم کەموکوڕییە پتر بەرجەسـتە دەبێت لە حاڵەتەکانی پەیوەسـت بە چین ەوە، کە تێیـدا هێڵی جیـاکەرەوەی نێوان دەوڵەت و بازاڕ لێڵ و ناڕوونە.

کۆچبەری بۆتە خاڵێکی ناکۆکی گەورە لە ململانێی نـێـوان ڕێـچکەی جـیـهـانـگەرایـی و ڕێـچـکەی نیشـــتیمانی. ئەوەتا کۆچبەران زیاتر هەوڵی چوونە نـێـو وڵاتـان دەدەن و داوای پەنـابەری دەکەن، تەنانەت ئەگەرچی پاڵنەری لە پێشـــینەشـــیان تا ڕاددەیەکی زۆر پـاڵنەرێکی ئـابووریيە. و ئەم دۆخەش بووەتە هۆی بـارگرانکردنی ئەســـتۆی ســـیســـتمەکانی پەنابەرێتی و ناســـەقامگیرکردنی ســـیاســـەتی زۆرێك لەو دەوڵەتانەی کۆچبەران ڕوویـان تێـدەکەن. لەگەڵ ئەوەشـــدا، و لەبری تاوتوێکردنی ئەوەی ئایا ئەم ســـیســـتمانە چەند کـاران، ئەوا داکۆکیکـارەکـانی داوای زیـادکردنی بودجەی نووسینگەی کۆمیسیاری باڵای کاروباری پەنابەرانی ســـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی برەودان بە ڕێچکەیەك کە بواری ئیدارەدانی بارە مرۆییەکان بەرفراوان دەکات بە بێ ئەوەی هۆکـارە ڕیشـــەییەکـانی ئـاوارەبوون چارەسەر بکات.

بە هەمان شێوە ڕێچکە جیهانگەراییەکان جار لە دوای جار شـــکســـتیان هێناوە لە پەیوەندیدا بە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی نـاووکی و هەڕەشـــە ڕاســـتەوخـۆکـانـی ســـەر ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا و هـاوپەیمانەکـانی. چەنـدیـن دەیەیە، نەتەوە یەکـگـرتـووەکـان و دامەزراوە فرەلایەنەکانی دیکە، و هاوپەیمانێتییە کاتییەکان، ڕێککاری دیپلۆماسییەت و پشکنین و گـوشـــاری ئـابـووریـیـان گـرتـۆتەبەر بـۆ سنووردارکردنی ئامانجە ناووکییەکانی دەوڵەتانی وەك ئێران و کۆریـای بـاکوور. هەنـدێ جـار ڕێککەوتن و بڕیارەکان ڕەوتی پرۆگرامی ناووکی ئەم دوو دەوڵەتەیـان خـاوکـردۆتەوە، بەڵام نەیانتوانی گوڕوتینیان بوەستێنن.

ئەوەبوو ڕێککەوتنی ئەتۆمی هەنـدێ لایەنی پـرۆگـرامە ئەتـۆمـیـیەکەی وڵاتـی ئـێـرانـی ســـنووردارکرد، بەڵام نەبووە هۆی لەنـاوبردنی توانا کانی پیتاندن یان ژێرخانی پێویســـت بۆ دووبـارە دەســـتپێکردنەوەی پرۆگرامەکە. لە کۆریای باکووردا، ڕێککەوتن، و گفتوگۆ و ســـزا یەك لە دوای یەکەکان نەیانتوانی پیۆنگیانگ ناچار بەدەســـتهەڵگرتن لە برەودان بە پرۆگرامی ناووکی و مووشەکی بالیستی بکەن، و تەنانەت دۆخێکیـان دروســـت کرد کە ئەو وڵاتە چەکی نـاووکـیـش بەدەســـت بـهـێـنـێـت. ئەوەبـوو حـکـومەتەکـانـی ئەم دوو وڵاتە لە پـێـنـاو

بەدەستهێنانی کات، و کەمکردنەوەی گوشارەکان، و برەودان بە شەرعییەتی خۆیان گفتوگۆیان ئەنجامدا، و لە هەمان کاتدا تواناکانی خۆشیان بەهێزکرد.
ئەوەبوو لە ڕێی گرتنەبەری پرۆسەیەکی سەربازی ڕاستەوخۆوە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە ڕەوتی پرۆگرامە ناووکییەکەی ئێران پەکخرا- ئەو ڕێککارەی لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە ڕوبەڕوی سەرزەنشتکردنێکی بەرفراوان بۆوە- لە کاتێکدا نەگرتنەبەری ڕێککارێکی هاوشێوە لە دژی کۆریای باکوور، بواری بۆ پیۆنگیانگ ڕەخساند تاوەکو وەك دەوڵەتێکی ناووکی ئەمری واقیع بێتەئاراوە. هەموو ئەم حاڵەتانە پێکەوە ئاماژەن بەوەی کە پێداگری لەسەر کارکردن لەسەر بنەمای کۆدەنگییەکی فرەلایەن و ڕەزامەندی جیهانی ڕێگرییان لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناووکی نەکرد، بگرە لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا بوارییان بۆ بڵاوبوونەوەی ڕەخساند، هۆکارەکەش بایەخدان بوو بە بە پرۆسەکە، نەك بە ئەنجامەکان.
لە سەرتاسەری ئەم بوارانە و بوارەکانی دیکەشدا، زۆرێك لەو سەرکردانەی ڕوبەڕوی قەیرانە ئاڵۆزەکان دەبنەوە، بە یەك دەرئەنجام و دەستنیشانکردن دەگەن، و پێیان وایە کێشەکە بریتیە لەوەی: کە لەسەر ئاستی جیهان هاوکارییەکی زۆر کەم لە ئارادایە. واتە لەبری چڕکردنەوەی سەرنجەکان لەسەر ڕێچکە بەدیلەکان، پشتوانکارانی چوارچێوە جیهانگەراییەکان پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی کە چارەسەرە ڕوونەکە بریتیە لە بەهێزکردنی ئەو دامەزراوانەی لە ئارادان، ئەویش لە ڕێی پێدانی دەسەڵات و دارایی و ئەرکی زیاتر پێیانەوە.
ئەوەی پەیوەست بێت بە سیاسەتی ئابوورییەوە، ئەوا ڕاپۆرتی ٢٠٢٣ی سندوقی نێودەوڵەتی دراو هۆشداریدا کە دابەشبوونە جیۆئابوورییەکان دەبنەهۆی بنکۆڵکردنی ئامانجە هاوبەشەکان و ئاماژەی بەوە کرد کە بنیاتنانەوەی متمانە پێویستی بە "تۆڕێکی بیمەی دارایی جیهانی هەیە، کە سندوقی نێودەوڵەتی دراو بە سەرچاوەی پێویستەوە پشتی پێببەستێت.
"هەرچۆنێك بێت، ئەم لۆژیکە هاوکاری و بە مەرکەزیکردنی دامەزراوەیی تێکەڵ دەکات، و سنورداربوونی دەسەڵاتی بە مەرکەزیکراو نادیدە دەگرێت. هەمان پەرچەکردار و کاردانەوەش لە بواری ئاسایشدا بەدی دەکرێت، ئەویش لەسەر حسابی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەگەڵ زیادبوونی ململانێکاندا، بانگەوازەکانی پەیوەست بە زیندوکردنەوەی ئاسایشی دەستەجەمعی جەخت لەسەر بەهێزکردنی ئەنجومەنی ئاسایش دەکەنەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی چەندین دەیەیە ئەم ئەنجومەنە دووچاری ئیفلیجبوون

بۆتەوە بەهۆی بەکارهێنانی سیاسییانەی مافی ڤیتۆ و ڕکابەری نێوان هێزە مەزنەکـان. ئەو بە بنبەســتگەیشــتنانەی لە لە ســوریا و ئۆکرانیا و غەززە هاتنەئاراوە، نە بوونەهۆی بەرپەرچدانەوەی دەســــترێــژکــاری و نە هــاوپەیــمانەکــانــی ئەمریکاشیان پاراست، ئەمەش واشنتۆن ناچاربە پەنـابردنەبەر هـاوپەیمانێتی کـاتی و ڕێککـاری تـاکـلایەنـانە دەبـات. زۆرجـار مـیـکـانـیـزمە جیهانییەکانی پەیوەســـت بە ئاســـایشـــەوە شـــکســـتـیـان هـێـنـاوە لە زامـنـکـردنـی بەرژەوەنـدییەکـانی ئەمریکـا، کەچی هێشـــتـا زۆرێك لە داڕێژەرانی سیاسەت باس لەوە دەکەن کە پێویستە برەوییان پێبدرێت و بەهێز بکرێن.

ئەوەی پەیـوەســـت بـێـت بە ســیـاســەتـی کەشــــوهەواوە، ئەوا هەمــان حـاڵەت بەدی دەکرێت. ئەوەتا شــکســتهێنان لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا، بۆتەهۆی ئەوەی داوای بەڵێن و بودجەی گەورەتر بکرێـت، ئەمە لە بری ئەوەی دووبارە هەڵســەنگاندنەوەیەکی جیددی ئەنجام بدرێت لەبارەی ئەوەی تا چ ئاست و ئەندازەیەك ئەو چوارچێوانەی ئێســتا کە پشـت بە کۆدەنگی دەبەستن، دەتوانن لە نێو ئەولەویەتە نیشتمانییە جیاوازەکاندا دەرئەنجام بەدەست بهێنن. هەمان ڕەوت لە بواری تەندروســتی جیهانیدا دووبارە دەبێتەوە، و ئەو شکستانەی کۆڤید-١٩ پەردەی لەســەر هەڵماڵین ســەریانکێشـا بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوی تەنـدروســـتی جیهـانـی، لە کـاتـێـکـدا وردبـوونەوە لە ئەدای پـرۆســە جیهانگەراییە مەرکەزییەکان لە میانەی تەنگژە و قەیرانە گەورەکاندا کارێکی پێویست بوو.

ئەم حاڵەتانە ئاماژەن بە بوونی ئاڕاســتەیەکی بەرفـراوان: کــاتـێـك ئەدای چــوارچـێــوە جیهانگەراییەکان لە ئاســتی چاوەڕوانیدا نابن، کەچی پشــتوانکـارەکـانی ئـامـادەی گۆڕینی ڕەوتەکەی نـیـیـن. لە کـاتـێـکـدا ڕێـکـکـارە هەرێمایەتییەکان، و ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکان، و ئەو ســیاســەتانەی هاوتەریبن لەگەڵ توانای دەوڵەتە دیاریکراوەکان، بە چەشــنێکی کاراتر بەرەوپێشــچوونە. پرســیـارەکە ئەوە نییە ئـایـا هـاوکـاری پێویســـتە- کە ئەمە هیچ گومـان هەڵنـاگرێـت-، بەڵکو پرســیـارەکە ئەوەیە ئـایـا گرتنەبەری جـار لە دوای جـاری ئەو ڕێچـکە جیهانگەراییانەی لە ئارادان ســەردەکێشــێت بۆ پـاراســـتنی بەرژەوەنـدییە بنەڕەتییەکـان، یـان ئەوەتـا تەنهـا پـیـادەکردنی ئەم پرۆســەیە بە پێشکەوتن هەژمار دەکات.

### دەوڵەتی تۆکمە

ســیســتمێکی نوێی هەڵســوڕاندن شــایســتەی گرتنەبەرە. چارەسەرکردنی کەموکوڕی دامەزراوە جیهانییەکان بریتی نییە لە ملکەچبوونی زیاتر بۆیان، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ خاڵی دەســتپێك، ئەویش بریتیە لە: دەوڵەتی نەتەوەیی. ڕێچکەی تەوەربەند لەسەر دەوڵەت ئەوە لەبەرچاو دەگرێت

کە ئەوە دەوڵەتەکانن، نەك دامەزراوە جیهانییەکان، کە بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆییان هەیە لەبەردەم هاوڵاتیاندا. لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، حکومەتەکان ڕووبەڕوی دەرئەنجامی سیاسی دەبنەوە کاتێك دووچاری شکست دەبن، بەڵام زنجیرەی بەرپرسیارێتی لاواز دەبێت کاتێك دەسەڵات بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەدرێت. هەروەها دەوڵەتان توانای چارەسەرکردنی کێشەکانییان هەیە. ئەگەرچی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن گفتوگۆ ئەنجام بدەن و بڕیار دەربکەن، بەڵام ئەوە حکومەتە خاوەن سەروەرییەکانن کە توانای دەستەبەرکردنی دارایی، و ڕێکخستن و شەڕکردنییان هەیە. واتە ڕێچکەی تەوەربەند لەسەر دەوڵەت بەرپرسیارێتی و کارایی بەهێز دەکات.

کەواتە باشترە هاوکاری لە ڕێی هاوپەیمانێتی ئارەزومەندانەوە بکرێت، نەك لە میانەی ئەو چوارچێوانەی کە دەسەڵات بەسەر چەند ناوەندێکی فرەلایەنی خاوەن بەرژەوەندی جیاوازدا دابەش دەکەن. کاری دەستەجەمعی ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێت کە دەوڵەتانی بەشداربوو هاوڕا دەبن لەسەر ئامراز و ئامانجەکان. پێداگری لەسەر ئەوەی پرۆسەی بڕیاردان ئەو کاراکتەرانە لەخۆبگرێت کە ئامانجی ناکۆك بە یەکییان هەیە، ئیفلیجبوون، نەك بەرەوپێشچوون، بەدی دەهێنێت. ڕێچکەی تەوەربەند لەسەر دەوڵەت ئەو ڕاستییە قبوڵ دەکات کە هاوکاری لە خۆڕا بەدی نایەت، بە تایبەتی لەگەڵ ڕکابەر یان دوژمنەکاندا، و ئەو ڕێککەوتنە بەرفراوانانەی کە لەسەر کۆدەنگی بنیات دەنرێن، ئەگەری ئەوەیان لێناکرێت دەرئەنجامێکی مانابەخشییان لێبکەوێتەوە. لەبری ئەوە، ئەولەویەت دەدات بە هاوکاری کرداری لە نێو هاوپەیمان و هاوبەشەکاندا، ئەویش لە ڕێی ئالوگۆڕ پێکردنی زانیاری هەواڵگری، و هەماهەنگی لە گرتنەبەری سیاسەتەکاندا، و ئاڵوگۆڕپێکردنی تواناکان، و لەسەر بنەمای توانا و هێزێکی ڕاستەقینە، و سیستمە سیاسییە هاوتەریب، و بەرژەوەندییە نیشتیمانییە لێکنزیکەکانەوە.

هەروەها ڕێچکەی تەوەربەند لەسەر دەوڵەت دانبەوەدا دەنێت کە کات ڕەهەندێکی یەکلاکەرەوەیە لە سەرکەوتنی هەر بوارێکی سیاسیدا. کاتێك دەوڵەتان دووچاری گیرخوارد دەبن لە گێژاوی گفتوگۆ فرەلایەنەکاندا، کات دەبێتە ئاستەنگ و بارگرانی، و هەڵگرتنی هەنگاوەکان دوا دەکەون و کێشەکانیش ئاڵۆز دەبن.

ئەگەر پرۆسە جیهانگەراییەکان جوڵە و بزاوتێکییان هەبێت، ئەوا زۆر خاوە، ئەمە ئەگەر بێتوو هەر ببزوێن. دەوڵەتان بوارێکی باشتر دەرەخسێنن بۆ ئەوەی بە خێرایی و بە مرونەتەوە هەنگاو هەڵبگیرێت و دەرئەنجامەکان بەدەست

بهێنرێن.

ڕەنـگە لە چەنـدیـن بـواردا ئەو ڕێـکـکـارانەی دەوڵەتان دەیگرنەبەر کاراتر بن لەو ڕێککارەکانی دامەزراوە جـیـهـانـیـیـەکـان گـرتـویـانەتەبەر. سـیاسـەتی پەیوەسـت بە ژینگە لەبەرچاو بگرە. ڕێچکەی تەوەربەند لەســەر دەوڵەت دەتوانێت باشـتر ئامانجە ژینگەییەکان بگونجێنێت لەگەڵ پێـداویســتییە ڕاســتەقینەکـانی وڵاتەکەدا لە پەیوەندیدا بە ئاســایشـــی وزە، و پەرەپێدان، و پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیەوە. هەروەها ئەو کاتە دەتوانرێـت بە بـاشــترین شــێوە ســوود لە بژاردەکانی پەیوەسـت بە وزە، وەك وزەی گەرمی زەوی، و پەرتـکردن و ئـاو ێتە کرد نی نـاووکـی وەربگیر ێت کە حکومەتە نیشــتمانییە کان ئەم بوارانە ڕێکبخەن، و داراییان بۆ دەسـتەبەر بکەن و ژێرخـا نییـان بۆ بنیـات بنێن، و لە ڕووی ســیاســییەوە پابەند بن بە پاڵپشــتیکردن لە برەوپێدانییان. مێژوونووســـی ئابووری دانیەڵ یێرگین نووسـیویەتی کە لە بەشـە جیاوازەکانی جیهـانـدا، ڕەوت و ڕووگە و ڕێژەی جیـاوازی ئـاڵوگۆڕی وزە دێتەئـاراوە، و ئەمەش تێکەڵێـك دەبێـت لە سـووتەمەنی و تەکنەلۆژیـا، هەموو ئەمانەش لەسەر دەستی حکومەتەکان دێنەدی کە هەر یەکەیـان ڕێگەی تـایبەت بە خۆیـان دەگرنەبەر. لە واقیعـدا، ڕێچکەی تەوەربەنـد لەســەر دەوڵەت لە بواری گۆڕانی کەشـوهەوادا ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کە کێ بەرپرســیارێتی و دەسەڵات و توانای ڕاستەقینەی هەیە.

بە هەمـان شــێوە، پێویســتە دەوڵەتـان لە ڕێی گـرتـنـەبەری کـرداری تـایـبەت بە خـۆیـانەوە سیستمێکی نێودەوڵەتی بازرگانی هاوشێوە بنیات بنێن، نەك لە ڕێی ملەکەچبوون بۆ دامەزراوە فرەلایەنە کانەوە. لە جیهانێکدا کە ســیســتمی ئـابووری جۆراوجۆر لە خۆدەگرێـت، ڕێککەوتنە بـازرگـانـیـیە هەرێـمایەتـی و دووقـۆڵـیـیەکـان ڕێچکەیەکی پتر کرداری دەســتەبەر دەکەن بۆ ڕێـکـخســـتـنـی بـازرگـانـی و بەرژەوەنـدیـیە سـتراتیژییەکان، بە بەراورد بە دامەزراوەکانی وەك ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی.

بە پێچەوانەی چوارچێوە فرەلایەنەکـانەوە کە لەســەر بنەمای بەدیهێنانی کۆدەنگی لە نێوان دەیان دەوڵەتی خاوەن مۆدێلی ئابووری ناکۆك بە یەکەوە کار دەکەن، ئەم ڕێککەوتنانە بوار بۆ ئەم دەوڵەتـانە دەڕەخســێنن تـاوەکو گفتوگۆ لەبارەی ئەو ڕێســایانەوە بکەن کە زیاتر ئەگەری ئەوەیـان لێـدەکرێـت جێبەجێ بکرێن. لە ئـابووریيەکی جیهـانیـدا کە زیـاتر و زیـاتر دەناڵێنێت بەســەر دابەشــبوونەوە، ئەم مۆدێلە ڕێگـایەکی واقیعبینـانە بۆ بەرەوپێشــچوون دەستەبەر دەکات: ئاوێتەبوونی ئابووری لە نێوان هــاوبەشـــە ئـارەزومەنـد و تـوانـادار و متمانەپێکراوەکاندا، لە بری جێبەجێکردنی ئەو ڕێســـایـانەی کەمـتریـن کـۆلـکەی هـاوبەش لەخۆدەگرن و شکست دەهێنن لە بەرپێگرتن بە

کرداره هەره شوێنەرەکان.
لە بواری تەندروستی جیهانیدا، یەکێک لە سەرکەوتووترین دەستپێشخەرییەکانی واشنتۆن پلانی باری لەناکاوی سەرۆک بۆ فریاگوزاری بوو، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستیپێکرد. ئەم بەرنامەیە کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دارێژرا و بەڕێوەبردا، ئەوەبوو ڕێچکەی تەوەربەند لەسەر دەوڵەت دۆخێکی دروست کرد کە سەدان وڵات بەشدار بن لەم دەستپێشخەرییەدا، و لە ئەنجامدا ڕێژەی مردن و تووشبوون بە ئایدز بە ڕاددەیەکی گەورە کەمبوونەوەی بە خۆوە بینی، بە تایبەت لە ئەفریقا. سەرکەوتنەکەشی بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی تا چەند هاوکارییە ئامانجدار و بنیاتنراو لەسەر داتاکان و تەوەربەند لەسەر سەرکردایەتی و بەرپرسیارێتی نیشتیمانی کاریگەر و کاران. ئەوەبوو چەند ساڵێك دواتر، ئیدارەی ئۆباما بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم ڕاستییەی لەبەرچاوگرت لە ڕێی گرتنەبەری کارنامەی ئاسایشی تەندروستی جیهانییەوە، ئەم کارنامەیەش جەختی کردەوە لەسەر پابەندبوونی پتەوی دەوڵەتان بە برەوپێدان و بەهێزکردنی توانا نیشتیمانییەکانی پەیوەست بە تەندروستی گشتییەوە، نەك بە پەیوەستبوون بە ڕێسای نوێی جیهانییەوە. گریمانەکەش ئەوەبوو کە تەنها دامەزراوە بەهێز و بە تواناکانی دەوڵەت دەتوانن مامەڵە لەگەڵ پەتاکاندا بکەن. دەستپێشخەرییەکە بەرجەستەبوونی ڕاستکردنەوەی ئەو چوارچێوەیە بوو کە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بەڕێوەی دەبرد، و ئەم چوارچێوەیەش تەنها ئەرك و پابەندبوونەکانی دیاریکرد، بەڵام بێ ئەوەی بتوانێت گەشەیەکی نیشتیمانی بەردەوام بەدی بهێنێت.
بواری بەرگریش، نموونەیەکی باش دەخاتەڕوو لە بارەی ڕێچکەی تەوەربەند لەسەر دەوڵەتەوە. ئەگەرچی ماددەی ٥ی میساقی ناتۆ هاوپەیمانەکان پابەند دەکات بە بەرگری هاوبەشەوە، بەڵام مەبەستێتی پارێزگاری لە سەروەری نیشتیمانیش بکات: هەر دەوڵەتێك کۆنترۆڵی هێزەکانی دەکات و جڵەوی دەسەڵات لەدەست خۆیدایە بۆ بڕیاردان لە بارەی ئەوەی چۆن و کەی ئەم هێزانە بە کار بهێنرێن. واتە ئەم هاوپەیمانێتییە جێی سوپا نیشتیمانییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو پشتیان پێدەبەستێت. بەرپەرچدانەوە لە توانای دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت: واتە لە کواڵیتی و ئامادەیی و میسداقییەتی هێزە نیشتیمانییەکانەوە، لەپاڵ ئەو ئیرادە سیاسییەی پاڵپشتی ئەم هێزانە دەکات. ئەو کاتە سیستمێکی بەرگری هاوبەش سەرکەوتوو دەبێت کە تواناکانی دەوڵەت بەرەو ئامانجێکی هاوبەش ئاڕاستە بکات. ئەوەش ڕوون بۆتەوە کە جگە لە هاوپەیمانێتییە فەرمییەکان، زۆرجار هاوپەیمانێتیە بچووکتر و تایبەتەکان لە چوارچێوە جیهانییەکان کاریگەرتر بوونە لە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە بەرجەستەکان. بۆ

نموونە، ڕێککەوتنی (ئوکوس- AUKUS-) لە نێوان ئەمریکا و بەریتانیا و ئوستورالیا بۆ بەرپەرچدانەوەی چین لە هەردوو ناوچەی ئۆقیانووسی هێمن و هیندی، هەروەها هاوکاری دوولایەنەی نێوان ژاپۆن و ئەمریکا. ئەم ڕێککەوتنانە سەرکەوتوو دەبن لەبەر ئەوەی ئەمریکا پاڵپشتی و ئاڕاستەیان دەکات.

بۆ نموونە، ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرە کە هاوکارییەکانی ئەمریکا بە چەشنێك گرنگ بوون کە نەیانهێشت ئۆکرانیا دووچاری داگیرکارییەکی تەواو بێتەوە لەلایەن ڕوسیاوە. واتە ئەوە دامەزراوە جیهانییەکان یان نۆرمە گەردونییەکان نەبوون کە بەرپەرچی ڕوسیایان دایەوە لە داگیرکردنی ئۆکرانیا، بەڵکو ناردنی چەك و پاڵپشتی بەردەوامی سەربازی ناتۆ بوو بۆ کییف کە دەستی ڕوسیای کۆت و بەند کرد. ناوەندە جیهانییەکان سەرکۆنەی داگیرکارییەکەیان کرد، بەڵام ئەوە هێز و هەماهەنگی و میسداقییەتی سەربازی بوو کە پانتایی جوگرافی جەنگەکەیان سنوردار کرد، و تێچووی هەڵکشانی شەڕەکەشیان زیاتر کرد.

بە هەمان شێوە، تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) لە سوریا و عێراق لە ساڵی ٢٠١٩ لە ڕێی گرتنەبەری ئەم پرۆسانەوە بەدی نەهات، بەڵکو ئەم تێکشکاندنە لەسەر دەستی هاوپەیمانێتی دەوڵەتە ئارەزومەندەکان- بە سەرکردایەتی ئەمریکا- بەدیهات، کە زانیارییە هەواڵگرییەکانییان لە نێو خۆیاندا ئاڵۆگۆڕ پێکرد، و هێزی سەربازییان بە شێوەیەکی ئامانجدار بەکار هێنا، و برەوییان بە تواناکانی یەکتردا. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن، ئەوە دامەزراوە جیهانییەکان نەبوون کە دەرئەنجامە ئەمنییەکەیان بەدەستهێنا، بەڵکو هاتنەئارای ئەم ئەنجامە پتر بەند بوو بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی نێوان دەوڵەتە بەتواناکانەوە کە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کارییان کرد لە سەروەختی هاوتەریبوونی بەرژەوەندییەکانییاندا.

هەمان لۆژیك بەسەر پرسی بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی چەکی ناووکیدا جێبەجێ دەبێت. ئەوەتا دەستپێشخەری ئاسایشی ناووکی- کە چوارچێوەیەکی ئارەزومەندانەی کارکردنە بۆ بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی چەکی ناووکی و لە ساڵی ٢٠٠٣ و لەلایەن سەرۆك جۆرج دەبلیو بوشەوە ڕاگەیەندرا- پەیماننامە یان چوارچێوەیەکی سەروونەتەوەیی نەبوو، بەڵکو میکانیزمێکی کرداری بوو بە مەبەستی برەوپێدان و بەهێزکردنی دەسەڵاتە نیشتیمانییەکان، و ئاڵۆگۆڕپێکردنی زانیاری هەواڵگرییەکان و ڕێگریکردن لە گواستنەوەی چەکی قەدەغەکراو- وەك کەرەستەی ناووکی و پێکهاتە دروستکردنی مووشەك-. بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکەش، ئەم دەستپێشخەرییە پشتبەستوو بوو بە پێکەوە کارکردنی حکومەتە نیشتیمانییەکان، نەك بە دامەزراوە فەرمییە

سەروونەتەوەییەکان. ئەم مرونەتەش پانتاییەکی بۆ چوارچێوەکە خولقاندا تاوەکو لە ڕێی دەستپێشخەرییە هەرێمایەتییەکانەوە- هەر لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە تا ئۆقیانووسی ئارام- مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بکات، و پارێزگاری لە کارایی خۆی بکات بۆ ئەوە پێیّ بە پێی پەرەسەندنی بڵاوبوونەوەی چەکی ناووکی هەنگاوهەڵبگرێت.

لە بواری گەشەپێدانیشدا، ژمارەیەکی زیاتری توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ پشتیوانیکردن لە ئابوورییە هەژارەکان ناتوانن زاڵبن بەسەر سنورداری توانای دەوڵەت و بژاردە سیاسییە ناوخۆییە نادروستەکانەوە. ڕۆژگارێکی دورودرێژە ئابووریناسانی وەك ویلیەم ئیسترلی و دەیڤید دۆلار مشتومڕی ئەوە دەکەن کە جیاوازی نێوان سیاسەتە ئابوورییە نیشتیمانییەکان لە نێو وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا هۆکاری جیاوازی ئەدای گەشەکردنی ئەم وڵاتانەیە، بە تایبەتی لە نێو وڵاتانی ئەفریقادا، و هیچ برە کۆمەکێکی دەرەکیی نیە بتوانێت جێی چاکسازی ناوخۆیی بگرێتەوە. پلاندانانی جیهانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئامانجی بەرزەفرە دەخولقێنێت، بێ ئەوەی هیچ میکانیزمێکی هەبێت بۆ بەدیهێنانی دەرئەنجامەکان.

ڕەنگە، لەم ڕووەوە، ئەفریقا پانتاییەك بێت بۆ پیادەکردنی مۆدێلێکی جیاواز، کە تێیدا وەك بزوێنەری سەرەکی چاکسازی مامەڵە لەگەڵ حکومەتە نیشتیمانییەکاندا بکرێت، نەك وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی کارنامە جیهانییەکان. چونکە دوای دەیان ساڵ لە خەرجی نێودەوڵەتی، هێشتا نزیکەی نیوەی دانیشتوانی باشووری بیابانی گەورەی ئەفریقا لە خزمەتگوزاری کارەبا بێبەشن.

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٥، ١٢ وڵاتی ئەفریقا ڕێککەوتننامەی نیشتمانی تایبەت بە وزەیان واژوو کرد، کە تێیدا هەر دەوڵەتێك ئامانجی تایبەت بە خۆی هەبوو، و بە ڕوونی بەرپرسیارێتی خستە ئەستۆی سیاسەت و دامەزراوە نیشتیمانییەکان. و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە چوارچێوە جیهانییەکان تۆمارێکی تێکەڵییان هەیە، ئەوا ڕێچکەی تەوەربەند لەسەر دەوڵەت بە شێوەیەکی کرداری ئەوەمان بۆ یەکلا دەکاتەوە کە ئایا خاوەنداریّتی نیشتیمانی دەتوانێت دەرئەنجام بەدەست بهێنێت.

## ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوەکە

پێویستە ئەو دەرئەنجامانەی لە دەیان ساڵی ڕابردودا هاتونەتەئاراوە فێری بەخۆداچوونەوەمان بکەن نەك خۆبەدەستەوەدان. لە سەرجەم بوارەکاندا، و لە باشترین حاڵەتدا دەرئەنجامی ئەو چارەسەرانەی پێیان دەووترێت چارەسەری جیهانی، جۆراوجۆر بوون، ئەمەش پێمان دەڵێت

که پێویسته پێداچوونەوە بکرێت بە مۆدێلی کارکردنی پشتبەستوو بە چوارچێوەی جیهانییەکان. ئەمە بە مانای دەستهەڵگرتن و دەستبەردار بوون لە گرتنەبەری هاوکاری نێودەوڵەتی نایەت. بەڵکو بە واتای ڕووکردنە ڕێچکەی تەوەربەند لەسەر دەوڵەت و جەختکردنەوە لەسەر دەرئەنجامەکان دێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی باوەڕێکە کە پێی وایە بەدیهێنانی هاوکاری گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە، بە چەشنێك کە ناکرێت ئەو ڕێککەوتننامانە قبوڵ بکرێن کە ناتوانن دەرئەنجام بەدەست بهێنن. ئەمە ڕاستکردنەوەیەکی پێویستە لە پێناو زامنکردنی ئەوەی کە بە ڕاستی هاوکاریکردن دەرئەنجامی خوازراوی لێدەکەوێتەوە. جەختکردنەوە لەسەر دەوڵەت بە مانای ڕەتکردنەوەی دامەزراوە فرەلایەنەکان نییە. بەڵکو بانگەوازە بۆ هەڵسەنگاندنێکی واقیعبینانەی سنوورداریيەکانییان و جەختکردنەوەی ڕوونتر لەسەر ئەوەی دەتوانن چ شتێك بە باشترین شێوە ئەنجام بدەن: ئەنجامدانی کۆبونەوەکان، ئاڵوگۆڕپێکردنی زانیارییەکان، و ئاسانکاری بۆ هەماهەنگیکردن، کاتێك بەرژەوەندییەکان یەکدەگرن. بە زۆری، داوا لە دامەزراوە جیهانییەکان دەکرێت هەندێ لە ئەرکەکانی ئەنجام بدەن بە بێ ئەوەی دەسەڵات یان توانای ئەو کارەیان هەبێت. تەنها دەوڵەتان دەسەڵاتی سیاسی، و بەرپرسیاریێتی هاوڵاتی، و توانای جێبەجێکردنییان هەیە بۆ هێنانەئارای ئەو دەرئەنجامە درێژخایەنانەی چوارچێوە جیهانییە گەورەکان جار لە دوای جار شکستییان هێناوە لە بەدیهێنانییاندا.

کەواتە چیتر ئەم پرسە، وەك بابەتێکی تیوری نامێنێتەوە. دابەشبوونی نێوان ئەو سیاسەتدارێژەرانەی ئاڕاستەیەکی جیهانییان هەیە و ئەوانەی جەخت لەسەر دەوڵەت دەکەنەوە، بۆتە خاڵی ناکۆکی بەرچاو لە جیۆپۆلەتیکی هاوچەرخدا، و بە شێوەیەکی تایبەت کاریگەری هەیە لەسەر گفتوگۆی هەردوو بەرەی ئەتلانتیك. سەرکردەکانی واشنتۆ گومانییان هەیە لەوەی دامەزراوە جیهانییەکانی ئێستا دەرئەنجامی بەرچاو بەدەست بهێنن، لە کاتێکدا هاوشانە ئەوروپییەکان بەردەوامن لەسەر جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ئەم دامەزراوانە لە پاراستنی ئەو سیستەمە جیهانییەی دوای شەڕ هاتەئاراوە. لە بنەڕەتدا ئەم گفتوگۆیە ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکی هاوبەشە: پێویستە حوکمڕانی دیموکراسی توانای خۆگونجاندنی هەبێت تاوەکو کارایی و توانا و میسداقییەتی هەبێت بۆ هێنانەئارای دەرئەنجامەکان لە جیهانێکدا پڕ لە ململانێدا. سیستەمە سستەکان کە لەسەر کۆدەنگی بنیاتنراوون بوونەتەهۆی ئەوەی دەوڵەتە دیموکراتییەکان توانایەکی کەمتریان هەبێت

بـۆ بەرەنـگـاربـوونەوەی ئەو ئـاڵـنـگـاریـیـانەی دێنەئـاراوە، بە تـایبەتی ئەو ئـاڵنگـارییـانەی لە وڵاتی چین ەوە ســەرچـاوە دەگرن. بۆ نموونە، پەکین، پرۆسە حوکمڕانییە ئاڵۆزەکەی قۆستەوە لە ڕێی پێشـێلکردنی ڕێسـا نێودەوڵەتییەکان لە ڕێـی دەســـتەبەرکـردنـی پـاڵـپشـــتـیـکـردنـی پیشــەســازییەکانی پۆڵا و وزەی خۆرەوە، چونکە دەیزانی تـا ئەو کـاتەی ڕێکخراوی بـازرگـانی جیهـانی کەیســەکـان یەکلا دەکـاتەوە، ئەو ڕکابەرەکانی لە گۆڕەپانەکەدا دەسڕێتەوە.

مۆدێلی کارپێکردنی تەوەربەند لەســەر دەوڵەت لە گریمانەیەکی ســادە بەڵام ئومێدبەخشــەوە دەســت پێدەکات، ئەویش ئەوەیە کە هێشـــتا دەوڵەتە دیموکراتییەکـان، بە هـاوکـاری لەگەڵ هاوبەشـــە کانیی ا ندا، توا نای کاریگەربوونیـیان لەســەر دەرئەنـجـامەکـان هەیە. چـوارچـێـوە جیهانییەکانیش سـەلماندوویانە کە لە ئاسـتـی پێویســـتـدا نیین بۆ ڕوبەڕوبونەوەی زۆرێـك لە ئاڵنگارییە بنەڕەتییەکانی سەدەی بیست و یەك و ئەگەری ئەوە هەیە پـێشــــکەوتـن لە ڕێـی باوەڕپێهێنان، و هاوپەیمانێتی ئارەزومەندانە، و هاوکاری ڕاســـتەوخۆی نێوان حکومەتەکانەوە، بەدی بێـت. ئەم کـارە بەرجەســـتەیەش تەنهـا بەدیـهـێـنـانـی ئەنـجـامـی بەرچـاو و ئەرێـنـی لێناکەوێتەوە، بەڵکو دەبێتەهۆی برەودان بە بەها دیموکراتییەکـانیش- ئەویش ڕێگـایەکی پتر قەنـاعەتپێهێنەر بکەن بە بەراورد بە بونیـادە ئـاڵۆزەکـانی پەیکەربەنـدییە بیرۆکراتییەکـانی دامەزراوە جیهـانییەکـان. پێویســـتە ویلایەتە یەکـگـرتـووەکـانـی ئەمـریـکـا و دەوڵەتە دیموکراتییەکـانی دیکە دەســـتهەڵگرن لە ملکەچبوون بۆ ســیســـتمێکی چەقبەســتووی جیهانی، و چارەســەری تایبەتییان هەبێت بۆ کێشە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆژگارە.

---

- لە گۆڤاری فۆرن ئەفێرز بڵاوکراوەتەوە